
هەندرێن شێخ راغب



# کوردو ئەمەریکا

نووسینی: هەندرێن شێخ راغب

2015

ناوی کتێب: کوردو ئەمریکا
نوسەر: هەندرێن شێخ راغب
دیزاین: جەوهەر فەتاح
ساڵی چاپ: ٢٠١٥
تیراژ: ٥٠٠
چاپخانە: هێڤی_هەولێر
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٥٩٥) ساڵی (٢٠١٥) ی پێدراوە.

**لەهاوپەیمانان خراپتر، بێ هاوپەیمانیە**

«چەرچڵ»

**شیوەنی من، شینی کوردی بێ بەشە**

**ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی وهەشە**

«هێمن»

## ناوەرۆک

**بەشی یەکەم: ئەمریکا جێگای ئومێدو نائومێدی کوردە**

١_ کورد نائومێدی دەچنێتەوە
_٢ئەمریکا کوردی لەعێراق کەلەپچە کردووە
٣_گومانی کورد لە هەنگاوەکانی ئەمریکا
٤_ جموجۆڵێکی ئەمریکی

**بەشی دووەم: دەبێت کورد بە باڵەکانی خۆی بفڕێت**
١_ئەلتەرناتیڤی کورد، یان کورد وەک ئەلتەرناتیڤ
٢_ ئینقلاب بەسەر دیموکراسی
٣_کوردو ستراتیژی ئەمریکا
_٤ کورد لەناو هاوکێشەی سیاسی ئێران‌و ئەمریکا

**بەشی سێیەم: کورد بڕیاری هەیە، یان موجامەلە**
١_کێ بڕیار دەدات
٢_ رایمۆند ئۆدێرنۆ بۆ وا دەکات
٣_ کورد داوای سەربەخۆیی ناکات

**بەشی چوارەم: ژیان لەگەڵ ترس ...**
١_ سوپا داوای دەسەڵات دەکات
٢_ تفەنگو دەستور
٣_کوردو مەترسی
٤_ ژیانێکی ساختە
ئایا بەڕاست پێویستە ئێمە هەتاهەتایە عێراقی بین!

**بەشی پێنجەم: دووبارە بوونەوەی یەک جۆر هەڵسوکەوت**

١_ ئەمریکا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کورد دەکات

٢_ پەکەکە خامۆش دەکەن

٣ _ کورد لە نهێنیەکانی ئەمریکادا

**بەشی شەشەم:**

کوردو ئەمریکا

پێشکەشە بە نەنکم «زێڕین» لەمناڵیەوە نازانم چۆن وبۆچی ناوم لێنا» ئۆدا عەلی»

ئەم ژنەی منی منداڵی دەخستە سەر کۆڵی، کاتێک فڕۆکەکانی ئێران وعێراق بۆردومانی بێتواتەیان دەکرد، رامان دەکرد بۆ ئەشکەوتەکانی شاخی ماکۆک.

بەکاک (حازم عەلی) پێشمەرگەی دێرین وپیاوێکی هۆشیار بە دەردە کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوەکەی، پیاوێک خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندو کێوێک لە نەستەق.

# بەشی یەکەم

## ئەمەریکا جێگای ئومێدو نائومێدی کوردە

## کورد نائومێدی دەچنێتەوە

پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ ئەمەریکا هەڵبەزو دابەزو گومانی جوداجودای لەسەدەی بیستەم وسەرەتای ئەم سەدەیەشدا بەخۆوە گرتووە. کورد بەردەوام لەنێوان ئومێدو نائومێدیدا لەسەر پەتی ئەمەریکا یاری کردووە. خودی ئەمەریکاش لەهەندێ قۆناغ سەخت و لەهەندێ هەڵوێستیشیدا پشتیوان بووە بۆ کوردو خەباتەکەی. سەدەی رابردوو، کورد لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، وەختێک بەبێ دەوڵەت وسنورو ئاڵای فەرمی خۆی لەنەخشەی جیهانی تازەی نێودەوڵەتی دەست بەتاڵ بوو..بەناچاری وبەپشتیوانی خۆی و شاخەکانی، شۆڕش وبزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی خۆی دەستپێکرد. تاوەکو ئێستاش بەردەوامی هەیە، بەدرێژایی سەدەی بیست دنیای رۆژهەڵات، یاخود عالەمی ئیسلامی پەیامێک وهەڵوێستێکی رۆشنی بەرامبەر بەکێشەی کورد نەبووە..ئەگەر باسی دەوڵەت وچارەسەری کێشەی کوردیشیان کردبێت، لەچەندین هەنگاوو ساتی جیاجیاوە پاشگەزبوونەتەوە. راشکاوانە بڵێم کورد لەباوەشی ئەم دنیابینی یە نەگەیشت

بەهیچ!. لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست نەوەکو هەر پرۆژەیەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەدایک نەبوو؟ بەڵکو ئەم کێشەیە گەیشتە دۆخێک لەئەنفال وکیمیابارانی هەڵەبجەدا کۆتایی پێهات. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەهەر چوارپارچە، راستگۆ نەبوونە لەگەڵ دروشم وبەڵێن وریککەوتننامەکانیان بەرامبەر بەگەلی کورد. بۆیە ئاسایی یە لەدۆخێکی ئاوادا کورد لەدنیای ناوچەکە بێ ئومێد بێت وبۆ پشتیوان و هاوکارو دۆستی تازە بگەڕێت، ئەم بارودۆخە هۆکارێکی زۆر سەرەکی بووە لەوەی کورد هەوڵ بدات لەئەمەریکاو ئیسرائیل وئەوروپا نزیک ببێتەوە. سەیر لەوەدایە کاتێک دەوڵەتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست وعالەمی ئیسلامی، هەستیان بەنزیکی کورد کردووە لەئەمەریکاو ئیسرائیل ورۆژئاوا، یەکسەر کۆمەڵێک بوختان وپڕوپاگەندەی باگراوی بەهەستی ئاینی لەدژی کورد بەتوندی خراوەتە گەڕ، وەکو ئیسرائیلی دووەم. بەکرێگیراوی ئەمەریکا...هتد، خۆیان درێغیان لەپاشکۆیەتی وکلکایەتی بۆ ئەمەریکا نەکردووەو ئێستاش نایکەن. بەلام بۆ کورد ئەوە حەرامە! تاکە شتێک کە هەمیشە پشتگیریان لەکورد کردووە ئەوەیە لەخەتە رۆژهەلاتیەکە، هەندێ جار خەتە ئیسلامیەکە، لا نەدات وکۆمەڵگای کوردی لەم دنیایەدا بەتوندی بهێڵێتەوە. ئەم دنیایە گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەتەسلیم بوون بەجولەکەو ئەمەریکاو ئەوروپایەکان زانیوە. بەدوورکەوتنەوەی کوردیان داناوە لەئاینەکەی، بەداخەوە ناسیۆنالیزمی کوردیش بۆ رەواجدان بەم پڕوپاگەندە ناراستە کاروکردەوەی چەوتی هێندە زۆرە ناتوانیت بڵێی کەموکورتی لەم بارەیەوە نەبووە.

لەدۆخێکی ئاوادا، ئومێدی کورد دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیابووە، هەوڵی داوە کاریگەری لە بڕیاری سیاسی ئەم دەوڵەتانە بکات. بەلام تەواوی مێژووی ناسیۆنالیزمی وشۆڕشەکانی کورد بەردەوام لەسەر ئەم هێڵە ناڕوات، ئومێدەکان هەر ئومێد نەبوونە..وەک چۆن نائومێدیەکانیش هەر نائومێدی نەبوونە. بۆ نمونە دوای رێککەوتننامەی جەزائیرو رێککەوتنی ئێران وعێراق، شۆڕشی ئەیلول کۆتایی هات، لەم کاتەدا کورد توشی نائومێدیەکی قووڵ هات بەرامبەر ئەمەریکا بەتایبەتی و رۆژئاوا بەگشتی. تەنانەت گەیشتە ئەو رادەیەی کورد

ئەمەریکا بەخیانەتکردن وەسف بکات. بێ متمانەیی کورد بەرامبەر بەئەمەریکاو سیاسەتەکانی زۆر زیادی کرد، بۆیە کورد لەدۆخی ئومێدەوە بەئەمەریکا، بەرەو نائومێدیەکی سەخت گۆڕا لەنزیک بونەوەی لەئەمەریکا. هەر دوای ئەم رووداوانە ساڵانی هەشتاو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد لەباکووری کوردستان، بەرێبەرایەتی پەکەکە دەستی پێکرد، ئەمەریکا نەک هیچ هاوکاری کوردی نەکرد، بەڵکو بەهۆی تورکیای هاوپەیمانی ناتۆی، بۆ یارمەتیدان و رازی کردنی تورکیای دۆستی نزیکی، پەکەکەی خستە لیستی تیرۆرەوەو ئێستاش هەر لەلیستەکەدایەو لای ئەمریکیەکان هیچ گۆڕانێکی جەوهەری رووی نەداوە، لەوەش نائومێدتر بەرامبەر ئەمەریکا دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان بوو، بەهاوکاری ئیسرائیل وتورکیا. نائومێدی کورد بەئەمریکیەکان لەباکوری کوردستان لەترۆپکی خۆی دایە، ئێستاش ترسناک تربووە، چونکە ئەمەریکا بەفرۆکەی هێجگار پێشکەوتوو بەهەواڵگری وهەموو توانای خۆیەوە یارمەتی تورکیا دەدات بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد لەباکوری کوردستان، لەماوەی رابردوو رۆژنامەکان بڵاویان کردەوە کە کۆمەڵکوژیەکەی رۆبۆسکێ بە پێی زانیاریەکانی هەواڵگیری ئەمەریکا بووە. بۆیە لای شۆڕشگێڕە کوردەکانی باکور، ئەمەریکا نەک هەر جێگای ئومێد نیە، بەڵکو وەکو دوژمن هەڵسوکەوت دەکات.

بەبۆچوونی من دوای ئەوەی پەرلەمانی تورکیاو تەنانەت گەلی تورک ساڵی ٢٠٠٣ رێگای بەئەمەریکا نەدا، بۆ ئەوەی سەنگەری باکور دژی صەددام حوسێن بکاتەوەو دەرگای بەرووی ئەمەریکا داخست. بۆ ئەمەش کورد فریای ئەمەریکا کەوت، لەم کاتەوە دەبوو ئەمەریکا بەحساباتی خۆیدا بچێتەوە بەرامبەر تورکیا.. بەڵام ئەمەریکا هیچی نەکردو ئەوەتا بێ ئەندازە پابەندە بەهاوپەیمانی تورکیاوەو زۆر حساب بۆ پێگەکەی تورکیا دەکات.

لەسوریاش تاوەکو دەستپێنەکردنی شۆڕش دژی بەشار ئەسەد، هیچ ئومێدێک بەئەمەریکا نەبوو، لەئێرانیش هەست بە شتێکی ئاشکراو دۆستایەتی و بابەتێکی دڵخۆشکەر ناکەین. لێرەدا دەشێ جارێکی دیکە بۆ دیوێکی بابەتەکە بگەڕێینەوە. لەسەر کوردو خەباتەکەی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم دەوڵەتانەی کوردستانیان

بەسەردا دابەشکراوە، لەوانەش ئەگەر ئێران بەنمونە وەربگرین...ئەگەر سەیری سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئیمام خومەینی بکەین لەساڵی ١٩٧٩، دەبینین دوای نەمانی شاو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەرامبەر بە کورد..،کورد ئومێدی زۆری بەخومەینی وشۆڕشی تازەی ئیسلامی هەبوو..ئەم شۆڕشەو سیستەمە نوێیەکەی بەرنامەی بۆ هەموو شت هەبوو تەنها بۆ کێشەی کورد نەبێت. ئەجێندای بۆ دەرەوەی ئێران ودراوسێکانیشی هەبوو، تەنها ئەجێندایەکی دیاریکراوی بۆ کێشەو ماف وداواکاری کورد لەئێران نەبوو، لەمەش ترسناکتر گەیشتە ئەو رادەیەی خومەینی فەتوای جیهادیدا بەرامبەر کوردو کوشتنی کوردی حەڵاڵ کرد. وەک ئەوەی کافرێک بکوژن؟. لەم ساتەوە تاوەکو ئێستا لەجیاتی ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر بکات، رۆژانە دێت پۆل پۆل گەنجی کوردو خەباتگێڕی کورد لەسێدارە دەدات. هەموو بەرنامەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چارەسەری کێشەی کورد پەتی سێدارەیە. ئەمەش نائومێدی قوڵی گەلی کوردە بەرامبەر ئەم دەوڵەتە دەربارەی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی وسیاسی کورد لەئێران.

دوای نەمانی بەعس ساڵی ٢٠٠٣، کورد ئومێدی زۆری بەعێراقی نوێ وديموکراسی وفیدراڵ هەبوو، بەڵام ئەوەتا دەبینین عێراق لەچ گێژاوێک دایە، ئێستا کورد نەک هەر بەشەریک ودۆست وهاونیشتمانی عێراقی دانانرێت، بەڵکو هەوڵی جددی دەدرێت کورد لەسەر ئاستی نەتەوەیشدا جێگای رق لێبوونەوەو گومان بێت، بەتایبەت لەخواروو ناوەڕاستی عێراق. بەشێوەیەکی گشتی گەلی کورد بەرامبەر دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەت سیستەمی سیاسی یەکانیان بێ ئومێدەو ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لێڵ وتەمومژاویە، هەم تورکیاو ئێران، عێراق وسوریاش، شکستیان خواردووە لەوەی بگەنە دۆزینەوەی شێوازێک لە چارەسەری کێشەی کورد، هەمیش لەسعودیەو میصرو پاکستان وولاتانی کەنداوەوە بەهەموو خەریتەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئومێدو پرۆژەو بەرنامەیەک نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە رەوا لەمێژینەکەی گەلێکی ٤٠ ملیۆنی زۆرینە موسوڵمان!...بۆچی لەناو سیستەمە ئیسلامیەکانیشدا ئەجێندای جیاواز لەدەوڵەتەکان نیە بەرامبەر کێشەی کورد؟. مانای نیە صەددام حوسێنی عروبەی

شۆڤێنی قەومی عەرەبی، بۆچونی جیاواز نەبێت لە سیاسیەکی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی ئیسلامی دەربارەی کێشەی کورد!.مانای نیە ئەتاتورکێکی عەلمانی دڵرەق، جیاوازی نەبێت لەگەڵ ئەردۆگانێکی ئیسلامی دەم بەهەراش (دەخوازم ئەردۆگان بەرامبەر پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا راستگۆبێت) !.مانای نیە وەک چۆن شای ئێرانی نائیسلامی، بۆ کورد لەئێران پرۆژەیەکی سەرکەوتووی نەبوو! بەهەمان شێوە خومەینی ئیسلامی ئاینپەروەر هەمان عەقڵیەت دووبارە بکاتەوە. بۆیە کورد لەچارەسەری کێشەکەی لەگەڵ ئەم سیستەمە سیاسیانە لەنائومێدیەکی قوڵدا دەژی. لێرەوە سەرەداوی نزیک بوونەوە لەئەجێندای دیکە لای کورد سەرهەڵ دەدات، بەتایبەت زلهێزەکان کە بە ستراتیژو هێزو بەرنامەی زۆر هەمەلایەنەوە لەناو رۆژهەلاتی ناوەڕاست تەراتێن دەکەن. وە جەنگی لەچەشنی جەنگی کەنداویش زەوی زۆر بەپیت وبەرەکەتن بۆ ئەوەی سیاسەتی تازەو دنیای تازە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست لەدایک ببن. دوای ١١ی سێپتێمبەریش زیاترو ئاشکراترو هەمەلایەنەتر ئەمەریکا هاتە ناو رۆژهەلاتی ناوەڕاست وئێستاش بەهەموو قورسایی سیاسەتی خۆیەوە لەناوچەکەیە، چونکە لەئێستادا بەهۆی بەهاری عەرەبیەوە رۆژهەلات دەکولێ، وەک گوتمان دنیای رۆژهەلات ودەوڵەتە عەرەبی وئیسلامیەکان پرۆژەی جددی ویەکلاکەرەوەو رۆشنیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێ نەبووەو پێ نیە. تا ئێرە بابەتێکی جودایە. بەڵام سەرباری ئەم راستیەش ئەوەیە نایانەوێت کورد لەبابەت وبەرنامەو ئەجێندای دیکە نزیک ببێتەوەو بەتوندی دژایەتی کورد دەکەن. خۆیان ناتوانن چارەسەری بکەن، ئەگەر لەئەمەریکاش نزیک بوویتەوە تۆ بەکرێگیراوی، لەجولەکە هاوکاری وئەزموونێکت داواکرد، تۆ جولەکەی دووەمی. ئەمە کرۆکی زۆر ئاستەنگە لەپەیوەندیەکانی کورد. بەبۆچوونی من گونجاو نیە بەدیدو تێڕوانینی ستراتیژی دەوڵەتە عەرەبی وئیسلامیەکانی ناوچەکە کورد سەیری ئەمەریکا بکات. بەپێچەوانەوەش بە دیدو ستراتیژو تێڕوانینی ئەمەریکاش گونجاو نیە سەیری ئەم دەوڵەتانە بکات. کورد پێویستی بەدیدو تێڕوانین وستراتیژی کوردانەو کوردستانیانەی خۆی هەیەو لەسەر ئەم رەهەندەش مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنەکان بکات. ئەمە حالەتێکی

تەندروست وراستگۆیانەیە بۆ کوردو شێوازی خەباتەکەی.
ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ ئەمەریکا جێگیرو ستراتیژیانە نیە، زۆرجار داوا لەئەمەریکاو لایەنی کوردی دەکرێ، نوسراوو دیکۆمێنت، لەیەکتر تێگەیشتنی ڕۆشن لەنێوان هەردوولا بخرێتە ڕوو. جموجۆڵی سیاسی وئابوری ودبلۆماسی هەیە لە نێوان کوردو ئەمەریکا بەتایبەت لەعێراق. ئەمریکیەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەردان وپەیوەندیەکانی خۆیان نەپچڕاندووە،بەڵام لەبەرئەوەی دۆخی نێودەوڵەتی ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێجگار ناجێگیرە، سیاسەت لەگۆڕان وبەرەو پێشەوەچوون وستراتیژو تاکتیکی تازەدایە، بۆیە ناشێ کورد بەسڵاوەکانی ئەمەریکا لێی بێ خەم بێت. چونکە دواجار دەرفەتەکانی لەدەست دەچێت ونائومێدی دەچنێتەوە. هەندێجار فشاری تورکیاو عێراق ودەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچەشنی سعودیە!. کاریگەری خۆیان لەسەر ئەمەریکا هەیە، لەم کاتانەدا پەیوەندی نێوان کوردو ئەمەریکا دەچێتە حالەتێکی ناجێگیرەوە، کورد لەبەرئەوەی دەوڵەتی نیەو تەنها یەک پارچەشی ئازادە کە پارچەی عێراقە(ئەویش هەموو خاک وگەلەکەی نا، تاوەکو هەنوکە کەرکوک لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانە)، لەئاستی نێودەوڵەتی و فەرمی بێ پشتیوان و بێ قورسایی خۆیەتی. ئەگەر دەوڵەتی کوردستان ئاڵاکەی لەنەتەوەیەکگرتوەکان بشەکێتەوە، ئەوکات هێزو پێگەی کورد جۆرێکی دیکەو دنیای دیکەیە. بۆیە ئێستا کورد عاقڵانە هەڵسوکەوت دەکات ئەگەر هەوڵ بدات بەرەی ململانێیەکانی فراوان نەکات وهەوڵ بدات کەمیان بکاتەوە، کورد دەرەقەتی ئەوە نایەت بەرەی ململانێکانی فراوان بن، بۆ نمونە لەگەڵ ئەمەریکا تێکی بدات ولەگەڵ تورکیاوئێران وعێراق وسوریاش لەناکۆکی خۆیدا بێت، هەر کاتێک لەبەرەی عەرەب ودنیای دەوروبەری ڕۆژهەڵات بێ ئومێد بوو، ئەوا پێویستە بەرەی دیکەی لەچەشنی ئەمەریکاو ئەوروپا بگرێتە ئامێز. یاخود بەپێچەوانەوە لەرۆژئاوا یان هەر بەرەیەکی دیکە نائومێد بوو ئەوا لەدنیا ڕۆژهەڵاتیەکە نزیک ببێتەوە، لانی کەم فێربێت چۆن کارتەکانی ڕێک دەخات. چۆن یاریەکە ئەنجام دەدات. ئێستا لەدەموچاوی کورد بەئاشکرا دیارە دۆخێکی نائومێدی

هەیە، بەتایبەت بەرامبەر ئەمریکیەکان کە زۆر فشار لەکورد دەکەن یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت. وە لەپارچەکانی دیکەش رەوشەکە وەکو پێویست نیە. کورد لەخۆ ئامادەکردنی دەوڵەت ومافی چارەی خۆنوسین خۆشحاڵ وبەئومێدە. بەڵام ئەمەریکای رابەری جیهان و باڵادەست، هەڵوێستی رۆشن نیەو نازانرێت لەژێر پەردەوە چی لەگۆڕێیە!. گەلی کورد ئەنفال وکیمیابارانکردن وویرانکاری زۆر زۆری دیووەو چەشتووە. ئەخلاقی نیە بەهیچ پێوەرێک گەلی کورد بەم جۆرە لەوە زیاتر نائومێد بکرێ، زەمانی بەهاری گەلانەو ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو جەوهەری دایە، بۆ ئەوەی داهاتووی ئەم گۆڕانکاریانە تەمومژاوی ولێڵ دەرنەکەون، زۆر پێویستە بیرێک لەکێشەی کورد بکرێتەوەو بەرۆشنی پێمان بڵێن پشتگیری ئێوە دەکەین بۆدەوڵەت. ئەمە کرۆکی مەسەلەکەیە. کورد تەنها داوای پشتگیریەک دەکات، خۆ نەهاتووە بەکەس بڵێ لەگەڵم وەرە بۆ قەندیل وچەکی کوردایەتی لەشان بکە. کورد لەبری خۆی وهەر بەخۆی خەباتی ناسیۆنالیستی خۆی درێژە پێدەدات. بەڵام سەرباری ئەم راستیانەی سەرەوە، گرنگە لەئاستی ناوخۆش راشکاوانە ئاماژە بەوە بدەین، متمانەمان بەیەکتر نیە، دابەش دابەشین لەسەر وەزعی سیاسی ونەتەوەیی ونیشتمانی، بۆیە سەرباری هەموو فاکتەرە دەرەکیەکان، فاکتەرە ناوخۆیەکانیش گورزی گەورەو کەمەرشکێنیان لەجوڵانەوەو خەباتی ئازادی کوردی داوە. تاوەکو لەناوخۆی کوردستاندا، کورد توند توند دەستی یەکتری نەگرێ! رێز لەجیاوازی یەکتر نەگرێ، گفتوگۆو دیالۆگی کراوە لەگەڵ یەکتر نەکەن. ئەوا مەحاڵە کوردستان بێ مەترسی بێت. بۆ ئەوەی ئەمەریکاو دنیای عەرەب وتورک وفارس وناوچەکە بەگشتی، لەئێمە بێ متمانەو دڕدۆنگ نەبن، پێویستە زۆر بەرۆشنی وەرەقەی کوردی بخەینە سەرمێز.

نائومێدیەکانی کورد لەیەک وێستگەی دیاریکراودا ناوەستێ، لێدوانێکی فەرمی بەسە بۆ ئەوەی کێشە بۆ پرسی کورد دروست بکات. رەنگ بێت لێدوانی باڵیۆزی ئەمەریکا لەبەغداد، بەڵگەیەکی باش بێت، جیفری لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەرۆشنی هەڵوێستی ئەمەریکای خستەروو، کوردی وەکو سودمەندێکی زۆرباش

لەروخانی بەعس لە٢٠٠٣ وەسف کرد، ئاماژەی بەوەدا ئەمەریکا پشتگیری خواستی پارچەپارچەبوونی عێراق ناکات وریز لەیەک پارچەیی عێراق دەگرێ. کوردیش زۆر سودمەندبووە لەعێراق وزیانی بەردەکەوێت هەوڵی جیابوونەوە لەعێراق بدات. ئەم لێدوانەی باڵیۆزی ئەمەریکا لەعێراق لەکاتێکدایە، لەناوخۆی کوردستان وعێراقدا باس وخواسێکی زۆر گەورە لەسەر دەوڵەتی کوردی وریفراندۆم وجیابوونەوە لەعێراق هەیە. ئەمە وەڵامی ئەمەریکایە بۆ کورد کە بەڵێ چەندە ئێوە هەوڵ دەدەن بۆ دەوڵەتی خۆتان، ئەوا ئێمە پشتگیریتان ناکەین. ئەمە بۆ گەلی کورد نائومێدیە بەرامبەر هەڵوێستی ئەمەریکا. بێگومان وەک هەمیشە ئەگەر پرسیاری هەڵوێستی لەم جۆرە لەئەمریکیەکان بکەین، ئەوا دەمودەست پاساوی خۆیان دەهێننەوە، بەتایبەت رەوشی سوریاو ئێران پاساوی زۆر بەهێزن کە ئەمەریکا توند دەست بە یەک پارچەیی عێراقەوە بگرێ. بەڵام کورد تاکەی باجی هاوکێشە ئاڵۆزە نێودەوڵەتیەکان بدات. بۆ جارێکیش حساباتی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەسەر خواستی گەلێکی چەوساوە هاوکوف نابێت، کەلەوانەیە لەداهاتوودا رۆڵێکی چارەنوسساز لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا ببینێت. کورد لەگەڵ ئەمەریکا شەڕی دژە تیرۆری کردووە. یان با بڵێین ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا ناوی ناوە تیرۆرو دژە تیرۆر. کورد بێ ئەندازە پشتگیری ئەم سیاسەتەی کردووە، لەبەرامبەر ئەمەدا سودی پێگەی ئەمەریکا خۆیەتی، لایەنێکی نادەوڵەتی بەم شێوەیە بکاتە لایەنێکی دەوڵەتی. چونکە بەرەی خۆی پێ بەهێز دەکات، بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەئەمرۆ سەرزەمینی راستەقینەی مەترسی یە بۆ ئەمەریکا.کورد لەبەرئەوەی دەوڵەتی خۆی نیە، وەکو کارەکتەرێکی نادەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. بەڵام کاتێک دەوڵەتی کوردی دروست دەبێت، ئەمەریکا هاوپەیمانێکی گرنگی دەوڵەتی چنگ دەکەوێت، کەلەپڕۆژە ستراتیژەکانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەکی دەکات. ئەگەر ئەم دەوڵەتە کوردیە هیچ کۆمەکێکیش بەم ئەجێندا ئەمریکیە نەکات، ئەوا دوژمنایەتی و رێگریشی ناکات، بەلام سەرباری ئەم هەموو راستی یە بەرچاوانە بینیمان لێدوانی جەنابی باڵیۆز لەبەغداد ئەوەیە عێراقێکی یەک پارچەیان دەوێت. ئەم

عێراقەی دەردی یەکەمی سیاسەتی دەرەکی ئەمەریکایە لەم ناوچەیە، هێندەی ئێران وسوریا، زیاتر کێشەیە بۆ سیاسەتەکانی ئەمەریکا. ئەم عێراقەی لەناو کێشەکانیدا دەکولێ. ناتوانێت دەردی خۆی کەم بکاتەوە، چ جای ئەوەی لەدنیای بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکادا ئەکتەرێکی بەهێزبێت. عێراق لەژێر کاریگەریەکی گەورەی ئێران وکەنداوو تورکیادایە. ئەم کاریگەریانەش لەهەرەمی دەسەلاتی ئەم دەوڵەتەدا ئاشکراو روونە. ئەمەریکا ئەگەر هەتا سەر بەم شێوەیە بەدیار ئەم دەوڵەتەدا دابنیشێت، ئەوا بەدڵنیایەوە بەرهەمێکی باش ناچنێتەوە.

## ئەمەریکا کوردی لەعێراق کەلەپچە کردووە

جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، لە فڕۆکەخانەی هەولێر، دادەبەزێت و دەمی پڕ لە زەردەخەنەیە. توند وگرجوگۆڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەئامێز دەگرێ و دەستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەجۆرێک دەگوشێ وەختە قەناعەت بەوە بهێنم کوردو ئەمەریکا ئامۆزای حەقی یەکترن. جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەهەولێر بەپشت سەریەوە ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوەو نەرمە پێکەنین دەکات و چاوەکانی پرن لە دۆستایەتی. هەر لەم کاتەدا وەفدی کوردی لە ئەمەریکایەو وەفد لەسەر وەفد دەبینێ و تەوقە لەبەرامبەر تەوقە دەگۆڕێتەوە، وای لێهاتووە ئەگەر کورد هەڵامەت بگرێت، بچێتە ئەمەریکا بۆ چارەسەر. لەهەمانکاتدا هەمومان بینیمان دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا چۆن پرۆسەی سیاسی وپێکەوەژیان سەرەوژوور بوو، عێراق کەوتە ناو ناسکترین دۆخیەوە. خەریکە هەلا هەلا دەبێت. ئەمریکیەکان بەم بارودۆخە هێجگار هەراسان بوون، بەجۆرێک پاڵێوراوی کۆماریەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا رایگەیاند ئەگەر دەرچم

بۆ سەرۆکی ئەمەریکا ئەوا سەرباز رەوانەی عێراق دەکەمەوە. ئەمریکیەکان لەهەوڵێکی دبلۆماسی وسیاسی چڕوپڕدان، هاتوچۆی زۆریان بۆ عێراق کردو بەردەوامیشن، کوردیش لەچوارچێوەی عێراق بەهەمان شێوە خاڵی نیە لە سەردانی گەورە بەرپرسانی ئەمەریکا. ئەوە جگەلە پەیوەندی تەلەفۆنی بەردەوام. بێگومان بۆ کورد ئەم هەوڵانەی ئەمەریکا مایەی تێڕامانە. ناکرێت کورد پلان و ئەجێندای خۆی ئامادەنەکردبێت، ئاسان نیە لەگەڵ هێزە بەربڵاوەکانی ئەمەریکا بتوانین کۆک بین و لەناو بەرژەوەندیەکانیدا وون نەبین. بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسی کورد لە بەرزبونەوە وتوندبونەوەی بەردەوام دایە. ناشێ گەشە بکەین، قەڵەو بین، دواجار بمانکەن بە ژەمی چەوری ناو پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتیەکان. بەهەرحاڵ ئێستا لەعێراق کوردو ئەمەریکا لەیەکتر نزیکن ودنیاش ئاگاداری ئەم نزیکەیەیە. بەڵام هەرچەندە لەعێراق ئەمەریکا لەکورد نزیک دەبێتەوە، ئەوا لە پارچەکانی دیکەی کوردستان زیاتر دەبێتە ناحەزی کورد. سیاسەتی ئەمەریکا ساڵانێکی زۆرە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، هەمیشە نزیک بووە لەکوردی عێراق، دوور بووە لەکوردەکانی تورکیاو سوریاو ئێران. ئەم هەموو ئەزمونەی لەجەنگی عێراق وەریانگرت، ئەم هەموو تەنگەژەیەی روبەرویان بویەوە، ئەم هەموو کارئاسانیەی کورد بۆ ئەمەریکای کرد، کەچی دڵ رەقی ئەمەریکا وەکو خۆیەتی. تەنها لەعێراق وەکو باسم کرد زۆر هاتۆتە پێش و وەختە ببینە ئامۆزا. بەڵام بۆ عێراقیش گومانی زۆر لە ئەمەریکاو هەڵوێستەکانی دەکرێت، هێشتا کورد لەئایندەو داواکاریەکانی خۆی دەترسێ. لیبرمان هاتە هەولێرو لەگەڵ هێزە سیاسەکانی کوردستان کۆبۆوە، میدیای هەرێم و ناوچەکە هەڵوێستەی زۆریان لەسەر ئەم سەردانەی لیبرمان کرد، ئەو وەکو ئەندامێکی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا، بەبێ پەیامێکی گرنگ نەهاتبوو، بەڵام پەیامەکە چۆن بوو؟ ئەمە نهێنییەکە هێشتا لەژورەوەیە. دەربارەی داهاتووی عێراق بۆچونی زۆر جیاواز لەناو ئەمەریکادا هەیە، هەست ناکەی یەکێک لە بۆچونەکان زاڵ بێت و کۆتایی بەم ناکۆکیەی ناو کۆشکی سپی بهێنێت و بگەنە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەربارەی عێراق، نە ئەوەتا ئەمەریکا پشتگیری لە سێ دەوڵەتی کوردی و سوننی وشیعە

بكات وئیدی عێراق بەم شێوەیەی لێبێت. نە ئەوەتا راشكاوانە باسی عێراقێكی یەكگرتوو بكەن وبڵێن لەگەڵ مەركەزێكی بەهێزداین. یان پشتگیری سوننە بكەن وشیعەو كورد رازی بكەن، یان پشتگیری شیعە بكەن وكوردو سونە رازی بكەن. یان كوردو قەوارەكەی یەكلایی بكەنەوەو عێراق تەسلیم بەئەجێندایەكی عەرەبی بكەن و بەم جۆرە سوننەو شیعە رازی بكەن. سەرباری هەموو ئەم بۆچونانە، رای ئەوەش هەیە كە ئەمەریكا خۆی مامانی ئەم واقیعەی عێراقەو سیناریۆی خۆیەتی ئەم هەموو پێكدادان وناكۆكیە، دەیەوێت عێراقێكی لاواز هەبێت بۆ ئەوەی دوور نەكەوێتەوە لەستراتیژو كۆمەكی خۆی، نایەوێت عێراقێك هەبێت سەركێشی بەرامبەر بكات. ئیدی هەموو ئەم بۆچونانە لەدەوری كۆشكی سپی دەجولێنەوە. بەڵام قوڵایی كۆشكی سپی چیەو چی تێدایە؟ ئەوە نهێنیەكە نەك هەر عێراقیەكان بەڵكو زۆرینەی ئەمریكیەكانیش ئاگایان لێی نیە. بڕیاردەرە ستراتیژیەكانی ئەمەریكا خۆیان دەزانن چۆن دەموچاوی سیاسەت و دبلۆماسی خۆیان بۆ عێراق دەخەنەڕوو.

ئەوەی دەربارەی كورد پێویست دەكات رووی تێبكەین، ئەوەیە كە ئەمەریكا بەچەكی پێشكەوتوو، فڕۆكەی بێفڕۆكەوان، بەپێدانی زانیاری هەواڵگری، بەهەموو شێوەیەك هاوكاری توركیا دەكات بۆ قەتلوعام كردنی گەلی كورد لەتوركیا. روداوەكەی كۆمەڵكوژی شەرناخ باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەمەریكا چ جۆرە هاوكاریەكی سەربازی توركیا دەكات و نوێترین چەكی پێدەدات، هیچ جۆرە گوشارێكی لەسەر هاوپەیمانەكەی ناتۆی نیە دەربارەی وازهێنانی لە كۆمەڵكوژی گەلی كورد لەتوركیا. هەر لەم كاتەدا ئەمەریكا بەچاوی هاوپەیمانی ودۆستایەتی سەیری گەلی كورد دەكات لەعێراق وپشتیگری خۆی بۆ قەوارەی كوردی لەهەرێمی كوردستانی عێراق دوپات دەكاتەوە. بەڵام ئەگەر ئێمە سەیری دیوی راستەقینەی ئەمەریكا بكەین بۆمان دەردەكەوێت ئەمریكیەكان سیاسەتێكی رۆشنیان دەربارەی چارەنوسی كورد نیە لەعێراق، داهاتووی كوردیان بەهەڵواسراوی هێشتۆتەوە، ئەمریكیەكان پەیامی ئەوە نادەن بەكورد كار بۆ قەوارەی كوردستانی خۆی بكات ولەعێراق جیاببێتەوە. لەهەمانكاتدا لەبەغداش

پشتی کورد ناگرن بۆ ئەوەی بتوانێت هەندێک مافی نەتەوەیی خۆی وەربگرێتەوە، کاتێکیش فشاری زۆریان بۆ دێت بەبیانوی ئەوەی دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەرنادەن و ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بەوانەوە نیە، خۆیان لەداواکاری کورد دەدزنەوە. یان دەڵێن دەستوری هەمیشەیی عێراق هەیە وچارەسەری پرسەکانی کردووە. بەڵام راستیەکەی ئەوەیە ئەمەریکا دەتوانێت زۆر شتی گرنگ بۆ کورد بکات وتاوەکو ئێستا نەیکردووە.! لەلایەکی دیکەوە کێشەکە ناخرێتە ئەستۆی ئەمەریکا بەتەنیا، بەڵکو کوردیش داوای سەربەخۆیی نەکردووە، هەمیشە داوای یەکپارچەیی عێراق دەکەن و بەفیدراڵی رازین. بۆیە ئەمەریکا بێت وچیت بۆ بکات لەکاتێکدا خۆت نازانی داوای چی دەکەی وچیت دەوێت و یان ناتەوێت داوای سەربەخۆیی خۆت بکەیت. ئەمە هەموو راستیەکە نیە، بەڵکو ئەوەی بۆ ئەمریکیەکان وکورد جێگای بایەخ پێدان وپرسیارکردنە، ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا چاوی تەنها کوردی عێراق دەبینێت وکێشەی کوردی لەچوارچێوەی عێراق کەلەپچەکردووە، ئەگەر رازیش بێت بەمافەکانی کوردو داوای کورد هەر لەچوارچێوەی عێراقە. تەنانەت ئەگەر زلهێزەکان دەوڵەتێکیش بۆ کورد دروست بکەن، ئەوا تەنیا لەسەر خاکی کوردستانی پارچەی عێراق دروستی دەکەن بۆ گەلی کورد، واتە دەوڵەتێکی کوردی بەبێ سێ پارچەکەی تر. ئەمەریکا لەناو خۆی عێراق بەولاوە رۆڵی ئاشکرای خۆی ناخاتە روو دەربارەی کێشەی کورد، ئەمەش جێگای پرسیاری جەوهەری کوردەو ناکرێت بەم نەگۆڕیە بەرامبەر ئەمەریکا بێدەنگ بین، ئەوەتا بەریتانیەکان داوا لەتورکیا دەکەن دەستور هەموار بکاتەوەو مافەکانی کورد لەدەستور بچەسپێنێت، فەرەنساو روسیا ویەکیەتی ئەوروپاش بەهەمان شێوە روانینان وسیاسەتیان بەرامبەر کورد زۆر گۆڕاوە، بەڵام ئەمەریکا تەنها لەناو بازنەی عێراق دەسوڕێتەوە لەبارەی پرسی کورد.

ئێستا عێراق لەناو زەلکاوێکی گەورەی ململانێی ترسناک دایە، بەجۆرێک ناتوانی ئاماژە بەوە بدەی ململانێکان سروشتی و سیاسی ئاشکران. ئەمەریکاش تەنگەتاوی ئەوەیە کێشەکانی عێراق وەرەقەی سیاسەتەکانی لەناوچەکە لەوە زیاتر توشی کێشەنەکاتەوە. بەتایبەت کە ئێستا زۆر سەرقاڵی دۆسیەی سوریایە.

بەڵام کورد ناشێ خۆی بکاتە قوربانی ئەمەریکا، یان هەر لایەنێکی دیکە، ناشبێت چاوەڕێی ئەوەبێت ئەمەریکاو لایەنەکانی دیکە بێن وبڵێن فەرموو قوربان ئەوە مافەکانتە. دەبێت کورد خۆی کوردایەتی بۆ خۆی بکات، وەکو لەشوێنی دیکەش گوتومە نابێت چاوەڕێی ئەوە لەئەمەریکا بکەین لەبری ئێمە کوردایەتی بکات. کوردستان نیشتمانی ئێمەیە، نیشتمانی ئەمریکیەکان نیە، بۆیە هەر خۆمان بەرپرسی یەکەمین لە گەیشتن بەمافە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکانی خۆمان. بەڵام قسەی ئێمە لەسەر ئەمەریکا تەنها هەر ئەو بوارە نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەمەریکا عێراقی داگیرکردو رژێمی صەدام حسێنی لەناوبرد، رۆڵی گەورەی هەیە لە پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتی لەناو عێراق، هێزێکی گەورەی نێودەوڵەتی هەیە، ئەمڕۆ زلهێزی یەکەمی جیهانە، دۆسیەی گەورەی نەتەوەکانی دنیا لەناو کۆشکی سپی ئەمەریکا تاوتوێ دەکرێت. بۆیە حەقی خۆمانە پرسیاری جددی روبەروی ئەمریکیەکان بکەینەوەو داوای هەموو ئەو شتانەیان لێبکەین کە دەتوانن بۆمانی جێبەجێ بکەن. ئەمەریکا لەباکوری کوردستان بەشدارە لە کۆمەڵکوژی کورد و لەعێراقیش دێت ولەتەنیشت ئاڵای کوردستان بەفەرمی و توند دەستی کورد دەگوشن. کورد پێویستی بە سیاسەتێکی ستراتیژی تازە هەیە، بۆ مامەڵەی لەگەڵ ئەمەریکاو زلهێزەکان و تەواوی هێزەکانی ناو عێراق، بەتایبەت دوای دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی، دەبێت کورد گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەت وخەبات وتێکۆشانی خۆی بکات. هەر گۆڕانکاریەکی ناوچەکە کاریگەری لەسەر رەوشی کورد بەجێدەهێڵێت. لەوەتەی بەعس روخاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ رەهەندێکی عێراقی تاک شوناسی بەهێز لەمەیدانەکەیە، بەبۆچونی من دەشێ ناوی بنێین رەهەندی ئەمریکی..تورکی..سعودی. ئەم سێ دەوڵەتە زۆر بە چڕی وتوندی یەکپارچەیی عێراق بە ئامانج دەگرن، زۆر جەخت لەوە دەکەنەوە دەبێت عێراق یەکپارچە بێت. ئەمەریکا لەژێر فشاری کۆمەڵگەی عەرەبی و تورکیا ودواجار سوننەی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبی توندڕەو، بڕوای بەیەکپارچەیی عێراقە، هەرچەندە لەسەرەتاش ئاماژەمان بەوەدا کە ئەمەریکا زۆر سیناریۆی هەیە بۆ عێراق و خۆشیان بۆچونی زۆر جیاوازیان

لەسەر داهاتوی عێراق هەیە، بەڵام ئەمە ئەو راستیە ناشارێتەوە کە ئەمەریکا زۆر جەخت لە یەکپارچەیی عێراق دەکاتەوە. کێشەی کوردیش ومافەکانی هەر لەچوارچێوەی عێراقدا کەلەپچەکردووە. تورکیا لەبەر کوردەکانی ناوتورکیا گەورەترین ترسی لەدروستبونی دەوڵەتی کوردی هەیە لەعێراق، بێگومان هەموو لایەک ئەمە دەمێکە دەزانین، ئەمەیان بابەتێکی دیکەیە، بەڵام پەیوەند بە رەوشی عێراق و داهاتوی کورد لەعێراق زۆر پەیوەستە بەباسەکەی ئێمەوە!. سعودیەش لەبەر هەیمەنەی شیعەو ئێران نایەوێت عێراق توشی هیچ جۆرە کەرت بونێک بێت. بەمشێوەیە رەهەندی عێراقچیەتی توند لەناوچەکە برەوی پێدەدرێت و وزەو پارەی خەیاڵیشی بۆ سەرفکراوە، بەڵام ناکۆکیە قوڵەکانی بونیادی ئەم دەوڵەتەش زۆر سەخت ودژوارن. ئیدی ئەگەر ئەمە لەبەرچاو بگیرێت ئەوا چارەسەرەکە وادەخوازێت عێراق بکرێتە سێ دەوڵەتی کوردی، سونی، شیعی. کورد دەبێت خەبات بکات دژی ئەم یەکرەهەندیەی لەسەرەوە رونمان کردەوە، بۆ هەڵوەشانەوەو لاوازکردنی ئەم یەکرەهەندیە عێراقیە. وادەخوازێت ئەمەریکا بەئامانج بگیرێت وهەوڵبدرێت چیدی ئەمەریکا هێندە پابەندی ئەم جۆرە سیاسەتە نەبێت، بەتایبەت لەئێستادا کە هەم عێراق لەوەزعێکی زۆر خراپدایە، هەمیش ئەمەریکا لەناوخۆیەوە جیاوازی وناکۆکی زۆرو سیناریۆی زۆریان بۆ داهاتووی عێراق هەیە. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کورد خۆی بزانێت چۆن ماڵی خۆی رێکدەخاتەوەو خۆی ئامادە دەکات. دەکرێ کورد زۆر شت بیری ئەمریکیەکان بخاتەوە، بۆ نمونە پێش سەرکەوتنی دیموکراتەکانی ئەمەریکاو بردنەوەی کاندیدەکەیان باراک ئۆباما، مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، کە سەر بەهەمان حزبە، کتێبێکی نوسی ولەم کتێبەدا دەڵێت: ئامۆژگاری سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا دەکەم، ئەگەر دەیەوێت خزمەت بە عێراقیەکان بکات و عێراق بپارێزێت، ئەوا پێویستە عێراق دابەشبکرێت، سێ دەوڵەتی کوردی وسوننی وشیعەی لێدروست بکرێت. مادلین راشکاوانە قسە لەسەر دابەشکردنی عێراق دەکات. وە دەشیەوێت ئیدارەی کۆشکی سپیش راشکاوبێت لەگەڵ عێراقیەکان ودابەشکردنەکە بکاتە راستی. دوای بڵاوبونەوەی کتێبەکەی مادلین و ئەنجامدانی

هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، ئۆباما سەرکەوتنی بەدەستهێنا، جۆزیف بایدن کرایە جێگری کەهەمان بیرکردنەوەی مادلینی هەیە، تەنانەت بایدن وەکو پڕۆژەش خستیە روو، وە زۆریش بەرگری لەبوچونەکەی کرد، لەناوخۆی عێراق وناوچەکە وجیهانیش لەسەر پڕۆژەکەی بایدن وهاوکارانی زۆر راوبۆچونی جیاواز دروست بوو. بەڵام بۆ کورد ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەموو ئەم شتانە بیر ئەمریکیەکان بخاتەوەو لەسەر ئەم راستەهێڵە سیاسەتی خۆی بکات و هەمیشە ئەوە بخاتە سەرمێز کە لەگەڵ خەباتی نەتەوایەتی و ناسۆریەکانی گەلی کورد رێکدێتەوە.

بۆ ئەمریکیەکانیش ئەوە پێویستە بزانن کە کێشەی کورد تەنیا کێشەی عێراق نیە، کێشەی چوار دەوڵەتی سەرەکی رۆژهەڵاتە، ئەمریکیەکان هەتاسەر ناشێ بەم شێوەیە سیاسەت لەگەڵ کورد بکەن و بەم جۆرە بڕواننە کێشەی کورد، هەڵەیەکی زۆر ستراتیژیە ئەمریکیەکان بیانەوێت کێشەی کورد لەناو عێراقدا قەتیس بکەن، تەنانەت ئەگەر پشتیوانی دروستبوونی دەوڵەتێکیش بکەن بۆکورد هەر لەچوارچێوەی عێراقدا بیریلێبکەنەوە مەبەستم دەوڵەتی کوردیە لەکوردستانی عێراق وجیابونەوەی ئەم پارچەیەی کوردستان لەعێراق وبونی بەدەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی. کێشەی کورد، کێشەی تورکیاو ئێران وسوریاشە. باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا رێکەوتی ٢٠-١-٢٠١٢ رایگەیاند: ئێستا ئێمە تەواو سەرقاڵی رەوشی سوریاین، هەوڵ دەدەین بەهەر نرخێک بێت رژێمی بەشار ئەسەد لەدەسەلات نەمێنێت. قسەی جددیش لەسەر بەکارهێنانی هێز هەیە لەلایەن ناتۆوە بەهەمان شێوەی لیبیا. بەڵام باراک ئۆباماو کۆشکی سپی دەبێت ئەو راستیە فەرامۆش نەکەن کورد لەسوریا نزیکەی پێنج ملیۆنە، ئیدی چۆن دەکرێت بەرامبەر کورد ئەجێندای خۆی نەگۆڕێت و وەکو کێشەیەکی زۆر گەورە ومێژویی سەیری کێشەی کورد نەکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کێشەی گەلی ئێمە تەنها هی یەک دەوڵەتی ناوچەکە نیە، بەڵکو کێشەی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستە، یەکێک لەپایە هەرە سەرەکیەکانی ئارامی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، تەنها رزگاری وئازادی

کوردستانیش چارەسەری بنەڕەتیەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەرباز دەکات لەگرێکوێرەی ئاڵۆزیەکانی پرسی نەتەوایەتی کورد لەسنوری دەوڵەتەکانی ناوچەکە. مەبەستیش لەئازادی ورزگاری کوردو خاکەکەی مەبەست ئەوەنیە کوردستانێکی گەورە یەکپارچە دروست ببێت وئەمەریکا بێت خاکەناسی بۆ هەڵبگرێت وجۆگەو ئاوەڕۆمان بۆ دروست بکات. بەڵکو مەبەست ئەوەیە کێشەی کورد لەسنوری دەوڵەتەکانی ئێران وتورکیاو سوریاش بەفۆرمی خۆی چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنیە مرۆڤی کورد دەستبەرداری خەونی یەکگرتنەوەی کوردستانەکەی بێت بۆ یەکپارچە.

ئێستا هەم لەناوەخۆی کوردستان وهەمیش لەدەرەوەی کوردستان، هەوڵێکی نەتەوەیی گەورە لەئارادایە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بێگومان لەئێستادا بەستنی ئەم کۆنگرەیە کە دەنگ ورەنگی سیاسی ونەتەوەیی هەرچوارپارچەی کوردستانە بەهەموو جیاوازیەکانەوە، مانای بایەخداری خۆی هەیە، ئەم مانابەخشینەش دابەش دەبێت بەسەر دوو ئاستدا، یەکەم لەئاستی ناوخۆی کوردستاندا ئومێدێکی گەورە دەبەخشێت بە خەڵکی کورد لەبارەی یەکهەڵوێستی ویەکبوونی کوردو گیانی کوردایەتی هاوبەش، کە ئەمە هەنگاوێکی مەزنە. دووەم پەیامێکی گەورەیە بۆ ئاستی دەرەوە، واتە دەتوانێت تێگەیشتنی کورد بەرامبەر روداوەکانی ناوخۆی کوردستان و کێشەی کوردو گۆڕانکاریەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بداتە جیهان، لەکاتی بەستنی ئەم کۆنگرەیە کورد دەتوانێت راشکاوانە لەسەر شێوەی خەبات و جۆری داواکاریەکانی لەعێراق وئێران وتورکیاو سوریا بەرۆشنی بخاتە روو. بۆ ئەمەریکاو ولاتانی ئەوروپاش بەهەمان شێوە سیاسەتی کوردی و خەباتەکەی لەئێساتدا روون بکاتەوە. بۆیە زۆر جێگای بایەخە هەوڵبدرێ کۆنگرەی نەتەوەیی لەسەر ئەم ئاستانەی کە باسمان کرد ببەسترێ. ئەمڕۆ دەبینین کۆمکاری عەرەبی روئیای خۆی هەیە. ئێرانیەکان وتورکەکان روئیای خۆیان هەیە، بۆیە دەکرێت کوردیش لەرێگای دەرەنجامەکان و راسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە روئیای خۆی بداتە رۆژهەلاتی ناوەراست وجیهان. ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی فۆرمی تەسکی عێراقی بوون

وئێرانی بوون وتورکی بون وسوری بوون لەکێشەی کورد بسەنرێتەوەو فۆرمی کوردستانیەتی راستەقینەی خۆی پێببەخشرێت. واتە لەکێشەیەکی ناوخۆیی ئەم وڵاتانە، بەرەو کێشەیەکی نێودەوڵەتی و جیهانی وشەرعی وایبەرێت کە لانی کەم جیهان لەئاست ناسۆریەکانی گەلی کورد هێندە دەستەوەستان نەبێت. ئینجا گرنگ نیە لەسوریاو ئێران چۆن دەبێت و لەعێراق وتورکیا چۆن خۆی رێکدەخات، بەڵکو وەکو باسمان کرد ناشێت چیدیکە کێشەی کورد لەناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتانەدا کەلەپچە بکرێت.

ئێکسۆن مۆبێل، یەکێک لەروداوە هەستیارو پڕ حساباتی تازەی پەیوەندی نێوان ئەمەریکاو کوردە لەعێراق، دوای ئەوەی ئێکسۆن مۆبێلی ئەمریکی وەکو کۆمپانیایەک ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا بکات، هەرایەکی گەورە کەوتە ناو عێراق وفشاری زۆر خرایە سەر هەرێمی کوردستان کە بەردی وا گەورە لەگەڵ ئەمەریکا هەڵنەگرێت. دڵنیام هەم تورکیاو ئێران وسعودیە سوریاو عێراق بێ ئەندازە حساباتی گەورە لەسەر هاتنی ئەم کۆمپانیایە گەورەیەی ئەمەریکا دەکەن بۆ هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەرێم ببێتە وڵاتێکی گەورەی بەرهەمهێنانی نەوت وخاوەنی ئابوریەکی نێودەوڵەتی بێت، ئەوا پایەیەکی هێجگار گرنگی بەدەوڵەت بوونی بڕیوە، بۆیە هەڵوێستی لەم چەشنەی ئەمریکیەکان جارێکی دیکە پرسیار لەلای ئێمە دەوروژێنێ، کە بپرسین ئایا ئەمەریکا داهاتوو چی لەهەگبەدایە بۆ کوردستان وچارەنوسی گەلی کورد لەناوچەکە. چونکە پەیوەندی ستراتیژی لەم چەشنە بوێری ئەمەریکایە لەگەڵ کورد، هەرچەندە دیوی گەندەڵی وناشەفافیەتی هەرێمیش لەگۆڕێیە کە ئەمە بابەتێکی دیکەیە، بەهەمان شێوەش ئەم دیوەش راستە ئەگەر سەیری بکەین وپێمان وابێت ئەمەریکا بەرژەوەندی خۆیەتی بۆیە هاتووە رێگا دەدات کۆمپانیای گرنگی لەم چەشنەی لەگەڵ کورد گرێبەست ئیمزا بکات وگوێش بە هاوکێشە هەستیارەکانی کێشەی کورد نەدات لە تورکیا وعێراق وئینجا سوریاو ئێرانیش!. لەلایەکی دیکەوە ئەم مامەڵەیەی ئەمەریکا لەگەڵ کوردو هەندێجارو لەهەندێ قۆناغ باسی مافی کوردو پشتگیری قەوارەکەی دەکات، دەبێتە هۆی

دروستبوونی فشاری گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان وگەلی کورد، چونکە وڵاتانی نەیاری ئەمەریکاو دەوڵەتە ئیسلامیەکان وعروبەیەکان، تورکیاو زۆری دیکە، تۆمەتبارمان دەکەن بەوەی ئێمە داردەستی ئەمەریکاین و ئەم وڵاتە دێت دەوڵەتی کوردستانمان بۆ بنیاد دەنێت، لێرەوەیە هەستی بەئیسرائیلی دووەمی کێشەی کورد لەلایەن گەلانی ناوچەکە زیاد دەبێت ودەکەوینە ناو دژایەتیەکی نارەواوە، کەلەراستیدا وانیەو کورد خۆی قوربانیەکانی ئەوە دێنێت دەبوو زۆر دەمێک بوایە دەوڵەتی کوردستان هەبوایە.

## گومانی کورد لە هەنگاوەکانی ئەمەریکا

دوای کەوتنی رژێمی بەعس، عێراق بۆتە گۆمی خوێن وکوشتن بەر دەرگای هەموو ماڵێکی گرتۆتەوەو کێرڤی توندوتیژی بەردەوام لەبەرزبونەوەدایە، هەوڵە سیاسیەکانی ناو عێراق وهەوڵە بەردەوامەکانی ئەمەریکا وهاوپەیمانان بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی عێراق نەیتوانیوە ئاسایش و هێمنی لە عێراقدا بەرجەستە بکات، ئەمەش گەلە کۆمەکیەکی نێو دەوڵەتی و وە هەروەها ناوخۆیی بۆ ئەمەریکاو هاوپەیمانان دروست کردوە لەوەی کە ئەمەریکا توشی شکست هاتووە لە عێراقدا بۆیە ئەم بۆچوونە لەدایک بووە کە دەڵێت» ئەمەریکا دەست بەرداری دیموکراسی دەبێت لە پێناو ئاسایشدا. ئاسایشی عێراق یەکەمین هەوڵی ئەمریکی یە و دووەمیان ئەو دیموکراتیزەکردنەیە کە بانگەشەی بۆ دەکات «، بێگومان فشارەکانی ناوخۆیی ئەمەریکا لەسەر ئیدارەی بۆش وئەنجامی

هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمەریکا و راپۆرتەکەی بیکەر_هاملتۆن، ئەو سێ بەڵگەیەن کە قەناعەتمان پێ دێنێت بۆ باوەڕ کردن بەو بۆچونەی لەسەرەوە باسمان کرد. لێرەدا قسە کردن لەسەر ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق پەرتەوازە ناکەین ولەچەند تەوەرێکی گرنگ بەکورتی هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین . ئەویش :

١- دوای کەوتنی بەعس، هیچ گرنگیەک بەهەوادار و لایەنگر و ئەو نانخۆرانەی بەعس نەدراو بەیەکجاری بریاری بنەبڕیان بۆ دەرکردن، ئەمەش توندوتیژی‌وهاوکاری نەکردنی بەعسیەکان لەبەرامبەر حکومەتی عێراق‌و پرۆسەی سیاسی دوای سەدام دروست کرد. ئەمە بەبێ ئەوەی ئێمە پێمان وابێت شتێکی خراپ بوو یان باش، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەوانە دواجار گرفتی گەورەی پرۆسەی سیاسی عێراقن بە ئێستاشەوە.

٢- دەست پێکردنی ململانێی خوێناوی ماڵ بە ماڵ‌و کۆڵان بە کۆڵانی شیعەو سوننەوبەکارهێنانی هەموو جۆرە شێوازەکانی خوێن رشتنی یەکتری، زۆرن ئەو سەرکردەو شارەزاو سیاسیانەی کە بە ئاشکرا دەیانگوت شەڕی مەزهەبی لە عێراقدا هەڵگیرساوە، ئەم خوێن رشتنە هێندە زەقە زۆر پێویستمان بە هیلاکی نیە بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێین تا بزانین تاچەندە گومان هەیە لە راستیەکەی.!

٣- قەناعەتی ساویلکانەی ئەمەریکا بەهێزە سیاسیەکانی ناو عێراق‌و ئەو دروشم بەرنامەو قسەوبەڵێنانەی کە بە ئەمەریکایان داو وایان لە ئەمەریکا کرد زۆر باوەڕی بەخۆی بێت بە گۆڕینی عێراق بەرەو ولاتێکی سەقام گرتووی دیموکراسی. بەلام ئەمەریکا ورد نەبوو لەخوێندنەوەی ناواخنی ئەم هێزانە کە چ جۆرە ماشێنێکی گەورەی تەسکی تایەفی‌و دینیان لەخۆدا هەڵگرتوە، یاخود ئایا دەکرێت گومانێکی تر بکەین کە بەڵێ ئەمەریکا خۆی لەپشتی ئەم جۆرە رەوشەیە، من لێرەدا گومانی ئەوە دەکەم تۆ بڵێی ئەگەر ئەمەریکا چ جۆرە قازانجێک دەکات ئەگەر گریمان وابوو؟. وەڵامەکەی لای ئەمریکیەکان خۆیانە.

٤- بەهێزی دەست تێوەردانەکانی وولاتە دراوسێ کانی عێراق وبوونی سنوری کراوەو نزیک و خێرا بۆ ئەوەی بێنە ناو عێراق وچالاکی ئەنجام بدەن

وهۆکارێکی گرنگی شێواندنی بارودۆخەکەبن، ئێستا باش ئەم کاریگەریانە دەرکەوت، دانیشتنی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران لەسەر رەوشی عێراق لەناو خاکی عێراقدا، ئەدی چی ترە جگەلەو کاریگەرییە.

٥- نەبوونی دۆستی ئەمەریکا لە دەوڵەتە دراوسێ کاندا، چونکە ئەگەر تورکیا هاوکاری لێدانی ئەمەریکا بوایەو خاکەکەی سەنگەری لێدانی عێراق بوایە، بێگومان پرۆسەکە شێوەیەکی تری وەردەگرت، لەلایەکی تریشەوە ئێران لە ستراتیژو ململانێیدا سەد دەر سەد لە دژی ئەمەریکایەو خۆمان زۆر بە رۆشنی ئەو دژایەتیەی ئێران وئەمەریکا دەبینین. سوریاش سەرسەختانە لەدژی پرۆژەی ئەمەریکایە بۆ عێراق ورۆژهەڵات ولەبەرژەوەندی سوریا نیە دیموکراسیەکەی ئەمەریکا لە عێراق دا سەرکەوتوو بێت.

٦- راگەیاندنی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە، هەڵەیەکی گەورەوبریارێکی خێرابوو لەم کاتەدا، چونکە ئێران وسوریاو تورکیا ودەوڵەتانی تر لەناوچەکە سەرسەختانە دژی ئەم پرۆژەیە دەوەستنەوەو بەهیچ جۆرێک لەبەرژەوەندیان نیە ئەو گۆڕانەی ئەمەریکا دەیەوێت لەرۆژهەڵات دا بیکات. من قسەم لەسەر تەوقیتی پرۆژەکەیە نەوەکو خودی پرۆژەو ناوەرۆکەکەی چونکە هیچ نیگەرانیەک لەوەدانیە ئەگەر رۆژهەڵات ببێتە خاوەن سیستەمێکی دیموکراسیو لەم رژێمە خراپانە پاک بێتەوە کە هەمیشە بە گەندەڵیو دیکتاتۆری دەناسرێنەوە. من وای دەبینم ئەم پرۆژەیە پێویستی گەورەی بە دەوڵەتانی ناوچەکە هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت لانی کەم کەمێک لەسەر ئەرزی واقیع تاقی بکرێتەوە، بەلام ئایا ئەم دەوڵەتانە خۆیان رێگە بەشتی وا دەدەن، وەلامەکەی نەخێرە، چونکە ئێوەش پەیوەندی ئەو رژێمانەو ئەمەریکاو جۆری فەلسەفەی حوکمرانییان دەزانن.

٧- لاوازی هێزە پێشکەوتوو خوازوو دیموکراسی ومەدەنیو عەلمانیەکانی ناو عێراق لە گونجانیان لەگەڵ پرۆژەی دیموکراسی دوای کەوتنی بەعس. لەبەرامبەردا مەزهەب وگروپی میلیشایی و حیزبە دینی یەکان ومەزهەبی دینی وتەیاری دینی جڵەوی عێراقیان گرتە دەست وبەم بارودۆخە یان گەیاندووە کە

ئێستا رۆژانە لەناو کۆڵانەکانی بەغداددا دەیبینین.بەداخەوە ئەم هێزە نوێخوازو پێشکەوتوو دیموکراسیانە بەرادەیەکی زۆر نوقمی گەندەڵی‌و ناعەدالەتی هاتون ئەمەش زەبرێکی گەورەی لە کەلەکەی ئەو هێزانە داوە، متمانەیان لای هاولاتیان کەم بۆتەوە.

٨- سەرنەکەوتنی کورد لە پرۆژەی بنیادنانەوەی عێراق و یەک پارچەیی داو جێ بەجێ نەکردنی خەونەکانی ئەمەریکا لە بەغداد، بێگومان ئەگەر کورد ئەم مەسەلەیەی بە عاقڵی کردبێت شتێکی باشی کردووەو حەقیشە بەردەوام بێت لە خراپ کردنی یەک پارچەیی عێراق ونزیک بونەوە لە دابەشبوونێکی ئەمری واقیع ودروست کردنی ئەو کیانەی کە مەبەستمانە؟بەلام ئەمە بۆ ئەمەریکا لەبەرژەوەندی نیەو ناکرێت لە ئێستادا جێ بەجێی بکات، ئەوەتا گوشارەکانی سەر ئەمەریکا بۆیەک پارچەیی خاکی عێراق رۆژ بەرۆژ چڕترو زۆرتر دەبنەوە. کورد وێنەکانی پڕن لە ناکۆکی ناوخۆیی خراپی حزبایەتی‌و تۆمەتبار بەگەندەڵی‌و یەک نەگرتنەوەی وەزارەتە سەرەکیەکان‌و ئەو نارەزایەتیەی ئەمڕۆ لەناو خەڵکدا بلاوبۆتەوە.

٩- گەندەڵی ودزی وتالان وبێ یاسایی، کردەوەی توندوتیژی وخوێناوی ورفاندن وتەقینەوەی زۆر ئاسان و لەبارکردووە.

١٠- عاقڵی هێزەکانی ئەلقاعیدە کە هەر زوو پێگەی خۆیان لە عێراقدا قایم کردو زۆر بە توندی کەوتنە پەلاماردان وکوشتنی هاولاتیان لە هەموو لایەکەوە. دەبوو ئەمەریکا پلانی کۆنترۆڵی سنورەکانی عێراقی زۆر بەوردی هەڵسەنگاندباو رەچاوی نەمانی سنوروسوپای عێراقی کردبوایە بۆ ئەوەی بتوانێت رێگە لە تیرۆریستان بگرێت کە بیانەوێت بێنە ناو خاکی عێراقەوە. کە دەڵێم عاقڵی قاعیدە مەبەستم وردی خوێندنەوەیانە بۆ رەوشی دوای صەدام‌و لێدانی ئەمریکیەکان‌و ئەجێندای سیاسی دوای بەعس.

دەیان خاڵی تر دەتوانین دەست نیشان بکەین بۆ ئەوەی هۆکاری ئەم رەوشەی ئەمڕۆی عێراق لێک بدەینەوە.

لە دوای بێ ئومێد بوونی ئەمەریکاو سەرنەکەوتنی حکومەتی عێراق لە کۆنترۆڵ

کردنی ئەم بارودۆخە. لیژنەی بیکەر_هاملتۆن کەوتە ئیش کردن لە عێراق و بەو راپۆرتەی کەوتە بەردەستمان هەوڵەکانی ئەم لیژنەیەمان بینی. جارێ بەر لە هەر شت نابێت بەو دەمارگرژی یە مامەڵە لەگەل ئەم راپۆرتە بکەین کە ئێستا هەیە چونکە لەبیرمان نەچێ ئەمەریکا دەست بەرداری هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی بەرژەوەندی خۆی نابێت وچۆن بەرژەوەندیەکانی بخوازێت ئاوا مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان دەکات بۆیە ئەمە دڵداری نیە تاوەکو بڵێین ئەمەریکا بەرامبەر کورد بێ وەفا بوو. بەڵکو لە جیاتی دەمارگرژی دەبێت دبلۆماسی هەڵسوکەوت بکەین وزۆر بە وردی بەخۆمان بچینەوەو لەخۆمان بپرسین ؟ چی وای لەم لیژنەیە کرد ئەو راپۆرتە بەم ناوەڕۆکە بنوسێت ؟ ئایا بۆچی رۆڵی کورد لەبەرچاو نەگیراوەو پێشنیارو راسپاردەکانی خزمەتی ئایندەی سەربەخۆیی ومانەوەی حکومەت ودەسەلاتی هەرێمی لە کوردستان ناکات ودەمانگێڕێتەوە بۆ مەرکەزیەتێکی توندی بەغدا.کە خۆمان دەزانین مێژوومان لەگەل مەرکەزیەتی بەغدا چۆن بووەو چۆن هاتووە. ئایا ئەگەر ئەمەریکا پێشنیارو راسپاردەکانی راپۆرتەکەی بیکەر_هاملتۆن جێ بەجێ بکات بارودۆخی عێراق باش دەبێت ؟ ئایا کورد لە کوێی روداوەکان دەبێت وئەمەریکا چی بەکورد دەبەخشێت، ئێستا ئەو خۆشەویستی یە ئەفسانەیی یە لای زاکیرەی کورد توشی شۆک بووە کە بۆ ئەمەریکا وەک هێزێکی رزگار دروست بوو بوو. ئێستا کورد توشی دڵەراوکێ بووە لە هەنگاوەکانی ئەمەریکاو لە دووبارەبونەوەی مەینەتیەکانی رابردوو دەروانێت، کورد مافی خۆشیەتی گلەیی و رەخنەی زۆر جددی لە راپۆرتەکە بگرێت، بەلام دەبێت لاوازی وکەم وکورتی خۆشی بە وردی باس بکات وبەهێزتر لە ئایندە پرسیار بکات. بەهەر حاڵ ئەوەی دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین لە عێراقدا ئەو گرێ و گۆلانەیە کەلەو ولاتەدا هەمانە، لەوانە ماددەی (١٤٠) و چارەنووسی کەرکوک، داهات، فیدڕاڵیەت، قەوارەی هەرێم، دیموکراسیەت، نەوت، دەستوور ............هتد .

هێشتا زۆرن ئەو گومانانەی لە ئەمەریکا هەن، بەتایبەت هەندێ راپۆرت لە هەندێک ناوەند دەردەچن خراپ ئاماژە بەرەوشی کوردستانو ئیدارەکەی دەدەن.

ئەمەش دەبێت گومانمان بۆ دروست بکات، چونکە ئێمە ناتوانین هەموو شتێکو بەڵێنێک کە بۆ کورد دەخرێتە روو یەکسەر بڕوا بکەین، بەتایبەت ئێستا کە دنیای بەرژەوەندیەکانو روداوەکان زۆر خێرا دەگۆڕێن بەرادەیەک کە مرۆڤ توشی بەجێمان دەبێت کاتێک ئەم هەموو گۆڕانە خێرایانە بەم شێوەیە دەبینێت، کوردیش لەم بارەیەوە پێویستی بە وردبینیو توێژینەوەی هەمەلایەنەو پێویست هەیە بۆ ئەوەی روداوەکان بە جێی نەهێڵن. بەلام گرنگترین شت گومانە، گومانێک لە هەنگاوەکانو خوێندنەوەیانو هەڵسەنگاندنیان.

لەم مشتومڕە سیاسی وگۆڕانکاریەکانی ئەمەریکا بەخۆیەوە دەیبینێت، لەیەک کاتدا دەتوانێت ئومێد بۆ کورد دروست بکات و، هاوکات نائومێدیش بۆ کورد بهێنێت.

## جموجۆڵێکی ئەمریکی

ساڵی ٢٠٠٥، سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوش لەکۆشکی سپی، پێشوازی لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی کرد. لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دا شارەزایەکی سیاسی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوەدا، مادام زمانی کوردی لەناو کۆشکی سپی قسەی پێکرا. ئیدی جیهان ناتوانێت چیتر لە کوردو خەباتەکەی بەم نارۆشنی وخۆ نەبانکردنە مامەڵە لەگەڵ گەلی کورد بکات. لەناو کۆشکی سپی زمانی کوردی هەیە، لەناو راگەیاندنەکانی فەرمی وڵات دا، لەکۆنگرەی رۆژنامەنوسی کۆشکی سپیدا هەردوو سەرۆک پێکەوە قسەیان کرد. بەڵام هەر ئەم ئەمەریکایە، هەر سیاسیەکانی ناو ئەم کۆشکە سپیە، هاوپەیمانی ستراتیژی و زۆر نزیکی وڵاتێکن، کە بیست ملیۆن کورد دەچەوسێنێتەوەو زمانی کوردی قەدەغەکردووە. ئەمەریکا سیاسەتی خۆی کە زۆر گرنگی پێدەدات بەناوی گێزەر و کوتەک رێک وراست و وەکو خۆی بەرامبەر گەلی کورد بەکاردەهێنێت، گێزەر بۆ کوردی عێراق وکوتەک بۆ کوردی تورکیا. لەراستیدا کورد زۆر بەئومێدەوە سەیری ئەمەریکای کردووەو دەیکات، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا

گوتی: زەمانەتی پاراستنی هەرێمی کوردستانمان لەئەمەریکا وەرگرتووە لەکاتی هەر هێرشێکدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئەمریکیەکان چاودێری وردی بارودۆخی عێراق وهەرێمی کوردستان دەکەن، بەلام روون نیە بۆ داهاتوو چیان لەهەگبەدایە بەرامبەر مافی چارەنوسی گەلی کورد لەعێراق، هەتاوەکو ئێستاش بەفەرمی لەگەڵ ئەوەدان کورد لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە. کاتێک ئەم شارەزایانە قسەیان لەسەر زمانی کوردی دەکرد لە نێو کۆشکی سپی، دەبێت ئەوە لەبیر نەکەن ئەمریکیەکان داهێنانێکی گەورەیان نەکردووە ودەستکەوتی گەورەیان نەبەخشیوتە گەلی کورد، چونکە لەنێو کۆشکی سپی وەکو کوردی عێراق پێشوازی لە کورد کراوە، بەگوێرەی دەستوری عێراقیش زمانی عەرەبی وکوردی زمانی رەسمی ولاتن. عێراق لەناو دەستورەکەیدا وەکو زمانی فەرمی ولات ئیعتراف بەزمانی کوردی دەکات، ئەمریکیەکانیش ئەوەیان جیبەجێکردوە کە دەستور دەیڵێت، ئەو دەستورەی دوای ٢٠٠٣ نوسراوەو وشە بەوشەی ئاگادارن لێی. بەو پێیەی جەنگی عێراق تەنگەژەی گەورەی سیاسی ودبلۆماسی و ئابوری گەورەی بۆ ئەمەریکا دروست کردووەو تا سالانێکی زۆریش کاریگەری لەسەر باری ناوخۆی ئەمەریکاوسیاسەتەکانی بەجێدەهێڵێت، بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدات بایەخی هەرێم بۆ سیاسەتەکانی خۆی لەناو عێراق گەورەتر بکات. ئاسان لەروی ستراتیژیەوە دەستبەرداری نابێت، هەرێمی کوردستان لەگەڵ دوو دەوڵەتی زۆر نەیاری ئەمەریکا دراوسێیە کە ئێران وسوریان. هەرێم دەتوانێت هاوکاری ئەمەریکا بێت لەکۆکردنەوەی زۆر زانیاری گرنگ دەربارەی ئەم دوو دەوڵەتە. گومانیش لەوە دانیە ئەمریکیەکان لەعێراق هەوڵی لەم جۆرەیان داوە. یەکێکی دیکە لە لایەنە گرنگەکان ئەوەیە لەعێراقدا کورد خۆی بەدوژمنی ئەمەریکا نەزانیوە، تەنانەت وەختی کشانەوەی سەربازەکانی ئەمەریکا لەعێراق، رایەکی جدی هەبوو لەسەر ئەوەی ئەمەریکا کورد بەتەنیا جێدەهێڵێت، جەخت لەوە دەکرایەوە لەهەرێمی کوردستان بنکەیەکی سەربازی دابنێت. هەرێمی کوردستان بایەخی ئابوری گەورەی دەبێت بۆ ئەمەریکا ئەگەر بتوانرێت سیاغەیەکی باش و تێگەیشتن ئامێز بیری لێبکرێتەوە. بەتایبەت لەبواری نەوت ئەمریکیەکان دەتوانن

وەبەرهێنەرێکی زۆر باشی ناو کوردستان بن. هاتنی کۆمپانیای مۆبێلی بەناوبانگ وهەستی ئەمریکیەکان بۆ ئەوەی بێنە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، مانای نزیکی و گرنگی پێدانی ستراتیژیە بەم پارچەیەی کوردستان لەلایەن سیاسەتی کۆشکی سپیەوە.

سەیرکردنی ئەم بابەتە هەر تەنها لایەنێکی نیە، رای جیاواز لەسەر پەیوەندی کوردو ئەمەریکا هەیە، یەکێک لەو رایانە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەمریکیەکان هیچ جۆرە ئەجێندایەکی سیاسیان دەربارەی کێشەی کوردو مەینەتیەکانی کورد نیە، تەنها لەچوارچێوەی سیاسەتەکانیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات. ئەمرۆ ئەمەریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیری ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەکات، جەنگی سەربازی دژی ئەفغانستان وعێراق بەرپاکردووەو گرفتی لەگەڵ جوگرافیای رۆژهەڵات زۆرو زەوەندە، کوردیش لەناو ئەم جوگرافیایەدا وەکو ناوچەیەکی ئارام بۆ ئەمەریکا بایەخی ستراتیژی خۆی هەیە. بەپێی ئەم بوچونە بێت ئەمەریکا لەچوارچێوەی ئەمنیدا ئەولەویەتی خۆی بەرامبەر کورد رێکخستووە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قوڵایی ستراتیژی ئەمنی ئەمەریکا پێکدەهێنێت، کێشەی تیرۆرو روبەروبونەوەی ئیسلامی توندڕەو، مەسەلەی نەوت، ئەولەویەتی هەرە زیندوی سیاسەتی ئەمەریکان لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، کورد دەتوانێت لە تیرۆر ونەوت وئیسلامی توندڕەو، هەماهەنگی ئەمەریکا بکات، ئەزمونی عێراق سەلماندویەتی. کورد لەعێراق هیچ سەرئێشەیەکی تیرۆری بۆ ئەمەریکا نەبووە، ئیسلامە توندڕەوەکەشی هیچ جۆرە گورزێکی لەئەمەریکا نەداوە. بۆ مەسەلەی نەوتیش کورد دەرگای لەسەر پشتە بۆ کۆمپانیاکانی ئەمەریکا. بۆیە ئاسان نیە پێمان وابێت تەنها لەروانگەی ئەمنیەوە ئەمەریکا بایەخ بەکورد دەدات. ئێستا لەبواری سیاسی وئابوری و نەوت و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ کەناڵی جیاجیای لەگەڵ کورد کردۆتەوە. بەڵام لەناو دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەت شەقامی عەرەبی، بۆچونیان وایە کورد دوای خۆش خەیاڵ کەوتووە، لەوەهمدا دەژی، ئەمەریکا هیچ جۆرە داهاتویەکی باش بۆ کوردەکان دابین ناکات، بەڵکو

ئەوکاتە ئاوڕ لەکورد دەداتەوە کە بیکاتە وەرەقەیەکی یاریەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هاوڵاتیەکی عەرەب کۆمۆنتێکی بۆ بابەتێک لە ئەنتەرنێت نوسیوەو دەڵێ: کوردەکان دوای وەهم کەوتون، ئەمەریکا هیچ هاوپەیمانێکی نیە ناوی کورد بێت. ئەوە تەنها کوردەکانن بیر لەشتی وا دەکەنەوە. پەیوەندی کوردو ئەمەریکا بە وەهم وەسف دەکات، پێی وایە ئەوەی کورد بیری لێکردۆتەوە بەرامبەر پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەمەریکا. ئەوا لای ئەمریکیەکان بوونی نیە. چەند جارێکیش لەلایەن زۆرێک سیاسەتوان وتوێژەرو شارەزایان کورد ئاگادار کراوەتەوە لەوەی وریای پەیوەندیەکانی خۆی بێت لەگەڵ ئەمەریکا، چونکە ئەمەریکا بەرژەوەندی خۆی دەپارێزێت نەوەکو کورد. بەڵام کورد شتێکی خراپ ناکات هەموو هەوڵی خۆی بدات لەگەڵ ئەمەریکا نزیک بێتەوە، چونکە ئەمەریکا رێکخراوێکی خێرخوازی نیە، بەڵکو رابەری جیهانەو تاک جەمسەری سیاسەتی دنیای بەدەستەو براوەی جەنگی ساردە. کورد لەنێوان لایەنە ناکۆک ودژەکانی جەنگی سارد هاتوچۆی بوو، دوای یەکلابوونەوەی ئەم جەنگە لەبەرژەوەندی رۆژئاواو خودی ئەمەریکا، گرنگە کورد هەوڵ بدات بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتوو بکات. بۆچی کورد پێچەوانەی هەموو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو شەپۆلەکە بڕوات، هەموو ئەوانەی رۆژانە قسە بە ئەمەریکا دەڵێن، وەک ناحەز سەیری ئەمەریکا دەکەن، راست ناکەن، چونکە پەیوەندیەکانیان، بەرژەوەندیەکانیان ودەسەڵاتیان بەرۆشنی پێمان دەڵێن نەک هەر پەیوەندیان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە، بەڵکو لەنێو بازنەی سیاسەتەکانی ئەویشدا دەخولێنەوە.

رای جیاوازی دیکەش هەن جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەوەی کوردەکانی عێراق بەدەستیانهێناوە، بەشی زۆری پەیوەندی بەچەتری پاراستنی ئەمریکیەکانەوە بووە، رایەکی دژ بە کوردو ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ و دەڵێت دوای ئەوەی ئەمریکیەکان وهاوپەیمانان هێڵی پاراستنی کوردەکانیان دانا لە عێراق وناوچەی کوردیان لەبەعس پاراست. ئەمە دەرگایەکی زۆر گەورەی بۆ کورد کردەوە کە پەرلەمان وحکومەت ودەزگاکانی دەوڵەتداری بۆخۆی دابمەزرێنێت، ئەم بۆچونە پێداگیری لەوە دەکات کە هاتباوو ئەمەریکا ئەم پشتیگریەی لە

کورد نەکردبایە، کورد دەرفەتی ئەوەی بۆ نەدەڕەخسا دامودەزگای تایبەتی خۆی ونەخشەی سیاسی کوردستانی خۆی هەبێت. لێرەدا ئەمەریکا وەکو تاکە فاکتەری بەهێز وێنا دەکەن، بەرۆشنی دەڵێن ئەو کاتەی ئەمەریکا ئەم چەتری پاراستنەی بۆ کورد دروست کرد، کوردی هاندا بیر لە بەهێزبوون و دەوڵەت بوونی خۆی بکاتەوە. بەهەمان شێوە جەخت لەوە دەکەنەوە ئەمەریکا لەگەڵ دروست بوونی ئەم قەوارە کوردیە هاوکاری زیاتری پێشکەش بە کورد کردووە بەوەی دەرگای نێودەوڵەتی بۆ کردوونەتەوەو، کورد دەستی کرد بەوەی کێشەکەی خۆی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی بخاتە روو. هەتاوەکو ئێستاش ئەم بۆچونە لەناو نەیارەکانی کوردو ئەمەریکا زۆر زاڵەو زۆرێک لە پێشڤەچونەکانی کورد دەبەستنەوە بەکۆمەکی ئەمەریکا.

لەئێستاشدا هەست بەجموجۆڵێکی ئەمریکی دەکرێ دەربارەی رۆڵی کورد لەناوچەکەدا، زۆرێک لە چاودێران پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشن کە ئەمریکیەکان رۆڵی گەورەیان بینی لەوەی دوای بورهان غەلیۆن کوردێک ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا. دوای ئەوەی کوردێک بەناوی عبدالباست سەیدا بوە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا، راگەیاندنەکان هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە سیناریۆیەکی بەهێزی ئەمریکی لەپشت ئەم بابەتەوەیە، چونکە کورد تۆمەتباربوو بەوەی بەشدار نیە لە شۆڕشی سوریا، ئەگەر دۆستی رژێمیش نەبێت، ئەوا شۆڕشیشی لەدژ ناکات، بۆیە ئەمەریکا هەوڵ دەدات بەرەی کوردی لەسوریا پەلکێشی ناو شۆڕشەکە بکات، بۆ ئەوەی زیاتر فشار بۆ سەر رژێمی ئەسەد بهێنێت، لەئاستی نێودەوڵەتیش پایەکی دیکەی روسیا و نەیارەکانی دیکەی لەق بکات، چونکە هەتا بەرەی شۆڕش گەورەترو فراوانتر بێت ئەجێندای ئەوروپاو ئەمەریکایەکان باشتر بەرەو سەرکەوتن ویەکلاکردنەوە دەڕوات. لەم کاتەدا ئەمەریکا زۆر گرنگی بەکوردی سوریا دەدات لەسەر بنەمای ململانێ سیاسی وبەرژەوەندی وستراتیژیەکانی خۆی، بۆ کوردیش زۆر گرنگە لەکرۆکی ئەم گرنگی پێدانە ئەوەی خۆی دەیەوێت هەوڵی دەستەبەرکردنی بدات..هەر سەبارەت بەم بابەتە رۆژنامەی ئاوێنە لەژمارە( ٣٣٠) بەرواری ٢٠١٢/٥/١٢ دەنوسێت: «

ئەوەی جێی سەرنجە، هەڵبژاردنی سەیدا بەسەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا. لەکاتێکدایە کە زانیاریەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دوای کۆبوونەوەی ئەندامانی پەیمانی ناتۆ لە شیکاگۆو کۆبوونەوەی عەبدوڵا گویل و ئەحمد داودئۆغلۆ لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمەریکاو دەربڕینی نیگەرانیان سەبارەت بەوەی کە رەوشی روداوەکانی سوریا بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت کاریگەریی خراپی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیان لێبکەوێتەوە، لەو روانگەیەوەی پەکەکە هێزی لەسەر سنوری تورکیاو لەناو خاکی سوریادا کۆکردووەتەوە، باڵوێزی ئەمەریکا لە دیمەشق رۆبەرت فۆرد، وەفدێکی کوردی داوەت کردووە بۆ واشنتۆن وداوای ئەوەی لێکردوون لەپێناو سەرخستنی شۆڕشی خەڵکی سوریادا، کوردەکان رۆڵێکی گەورەترو کاراتر بگێڕن و بەشداربن، کە بەشدارینەکردنی کورد تا ئێستا یەکێکە لەخاڵە لاوازەکانی شۆڕش و ناڕەزاییەکانی سوریا، ئەو دیپلۆماسییە بە وەفدە کوردیەکەی وتووە کە هەلومەرجی کورد لەسایەی ئەم رژێمەدا چاک نابێت و پێویستە پشتیوانی ئۆپۆزسیۆن بکەن. هەروەها بەمەبەستی کاراترکردنی رۆڵی کورد ئەوەشی داوە بەگوێی ئەواندا کە لەبەرامبەر بەشداریکردنیان لەشۆڕشدا، ئەمەریکا بەڵێن دەدات سیستەمی فیدڕاڵی بخاتە بەرنامەی ئۆپۆزسیۆنەوە. هەروەها وەک بەشێک لەبایەخ و گرنگیدانی واشنتۆن بەکوردو راکێشانیان بۆ نێو شۆڕش و ناڕەزاییەکان، رۆڵی هەبووە لەوەی کوردێک بکرێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سوریا کە عەبدولباست سەیدایە»

ئەم جموجۆڵەی ئەمەریکا لەسوریاو روو کرانەوەی بەرامبەر مافەکانی کورد بەتایبەت لەسەر چەسپاندنی فیدڕاڵی پێویستی بەتێکۆشانی زۆر هەیە، ناشێ بەقسەی نێو دانیشتنێک هەموو متمانەیەک بەئەمریکیەکان بکەین، چونکە بیرمان نەچێ مەلەفی سوریا زۆر ئاڵۆزو خوێناوی وپڕ گرێوگۆڵی نێودەوڵەتیە. کورد بایەخی ئەمریکیەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت وسودی لێوەربگرێت مانای وایە سەرکەوتنی مێژویی گەورەی بەدەستهێناوە. بەتایبەت ئەگەر ئەمەریکا زەمانەتی تورکیا بداتە کوردەکان زۆر زۆر گرنگە، تورکیا دڕکی سەرەکی سەرە رێی مافەکانی کوردە لەسوریا، لەوانەیە سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم لەئێستادا ئەوەندەی

تورکیاو حکومەتەکەی ئەردۆگان مەترسین بۆ سەر داهاتووی کوردو مافەکانی لەسوریا، خودی ڕژێمی ئێستاو بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا ئەوەندە جێگای مەترسی نەبن، بۆیە جموجۆڵی ئەمریکی دەستێکی تورکیشی تێدایە، ئەمەش وانەیەکی هەستیارە بۆ کورد لەسوریا وجێگای بایەخ پێدانە. ئەگەر سیستەمی فیدڕاڵی لەسوریا بچەسپێ وکورد ببێتە خاوەنی فیدڕاڵی، بێگومان کردنەوەی دەرگایەکی زۆر مەزنیشە بۆ کورد لە تورکیا، ئەم کاتە کورد هەر لەباشور قەوارەی خۆی نابێت، بەڵکو لەسوریاش قەوارەی خۆی دەبێت، ئەمەش زیاتر کێشەی کوردو خەباتەکەی دەباتە پێشەوە. خۆشبەختانە مەلەفی سوریا خودی ئەوروپیەکانیش مامەڵەی جددی لەسەر دەکەن، هەر بۆنمونە فەرەنسا بەگرنگیەوە لەناو ڕوداوەکاندایە، لەم ڕۆژانەش جارێکی دیکە دۆسیەی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەناو پەرلەمانی فەرەنسا خرایەوە ناو باسوخواسەکان، واتە لەهەموو ئەم جموجۆڵانە دەردەکەوێت فەرەنسا زۆر لەشانی خۆش نیە تورکیا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەو چارەنوسساز ببینێت لەداهاتووی سوریادا. ڕاستە ئێستا مجامەلەی زۆری تورکیا دەکرێت، بەلام لەبەر هاوسەنگی ئێران وناوچەکەو جیۆپۆلەتیکی تورکیایە، لەبەر نزیکی لەسوریاو هەستیارە نێوەدەوڵەتیەکەیە، چونکە ڕوسیاو چین زۆر کۆسپی گەورەو هەرە یەکەمن لە یەکلایی نەبوونەوەی مەلەفی سوریاو کۆتایی بەشار ئەسەد. مادام ئەمەریکا خۆی دێت کورد داوەت دەکات، مانای وایە کورد لەڕوانگە ستراتیژیەکەی ئەمەریکا لەناو سوریا ژمارەیەکی گرنگە، نابێت ئەم گەمەیە بدۆڕێنین بەتایبەت ئاگامان لەوە بێت لەناو سوریا کوردو پەکەکە لەیەکتر دانەبڕن، پەکەکە بۆ کوردانی سوریا کۆڵەکەی هەرە بەهێزە، نابێت ئەم خەونەی تورکیا بێتەدی وپەکەکە لەسوریا پەراوێز بخرێت، لەوانەیە ئەمەریکا یاریەکی لەم چەشنە بۆ تورکیای هاوپەیمانی بکات، بەڵام ئیرادەی کورد لەسوریا دەبێت ڕوبەڕوی ئەم یاریە ترسناکانە ببێتەوە. هەر کاتێک فیدڕاڵی چەسپا، ئەوکاتە دەشێت پەکەکەش نەرمی لەهەندێ شت بنوێنێت، بەبێ ئەوەی مێژوو بدۆڕێنێت. وە ڕوداوەکانی سوریاش ئەم شۆڕشەی ئێستا هەیە، زۆر باش بۆ ئەمریکیەکانی سەلماند پەکەکە چ هێزێکی گەورەی کاریگەرە لەناو خەباتی نەتەوایەتی کورد،

بۆیە بۆ ئەمەریکاش کاتی ئەوە هاتووە بەحساباتی خۆیدا بچێتەوەو چیتر کورد نەکاتە قوربانی تورکیای هاوپەیمانی ولانی کەم هێندە دوژمن بە کورد نەبێت لەباکوری کوردستان ونەفەسێک بۆ کورد بکاتەوە. ئەمەریکا لەم سیاسەتە قازانج دەکات زیان ناکات، باشترین نمونەش کوردی عێراقە، لە پرۆسەی ئازادی عێراق لەچنگی بەعس بینیمان چۆن کورد بووە هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکاو دەست باڵی گرت لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق.

# بەشی دووەم

## دەبێت کورد بە باڵەکانی خۆی بفڕێت

## ئەلتەرناتیڤی کورد، یان کورد وەک ئەلتەرناتیڤ

هێنری کیسنجەر، کاتێک نیگەرانی کوردی بۆ باس دەکەن کە چۆن ئەمەریکا ساڵی ١٩٧٥پشتی لەکورد کرد، رێککەوتننامەی جەزائیر شکستی بەشۆڕشی ئەیلول هێنا. لەوەڵامدا بێ پەردە دەڵێ» رۆڵی کورد ئەوەندە بایەخی نەبووە کە هاوپەیمانێک لەکیس خۆمان بدەین، یا رۆڵێکی وای نەبوە کە جێگرەوەیەکی لەسیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا نەبێ». بۆ ئەمەریکا ئاسان نیە دوور لە حساباتی ستراتیژی خۆی بەئاشکرا پشتیوانی لەکورد بکات، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنیە بشیفرۆشێ! ئەگەر ناتوانێت کورد بەهاوپەیمانو هاوکارو گەلێکی خاوەن کێشەیەکی رەوا ناس بکات، ئەوا پێویستە رێگری ئەوەشی لێبکرێ کورد بکاتە قوربانیوپارووی پرۆژە ستراتیژەکانی خۆی بەبێ ویژدانانەو نابەرپرسیارانە. چونکە ئەو دروشمانەی خۆی هەڵگریەتیو بڕوای پێیەتیو نەخشی سیاسەتی ئەون. لەکێشەی کورد دوورنینو یەکدەگرنەوە هەر بۆنمونە دروشمی چارەنوسی گەلە بێ دەوڵەتەکانو چەوساوەکان

کەئەمەریکا شانازی بەوە دەکات یەکێک لەدروشمەکانی بڕوابونیەتی بەمافی چارەی خۆنوسینی ئەو گەلانە. ئەمەریکا یەکگرتوانەو بەیەک جۆر سیاسەت لەگەڵ کورد ناکات، لای ئەو گەلێکی یەکگرتوی کورد نیە...ئەو کوردی باشی هەیە، کوردی خراپیشی هەیە، لەسیاسەتی ئەمەریکادا کوردەکانی تورکیا خراپو ئەوانی عێراق باشن! بۆ ئێمەی کورد ئەمە گورزە لەنەتەوایەتیو سیاسەتو هاوخوێنیو نیشتمانمان، وەهەق نیە ڕێگاش بدرێ بەم شێوەیە موخاتەبەی کورد بکرێ. ئەمەریکا بۆ ئەوەی تورکیای هاوپەیمانەکەی ناتۆی ڕازی بکات، دێتو بەکوردەکانی باکوری کوردستان(تورکیا) دەڵێت تیرۆریستو کوردی خراپ. ئەو مافی خۆیەتی وەکو دەوڵەتێک وەکو زلهێزێک هەرچی لەگەڵ تورکیا دەیکاتو چ جۆرە پەیمانوهاوکاریو دۆستایەتیەکیان هەیە، ئەمە شتێکە پەیوەندی بەم دوو وڵاتو دەوڵەتەوە هەیە، بەڵام نالۆژیکیو بێمانایە بۆ ئەوەی دۆستە تورکەکە دڵی نەڕەنجێ ناووناتۆرەی خراپ بۆ گەلێک دابتاشیو بەخراپ وەسفیان بکەیت. لێرەدا ڕاستەوخۆ پێویستە بەئەمریکیەکان بڵێین بۆچی کوردانی تورکیا کوردی خراپن! خۆ ئەوان نەبون کارەساتی ١١ی سێبتێمبەریان لەناو ئەمەریکا خولڤاند، خۆ کورد نیە باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکای لەهەندێ وڵات تەقاندەوە! خۆ کورد نیە هاوڵاتی ئەمریکی دەڕفێنێتو سەریان دەبڕێ. تۆ بڵێی کورد لەکوێدا ترس بۆ هاوڵاتی ئەمریکیو کۆمەڵگەی ئەمریکی دروست بکات! ئایا کورد چ جۆرە مەترسیەک بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا دەخولڤێنێت! خۆ ئەوە کورد نیە بۆمبی ئەتۆمی دروست کردوەو هاواردەکات ئەمەریکا شەیتانی گەورەیەو ئیسرائیل لەسەر نەخشە دەسڕینەوە. کورد نەوەک هەر ترسو زیانی بۆ ئەمەریکا نەبووە، بەڵکو سەیر بکەن ترسو زیانی بۆ هاوپەیمانەکانیشی نەبووە. کەواتە ئەم هەموو دووفاقیو دڵڕەقیەی ئەمەریکا بەرامبەر کورد بۆچی؟ لەکاتێکدا کورد هەمیشە ئەمەریکا بەپشتیوانو هاوکاری خۆی زانیوە، وە هەر دەستکەوتێکی هەبێتو دەستی کەوتبێت سوپاسی ئەمەریکاو ڕۆژئاوای کردووە، خۆ کاتێک کاربەدەستە گەورەکانی ئەمەریکا هاتنو کوردیان بینیو تەنانەت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هاتە هەڵەبجەو تراژیدیای ئەوێی بەسەرکردەوە، مردنی پڕکارەساتو تراژیدیای

بەکۆمەڵی کوردی بینی، کە دڕندەیی بەعس خوڵقاندی. کورد رایگەیاند چیتر تەنها شاخەکان دۆستی ئێمە نین، ئێمەی کورد کە ئەمەریکا دەبینین دەڵێین ئیدی دۆستی دیکەمان هەیەو هەر شاخەکان دۆستمان نین، ئەم قسەیە راستەوخۆ بۆ ئەمریکیەکانە! ئێمە دەمانەوێت نەک هەر دۆست بین بەڵکو بگەینە رادەیەک زۆر قوڵ لەسیاسەتو پێشکەوتنو گەشەسەندنی ئەمەریکاو رۆژئاوا بەهرەمەند بین، وەک چۆن ماڵمانو دڵمان بۆ دۆستمان لەسەر پشتە.

بۆ ئێمەی کورد مایەی بێزاریو مەترسی یە ئەمەریکا پێیوابێت رۆڵمان ئەوەندە نیە تاوەکو ئەوان هاوپەیمانێک لەکیس خۆیان بدەن. کورد بۆچی ئەو رۆڵەی نیە، دیارە هێشتا کورد لای ئەمریکیەکان لەهاوپەیمانێک کەمترە، لەکاتێکدا زۆرجار کورد وەکو هاوپەیمان باسی ئەمەریکا دەکات..لەهەمانکاتدا ئەم دەربڕینە وانەیەکی بەپێزە بۆ ئەوەی کورد بەخۆیدا بچێتەوەو زۆر ستراتیژانە کار بۆ ئەوە بکات ببێتە هاوپەیمانێک، نەوەکو کەمتر لەهاوپەیمانێک..بەجۆرێک ئەگەر ئەمەریکا کوردی لەکیس بچێ رابچڵەکیو هەست بەوە بکات هاوپەیمانێکی گرنگی لەدەستچووە. کورد پێویستی بەوەیە خۆی بەهێزبکات دەستبگرێت بەکێشە رەوا نەتەوایەتیەکەیو داواکاریە دیموکراتیەکەی. کورد لەناوکرۆکی خۆیدا پێویستە زۆر یەکگرتوانە سیاسەتی پتەوی خۆی دابڕێژێت بۆ ئەوەی ئەمەریکا لەوە تێبگات ئەم گەلە چل ملیۆنیە دەتوانێت شتی گەورەی لەدەست بێت.. لەهەمانکاتدا ناکرێ لەو هەستەش بێوەی بین کاتێک ئاماژە بەوە دەدەن کە کورد ئەو رۆڵە گەورەیەی نیە تاوەکو قورس بێت لەسیاسەتی ئەمەریکادا جێگرەوەی بۆ دابنێت، واتە کورد زۆر بەئاسانی ئەلتەرناتیڤی هەیەو ئەو رۆڵە مەزنەی نیە ئەمەریکا توشی مەترسیو شکستی بەرژەوەندیەکانی بکات. ئەمەش پرسێکە چارەسەری دەوێت. ئەمانە کێشەن پێویستە چارەسەربکرێن. وە کوردیش خاوەن کێشەیەکەو نابێت چاوەڕێی ئەوە بکات کەسێکی تر بێتو ئەم کێشانەی بۆ یەکلایی بکاتەوە. ئەگەر لەباکوری کوردستان ئەمەریکا خیانەتی لەکورد کردبێتو عبدوڵڵا ئۆجەلانی تەسلیم بەتورکیا کردو هەر ئەوبوو فشاری سەختی خستەسەر ئیتالیا بۆ ئەوەی ئۆجەلان لەوڵاتەکەی دەربکات، لەکاتێکدا ئیتالیا خەریکی گەڵاڵەکردنی

پرۆژەیەک بوو بۆ ئەوەی دیالۆگ لەنێوان ئۆجەلان‌و تورکیا سازبکات. بەڵام فشاری ئەمریکیەکان شکستی بەم هەوڵەهێنا. خۆ ساڵی ١٩٧٥ لەچارەنوسی شۆڕشی ئەیلولیش ئەمەریکا پشتی لەکورد کرد. لەساڵی ١٩٩١ سەرۆکی ئەمەریکا بوشی باوک، لەوتارێکیدا داوای لەگەلانی عێراق کرد دژی بەعس راپەڕن. بەڵام دوای راپەڕینەکە جارێکی دیکە دەستی صەدام حسێنیان کردەوە لەباشوری عێراق شیعەکانی سەرکوت کرد. لە باکوریش کوردەکان بەکۆڕەوی ملیۆنی صەدام‌و ئەمەریکاو دنیایان توشی شۆکێکی مرۆڤانەی زۆر گەورەکرد، کەبە هیچ شێوەیەک نەدەکرا ئیدی ئاوڕێک لەکورد نەدرێتەوە. ئەوەبوو بینیمان چۆن هاتن‌و هاوکاریان کردین بەتایبەت لەئەنجومەنی ئاسایش‌و نەتەوەیەکگرتوەکان‌و زۆر دەوڵەتی بەهێزی وەکو فەڕەنساش، بەڵام لەچاکەی ئەم هەوڵە جیهانیە لەوەفاو سوپاسی ئەم دەوڵەتانە ئێمە بەشەڕی ناوخۆو یەکتر کوشتن وەڵاممان دانەوە. بۆیە ئەو دەوڵەتانە ناهەقیان نیە بڕوای تەواویان بەئێمەی کورد نەبێت‌و لەزۆر شت دوورەپەرێزبن لە بەرامبەر مافی ئێمە، ئەمەش راستییەو ناشکرێ هەر گلەیی‌و کێشەو شکستمان بخەینە ئەستۆی ئەمەریکاو رۆژئاوا بەگشتی. لەناوخۆماندا زۆر بەجددی پێویستمان بەکارکردنە بۆ ئەوەی بتوانین ببین بەهاوپەیمانێک..هێزێک. ئاسان ئەلتەرناتیڤی کورد دروست نەبێت. دەرگاکانیش بەرووماندا هەمویان داخراونین‌و هێشتا دەرفەت هەیە مۆدێلێکی جوان نیشانی دنیا بدەین.

با لێرەدا لەسەر بابەتێکی دیکە قسە لەسەر کوردوئەمەریکا بکەین، کە زۆر مۆڕاڵیە..رەوشتیە..ئەو کاتەی عێراق هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، زۆرێک لەسیاسی‌و شارەزاو لایەن‌و کەسایەتی ناوخۆی ئەمریکی بێ ئەندازە توڕە کرد. ئەمانە کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی فشار لەسەر کۆشکی سپی‌و سەرۆک‌و حکومەت‌و تەواوی ئەمریکیەکان دروست بکەن، ئەمانە بیروبۆچوونیان لەجێگای خۆی دابوو، ئەوەی لێی دەترسان‌و پێشبینیان کردبوو، وەکو خۆی هاتەدی. دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ترسیان نەشاردەوە لەرەفتارەکانی رژێمی عێراق‌و بەکۆشکی سپی دەڵێن پێویستە زۆر بەزوویی رێگا لەمە بگیرێ‌و بوەستێنرێ،

چونکە ئەگەر ئەمەریکا سزای عێراق نەدات، ئەوە بەکارهێنانی ئەم چەکە روبەروی گەلی ئیسرائیلو سعودیەو دەوڵەتانی ناوچەکەش دەبێتەوە، دواجاریش خودی ئەمەریکاش بەر ئەم چەکە دەکەوێت. لە کۆتایدا راست دەرچوو، بەڵام بەجۆرێکی تر؟ ئەوەبوو بینیمان کارەساتی ١١ی سێبتێمبەر لەناوجەرگەی گەلی ئەمەریکا رویداو نزیک لە هەڵەبجە بوو لە ژمارەی قوربانیدانەوە. ئایا ئەوانەی ساڵی ١٩٨٨ ترسی خۆیان خستەروو لەئایندەی ئەم رەفتارە دڕندانەی هەڵەبجە، راست نەبون؟ بەڵێ، بینیتان ئەمەریکا بۆ تۆڵەکردنەوەی ١١ی سێبتێمبەر پەلاماری ئەفغانستانو عێراقیدا. هەر خودی جەنگی عێراق بەڵگەیەکی دروستی ئەم بۆچونەبوو کە باسمان کرد. ئەوەی بۆ کورد لەئێستاشدا جێگای دڵخۆشیە ئەوەیە ئەمانە ئێستاش لەنا ئەمەریکا هەر ماونو کاری خۆیان مۆڕاڵیانە دەکەنو داوا لەئەمەریکا دەکەن ئەلتەرناتیڤ بۆ کورد نەدۆزێتەوەو لەدواجاردا کورد جێنەهێڵنو ئازاری کورد سارێژ بکەن. هێشتاش ئەم خەڵکانە راپۆرتو نوسینو پڕۆژەی زۆر باشو گرنگو راست دەخەنە بەردەم کۆشکی سپیو نایانەوێت ئەمەریکا رەفتارێک بنوێنێت خزمەت بە شۆڤێنیو دیکتاتۆریەتو جینۆساید بکات. کورد زۆر پێویستی بەنزیکیو دۆستایەتی ئەمانە هەیە، بەداخەوە ئێمە لەم بوارەدا کەمترین رۆڵمان هەبووە بۆ ئەوەی روبەری ئەم دۆستایەتیەومۆڕاڵو بیرکردنەوەیە لەناو ئەمەریکا فراوانترو گەورەتر بکەین. گرنگە خەڵکی پسپۆرو دامەزراوەی بێلایەن، کار لەسەر ئەم بارودۆخە بکەنو زۆر شتی بەڵگەدارو مێژوییو ئەخلاقی بخەنە بەردەم کۆمەڵگەی کوردی، بۆ ئەوەی رێگای داهاتومان رۆشنتر ببینین. هەڵە نەکەینو ئاسان بزانین کێ دۆستمانە، کێ دەیەوێت وەکو کارتێک بەکارمان بهێنێت.

ئێستا سیاسەتی ئەمەریکاو رۆژئاوا لەبەردەم گۆڕانکاری زۆر ورد دایە، پێدەچێت لەسەر ستراتیژی تازەو نەخشەی نوێ سیاسەتو بەرژەوەندیەکانی دابڕێژێتەوە، چونکە ئەوەی لەولاتانی باکوری ئەفریقاو رۆژهەلاتی ناوەڕاست هاتنە گۆڕێ، تەواوی جیهانیان سەرسام کردووە، لەتونسەوە زەنگی گۆڕانکاری ریشەیی لێدرا. کورد لەناو روداوەکان نەوەک هەر دوورنیە، بەڵکو لەناو قولایی مەنجەڵەکەدایە.

وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شۆڕش بەشۆڕش بەرۆکی گرتون‌و زەمانی هەڵوەرینی رژێمی شمولی‌و دیکتاتۆری‌و سیستەمی سیاسی تەقلیدی دەستیپێکرد. ئەمەش بۆ کورد پەیامێکی زۆر گرنگەو کوردیش لەهەر چوارپارچەکەی پێویستی بە بە خۆداچوونەوەو دارشتنەوەی شێوەی تازەی خەبات‌و سیاسەت‌و مافە نەتەوایەتیەکانیەتی، بەجۆرێک پێویستە داواکاریەکانی کورد بگۆڕێن. هەر بۆنمونە لەسەر ئەم گۆڕانە با نمونەیەک بهێنینەوە. کورد لەسوریا داوایان دەکرد کە وەکو هاوڵاتی سوری حسابیان بۆ بکرێ‌و مافی ئەوەیان هەبێت رەگەزنامەی سوریان پێبدرێت، کەچی هەمیشە بەتوندی رەد دەکرایەوەو سەرکوت دەکران. بەڵام لەوەتەی شۆڕشی گەل لەناو سوریا باوەشی بەسەرجەم شاروگوندو شەقامەکانی وڵاتدا گرتووە، سەرۆکی سوریا دەڵێ ئێمە لەمەودوا رەگەزنامە دەدەینە برا کوردەکانمان..بەڵام کورد زۆر بەتوندی رەگەزنامەیان رەدکردەوەو گوتیان ئێمە پێش هەموو شت ئازادی‌و نەمانی ئەم رژێمەمان دەوێت لەسەر حوکم. تۆ سەیرکە چۆن ناوچەکە دەگۆڕێ، دوێنێ داوای رەگەزنامەت دەکرد، ئەمرۆ داوای لەناوبردنی ئەم رژێمە دەکەی. هەر ئەمەشە سیاسەتی جیهانی بەرامبەر ناوچەکە هەژاندووە، ئەوانیش خەریکی پلان‌و پرۆژەو بەرنامەی تازەن، واتە بەکورتی رۆژهەڵات لەنوێوە نەخشەی تازە لەخۆ دەگرێ، کورد دەبێت لەناو ئەم نەخشە تازەیەدا بێت، نابێت ئەلتەرناتیڤی بۆ بدۆزنەوە، نابێت خۆی ببێتە ئەلتەرناتیڤی شتی تر...کورد خۆی وەکو کورد لەجێگای خۆی بمێنێتەوە لەرووی خەباتیەوە. بەڵام لەروی ماف‌و داواو سەرکەوتن‌و گەشەکردن پێویستی بەوەیە باڵەکانی بکاتەوەو لەفڕین دوانەکەوێت، پێش ئەوەی باڵەکانی بشکێنن، پێویستە کورد فڕینی خۆی کردبێت!.

## ئینقلاب بەسەر دیموکراسی

ئینقلابی سەربازی لە مێژووی دەوڵەتی عێراقو ناوچەکەدا، شتێکی تازە نیەو دەمێکە وەکو یەکێک لە گرنگترینو بە هێزترین هۆکاری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەکارهێنراوە. بۆ نمونە لە عێراقدا لەرێگەی ئینقلاب سیستەمی سیاسی گۆڕاوە. کەواتە ئێمە ئەو راستیەمان بۆ رون دەبێتەوە کە کولتوری سیاسی کۆمەڵگەی عێراق، خاڵی نیە لەشێوەی بیرکردنەوەی سەربازیانە بۆ ئاڵوگۆڕی سیستەمی سیاسی. بەهەمان شێوەو فۆرم لە بیرکردنەوەی ئێستای دەسەڵاتدارانی عێراقدا، هەستی ئینقلاب کردن ماوە. ئەگەر هەلومەرجی ئێستایان بۆ برەخسێت ئەوا درێغی ناکەن لە ئینقلاب کردن بەسەر یەکتردا، چونکە یەکتر قبوڵ کردنی ناو هێزە ناکۆکیەکانی عێراق بەهۆی هەبونی کولتوری دیموکراسیەوە نیە، بەڵکو هەلومەرجو دۆخی ئاڵۆزو بەرژەوەندیەکانی ناو عێراق ئەم هاوسەنگیەی راگرتووە، بۆیە دەبێت هەمیشە لەدیموکراسیەکەی عێراق بترسین. ئێستاش دیموکراسی

وەکو چۆن لە تێگەیشتنی سیاسی ئێمەدا ئاستێکی لاوازی تۆمارکردووە، ئەوا لە چۆنیەتی ڕاگرتنی پایە سەرەکیەکانی ئەم دەوڵەتەدا هەر لاوازە. بەتایبەتی لەوەتەی دەستوری هەمیشەیی عێراق نوسراوە، گرفتی زۆر بەرۆکی دەوڵەتی عێراقی گرتووە، نەک لەبەر ئەوەی ئەم دەستورە باسی دیموکراسیو مافی ئێمەو ئەوانی تێدا نیە، بەڵکو خودی دەستورەکە ڕێگای گرتووە لە ئینقلابو یەکتر قبوڵ نەکردن، بۆیە بەلای ئەوانەی خەون بەدەسەڵاتی تاک ڕەهەندیو فەردیەوە دەبینن، ئەو دەستورە ڕۆح سوک نیە. هەرچەندە ئێمە بڕیار نادەین کە عێراق تەواو دیموکراسیەو لە دەوڵەتانی ناوچەکە دیموکراسی ترەو ڕۆحی دیکتاتۆری لەجەستەی دەسەڵاتداریەتی دا نەماوە. بەلام وزەیەک هەیە، دەشێت ئەو وزەیە بەردەوام گەشەی پێبدرێت، بکرێتە کولتور، دامەزراوەیی ببێتە سیستەمی بەڕێوەبردن. لەعێراقدا هەمیشە هێزێکی زۆر بەهێز هەیە بۆ گەڕانەوەی سەرەتاکان، بۆ ئەوەی عێراق لەشوێنی خۆی بوەستێ. کوردیش بەشێکە لەو بارودۆخەو لەبەردەم ترسی گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکان. لەم یەک دوو ڕۆژەدا مالیکی گوتی: « بۆ دەسەڵاتداریەتی عێراق سەرۆکایەتی باشترە، نەوەکو پەرلەمانی». یەکێک لە پەرلەمانتارەکانی عێراق لەوەلامدا گوتی: « ئەمە کورتترین ڕێگایە بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆری». بێگومان ڕاستیەکی ئاشکرا لەو قسەیەی ئەو پەرلەمانتارەدا هەیە، گەڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی وەک ئەوەی کە لە مێشکی ئەو سیاسیە عێراقیانەدا هەیە، ترسناکە. ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێت، چونکە ئەو وزەیە هێزێکی سیاسیو تایەفیو دەسەڵاتداریەتی لە پشتە. کوردیش دەبێت ترسی ڕاستەقینەی خۆی نەشارێتەوەو بەرامبەر ڕای گشتی شەفاف بێتو ڕاستگۆیانە هەڵوەستە لەسەر گۆڕانەکانو پرسەکان بکات.

لەعێراقدا بەردەوام هەوڵی ئینقلاب هەیە بەسەر هەموو پرۆسەیەکی دیموکراسی، ئەمەش ترسە گەورەکەیە. چونکە ئێستا دیموکراسی نیە، وەک ئەوەی کە لە وڵاتە دیموکراسیەکانی تری جیهان هەیەو دەیانو سەدان ساڵە بۆتە ڕەفتاری سیاسیو دەسەڵاتداریەتیان، ترسی گەورەو هەستی ئینقلاب هەیە بەسەریدا. بۆیە ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرین کە عێراق هێشتا دەوڵەتێکی

دیموکراسی نیە کەچی دەبینین چی دەرهەق بە دیموکراسی دەکرێت. پشتگیری کردنی ئەو بیرکردنەوانەی کە خەونی فەردی تاکڕەویان هەیە لە دەسەڵاتدا، زەبرێکی کوشندەیە بەرامبەر چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی. ئەگەر کولتوری دیموکراسی لاواز بو، عێراق نەیتوانی دیموکراس بێت، ئەوا تەسلیم بە واقیعێکی ئاینی مەزهەبی دەبین کە یەکەم جار لە خزمەت خودی ئاین نیەو دووەمجار ناتوانێت وەڵامدەرەوەی خواستی ئێستای عێراق بێت لەروی نێو دەوڵەتیو ئەو گۆڕانو پێشکەوتنەی کە جیهان بە خێرایی لەباوەشی دەگرێت.

یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکیەکانی بەردەم بە دیموکراسی بونی دەوڵەتی عێراق، ئەگەر لە ناوخۆوە بێت، ئەوا هێندەش لەدەوروبەری عێراقەوە هێزێکی زۆر کاریگەرو ئیقلیمیش هەیە کە نایەوێت دیموکراسی لە عێراقدا بچەسپێ. چونکە ئەوان باش دەزانن ئەو شێوە سیستەمە سیاسیو دەسەڵاتەی کە هەیانە لەگەڵ دیموکراسی عێراق کۆک نابێتو دواجار گوشار دەخاتە سەر ئەوانیش، بۆیە هەوڵەکانی بەردەم دیموکراسی عێراق زۆر گەورەنو هەوڵی لاواز نین. ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە ناکرێت داوای دیموکراسیەکی چەسپاوو پێشکەوتوو لەگەلێک بکەیت لەماوەی یەک دوو ساڵدا، کە هێشتا گۆڕی بەکۆمەڵ لەناو شارو لادێو خاکەکەیدا دەدۆزرێنەوە. ئێمە هێشتا لە عێراق بەدوای دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵین، بۆیە ئاسان نیە بەم شێوە ژیانە یەکسەر هەنگاوی ئەوە بنێین کە ئیتر دەبێت عێراق دەوڵەتێکی دیموکراسی پێشکەوتوی چەسپیووی هەبێت. لەگەڵ هەبونی کێشەی سەرەکی نەتەوەییو تایەفیش کە ئەوەتا دەبینین لەکەرکوک چۆن ناکۆکیەکان ئەو راستیەمان پێ دەڵێن. بەڵام ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد نابێت لەبەردەم دوو شت دا بمانوەستێنێت : یەکەم نابێت رێگا خۆشکەر بێت بۆ ئەوەی ئینقلاب بەسەر ئەو وزە دیموکراسیە بکرێت کە ئەمڕۆ لە عێراقدا هەیە. دووەم دیموکراسی دوابخەینو بڵێین کاکە هێشتا زۆرمان ماوە ببین بەدیموکراس لە عێراقدا. ئەمە کوشندەیەو دەبێت یەک رۆژ چیە دیموکراسیو کارکردن لەم بوارە دوا نەخەینو بیانوی بۆ بهێنینەوە. چونکە ناکرێت بەدیار کۆسپەکانی بەردەم دیموکراسیەوە بوەستینو دوای لەسەر حسابی راستەقینەی بەدیموکراسی بون

قەرزاریش ببینەوە. بێگومان کوردیش لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیموکراس باشتر ژیان دەکات وەک لەوەی دەوڵەتێکی تاک ڕەوی ناوەندگیری توند. دیموکراسی تەنها هەر بەیەک دەردەوە نا ناڵێنێت، بەڵکو زۆرن ئەو گرفتانەی بەردەم دیموکراسی لەم دەوڵەتەدا، بۆ وێنە هۆشیاری دیموکراسیو شارەزایی لە بواری دیموکراسیدا لە ئاستێکی زۆر لاواز دایە. خەڵکی عێراق لەسەر کولتورێک پەروەردە نەبووە کە لە دیموکراسی نزیک بێت، هەمیشە بەدەست دیکتاتۆریو تایەفیو جەنگی نەتەوەییو ئینقلابی سەربازیو داخرانی کۆمەڵایەتی یەوە بووەو دەرفەتی ئەوەی نەبووە پشوو بداتو لەجەنگ دوور بکەوێتەوە، تەنانەت زیادە ڕەوی نیە ئەگەر بڵێم لەوەتەی دەوڵەتانی ناوچەکە دروست بوونە، هیچیان بەقەدەر عێراق نائارام نەبووە، عێراق لەرابردوو دەوڵەتێکی ئارام نەبووە، ئێستاش دەبینین ئارام نیە، دیموکراسیش لەم ژینگە نائارامە گەشە ناکات، چونکە ئەگەر لەبواری سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو ئابورییەوە وڵات ئارام نەبێت، ئەوا ڕادەی هۆشیاری دیموکراسیو پێشکەوتن لاواز دەبێت. بۆ نمونە هێشتا ئێمە زۆرمان ماوە لە چەمکو ماناو سیستەمی دیموکراسی تێبگەین، ئایا دیموکراسی ئێستا کە ئەمەریکا لەعێراقو ناوچەکە بانگەشەی بۆ دەکات، وەسیلەی بەرژەوەندی سەرمایەداریو کۆمپانیاکانە، ئایا دوای روخانی بلۆکی رۆژهەڵاتو هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، ئیتر سۆسیالیزم شکستی هێناو ئیتر دیموکراسی رۆژئاوایی بوو بە مۆدێلی سیاسیو دەسەڵاتی جیهانی، ئایا فعلەن دیموکراسی جوانەو بێ کەموکوڕیە، ئایا ئێمە لەعێراقدا بەهۆی سیستەمێکی دیموکراسی دەگەینە کۆتایی کێشەکان، یاخود تەنها لە جەهەننەم دوور دەکەوینەوەو تەواو. واتە بەڵێ ناگەینە بەهەشت بەهۆی دیموکراسی بەڵام جەهەننەمیش لێمان دور دەکەوێتەوە. بۆیە جێگای پرسیارە کە ئایا چۆن دەتوانین دیموکراسی بینو بەختەوەر بینو چیتر بۆنی ژوورە تاریکەکانی زیندانو جەنگو خوێن نەکەینو لەرێگای سنوقی هەڵبژاردنەوە جەنگەکانمان بکەین. دەبێت ئەوەش بزانین دیموکراسی تەنها لەیەک دروشمو سنوقی هەڵبژاردن کورت ناکرێتەوە، دیموکراسی لە ئاستی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو ئاڵوگۆڕی

دەسەڵاتو دەیان جۆر ریشاڵ درێژدەبێتەوە. ئەگەر بمانەوێت لەیەک دروشمو لەیەک بیروبۆچونو تێڕوانینێک دیموکراسی کورت بکەینەوە، مانای وایە زۆر کەم لە دیموکراسی تێگەیشتوین. روبەروبەنەوەی دیاردە جەهەنەمیەکانی ژیانی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگادا بەرێگەی ئاشتیو دیالۆگو سیستەمێکی تەندروستو بونی یاساو دەستورێکی گرنگو دەوڵەمەند، جەوهەری هەبونی دەسەڵاتێکو بیرکردنەوەیەکی دیموکراسی دەسەلمێنن. کورد لەعێراقدا لەبەردەم ئەو جۆرە چاودێریەیە ئەمڕۆ، ئەوەتا جیهان دەڕوانێتە ئەو هەرێمە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە تواناو هەستو چونە پێشی رادەی دیموکراسیەکەی بزانن، بەئاگا بن لەوەی لەناوخۆدا ئینقلاب بەسەر دیموکراسیەکەیدا نەکرێت، ئەگەر تۆزێکیش بێت. ئەم چاودێری کردنە لە ئاستی عێراقدا خەستترە. بۆیە بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتی سیاسی زۆر هەستیارەو لەبەردەم ئەگەری زۆر دایە لەهەموو ئەو هەنگاوانەی کە دەیهاوێژێت. ئەمڕۆ گرفتێکی گەورە لەبەردەم ئێمەدا قوت بۆتەوە، ئەویش دوو رویی لە کردارەکانو هەڵسوکەوتەکانو قسەکانە، ناکرێت لەیەک کاتدا توند دەست بە نەریتو بەرژەوەندیو هێزو قەوارەی نادیموکراسی خۆتەوە بگریتو لەهەمان کاتیشدا ئیدیعای دیموکراسی بکەی. هەندێ هێز لە عێراقدا خاوەنی پایەو چەکو ئابوریو پەیوەندی نا دیموکراسیو نا یاساییین، کەچی لە قسەکانیانو گوتارەکانیان هەمیشە جەخت لە دیموکراتیزەکردنی عێراق دەکەنەوە. هێزێک هەیە لە عێراقدا باکگراوندی بیرکردنەوەی لەسەر ئەساسی تایەفیو سەردەمی دەسەڵاتی قائید دارشتووە، کەچی زۆریش باسی دیموکراسی دەکات، ئەوە ئیزدواجیەتی کارکردنە لەناو گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، چونکە ناکرێت دەوڵەتێکی دینیو تایەفیو ناوەندگیری بەهێزت هەبێت، بشڵێی دیموکراسی تەواو ئەوەتا لێرەیە. کاتێک بانگەشەی هەر بیروباوەڕێک دەکرێت ئەمە ئاسایی یە، کەس ناتوانێت شێوەی بیرکردنەوەی هێزێک قەدەغە بکات بۆ چۆنیەتی ژیان کردنی، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەو جۆرە بیروبۆچونە ناتوانێت لەگەڵ دیموکراسی بسازێت، کەچی لە ئیدیعاکەیدا هەمیشە باس لەدیموکراسی دەکات. ئەمڕۆ عێراق ئەو کێشەیەشی هەیە، کە جێگای توێژینەوەو راستە رێ کردنەوەیە، تاوەکو

لەئایندەدا هێندە لەناو ئیزدواجیەتی بەم جۆرە نەژین. چونکە ئەم ئیزدواجیەتە لەناو فەردیشدا رەگی هەیە، کە دەرەنجامی پەروەردەو کولتوری سیاسیو دەسەڵاتو فەرهەنگی جەنگو وێرانکاریو برسیەتیوچەندین هۆکاری ترە، عێراق ئیش کردنی دووررودرێژی لەداهاتودا لەبەردەمە بۆ ئەوەی کار لەسەر نەهێشتنی ئەم جۆرە کولتورە بکاتو خەڵکێک پێ بگات کە خاوەنی بۆچونی ئازادانەی خۆیو رای تایبەتی خۆی بێت، بەبێ ئەوەی هۆکارێک یان ترسێکو بەرژوەندیەک وای لێ بکات ئیزدواجیەتی هەبێت لە رەفتارو بیرکردنەوەو گوتارەکانیدا. بەرای من گەشەسەندنی هۆشیاری دیموکراسیو کرانەوەی عەقڵی تاک وا دەکات بەسەر گرفتی لەم جۆرە سەرکەوینو لەگەڵ سەربەخۆیی ژیانی ئابوریو نەبونی گەندەڵیو بەدامەزراوەیی بونی وڵات، هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی بتوانین روبەروی ئەم جۆرە کولتورە ببینەوە، ئەو کاتە ئینقلاب بەسەر هەر پرۆسەو پرۆژەیەکی دیموکراسیش ئاسان نابێتو، کەس ئەو قودرەتەی نابێت گاڵتە بە دیموکراسی خەڵک بکاتو پلان دابنێت بۆ ئەوەی ئینقلاب بەسەر دیموکراسیدا بکات.

بیرمان نەچێت هەموو ئەم ئەزموونە تازەیەی لە سیستەمی سیاسی عێراقدا، باسمان لێوەکرد. دەرهێنەرەکەی ئەمەریکایە، سیاسەتی ئەمریکی راستەوخۆ کاریگەری لەنەخشەی سیاسی عێراقدا هەیە، کوردیش لەعێراق وەکو بەشێکی گرنگ وپێکهاتەی ئەم دەوڵەتە بەدەر نیە لە باشی وخراپیەکانی سیاسەتی ئەمەریکاو سیستەمی سیاسی عێراق. خوێندنەوەی کورد بۆ ئەمەریکاو رۆڵی لەعێراق جێگای بایەخ پێدانی زۆرو وردو گرنگە، بۆ ئەوەی کورد بزانێت چۆن وەرەقەکانی خۆی رێکدەخات. ئایا کورد دەشێ بەبێ ئەمەریکا راستەوخۆ لەسەر سیاسەتی بەغدا هەڵوێستی بخاتەروو، یان هەمیشە ئەوە دەخوازێت ئاگامان لە روخساری ئەمریکیەکان بێت سەبارەت بە نیشانەکانی ناو دەموچاویان، پێدەکەنن، یان گرژ دەبن. لەنێوان مارێنزی ئەمریکی وستراتیژی سیاسەتی ئەمریکی، ئەوەی هەیە بەرژەوەندی باڵای ئەمەریکایە، کوردیش دەبێت لەوانەکانی بگات.

# کوردو ستراتیژی ئەمەریکا

بوش سەرۆکی ئەمەریکا، هەمیشە قسەیەکی باو دووپات دەکاتەوە کە دەڵێ: « وڵاتەکەمان مافی خۆیەتی بەرگری لەبەرژەوەندیەکانی خۆی بکات» بێگومان بەرژەوەندی ئەمەریکا لایەنێک نیە لە کێشەیەکی دیاری کراو، تاوەکو بڵێین ئا ئەمەیە بەرژەوەندیە دیارکراوەکەو ئیتر بەم جۆرە لەگەڵ ستراتیژی خۆمانو ئایندەی ژیانمان دەیگونجێنین، بەپێچەوانەوە بەرژەوەندی ئەمەریکا وردو فرە رەهەندو فرە بەرژەوەندی جیاواز جیاوازەو نەک لەیەک جوگرافیاو یەک نەخشەو هەرێمو وڵاتێک نیە، بەڵکو لەهەموو شوێنێکە کە تۆ بیرت لێی نەکردۆتەوە، بێگومان ئەم تێڕوانینە بۆهەموو زلهێزەکانی تریش راستە، بەلام ئەمڕۆ باڵادەستیەکە لەدەست ئەمەریکایەو ئێمەش راستەوخۆ وەکو کورد لەگەڵ ئەودا سەروسەودامانە. ئەمەریکا لەبەر مانەوەی لەعێراقو بەرگری لەبەرژەوەندیەکانی ئامادەیە نیە تەنها دۆستایەتی لەگەڵ تۆدا بکات، بەڵکو پێویستی بەهێزی ترو جوگرافیای

تره بۆنمونه تورکیا، ئایا ئەمەریکا دەستبەرداری تورکیا بوو؟ نەخێر. بۆچی؟ لەبەرئەوەی وەک مانگ دەدرەوشێتەوە کە بەرژەوەندیو ستراتیژی ئەمەریکا لەهەموو شوێنەکانەو لەهەموو هەرێمێکو دەوڵەتێک وەکو زنجیرێکی بەیەکەوە گرێدراو کاری ستراتیژی خۆی دەکات. کۆندۆ لیزا رایس بێ بنەما نیە کاتێک دەڵێ: « ئێمە بە بەلاش خوێنی سەربازەکانمان لەعێراقو ئەفغانستان نارێژینو قبوڵ ناکەین کەسی تر ئەم بەرهەمەی خوێنی سەربازەکانمان بۆخۆی بەرێت»، ئەگەر ئەمە مانای ئاگادارکردنەوەی دنیاو ولاتانو هێزەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست نەبێت دەربارەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی؟ ئەدی چیترە؟ واتە ئێمە خوێن دەرێژین لەپێناو ئەمەریکایی بونمان، هەر کاتێکیش تۆ رێگری ئەو ئەمەریکایی بونەی ئێمە بیت دەکەویتە بەردەم گورزی بەهێزی ئێمەوە. بەلام ئەمەریکاش ئاسان توانای وەشاندنی چەپەڵۆکی نیەو هەمیشەش دڵنیا نیە لەبەرژەوەندیەکانی، بۆیەش ترسوهێزی زۆر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، ئەو کاتانەی کە گوێبیستی لاوازی ئابوری ولاتەکەی دەبێت، لەناوخۆیدا زەبرێکی گەورە روبەروی دەسەلاتداریەتی ولات دەبێتەوەو هیچ پەشێویەکی ناوخۆیی ئەمەریکا لەبەرژەوەندی دەسەلاتداریەتی نیە لەدەرەوەیدا.

دەشێ هەڵوەستەیەکی زۆر لەسەر دروشمە بەردەوامەکەی ئەمریکیەکان بکەینەوە ئەویش» دیموکراسی» یە، بەدیموکراسی کردنی دەوڵەتێکی وەک عێراقو دەرهێنانی لەچنگی صەددام، گوتاری باوی سیاسەتی ئەمەریکایە، بەلام لەپشتی ئەم گوتارەوە دەبێت چۆن ئەمەریکا بناسین، یان چۆن مامەڵەی لەگەل بکەین، تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق، کاتێک نامەیەکی ئاراستەی گەلی ئەمەریکا کرد دەنوسێت: « ئێمە ئێستا لەحکومەتێکی ترسو دیکتاتۆریەتەوە بۆ ولاتێکی یاساییو دیموکراسیو بەهاکانی یەکسانیو لێبوردەییو مافی مرۆڤ هەنگاو دەنێین». کەواتە دەبێت کورد دەسەلاتداریەتەکەی بەفعلی بەرەو دامەزراوەی دیموکراسیو ئازادو کراوەو پشتگیرکردنی مافی بەرێت، چونکە نامەکەی تاڵەبانی مانای دیموکراسیو مافی مرۆڤوبەهاکانی یەکسانیو رێزگرتن دەگەیەنێت لەناو ئەمەریکادا، مانای رەسم کردنی ئەو دەوڵەتەیە بەم دروشمانە، دەبێت کوردیش

بەم جۆرە هەنگاوە ستراتیژەکانی خۆی بنیاد بنێت، ئەوکاتە راستەوخۆ لەگەڵ بەرژەوەندی ئەمەریکا دەکەوێتە سەر یەک راستەهێڵوئەمەریکاش حساب لەگەڵ کورد دەکات وەک رەقەمێکی دیاریکراو. واتە سیستەمی دیموکراسیومافی مرۆڤ، دەبێتە هێزێکی گەورە بۆ کورد، بۆ ئەوەی ئەمەریکاو وڵاتانی خۆرئاوا پشتگیری لە مافە رەواکانو ئەزمونەکەی بکەن، بەلام هەر پێشێل کاریو خۆ دزینەوە لە کرانەوەی کۆمەڵگاو نەبونی دیموکراسیو رێزگرتن لە مافی مرۆڤویاسا، زەبرێکی کوشندە لە باڵەخانەی ئەزمونو بەرژەوەندیەکانی کورد دەدات( راپۆرتێکی وەکو مایکل رۆبن بەروونی ئەم قسەکردنەی سەرەوەی ئێمە دەردەخات).

بۆ وەبیر هێنانەوە دەشێ باسی ساتەوەختی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەین، ساڵی (١٩٩٢). دوای تەواوبوونی پرۆسەکە، یەکێک لەرۆژنامەکانی تورکیا، مانشێتێکی نوسیبوو، بەم شێوەیە» ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی لەم جۆرە لە باکوری عێراق، بەبەرچاوی ئەمەریکا، بناغەی دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لە ئایندەدا«، بێگومان ئەم دەوڵەتە کوردییە. بەلام ئایا بەرژەوەندی ئەمەریکاو ترسی تورکیا لەم جۆرە هەنگاونانە چییە؟ هەر ئەوەیە کە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیای هاوپەیمانی ناتۆی ئەمەریکا دەکەوێتە خەتەرو هانی پانزە ملیۆن کورد دەدات لەتورکیا بۆ سەربەخۆییو جیابوونەوە؟ یاخود بەرژەوەندی زلهێزی تورکیایە لەناوچەکە لە ئابوریو سیاسیو سەربازیوهەیمەنەی دەوڵەتی. ئەمانە ئەو هەستانەن، کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، چونکە قورسایی بەغدا چەندە گرنگە بۆ چارەنوسی کورد، ئەنقەرەش گرنگە. ستراتیژی کورد لەناوچەکەدا، تەنیا گرێدراوی هەیمەنەی تاکە دەوڵەتێک نیە، بەڵکو بەغداو دیمەشقو ئەنقەرەو تاران رۆڵی مێژویی قوڵو دورودرێژ لە ستراتیژی خەباتی کورددا دەبینن. مێژوو گەواهی دەری راستەقینەو ئێستاش ئەوەتا بەچاوی خۆمان دەیبینین. وەلێ ئەمەریکاش لەو لاوە بوەستێ چونکە بەرژەوەندی کورد لەگەڵ ئەمەریکا پێویستی بە تێگەیشتنی ئەو بارودۆخە هەیە کە باسمان لێوە کرد. بەلام رەوشی کوردو خەباتە نەتەوایەتیەکەی لەدوای روخانی بەعسیدا، وەکو

عێراق ئاڵۆزە، بەتایبەت ئەو هەموو دڵەراوکێیەی تورکیاو ئەم هەموو گوشارەی لەسەر کورد هەیەتی، ئەوەتا مەشهەدانی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، راشکاوانە لە کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەبدا دەڵێت» کورد تاکە نەتەوەیەکە لەدوای روخانی دەوڵەتی عوسمانی دەرفەتی نەبوو دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی دروست بکات، کورد مێژوو غەدری لێ کرد«، دەبوو مەشهەدانی زۆرتر سڵ لەو چەمکە بکاتەوە یان تورکیای دراوسێی! کە ئەمڕۆ ئێمە لەکوردستانی عێراق خاوەنی کیانێکیان کە هیچ نەبێت دەتوانین ئاڵای خۆمان بەرز بکەینەوە؟!.

بەڵام هەندێ قسە فڕێدانی ئەمریکیەکان هێندە ئاسان نین، دەرهەق بە چارەنوسی کورد، وایدەبینم کە ئەمەریکا لەژێر گوشاری دژە کوردەکانو ئامانجەکانی کورد، توشی پاڵەپەستۆی گەلێک زۆر هاتووە، ئەم قسەیەی ( فلیب زیلکۆ) راوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کاتێک دەڵێ:» تاکو ئێمە لەعێراق بین، کەرکوک ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستانو ئەمە لەبیری خۆتان دەربکەن، کەرکوک شاری هەموو نەتەوەکانە«. دەبێت توشی هەڵوەستەمان بکات، بەتایبەت دەربارەی پەیوەندی کوردو ئەمەریکاو گۆڕانی سیاسەتەکانی لەم قۆناغەدا، چونکە ئەمە راوێژکارێکی ئەمریکی یە و بەشدارە لە داڕشتنی ستراتیژو بەرنامەکانی وڵاتەکەی، بۆیە ئەمە قسەیەکی زۆر سادەیە کاتێک دەگوترێت قسەکەی فلیب زیلکۆ رای خۆیەتی نەوەکو رای ئەمەریکا، چونکە ئەم قسەیە قورسایی سیاسیو ئەجێندای خۆی هەیە، بەتایبەت لەسەر پرسی کەرکوک لەبەرئەوەی کەس نەزانێت؟ ئەمریکیەکان زۆر باش لە کێشەی کورد تێدەگەن لەبارەی کەرکوکەوە، واتە کورد بەم قسانە دەبێت راستەوخۆ رووبەرووی ئەمەریکا بێتەوەو داوای گرەنتی لێ بکات، داوای لێ بکات کە چۆن دەڕوانێتە کوردو کێشەکەی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، ئایا ئەم قسانە چۆن گوتراونو هۆکار چیە راوێژکارێک ئاوا جورئەت بکات قسەی لەم جۆرە فڕێ بدات، چونکە هێزی کوردو کێشەکەی ئەوە هەڵدەگرێ بۆ ئەمەریکا کە لایەنی کەم خۆی دوور بگرێت لەم جۆرە گوتارانەی کە خزمەت بەباری ئەمنی بەرنامەکەی لە عێراقو پرۆسەی سیاسی ئەمەریکا ناکات لەعێراقدا. بەڵام وتە

بەناوبانگەکەی (کیسنجەر) بەراستی مایەی قوڵ بونەوەیەکی جددیە لەبارەی ناسینی ئەمەریکاو رەفتارەکانی کاتێک دەڵێ:» سیاسەت، خێرکردن نییە لەرێی خودا دا». سیاسەت بەرژەوەندیو پێکانی ئامانجی دیاری کراوە، بۆیە کوردیش پێویستە راشکاوانە بەئەمەریکا بڵێت:» هاوپەیمانیو دۆستایەتی لەگەڵ ئەمەریکا خێرکردن نییە لەرێی خودا دا». بەم قسەیە باش لە کورد تێدەگەن. ژیانی کوردو خەباتەکەی لەمێژوی رابردوودا زۆر راستی جەرگ بڕی تێدایە لە هەڵگەرانەوەی ئەو زلهێزانە لە دۆستایەتیو پشتگیری کورد دا. ئەگەر سیاسەت خێر کردن نیە بۆ خودا، ئەوە دەبێت هاوپەیمانیش هەر وابێت، دۆستایەتیش هەروا بێت. لەیەک نزیکبونەوەو هاوکاری یەکترکردنیش هەر وا بێت. هەرچەندە کورد دەبێت هەمیشە بەگوێرەی هێزو قورسایی خۆی هەنگاو بنێت، واتە بەهێزێک شەڕ بکات کە هەیبێت، نەوەکو باس لە هەڕەشەیەک بکات کە دنیا بزانێت کە پێی جێبەجێ نابێت، بەلام ئەو هەڕەشانەش زۆر پێویستن ئەو کاتەی کە خەریکە چاڵت بۆ هەڵدەکەنن بەناوی دۆستایەتیو هەماهەنگییەوە، کورد مافی خۆیەتی هاوپەیمانی لەرێی خوادا لەگەل کەس نەکات، وەک گوتەیەکی ئەمریکی زۆر بەناوبانگ هەیە لەئەمەریکا کاتێک دەڵێن:» ئەگەر بەرژەوەندیمان لەگەڵ لایەنێک بێتەوەو کۆک بێت، ئیتر پێویست نیە بزانین ئەو لایەنە شەیتانە یان رەحمانە»، ئەمریکیەکان ئاوا لەبەرژەوەندی خۆیان دەڕوانن ئەوەتا قازانجیان کردووەو چ رژێمێک لەگەڵ ستراتیژی ئەوان گونجاو بێت، مامەڵەی لەگەڵ دەکەن ئەگەر شەیتانی بێت یان رەحمانی. ئێمەی کوردیش ئەمرۆ راستەوخۆ لەگەڵ ئەمەریکا لە گۆڕەپانێکی گەورەی نێو دەوڵەتیو هەرێمیو مێژوویيدایین، بۆیە ناکرێت سلوکی کارکردنی دۆستایەتیو بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا ورد نەخوێنینەوە. کورد مافی خۆیەتی داوای ئەوە بکات کە من دۆستی کەس نیم لەپێناوی خێروسەدەقەی کەس، بەڵکو من نەتەوەیەکم دەمەوێت چیتر مێژووی رابردوی تراژیدی نەتەوایەتیم لەسەر دەستی کەس دووبارە نەبێتەوە. ترس لەهەنگاوی زل هێزەکان زۆر پێویستە بۆ ئێمە، گومان لەرەفتاری سیاسیو ئەجێندای کارکردنیان بۆ ئێمە زۆر گرنگە، چونکە ناکرێت هەموو هێلکەکانی خۆمان بخەینە سەبەتەی کەسەوە بەبێ

خوێندنەوەی وردی هەموو لایەنەکانی پێکەوەبوون‌و هاوپەیمانی‌و دۆستایەتی‌و ژیانی هاوبەشی ئایندە، کورد پێویستی بەحکایەتی ڕابردوو نییە، پێویستی بەئایندەیە. ئایندەیەک گومانی نەبێت لەدووبارە بونەوەی تراژیدیە مێژوویەکان. کاتێک باس لەگومان دەکەم مەبەستم ئەوەیە لەهەندێ گوتارەوە ترسەکەم دروست بووە بۆ وێنە پرۆفیسۆری ئەمریکی (دێنیس ناتالی) دەڵێ:» کورد تەنیا ئەوەندە گرنگە بۆ ئەمەریکا تا عێراقی پێ سەقامگیر دەکات». ئەگەر ئەمە جێگای مەترسی گەورە نەبێت، ئەگەر ئەمە جێگای گومانی گەورە نەبێت، ئەدی چیترە؟ بۆ دەبێت کورد تا ئەم خاڵە گرنگ بێت، ئەی ئەو هەموو پێکەوەییە چی لێ دێت، ئەو هەموو بانگەشەیەی دۆستایەتی‌و هاوپەیمانیە بۆ کوێ دەچێت، کەواتە ڕاست قسەکەی کیسنجەرە کە سیاسەت خێرکردن نیە، بۆیە ئێمەش بۆدوای پرۆسەی سەقامگیری عێراق پێویستمان بەگوتارێکی تازەو ڕۆڵی تازەو بیرکردنەوەی تازە هەیە، تاوەکو گرنگیمان لەدەست نەدەین، چونکە بەگوێرەی قسەکەی دێنیس ناتالی ئێستا ئێمە بۆ ئەمەریکا گرنگین، چونکە ئەو دەڵێ هەر هێندە کورد بۆ ئەمەریکا گرنگە تاوەکو عێراقی پێ سەقامگیر دەکات، کەواتە ئێستا ئێمە بۆ ئەمەریکا گرنگین، کەواتە چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو گرنگیەی لەدەست نەدەین، ئەگەر عێراقیش سەقامگیر بوو، ئەمە پرسیارێکە پێویستی بەهەوڵدانی زۆر هەیە، پێویستی بەکارکردن‌و ئیش کردنی زۆر هەیە بۆئەوەی بزانین چۆن ئێمە گرنگین لەئێستادا ئاواش لەداهاتوو گرنگترین، لەبیرمان نەچێت کاتێک ئێمەگرنگی خۆمان لەدەست دا، واتە پشتگیری‌و هاوپەیمانیشمان لەدەست داوە، بۆیە ترسەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، بێ پشتیوان بین، ناتوانین بەردەوام بین. ئەگەر ئێستا ئێمە گرنگین، پێویستە تەوزیفی بکەین بۆ ئەوەی ئەمەریکا ناچار بکەین زیاتر گوشاری هەبێت بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کورد، زیاتر دەرگاکان بکاتەوە بۆ ئەوەی کورد زووتر ئامانجەکانی بپێکێت، چونکە کورد گرنگی نامێنێت وەک خۆیان دەڵێن، ئەوا دەرگاکان هەموویان دادەخرێن.

با لێرەدا هاوپەیانیەتی‌و لەیەک نزیکبونەوەی سێ دەوڵەتی هەرە گرنگی شانۆی سیاسی جیهانی بەنمونە بهێنینەوە، ئەویش ( ڕوسیا، چین، ئێران) بێگومان

هیچیان بەدڵی ستراتیژی ئەمەریکا نین، بەتایبەتی کاتێک هاوکاری یەکتری بکەنو بەهێز ببن لەناو پرۆسەی سیاسی گەورەی یەکلاکەرەوەی جیهانیدا، هەر سێ دەوڵەت بڕیاریانداوە هەماهەنگی یەکتر بکەن، بێگومان سەردانەکەی( پۆتین) بۆ تاران، هەروا روداوێکی سادە نییە. ئێمە وەکو کورد لەو هاوکێشانە ناکرێت بێ خوێندنەوەی جددی بین، هەرچەندە تێگەیشتن لەو بەرژەوەندیە ئاڵۆزانە هەروا کارێکی ئاسان نیە بۆ قەوارەیەکی لەدایک بووی تازەی وەکو ئێمە، قسەکەی جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی روسیا لەو ئانوساتەدا هەڵوەستەی دەوێت، کاتێک گوتی:» من هیچ هۆیەکی ماقوڵ نابینم لەپەیمانەکانی واشنتۆن». روسیای گەورەی قەیسەریو خاوەن ئەزمونی ململانێی شەڕی سارد، روسیای خاوەن دەوڵەتو هێزی مێژوی گرنگ، بەبێ رەهەندی ئەزمونی لە سیاسەتو مێژوودا قسەی لەم جۆرە ناکات، یان لایەنی کەم بیرکردنەوەی لەم جۆرەی لەناو هەرەمی دەسەڵاتی سیاسیدا لەدایک نابێت، کوردیش مافی خۆیەتی ماقولیەتو ناماقولیەتی لەیەک نزیک بونەوەی لەگەڵ ئەمەریکاو هەر دەوڵەتێکی تری جیهانیدا لەسەر پێوانەی بەرژەوەندیو کێشە رەواکەی بێت. ئێستا ئەمەریکا هەوڵ دەدات رۆژهەڵات بەجۆرێک بگۆرێت کە سیستەمەکانی حوکمرانی لەناو دەولەتانی ناوچەکە جێگای مەترسی ئاسایشی ئەو نەبن، بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئەمریکی خۆیان رێک بخەنەوە، ئەمەریکا دەیەوێت دەستکاری رۆژهەڵاتی ناوەراست بکات بەو فەلسەفە سیاسیەی خۆی بیری لێ دەکاتەوە، واتە نایەوێت جارێکی تر سیستەمی سیاسی دەسەڵاتداری یاخی زۆر شۆڤێنی پشتگیری بکات، کە زوو زوو سەرودڵی بگرنو گورز لە بەرژەوەندیەکانی بدەن. ئیتر مادام ئەمەریکا ئاوا بیردەکاتەوە کاریش دەکات، بۆ ئێمەش سروشتییە، کارلەسەر گۆڕانی دۆستایەتی بکەینو گومان بکەین لەسێبەری دۆستەکانیشمان. هەندێ شکستی مێژوویی گەورە هەن لە ژیانی کورددا، ئەگەر دووبارە ببنەوە، مانای وایە هەڵەی یەکەم بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە، خۆمان بەرپرسیاری رابردووین، بۆیە خۆدزینەوە لە ئەرکی ئێستای سیاسەتی نیشتمانی بەر لەهەر شت خودی کورد خۆی ئۆباڵی مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆ. لێرەوە دەشێ بپرسین ئەگەر

ئەمەریکا دەستکاری جوگرافیای سیاسی رۆژهەڵات بکات، ئایا هەرتەنیا خۆی دەستکەوتەکانی دەچنێتەوە یاخود گەلێکی وەکو کوردیش بێ دەستکەوت نابێت، واتە دەستکەوتەکان هەر تەنیا یەکلایەنە نابن، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە دۆستایەتی ئەمەریکا هەیە بێگومان دۆستایەتی سەر تەلەفزیۆن ناڵێم، بەڵکو دۆستایەتی ناو پڕۆتۆکۆڵو ژورەکانی بڕیار دەڵێم، هەر دۆستایەتیەک ئەگەر لە ژورەکانی بڕیارو کۆبونەوە نەبێت، مانای وایە دۆستایەتیەکی سیاسی کاتی یەو داهاتووشی ناماقولە. هەر بۆنمونە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، مانای گەورە دەداتە دەست کورد کە ئەمەریکا لە ئەجێندای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا کوردیی وەکو هاوپەیمانو دۆست نەخشاندووە، ئیتر ئێمە کەرکوک دەبێت بکەین بە بنەمای ئەو تێگەشتنەی هەمانە بۆ هاوپەیمانیەتی کە لەناوچەکەو رۆژهەڵاتدا ئەمەریکا هەنگاوی بۆ دەنێت. کێشەی ئێمە هەر لەیەک لایەنەوە نیە، بۆیە ئاسان نییە سەرکردایەتی سیاسیش تەنها چاوەکانی هەر لەسەر ئەمەریکا بێت، چونکە دەوڵەتانی ناوچەکە رۆڵی گەورە دەبینن، لەسەر چارەنوسی خەڵکی کوردستانو دەسەڵاتەکەی، ئێستا ئێران چەندین مەرزی فەرمی لەسەر سنورەکانی هەرێمو ئێران کردۆتەوە، رۆژانە سەدانو ملیۆنان دۆلار بازرگانی نێوان هەرێمو ئێرانە، بیرکردنەوە لە پەیوەندیەکانی کوردو ئێران کە گرنگو پێویستە، نابێت ئەمەریکا لەکورد دڕدۆنگ بکات، ئەی چی بکەین ئەگەر پێویستی بازرگانیو سیاسیو کولتوری وا بخوازێت، لەگەڵ ئێران نزیک بینەوە. ئەوەتا لە هەولێرو سلێمانی قونسولگەری ئێران هەیە، ئەم رێکخستنە حساباتی وردی دەوێت؟. لەوەش گرنگتر مانای کشانەوەی ئەمەریکایە لەناوچەکە کاتێک دەوڵەتی ئەمەریکا سەربازەکانی بکشێنێتەوە، ئەو کاتە دەبێت عێراق حساباتی خۆی لەگەڵ دراوسێیەکی وەکو ئێران وردتر دابڕێژێتەوە.

ئەمەریکا هاتە عێراق، بۆ ئەوەی رۆژهەڵات لە عێراقەوە بگۆڕێت، بەڵام وەکو خۆشیان دانی پێدا دەنێن روبەرووی تەنگەژەیەکی گەورەی ترسناک بوونەوە، تەنانەت بارودۆخی ئابوریو سیاسی ناو ئەمەریکا، عێراق بەباشو خراپ بۆتە کۆدەکەی. هەموو ئەجێندە سیاسیو ئابوریەکانی ئەمەریکا لە ناو تەنگەژەی

عێراقەوە روبەروی پرسیار دەبنەوە، باشترین ناسینو خوێندنەوە بۆ کورد لەم بارودۆخەو فاکتەدا ئەم قسەیەی « رایان کرۆکەر» باڵیۆزی ئەمەریکایە لەعێراق، کەدەڵێ:» لەدواجاردا چۆن عێراق جێدەهێڵینو چی لەدوای خۆمان جێدەهێڵین دەبێت زۆر لەوە گرنگتر بێت لەوەی کە چۆن هاتینە عێراق»، ئێستا ئەمەریکا پرۆژەی هاتنە ناو عێراقی لەبیرچۆتەوەو حەزیش ناکات کەس بیری بێنێتەوە، دەیەوێت ئیتر گوێ لەو حکایەتە نەگرێت چۆن هاتە ناو عێراقەوە، بەداخەوە کورد رێک لەسەر ئەو حکایەتە لەگەڵ ئەمەریکا دەژی، ئەوەندەی کوردەکان باسی هاتنی ئەمەریکاو نەمانی رژێمی صەدامو نەمانی سیستەمی دەسەڵاتداری بەعس دەکەن، هیچ یەکێک لەهێزەکان باسی لێوە ناکەن، بەڵکو هەموویان خەریکی داهاتووی پرۆسەی سیاسیو بەرژەوەندیەکانیانن. ئەوان دەیانەوێت بەتەواوی ئەو بیرۆکەیە لە هزریاندا بسڕنەوە کە بۆ هاتنە ناو عێراق، تەنانەت چاودێرێکی سیاسی ئەمریکی دەڵێت:» ئێمە بەهەڵە چووین کاتێک دەمانگوت صەدام لەگەڵ قاعیدە پەیوەندی هەیە، چونکە قاعیدە ئیسلامی توندڕەوەو صەدام عەلمانی بوو» ئەمە سادەترین پاساو هێنانەوەی ئەمریکیەکانە بۆ هاتنیان ناو عێراقو جەنگی عێراق، تۆ بڵێی ئیتر ئەمریکیەکان پەشیمانی خۆیان راگەیاند لە جەنگی عێراقو پێیان وایە نەدەبوو صەدام کۆتایی پێ بهێنرێت؟ کرۆکەر زۆر بەراشکاوی پرۆسەی هاتنە ناو عێراق فەرامۆش دەکات، چونکە لەقسەکەی کاتێک دەڵێ لەدواجاردا چۆن عێراق جێدەهێڵین، کەواتە ئەمریکیەکان دەیانەوێت عێراق جێ بهێڵنو دۆڕاویش نەبن، ئەی کورد دواجار چۆن لەگەڵ ئەمەریکا دەمێنێتەوە، کە کرۆکەر دەڵێت دواجار چۆن عێراق جێبهێڵین، پێویستە کوردیش ئاماژەی خۆی هەبێتو راشکاوانە بڵێت: ئێمەش دواجار چۆن لەعێراقدا دەمێنینەوەو جێبەجێ کردنی داوا دەستوریەکانمان چی لێ دێت، چونکە ئەمەریکا بۆ کشانەوەی خۆیو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بیر لەوە بکاتەوە بەچ شێوازو میکانیزمێک عێراق جێ بهێڵێت؟ تۆش مافی خۆتە بیر لەوە بکەیتەوە کە کشانەوەی ئەمەریکا بەم شێوازو میکانیزمە چی لەدەستکەوتەکانی تۆ دەکاتە قوربانیو چی لە مافەکانی تۆ دەخاتە قوتوی مێژووی تازەی عێراقی دوای صەدام؟. وەک چۆن کرۆکەر راشکاوانە

دەڵێت ئێمە دوای خۆمان چی لەعێراق جێ دەهێڵین، ئەمە روونە ئەوان دەبێت دەوڵەتێکو سیستەمێک بەجێ بهێڵن کە هەم لەروی سیاسیو هەم لەرووی ئابوریو هێزی ئەمەریکا لەناوچەکە، هیچ جۆرە مەترسیەکی بۆ ئەمەریکا نەبێتو دەوڵەتێکی ستراتیژ ویستی ئەمریکی بێت، کورد بۆخۆی هیوایەکی گەورەی بەو هاوپەیمانیەتی ئەمەریکا هەیە، وەک چۆن دیک چینی هاتە هەولێرو نەیهێشت هیوایەکە خامۆش بێتو شەقامی کوردی دڕدۆنگ بێت، بەڵام ئایا ئەوە گرێنتیە، چونکە ئەم هێڵە گشتیانەی کە ئاماژەمان بۆیان کرد لە سیاسەتی ئەمریکیەکان هێندە گەش بینی نیە بۆکورد کە بێ خەم بێت لەراستگۆیی پێکەوە بوونی ئەمریکیەکان لەگەڵ کوردو ئەزمونەکەی.

## کورد لەناو هاوکێشەی سیاسی ئێران‌و ئەمەریکا

لەگەڵ جەنگی کوێت‌و هاتنی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە، بەردەوامی جەنگ‌و ئاڵۆزی رەوشی رۆژهەڵات، بارگرژی نێوان ئێران‌و ئەمەریکا زۆر توندی بەخۆیەوە بینیوە. یەکێک لە ئامانجە ستراتیژیەکانی ئێران، لێدانی بونی ئەمەریکایە لە عێراق‌و رۆژهەڵاتی ناوەراست. ئەمەریکاش دەستەوەستان نیەو دژایەتی سەرسەختی سیاسەتی ئێرانە، بەتایبەت لەسەر ئیسرائیل ناکۆکی‌و دوژمنایەتی ئەمەریکاو ئێران تازە نیە.

ئەمەریکا، دژایەتی گەورەی گروپە دینی یەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکات(تەنانەت ئەوانەی دژایەتیشیان ناکات دۆستیشیان نیە) لەچوارچێوەی

روبەروبونەوەی تیرۆردا مامەڵە لەگەڵ ئەم گروپە دینی یانە دەکات، ئەمەریکا نایەوێت ئەم هێزولایەن‌و گروپە دینیانە بەهیچ شێوەیەک دەسەڵات بگرنە دەست، بۆ وێنە حزب الله لەلوبنان‌و حەماس لەفەلەستین. ئێرانیش بەپێچەوانەی ئەمەریکا، بەوە تۆمەتبارە کە هێزی یەکەمی پشتگیری ئەم گروپ‌و هێزو لایەنانەیە لەناوچەکە. بەرەی روبەروبونەوەی سیاسی نێوان ئەمەریکاو ئێران تەنها لەسەنگەرێکەوە نیە، بەڵکو دابەش بووە بەسەر چەندین بەرەو شوێن‌و ناوچەی جیاواز، یەکێک لەوانە عێراقە. کەلەم بابەتەدا ئێمە زیاتر قسە لەعێراق دەکەین، وەکو یەکێک لەو بەرانەی کەحساباتی سیاسی ئێرانی‌و ئەمەریکای لەسەر یەکلایی کراوەتەوە، لەرابردوو، ئێستاش بەردەوامە. عێراق گۆڕەپانێکە ئەم دوو دەوڵەتە هەوڵیان داوە سیاسەت‌و بەرژەوەندی یەکتر کەمەر شکێن بکەن. بۆیە زۆرترین ئەجێندای جیاوازیان لەعێراقدا تاقی کردۆتەوە، لەم بارەیەشەوە کورد لەدەرەوەی ئەم گۆڕەپانەو ئەم تاقیکردنەوانە نەبووە، دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان لەساڵی(١٩٩١) ەوە، یەکێکە لەو کارتانەی کە ئەمەریکاو ئێران هەوڵی دەستەبەرکردنیان داوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان. بەڵام کورد خۆشی لەهەوڵی بەردەوام‌و چڕوپڕدایە بۆ ئەوەی نەبێتە کارتێک بۆ یەکلایی کردنەوەی حساباتی سیاسی دوو دەوڵەتی بەهێزی وەکو ئەمەریکاو ئێران، چونکە چوون بۆناو ئەم گەمە گەورانە، سەرەنجامی باشی نیە بۆ هەرێمێک کە هێشتا لەبەردەم چارەنوسێکی رۆشندا نیەوهێزێکی وای پەیدا نەکردووە رۆڵی یەکلایی کەرەوەی حساباتی لەم جۆرەی هەبێت. دەکرێت بەروونی ئاماژە بە زۆرێک رووداو بدەین کەلەعێراقدا راستەوخۆ کوردیش دەگرێتەوە لەجەنگە سیاسیە گەورەکان، ئەمرۆ مەرجەعیەتی شیعە لەدەسەڵاتداریەتی عێراقە، بێ گومان دوای نەمانی سیستەمی دەسەڵاتی بەعس، ئەوان زۆرینەی عێراقن، ئایا ئێمە دەتوانین نکوڵی لەم واقیعە بکەین، ئێستا هێزێکی نەتەوەیی عەرەبی لەبەغدا، یان دیموکراسی عەلمانی وەکو فەلسەفەی بیرکردنەوە..! زۆرینەی دەسەڵاتی بەغدا نیە. بەڵکو ئەوە شیعەکانن لەبەغدا حوکم دەکەن، ئەمەش پەیوەندی راستەوخۆی بەئێرانەوە هەیە، ئەمەریکاش خۆی باشتر لە ئێمە پەیوەندی ئەو

حزبو دەسەڵاتو گروپە شیعانە بە ئێرانەوە دەزانێت، بۆیە بۆکوردیش جێگای وردبونەوەیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەجێندای ئێران لەعێراقو چۆنیەتی وە چنگ خستنی مافەکانی. ئەگەر بەدیموکراسیو هەڵبژاردنو تەوافوقی سیاسیش بێت لە عێراقدا ئەوا کورد پێویستی زۆری بە شیعە هەیە، چونکە شیعە هەم بە هەڵبژاردن هێزێکی کاریگەرە، هەم ئەگەر بەتەوافوقیش بێت هەر هێزێکی کاریگەری نکۆڵی لێ نەکراوە. ئەم شیعەگەرایەش پەیوەندی راستەوخۆی بەسیستەمی سیاسی ئێرانەوە هەیە، ئێران دەتوانێت بەهۆی هەبونی پەیوەندیو هەیمەنەی بەسەر شیعەی عێراقو دەسەڵاتی عێراق دەتوانێت کێشە بۆ کورد لەعێراقدا دروست بکات، لەهەرێمی کوردستانیش دەتوانێت لە سنورەکانەوە گرفت بۆ هەرێم بخوڵقێنێت، بەرامبەر ئەوەش ئەمەریکا لەعێراقەو ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەک کاریگەری ئەمەریکاو هێزو توانای لەبیربکرێت، بەتایبەتی ئێستا کورد پێویستی زۆری بەو پەیوەندی یە هەیە کە هێزێکی وەکو ئەمەریکا دەتوانێت سودی هەبێت لەهەندێ هاوکێشەی جۆراوجۆرو چارەنوس سازەوە. لەم نێوانەدا کورد نابێت کاریگەری خۆی بدۆڕێنێت، هێڵو نەخشەی سیاسی خۆی وون بکات، ئێران ماوەیەکی زەمەنی زۆرە دەیەوێت سیستەمی دەسەڵاتی عێراق بگۆڕێت، چونکە دەسەڵاتداریەتی بەعس هەشت ساڵ جەنگی لەگەڵ کرد، چونکە ئامانجو ستراتیژو بەرنامەو بیرکردنەوەی بەعس پێچەوانەی دەسەڵاتو رژێمی ئێرانە، ئەم جەنگە دەریخست کە ئێرانو عێراق لەروی ستراتیژەوە زۆر لایەنی شاراوە هەیە کە بەرامبەر یەکتر هەوڵ دەدەن یەکلایی بکەنەوە، بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بەهەندێ لایەنی زۆر گرنگ بدەین: ئێران یەکێک لە دروشمەکانی گۆڕینی نیزامی عێراق بوو بۆ ئەوەی فکری شۆڕشی ئیسلامی بگوازێتەوە بۆ عێراق، بێگومان رێگری یەکەم لە (گواستنەوەی شۆڕش) فکرو هێزو بەرنامەی بەعس بوو، تەنانەت بەعس مەراسیمی شیعەگەرایشی لەعێراقدا قەدەغەکردبوو. ئێران دەیەویست شورای پاراستنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بۆخۆی دروست بکات، یەکێکیش لەو ناوچەو دەوڵەتانەی کە وەکو شورایەکی گەورە رۆڵی دەبێت عێراقە. واتە دەوڵەتی عێراق بکاتە خاڵی بەرگری لەشۆڕشی

ئیسلامی ئێران. لەلایەکی ترەوە دیویێکی گرنگی بازرگانیو نەوتو دەست ڕاگەیشتنە بە بازاڕێکی گەورە کە خزمەت بەگەشەی زیاتری ئێران بکات. بەعس بەدەسەڵاتداریەتیەکی عروبەو عەلمانی، عەسکەری ناسرابوو، ئێرانیش ئیسلامیو مەزهەبی، ئێران بەهیچ شێوەیەک ناخوازێت دراوسێی عێراقێکی عروبەی سوننە مەزهەب بێت، شۆرشی ئیسلامی ئێرانی، عێراقێکی ناوێت ئەگەر: یەکەم دەسەلاتی عێراق قەومی عروبە بێتو ڕەسمی دەوڵەت عروبەی قەومی بێت. دووەم: دەسەڵاتی عێراق مەزهەبی یان دینی بێت بەبەرگی سوننەوە، ئەمە لەروی ستراتیژەوە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بەرنامەو پلانو ئەجێندای دووری شۆڕشی ئیسلامیو کۆماری ئێستای ئێران یەک ناگرێتەوە. بۆیە کورد هەمیشە بەلای ئێرانەوە لەسەر ئەم جۆرە ستراتیژە حسابی لەسەر کراوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی کورد لەسونەکان نزیک دەبێتەوە، حەساسیەتی ئێران عەلەنی یە. ئایا کورد دەتوانێت چۆن لەگەڵ سوننە ئەم پەیوەندیانە ڕێک بخات کە خزمەت بە کێشەکەی دەکاتو ئێرانیش ناوروژێنێت! لەگەڵ بونی ئەم جۆرە ئامادەگیەی ئێران لە عێراقدا، هەرێمی کوردستان ناتوانێت سیاسەتێکی ئاشکرا بگرێتەبەر لەکۆڵەکە سەرەکیەکانی بەرژەوەندی ئێران بدات، هەرچەندە ئەمەریکاش وا لەکورد بخوازێت. کورد بەشێوەیەکی گشتی ئەمەریکای لامەبەستە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی عێراقدا بتوانێت بەشێوەیەکی ڕەسمی پەیوەندیو چوارچێوەکانی خۆی جێگیر بکات، چونکە ئەمرۆ عێراق دەسەڵاتێکی هەیە بەبێ ئەمەریکا لەسەرپێی خۆی زەحمەت دەبێت بێ کێشە بوەستێ، ئەمە تەسلیم بون نیە ئەوە ڕاستیەکی بەرجەستەیە. ئەمەریکا دەستی خۆی لەعێراق کورت ناکاتەوە، دەست بەرداری عێراق نابێت، چونکە حساباتی زۆری هەیە لەرۆژهەڵات کە زۆر دوور مەودانو زۆر هەمەلایانەن، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەبێ عێراق بۆ ئەمەریکا مایەی لاواز بونی پێگەیەکی گەورەی خۆیەتی. کوردیش ئەمرۆ بەشێکی عێراقە. ئەمەریکا لەچوارچێوەی ئەم دەوڵەتە دەیەوێت کورد وەکو هێزوپێگەی خۆی بەکاربهێنێت، ئێمە بینیمان لەپروپاگەندەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا، یەکێک لەپڕوپاگەندە هەرە بەهێزەکان ئەوەبوو کە

ئەگەر هێزی ئەمەریکاش لەعێراق بکشێتەوە، ئەوا پێویستە پێگەیەکی ئەم هێزە لەهەرێمی کوردستان بمێنێتەوە. کوردیش پێشوازی لەوەها بیرکردنەوەیەک کرد کە پێگەیەکی سەربازی سوپای ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان هەبێت، ئەمڕۆ بەنسبەت ئەمەریکاوە ئێران کێشەیەکی گەورەیە، لەسیاسەتو بەرنامەی کۆشکی سپی، ئێران جێگایەکی گەورەی مەترسیداری گرتووە، ئەمەریکا وەکو دەوڵەتێکی ئەتۆمی دەڕوانێتە ئێران، ئێرانیش وەکو دوژمنی گەورەو پلەیەک لەئەمەریکا دەڕوانێت، هەردووکیشیان بۆ ئەم دژایەتی کردنەی یەکتر عێراق لە ئەولەویەتیانە لە دروست کردنی گۆڕەپانی ململانێ کە کوردیش لەنێوان دوو هێزدایە لەناوچەکەو لەنێو جوگرافیایەک دا کە لەکۆن‌وئێستاشدا باجی زۆری بەکورد داوە. جوگرافیایەکی نێو دەوڵەتی ناسروشتی کە کورد دەبێت بانگەشەی بەهێزی دیموکراسیو فیدراڵی بکات بۆ ئەوەی لەچوارچێوەیەکی باوەڕپێکراودا بتوانێت خۆی جێگیر بکاتو مانەوەی خۆی مسۆگەربکات. کورد لەناو چوارچێوەیەکی فیدراڵیودیموکراسی دەستوریدا دەتوانێت بەرگەی ئەم ململانێیە گەورەیە بکرێت کە ئاماژەمان پێدا. کورد لەناو یاساو دەستورو خۆ بەهێزکردن لەئاستی بەرهەم هێنانی گوتارێکی ناسیۆنالیستی کوردیدا، دەتوانێت نەخشەیەکی سیاسیو دبلۆماسیو نەتەوەیدا دابڕێژێت کەلانی کەم لەمەترسی گەورە دووری بخاتەوە، دیراسەکردنی بارودۆخی کورد لەناو ئەم هاوکێشە دەوڵەتیو ئیقلیمیانە، زەرورەتێکی زۆرە بۆ ئێستا، چونکە گۆڕانکاریەکان زۆرن، خێران، ئاڵۆزن.

پێویستە چیتر بەو عەقڵیەتە حزبۆکراتیە هەرێم بەرێوەنەبرێت. داهاتوو چارەنوسی گەلێک زۆر گەورەترە لەچارەنوسو بەرژەوەندی حزبو گروپێکی سیاسی. ئەم عەقڵیەتە حزبۆکراتیە گیانی بەدامەزراوەیی بونی هەرێمی مراندووە، نوزەی لێ بڕیوە تەنانەت ئەگەر بتەوێت یاریەکی تۆپی پێ لەیاریگایەک ئەنجام بدەی، وەرەقەی یەکێک لەبارەگا حزبیەکان یان ناوەندێکی بچوکی ئەم دەسەڵاتداریە، حزبۆکراتیەی پێویستە، ئەمەش کارەساتەکەیە. کە هەموو لایەنەکانی بەرێوەبردن رەنگی حزبۆکراتی گرتووە لەبری دیموکراتی.

ئێستا لەگەڵ گۆڕینی ئیدارەی کۆشکی سپی‌و هاتنی ئۆباما، روانینی ئەمەریکاش بەرامبەر ئێران گۆڕاوە، بەرادەیەک لەبری زمانی توندی هەڕەشە، هەردوو لا باسوخواسیان گەرمە لەسەر ئەوەی بێمەرج پێکەوە دانیشن‌و دیالۆگ بکەن، ئەمەریکای سەردەمی دەسەلاتداریەتی بوش، جیاوازە لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئۆباما دەربارەی ئێران، بۆیە نابێت کورد وەکو سەردەمی دەسەڵاتی بوش بڕوانێتە ئێران‌و پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکا، بەڵکو پێویستە لەسەر ئەو هێڵە سەرەکیە روانینی خۆی دابڕێژێتەوە کە ئیدارەی ئۆباما کاری لەسەر دەکات، واتە دەمەوێت بڵێم کە کورد لەناو هاوکێشەی ئێستای سیاسی نێوان ئێران‌و ئەمەریکا پێویستە ئەو هێڵە سەرەکیە لەبیر نەکات کە ئیدارەی تازەی ئۆباما خستویەتە بواری کارکردنەوە. هیلاری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا قسەی لەسەر هەرێمی کوردستان کرد، موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێرانیش هاتە هەرێمی کوردستان، ئەمە دوو روداوی گرنگن بۆ سیاسەتی کورد لەناو هاوکێشەی تازەی سیاسی نێوان ئێران‌و ئەمەریکا، وەزیری دەرەوەی هەردوو وڵات، لەسەر هەرێم قسەیان کردووەو دیارە سیاسەتیان گرنگی دەدات بە هەرێمی کوردستان، ئەی کەواتە دەبێت هەرێمی کوردستان چۆن لەو گرنگیە تێبگات‌و سودی لێ وەربگرێت، یاخود چۆن بالانس رابگرێت‌و نەبێتە خاڵێک لەبەردەم شەپۆلی تازە دەرکەوتوی بەرژەوەندیەکان‌و خۆی ون بکات، ئێمە پێویستمان بە سیاسەتێکی کوردی رۆشن هەیە کە تێیدا هێڵی سەرەکی پەیوەندی سیاسی‌و ئابوری‌و دبلۆماسی کوردو ئەمەریکاو کوردو ئێران رێکبخات لەسەر ئەساسێکی نیشتمانی خاوەن هێز. ئەزمونی هەرێمی کوردی چی تر ئەزمونێک نیە، لەدەرەوەی خۆی دابڕاو بێت‌و چاوی زۆری لەسەر نەبێت، بە پێچەوانەوە ئێستا لەهەموو لایەکەوە چاوی لەسەرە، هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران‌و لەخۆگرتنی ئەم جموجۆڵەی نێوان تورکیاوهەرێم‌و ئەمەریکاو هاتنی وەفدی وڵاتانی ئەوروپاو چەندینی تر...، راستیەکن لەم روەیەوە. بۆیە ئێمە پێویستمان بەکرانەوەیەکی زۆرو شەفافیەت‌و رێکخستنی گوتارێکی تازەی کوردی یە کە هەناسەکەی لەئازادی‌و دیموکراسی‌و

ئیدارەیەکی سەرکەوتوو وەربگرێت، چونکە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی ناسک داین، تۆ سەیرکە لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، چۆن هاوکێشەکان قسەیان لەسەر دەکرێتو چۆن بەرامبەر هەڵبژاردنی کوردستانیش لەئاستی دەرەکیەوە قسەی لە بارەوە دەکرێت، کەواتە کورد لەبەردەم گۆڕانێکی تازەو هاوکێشەی نوێ دایە، ئەمەش بە میکانیزمی دوێنێ بەرێوەنابرێت، بەڵکو پێویستە گۆڕان بکرێتو لەوە زیاتر لەناوخۆماندا ترسمان لەیەکترو تاقیکردنەوەی تواناکانی یەکتر نەبێت، ئەوە بەمانای ئەوەی مەسئولیەتی پاراستنی ئەم هەرێمە لەهەموو مەسئولیەتێک گەورەترە، لەهەموو حزبێک گرنگتر چوارچێوەی ئەم هەرێمەیە نەوەکو چوارچێوەی حزب. بەمەش دەتوانین بچینە ناو چوارچێوەی سیاسی ئیقلیمی نێوان ئێرانو ئەمەریکا لە عێراقو ناوچەکە. ئەوان هاوکێشەیەکی فراوانیان هەیە لە روبەروبونەوەی یەکترو چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ یەکتر، ئێمە لەناو ئەم هاوکێشەیەدا لە خاڵێکی کەم نەوەستاوین، بەڵکو دەبێت هەڵسەنگاندنمان بەهێزتر بێت بۆ ئەوەی نەکەوینە دەرەوەی هاوکێشەکان، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی بەزەیی نیەو دنیا بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیدا دەگەڕێت، ئێمەش لەم هەرێمە ئەگەر بمانەوێت شورایەکی پاراستنی بەرژەوەندیەکانمان هەبێت ئەوا تێگەیشتن لەم هاوکێشانە زەرورەتێکەو ناکرێت دوابخرێت. دوای دەست بەکاربونی ئۆباما هەوڵی جددی هەیە لەناو ئەمریکیەکان بۆ پرسی کوردو چارەنوسەکەی لەعێراقدا، کە هەندێک لەو هەوڵانە پڕۆژەن، یان پێشنیار یان بەرنامەن، کە داوا دەکرێت ئەمەریکا بایەخیان پێ بدات، بۆ نمونە پڕۆفیسۆرێکی شارەزای کاروباری سیاسی وەکو(هێنری بارکەر) لە لێکۆڵیەوەکەیەدا، هانی ئەمەریکا دەدات کە پرسی کورد فەرامۆش نەکاتو پێگەی کوردو کێشە نەتەوەیەکەی لە رۆژهەلاتی ناوەراستو عێراق بەتایبەتی لەبەرچاو بگرێت، بارکەر پێی وایە پێش ئەوەی ئەمەریکا لە عێراق بکشێتەوە پێویستە بەبایەخەوە ئاگای لە جێبەجێ کردنی داوای کوردەکان بێت، ئەگینا دوای ئەوەی سەقامگیری عێراق ئاسان نابێت، لەلایەکی تریشەوە داوا دەکات کە ئەمەریکا رۆڵی خۆی راستەوخۆ بگێڕێت بۆ یەکلایی

کردنەوەی کێشەی نەوتو غازو گرێبەستەکانی هەرێمو ئەو کێشانەی کورد لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ بەغدا هەیەتی، بەرادەیەک کە ئەمەریکا حساب بۆ ڕای کوردەکان بکات لە عێراقدا، هەروەها بارکەر دەڵێت: پێویستە ئەمەریکا هەموو تواناکانی خۆی بخاتەکار بۆ ئەوەی سیستەمی فیدڕاڵی عێراق سەرکەوتوو بێتو هاوکاری کوردەکان بکات بۆ ئەوەی لەسیستەمی فیدڕاڵی هەرێمەکەیان سەرکەوتوو بێت، وەک چۆن بارکەر پێشنیار دەکات کە ئەمەریکا پشتگیری تەواوی دانوسانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بکاتو خۆی هەوڵی کارا بدات بۆ ئەوەی هیچ جۆرە گرژییەک لەنێوان هەرێمو تورکیا نەمێنێتو ناوچەکە سەقامگیر بێت، ئەمەو چەندین پێشنیاری تر کە بارکەر جەختیان لەسەر دەکاتەوە. ناوەندی سیاسی ئەمەریکاو بڕیار بەدەستەکان نەوەکو هەر ئێستا بەڵکو داهاتوش چەندین لێکۆڵینەوەو پێشنیارو پڕۆژە دەخەنە ڕوو لەسەر عێراق بەگشتیو کورد بەتایبەتی. بۆیە هەرێمی کوردستان لەناو هاوکێشەی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا وەکو بەشێک لە عێراق هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت بەلام بەگوێرەی شێوەو چەندیەتیو مەودای بەرژەوەندیەکان نەوەکو شتێکی تر کە ئێمە زۆر ئومێدمان لەسەری بنیاد ناوە، بەرژەوەندیەکان هاوکێشەکان دروست دەکەنو وە هەڵیشیان دەوەشێننەوە، ئایا هیچ پلانێک هەیە کورد لەم هەرێمەی خاکی خۆی ڕووبەڕووی ڕەوشێکی ئاڵۆز ببێتەوە، یاخود هەرێم بایەخ بە بەهێزی ئەزمونی خۆی دەداتو دەتوانێت بەهێمنی مامەڵە لەگەڵ ڕەوشی تازەو بەرژوەندیەکان بکات.ئەگەر ئەمریکیەکان سیاسەتو ڕوانینیان بەرامبەر دەوڵەتێکی وەکو ئێران بگۆڕێت! زۆر زۆر ئاسانە بەرامبەر ئێمەش بگۆڕێت، چونکە هەتا سەر یەک جۆرە وێنەو واقیعو بەرژەوەندیو ئامانج نامێنێت، بەخێرایی سیاسەتەکان دەگۆڕێنو سیاسەتی تازەش لەدایک دەبێت. ئەمەش هاوکێشە سەرەکیەکەیە کە بەر لەهەموو کەس، ئەم دەوڵەتەی ئێمە دەگرێتەوە کە کورد بەشێکی سەرەکی پێک دەهێنێت لە ئێستادا. ئێرانیش دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراقو دوای لێدوانەکانی ئۆباما، هیچ گومانی تێدا نیە ڕوانینی بەرامبەر عێراقو چۆنیەتی ڕەفتارکردنی

لەگەڵ ئەمەریکا لەعێراق‌و عێراقیەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، واتا بەکورتی هەم ئەمەریکا هەم ئێران گۆران دەکەن لە مامەڵەکردنیان کە کوردیش پێویستە گۆڕان بکات، چونکە هاوکێشەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بەرەو گۆڕانە.

## کێ بڕیار دەدات

زۆرێک لە شارەزایانی سیاسی، کاتێک کە سەیری بارودۆخی کوردستانو ئەزمونە سیاسیو پەیوەندیەکانی دەکەن لەگەڵ ئەمەریکا، لەسەر ئەو رایەن کە تاوەکو ئێستا ئەمەریکا هەڵویستو مامەڵەکانی لەگەڵ کورد جێگیر نیە. لە هەندێ کات زۆر لەکورد نزیک دەبنەوە، هەندێ جاریش ئەمەریکا ئامێری فشارە بەسەر کورددا، ئەمەش بەرژەوەندیو سیاسەتو پلانو بەرنامەکانی ئەمەریکایە ئەم دۆخەی خولقاندووە. دڵەڕاوکێی کوردیش لەجێگای خۆیەتی بەرامبەر بەم جۆرە هەڵسوکەوتە. بەڵام ئەوەی جێگای لێ وردبونەوەو پێداچونەوەیە، چۆنیەتی رەسم کردنی بڕیاری نزیک یان دور بونە لە ئەمەریکا، لەلایەن کوردەوە. ئایا کێیە بەناوی گەلی کورد بڕیار دەدات کە لەئەمەریکا نزیک بین، یان لێی دوور بین؟ چونکە گرفتی سەرەکی ئێمە چۆنیەتی مامەڵەی ئەوان نیە هێندەی جۆری مامەڵەی خۆمانە لەناوخۆمانو لەگەڵ ئەوان، یەکێک لە چاودێرە سیاسیەکانی

عەرەب دەربارەی پەیوەندی نێوان کوردو ئەمەریکا دەڵێت: سەرچاوەی بڕیار لەئەمەریکاو لە کوردستان ئاسمانو ڕیسمانە، لە ئەمەریکا دەیان دامەزراوەو ناوەندی گرنگو شارەزا هەن بەرنامە دەخەنە بەردەم ئیدارەی ئەمریکیو کاریگەریان هەیە لە بڕیاردان، لەهەمان کاتدا سەرۆکو جێگرو راوێژکارەکانیانو ئەوانەی لەکۆشکی سپین سەرچاوەیەکی تری بڕیاردانن لە ئەمەریکاو گوێیان لێ دەگیرێت، بەڵام لای خۆمان دڵنیام لە زۆر بڕیاردا سەرۆک پرسی بە جێگرەکەی نەکردووە؟ یەکێکی تر لە ناوەند گرنگەکان وەزارەتی دەرەوەیە، ئەم وەزارەتە رۆڵی گەورە دەگێڕێت لە ناساندنو خوێندنەوەی خۆی بەرامبەر وڵاتێک یان لایەنێک لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەمەریکا، بۆ نمونە کورد. واتە وەزارەتی دەرەوە سەرچاوەیەکی گاریگەرە لە بڕیاردانی سیاسی ئیدارەی ئەمریکی. بەڵام لای خۆمان هێشتا ئەزمونی سیاسی بۆ دەرەوەی خۆمان پڕە لە گرێوگۆڵی حزبیو بچوک بیرکردنەوە. دامەزراوە ئایدۆلۆژیو سیاسیو فکریەکان بەشدارن لە بڕیارەکانو کاریگەری خۆیان هەیە، گوێ لە پێشنیارو بۆچونو جیاوازیەکانیان دەگیرێو دەتوانن بەرنامەو پلانو بۆچونەکانیان بگەیەننە ناوەندی بڕیارو کۆشکی سپی. بەڵام لای خۆمان وێنەی ئایدۆلۆژیە جیاوازەکان چارەیان زۆر گرانە، نەخوازەلا گوێیان لێ بگیرێتو نازانین جیاوازی چیەو دەبێ چۆن گوێ لە بۆچونی یەکتر بگرین. وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاش یەکێکە لە ناوەندە بەهێزەکان کە رۆڵی خۆی هەیە لە چۆنیەتی بڕیاری سیاسی ئەمەریکاو مامەڵەکانی لەگەڵ تەواوی ئەو شوێنو لایەنو وڵاتانەی کە ئەمەریکا پەیوەندی لەگەڵیان هەیە، میدیای ئەمریکیش نەخشی خۆیان هەیە لە ئاراستەکردنی رای گشتی ئەمەریکاو کار لە بڕیاری سیاسی ئەمەریکا دەکەن، بەڵام لای خۆمان میدیا کراوەتە مەترسیەک کە وەکو دووژمن سەیری دەکرێو میدیاش دەسەڵاتی لابۆتە مەترسیو ئەوەی ونە کاریگەرییە راستەقینەکەیە کە پێویستە بناسرێتەوە لەناو میدیای کوردیدا. لە ئەمەریکا دەزگای موخابەراتی سی ئای ئەی، بەشدارە لە بڕیاری ئیدارەی ئەمەریکاو کاریگەری خۆی هەیە لە پێناو چۆنیەتی بڕیاردانی ئەمەریکا، بەداخەوە ئەم دەزگا هەواڵگریە لای خۆمان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریە

لەسەر حزبو گروپو لایەنەکانی ناوخودی کوردستان نەوەکو شتێکی تر، بۆیە رۆڵیشی هەست پێ ناکرێ لە بریاری سیاسی کوردستان. کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئەمەریکا نەخشی خۆیان لە چۆنیەتی سیاسەتی ئەمریکیو ئەوان کاریگەری گەورەیان بەسەر کۆمەڵگەی ئەمریکیو ناوەندی بڕیارەوە هەیە، بەڵام کۆمەڵگای ئێمە کۆمپانیاکانی حزبی یان لەسەر شێوازی سیاسەتی حزبی بەرێوەدەچنو ناتوانن رۆڵیان لەسەر ئاراستەکردنی رای گشتی کوردستان هەبێو بگەنە ناوەندی بڕیار. بەکورتی لە ئەمەریکا دەیان دەزگای زەبەلاح بەشدارن لە بڕیارو لای خۆمان دوو حزبو بەرژەوەندی حزبی. ئەمەش ناهاوسەنگیەکی گەورەی پەیوەندی نێوان ئەمەریکاو کوردە. راستە کورد نابێتە ئەمەریکاو دوو شتی لەیەکتر جیاوازن. بەڵام خۆ دەکرێ بتوانین دامەزراوەی ستراتیژی باشو پسپۆرمان هەبێ بۆ ئەوەی بزانین چۆن بڕیار دەدەین بەرامبەر پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمەریکاو دەوروبەر وەکو تورکیاو ئێرانو.......هتد. خەمی ئێمە چۆنیەتی جێهێشتنی عەقڵیەتی تەسکی حزبیە لە سیاسەتو بوونە بە دامەزراوەو خاوەن سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی خاوەن ستراتیژو پلانو بەرنامەی گونجاوو واقیعی. بۆچی ئەو دەوڵەتانە دنیایەک راپۆرتی ستراتیژی ساڵانە بلاودەکەنەوە کەچی ئێمە هەشمان بێ بێ بایەخی دەکەین، ئەوان خۆیان ئەو لایەنانە هان دەدەن، بۆ ئەوەی راپۆرتو بەرنامەو رای خۆی خۆیان ئامادە بکەنو بیدەنە دەسەڵاتداران، کەچی ئێمە دنیایەک گومانو کۆسپ بۆ ئەو کەسانە دروست دەکەینو شتەکانیان بێ بایەخ دەکەینو گوێی لێ ناگرین، ئەمەش دۆخێکی ناتەندروستە لە سیاسەت کردن لەناو کۆمەڵگایەک کە ئیدیعای دیموکراسیو کرانەوەو سیستەمی سیاسی هاوچەرخ دەکات.

کەرکوک گرێی سیاسی عێراقە لەنێوان کوردو بەغدا، یەکێک لە سیاسیەکانی کورد ئاماژەی بەوەدا کە ئەمریکیەکان هەوڵ دەدەن کە فشار بخەنە سەر کورد بۆ ئەوەی تەنازول لە هەندێ شت بکات لە کەرکوک. ئەم قسەیە پێویستی بە دواداچونەو ئەگەر دەزگای تایبەتمەند هەبێ، ناکرێ فەرامۆش بکرێو بزانرێ بۆچی ئەمەریکا دەیەوێت بێتە ناو کێشەی لەمجۆرە، ئایا بەرژەوەندیەکانی

خۆی وای لێ دەکات، یان فشاری تورکیایە، یان بەغدایەو ئیتر زۆرێک بۆچونی تر. کەواتە پێویستیمان بە خوێندنەوەی روداوەکان‌و لێدوانەکان‌و هەوڵ دانە جۆراوجۆرەکانە بەرامبەر کوردو کێشەکەی. ئێستا وەکو چۆن بارودۆخی سیاسی عێراق ناجێگیرە، بەهەمان شێوە بارودۆخی ئەمەریکاش باش نیەو پرسی کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، مایەی ئاڵۆزی سیاسەتی ئەمەریکایە لە عێراق، چونکە ئۆباما بەڵێنی بەگەلی ئەمەریکا داوە کە لە عێراق دەکشێتەوە، لەلایەکی تریشەوە رەوشی عێراقیش بۆنی خوێن پڕی کوچەکانی بەغدایە. ئەگەر باری ئەمنی بەم شێوەیە بێت‌و هێزە سیاسیەکانیش لەبری دیموکراسی‌و دروستکردنەوەی ئەم دەوڵەتە، خەریکی ناکۆکیە کوشندەکانیان بن، ئەوا ئیحراجی بۆ ئەمەریکا گەورەتر دەبێ، ئەگەر بەجێشیبهێڵێ بە کارەسات‌و تراژیدیایەکی خەمناک دەڕواتەوە. مانەوەشی دیسان هەر بۆخۆی کارەسات‌و تراژیدیایەکی ترە. ئەمەش راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری بەسەر رەوشی کورددا هەیە لە عێراقدا. هەم مانەوەی ئەمەریکاو هەم کشانەوەی بۆ کورد جێگای بایەخەو لە هەرێمی کوردستان‌و لە بەغدا شتی تازە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەتی ئێمە ئاگامان لە رێککەوتنی نێوان عێراق‌و ئەمەریکا سەبارەت بە کشانەوەی ئەمەریکا هەیە. ئیتر لەناو ئەم رەوشەدا دەپرسین چۆن هەنگاو بنێین باشە؟ کێ بڕیار دەدات؟ کێ دەبێ ئاگای لە گۆڕانکاریەکان‌و هاتنە پێشی روداوی تازەیە؟ ئایا کورد دەتوانێت سەرکەوتوو بێ، بۆ ئەم مەبەستە نەخشەی سیاسی عێراق لە داهاتوو، رەوشی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە داهاتوو، بە باش‌و خراپ کۆمەکی زانینمان دەکەن.

## رایمۆند ئۆدێرنۆ بۆ وا دەکات

ئەگەر تەماشای گوتاری کوردی بکەیت، زمانی دەستور جێگای زمانی تفەنگو جەنگی گرتۆتەوە، بۆ هەموو مافە نەتەوایەتیەکانو گرفتو چەوسانەوەکانی کورد لەعێراقدا، کورد پەنای بردۆتە بەر زمانی دەستور. لەبری هەموو هەڕەشەیەک کە لەبەغداو دەوروبەرو ئەمەریکاو بەریتانیا کە لەکورد دەکرێ، پەنای ئێمە شاخەکانو دەستورە. ئەمەش مانای بەرگری راستو چەپ نیە لەدەستوری عێراقو پێمان وابێت کەلامی خوایەو هیچ هەڵەو خراپیەکی تێدا نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ماددەی وەکو (١٤٠) تێدایە کە شەڕی کەرکوکو ناوچە دابڕێندراوەکانی ترمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە. ئێستا هەم شەقامی کوردیو هەمیش سەرکردایەتی سیاسی کورد جەخت لەوە دەکاتەوە کە ماددەی دەستوری ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، نە تۆپو تەیارەو نە پێشمەرگەو نە هیچ چەک بەدەستێکی کوردمان نەبردۆتە سەر کەسو دەوروبەری کەرکوکو موصڵو دیالەو بڵێین

ئەگەر خاکی تەعریب کراومان نەدەنەوە ئەوا جەنگ بەرپا دەکەین. ئەوە ئێمە نین هەڕەشەی مەترسیدار دەکەین، ئەوە ئێمە نین هەرای ئەوەمان بێت کە دەبێت دەستوری هەمیشەیی هەموار بکرێ بەجۆرێک کە لەبەرژەوەندی هیچ لایەک نەبێت جگە لەوانەی کە خەونی تاکوهیوایەتی فەرمانڕەوایەتی نادیموکراسیان هەیە. ئا لەم کاتەدا کە کورد زمانی دەستوری هەیە، ئا لەوکاتەدا کە مالکیش دێتە کوردستانو نێچیرڤان بارزانیش دەچێتە بەغدا، ئا لەوکاتەدا کە هەموو لایەک جەخت لەوە دەکەنەوە کە بە دیالۆگو رێککەوتن گرفتەکان چارەسەر دەکرێ، تەنانەت دەوڵەتانی دەوروبەریش گەش بینانە قسە دەکەن. کەچی رایمۆند ئۆدێرنۆ رایدەگەیەنێت کە:» شەڕی کوردو عەرەب جێگای شەڕی سوننەو شیعەی گرتۆتەوە». جارێ با لەوە دەست پێ بکەین کە بۆچی سەرۆکایەتی هەرێم یان حکومەت یان دەزگای پەیوەندی دار هەرێم، هەڵەیەکی مەترسیداری بۆ ئۆدێرنۆ راست نەکردەوە، هەڵەیەک کە نابێت کەسایەتی وا لەم پۆستو پلەو پایە بەم جۆرە شتی وا بڵێت، ئەویش شەڕی نێوان کوردو عەرەب!، بێگومان دەبوو وەڵامی ئۆدێرنۆ بدرابایەوەو پێی بگوترابایە کە کورد شەڕی لەگەڵ عەرەب نەبووەو ناشبێت، شەڕی کورد لەگەڵ فارسو تورکو عەرەب نیە، شەڕی کورد لەگەڵ سیستەمو دەسەڵاتو حکومەتو چوارچێوەی نێودەوڵەتی ئەو چوار دەوڵەتەیە کە کوردستانیان دابەش کردووە، واتە کورد شەڕی لەگەڵ نەتەوە دراوسێیەکانی نیە، واتە ئاسایی بوو کە ئۆدێرنۆ بڵێ هەولێرو بەغدا نێوانیان ناخۆشە، بەڵام ئەوە ئاسایی نیە بڵێ کوردو عەرەب!. لەسەر ئەم قسەیەی گوێم لێ نەبووە کەسێک بەفەرمی وەڵامی بداتەوەو بەبەرێزیان بڵێت پێویست ناکات هێندە بەناوی کورد لێدوان بدات. لەلایەکی ترەوە دوای ئەم راگەیاندنەی دوای چەند رۆژێک بۆ رادیۆی سەوا گوتی: « ئێستا مەترسیدارترین کێشەی عێراق لەروی ئەمنو سیاسییەوە کە چارەنوسی عێراق بەرەو خراپ دەبات، کێشەی کوردو عەرەبە لە بەغدا»وە بەمەترسیدارترین کێشەی ناوبرد. لێرەدا دەکرێ دیقەت لەدووشت بدەین، یەکەمیان: یان ئەوەتا مەترسیەکی گەورە بۆتە واقیعیو سەرکردایەتی سیاسی کورد لەهەموو خەڵکی کوردستانی دەشارنەوەو جەنگێک

لەگەڵ حکومەتی عێراق بەڕێوەیەو دانیشتنەکانی گیتس‌و هاتنی بۆ هەرێم‌و جۆ بایدن‌و مالیکی‌و هەموو ئەوانە پڕن لە نهێنی‌و لە گەلی کورد شاردراونەتەوە؟ یان ئەوەتا ئۆدێرنۆ بە ئاشکرایی دەیەوێت هەوڵی هەڵگیرسانی جەنگێک بدات لەنێوان هەردوو نەتەوە کوردو عەرەب، ئینجا لەعێراق بکشێتەوە. لەم دوو شتە دەبێ یەکێک لە راستیەوە نزیک بێ، چونکە من سەرم سوڕماوە لە سەرکردایەتی سیاسی کوردو ئەو گەش بینی‌و یەکتر ماچ کردنەی لەگەڵ سوننەوشیعەو مالیکی‌و هاشمی‌و عادل عبدالمهدی‌و سەرجەم هێزو حزب‌و لایەنەکانی تری ناو عێراق هەیەتی. ئەم جەنەڕاڵە ئەمریکیە لەم هەموو چاوپێکەوتنەکانی ئاماژە بەم مەسەلەیە دەدات‌و کورد پێویستە رونی بکاتەوە ئایا زمانی دەستور بەتەواوی شکستی هێناوەو گەل چاوەڕێی جەنگ بکات، یان ئەو شتانە دوورن لە راستیەوەو دیالۆگ‌و پێکەوەبونمان لەگەڵ عێراق بەم جۆرە گرێی کێشەکانمان دەکاتەوە. پێویستە کورد بیر لەهەموو ئەگەرێک بکاتەوەو درک بەو هەستە ئەمریکیە بکات کە ئێستا لە عێراق دروست بووە لەسەروبەری کشانەوەی سوپاکەیان لە عێراقدا. بێگومان دوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا، لەعێراق. حکومەتی عێراق لەجیاتی جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوری هەمیشەیی، ئۆپەراسیۆنی دیجلەی دروست کردو ناردیە سەر خاکی کوردستان بۆ ئەوەی روبەروی گەلی کورد ببێتەوە. لاوازی کورد ئەو کاتە دەرکەوت کە نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک لە دروست کردنی کێشەی لەم جۆرە لەناوچە دابڕێندراوەکان خۆش بوونایە. بەتایبەت ئەم جموجۆڵە نائاساییانەی سوپای عێراق دەرهەق بەگەلی کورد لەناوچەکەدا. دوای کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لەعێراق، ئەم دەوڵەتە بۆتە زەلکاوی تیرۆرو کوشتن وکێشمەکێشی سیاسی، تەنانەت بەئاشکرا داوا دەکرا بەشێکی سوپای ئەمەریکا رەوانەی عێراق بکرێتەوە. جەنەڕاڵەکەی ئەمەریکا هانی جەنگ وکێشەی کوردو عەرەبی دا، ئێمەش دەبینین ئۆپەراسیۆنی دیجلە بەدڵی ئەو دەکات.

لێرەدا پێویست کورد لەنێوان موجامەلەکردنی ئەمەریکاو سیاسەکانی عێراق، لەگەڵ بڕیاری کوردانەی خۆی، خۆی یەکلایی بکاتەوە. ئایا چۆن دەکرێت بەناوی کوردو کێشەکەی قسە بکرێت، کەچی کورد لەبری وەڵامی راستەوخۆی،

موجامەلە بکات، گەلی کورد لەبەردەم مەترسی ئەم جۆرە لاوازیەدا توشی دووبارەبوونەوەی هەندێ کارەساتی رابردوو دەبێتەوە. بۆیە کورد پێویستی بە بڕیاری حەکیمانەو سیاسیانەو گرنگە، نەوەکو موجامەلە.

# کورد داوای سەربەخۆیی ناکات

پرسیاری سەرەکی کۆمەڵگەی کوردی لەعێراقدا، پرسیاری بوونەوە بەعێراقیەکی زۆر دڵسۆزە لە لایەن ئەو سەرکردەو سیاسی یە کوردانەی نیو سەدەیە بەناوی سەربەخۆیی کوردستانو مافی گەلی کورد خەباتی خۆیانو دروشمی سیاسی خۆیان درێژە پێ دەدەن. لەدوایی ساڵی(١٩٩١)و تاوەکو (٢٠٠٣)ەوە تاوەکو ئەم چرکە ساتە گرنگترین پرسیار بۆ کیانی نەتەوەییو چارەنوسو پێگەی کورد، بریتی یە لەفۆرمی ژیان لەناو عێراقدا یان فۆرمێک پێمان بڵێت کە ئیتر ئێمە عێراقی نینو کیانی سەربەخۆی خۆمان دەوێت. بۆچی کورد داوای سەربەخۆیی ناکات؟ یان ئایا بۆچی سەرکردایەتی سیاسی کوردو فەرمانڕەواکانی کورد لەعێراقدا داوای سەربەخۆییو جیابوونەوە لەعێراق ناکەن. ئێمە بینیمان لەساڵی(٢٠٠٥) گەل قسەی خۆی کردو داوای سەربەخۆیی کوردستانی کرد. بەڵام تاوەکو ئێستا فۆرمی ژیانی عێراقیانەو فیدراڵیانە یەکەمین داواکاری سەرکردایەتی سیاسی

کوردە. دەبێ گەل پرسیار بکات ئێمە لەم عێراقە بەرەو چ داهاتوویەک دەڕۆین‌و دەکرێ هەر لەم چوارچێوەیەدا بمێنینەوە. کورد چی لە ئەمەریکاو هاوپەیمانان داوا دەکات، بۆچی داواکاریەکانی لەبەرامبەر ئەمەریکا ناگۆڕێت، ئەو ئەمەریکایەی عێراقی لەژێر چنگ دایەو دەتوانێت نەخشەی سیاسی دەستکاری بکات، هیچ نەبێت هیممەتێکمان بۆ بکات، ئەگەر خۆمان لە کوردستانەکەی خۆمان بزانین چی لێ داوا دەکەین؟ ئەمریکیەکان هەمیشە جەخت لەرۆڵی کورد لەدروست کردنەوەی عێراقی دوای صەدام دەکەنەوەو ستایشی کورد دەکەن عێراقیەکی بێ کێشەو بێ توندوتیژیو بێوەیە. کورد خۆی بەم قسانە نەک هەر وەڕەز نابێت بەڵکو هەموو جارێ خۆشحاڵیش دەبێ بەم هەڵسەنگاندنە..کەواتە ئایا بەجددی ئێمە سەربەخۆیمان لەبیرچۆتەوە؟ با هەندێک نمونەی زیندوو بخەینە روو بۆ خوێنەران بۆ ئەوەی وردتر لەبابەتەکە بچینە پێشەوەو هەڵوەستەیەک بکەین لەبارەی پرسی داواکاری سەربەخۆیی کوردستان..لە گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٥٦ بەرواری ٢٠١١/٣/٢٠، لاپەڕە ١٠ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ «تیم کارنی» باڵیۆزی پێشوی ئەمەریکا لە سودان ساز کردووە، هەر لە مانشێتی چاوپێکەوتنەکەدا بەم جۆرە دەرگای گفتوگۆکە کراوەتەوە کەدەڵێ» هیچ دەسەڵاتدارێکی کورد داوای سەربەخۆیی نەکردووە، تا ئەمەریکا وەک باشووری سودان پشتیوانی ریفراندۆمێک بکات». لڤین لەپێشەکیەکەی دا بەم جۆرە ئەم سیاسی یە ئەمریکیە دەناسێنێ: تیم کارنی، سیاسەتمەدارێکی خانەنشینکراوی ئەمریکیە، ٣٢ ساڵ لەبەشی سیاسەتی دەرەوە کاری کردووە، ئەو لەساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لەهایتی، لەم دواییانە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەسەرۆکایەتی بۆردی پرۆژەی دیموکراسی هایتی راگەیاند، ئەو باڵیۆزی ئەمەریکا بوو لە سودان لە ١٩٩٥ -١٩٩٧ یەکێک بوو لە کاریگەرترین باڵیۆزەکان‌و چەندین پۆستی باڵاشی هەبووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، کارنی چەند پۆستی دیکەشی لەنەتەوەیەکگرتوەکان بینیووە، ئەو یەکێکیش بوو لەوانەی لەگەڵ جێ گارنەر، لەئیدارەی بوش بۆ عێراق نێردران‌و ماوەی چەند مانگێک لەعێراق مایەوە.

ئەم سیاسیە ئەمریکیە لەهەستی فەردی کورد بۆ سەربەخۆیی بێ ئاگا نیە، وەک

چۆن لەڕاستی سیاسییەکانیشی بێ ئاگا نیە، ئاماژە بەوە دەدات لەلای تاکی کورد گەڕانێک هەیە بۆ فۆرمێک لەدەوڵەتی سەربەخۆو لەلای سەرکردایەتی سیاسی کوردیش ئەم فۆرمە وجودی نیە. ئەوەی سەیرە هەندێ جار لەکۆنگرەو کۆڕو کۆبوونەوە، یان چاوپێکەوتن‌و لێدوان سەرکردەو سیاسیەکان باسی دەوڵەتی کوردی‌و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، بەڵام دوایی چەند ڕۆژێک هەزار شێرو ڕێوی دەهێننەوە، بەهەزار ڕەنگ لەگوتن‌و باسکردنەکە پاشگەز دەبنەوەو پاشەکشە دەکەن، بەرای من ئەمە تراژیدیایەکە شعوری نەتەوەیی تاکی کورد لەبەردەم ئەوانی دی، دەوروبەرو جیهان تێک دەشکێنن‌و ئازارێکی گەورەی دەدات. کۆمیدیایەکە ئەوانی دی سەیرمان دەکەن‌و نەرمە قاقا لێ دەدەن. بۆ ئەوان کۆمیدیاو بۆ ئێمە تراژیدیا. چونکە سەربەخۆیی کوردستان داواکردنێکی شۆڤێنی، ناواقیعی، بچوک نیە، من بۆ ئەوەی وەک نەتەوە بونم بێ مەترسی‌و پارێزراو بێت، زمان‌و ڕۆح‌و فەرهەنگی نەتەوەم بەرەو نەمان‌و توانەوە نەچێ، دەبێ دەوڵەتم هەبێ‌و ئاڵام لەجیهاندا بناسرێ، ئەمەش بۆ نەخشەی پێکەوەژیان‌و هەماهەنگی مرۆڤایەتی شتێکی خراپ‌و مەترسی دار نیە. من بۆ ئەوە دەوڵەتم ناوێ پەنجەرە لە سەرخۆم دابخەم‌و دەرەوەی خۆم نەبینم، لەماڵی خۆمدا نەیەمەوە دەرەوە، ئێمە بۆ ئەوە دەوڵەتمان دەوێت پەنجەرەکان بکەینەوەو سەیری شارستانیەت، مرۆڤایەتی پێکەوەژیان بکەین‌و دەوڵەت وەسیلەیەک بێت تاکی داهێنەرو خاوەن کەسایەتی‌و بەهێز پێشکەشی مێژوو تەواوی مرۆڤایەتی بکەین. دەوڵەت لای من ئەگەر ئەم مانایە بەژیان‌و بیرکردنەوەم نەبەخشێت بایەخێکی ئەوتۆی نیە.

دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ئێستا وەکو مەترسیەکی گەورەی نەتەوەیی سەیری کورد ناکەن! نەتەوەیەک بەدوای ئەوە بگەڕێت لەژێر چەپۆکی ئەواندا بێتە دەرەوەو لباسی خۆی بپۆشێت، بەڵکو ئەم دەوڵەتانە وەکو ناوەندێکی بازرگانی پڕ قازانج سەیری کوردستان‌و فەرمانڕەوایە کوردیەکەی دەکەن. هەر دوێنێ بوو مەراسیمی بینینی مەرزە سنوریەکانمان بینی کە ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەفەرمی دەیکردنەوەو ئیدی ئێرانیەکان بەشاگەشکەییەوە باسی گەورەبون‌و زیادی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیان دەکرد. دواجار ئەردۆغانی

سەرۆک وەزیرانی تورکیاش گەیشتە هەولێر، قردێلەی کردنەوەی یەکێک لە گەورەترین فرۆکەخانەکانی دنیای برِیو چەپڵەی لەتەنیشت سەرۆکی هەرێمو کاربەدەستانی کورد لێدا بۆ تەواوبونی ئەم پرۆژەیە، ئەو پرۆژەیەی تورکەکان جێبەجێیان کردو پارووەیەکی گەورەی ئابوریان خستە دەمی وولاتەکەیانەوە. ئەردۆغانیش بەشاگەشکەیەوە موژدەی ئەوەی دەدا کەقەبارەی بازرگانی لەگەڵ هەرێم لەداهاتوودا دەگەیەننە ٢٠ملیار دۆلار. ئیدی دەبێ لەناو کۆڵانی تەسکی عەقڵیەتی ئەم ناوچەیە لەکوێدا رێگایەک بدۆزینەوە بگەینەوە بەسەربەخۆیی کوردستان. هاوکات لەگەڵ ئەم روداوانەش شەقامی کوردی دەکوڵێ لەنارِەزایەتی دەربارەی دەسەلاتی کوردی خۆی لەناو هەرێمی کوردستان. بەدڵنیایشەوە ئاغای سەرکونسلگەری ئێران لە هەولێر( سەید عەزیمی حوسەینی) لەگۆڤاری لڤین، ژمارە ١٥٨ بەرواری ٢٠١١/٤/١٠ لاپەرە ٢٠دا دەڵێ:» بەدڵنیایەوە زانیاریمان لەلایە، کەئەمەریکا پشتگیری خۆپیشاندانەکانی کوردستان دەکات». ئیدی بەگوێرەی زانیاریەکانی ئێران بێت ئەمەریکا دەسەلاتی کوردی ناوێتو پشتی تێکردووە، بەلام میللەتەکەی دەوێتو لەگەڵ خەڵکەکەیە. وە هەروەها هەر لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر راشکاوانە ئاغای سەر کونسلگەری ئێران دەڵێ:» کۆماری ئیسلامی ئێران پەیوەندیەکی سیاسیو ئەمنیو ئابوری توندوتۆلی لەگەڵ دسەلاتدارانی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان هەیە، حەز ناکات بارودۆخەکە تێکبچێت».

لێرەدا بەدیقەتدان لەم دوو قسەیە ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە شەقامی کوردیو گەلی کورد لەلایەن ئەمەریکاوە پشتگیری دەکرێو دەسەلاتدارانیش لەلایەن ئێرانەوە، دەتوانم بڵێم لەلایەن تورکیاشەوە. گومانی تێدا نیە ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکاو ئێران بەم شێوەیە لەبەرامبەر کورددا دابەش بوو بێت براوەی یەکەم ئەمەریکایە. چونکە وەزعی دەسەلاتدارانی هەرێم قەیراناویەو داهاتووش بۆ نەتەوەیە..وە بیریشمان نەچێ گەل لەگەڵ کام لایەندا بێت براوەیە. ئەمەریکا بەم جۆرە نەخشەیە سەرکەوتوو دەبێت. ئەگەر تێبینی هاتنی رۆبەرت گەیتس بکەین بۆ هەولێر کە وەزیری بەرگری ئەمەریکایە، ئەم هاتنە زۆر دەسەلاتداریەتی سیاسی کوردیو دوو پارتەکەی دڵ خۆش نەکرد، کەواتە

ئەمەریکا لەبری دەسەڵات مامەڵە لەگەڵ خودی گەلەکە دەکات.(بەڵام دوای ڕوداوەکانی ١٩ نیسان ئەمەریکا شتێکی ترە!).
یەکێکی تر لەو تەوەرانەی دەکرێ قسەی دەربارە بکەین، ئەوەیە کە هەمیشە ئەمەریکا ناوەندی فشار بووە بۆ سەر کورد، لەوەتەی بەعس ڕوخاوە سەرکردایەتیەکەی کورد بەغدادی کردۆتە ماڵی خۆی، واتە ئەوەی گەلی کورد لەسەربەخۆیدا دەیبینێتەوە، نەخراوەتە سەرمێزی عێراقیەکانو خودی ئەمریکیەکان. ئێستاش دەبینین لەبری ئەوەی هەرێمی کوردستان ناوەندێکی فشار بێت بۆ سەرئەمریکیەکانو هەمیشە ترسیان لە داواکاریەکانی کورد هەبێت، بەپێچەوانەوە ئەم جارەش ئەمریکیەکان دێنو فشارمان دەخەنە سەر، دەسەڵاتدارانی کوردو سیستەمی حوکمڕانیەکەمان لەهەرێمی کوردستان لەناو ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەمریکیەکان بوونی هەیەو چەندین ڕەخنەی توندمان ئاراستە دەکرێ، زۆر کەم دەبینین لەراپۆرتی ساڵانەی ئەمریکیەکاندا ستایشی کوردو ئەزمونەکەی بەشێوەیەکی فەرمی بکرێ، تەنانەت لەبەر خاتری کورد نا، بەڵکو هەر لەبەر خاتری سیاسەتی خۆیان لەچوارچێوەی عێراقدا، ئەمەش پێش ئەوەی جێگای دڵتەنگی بێت ڕوبەڕوی ئەمریکیەکان ئەوا ڕوبەڕوی خۆمان دەبێتەوە بە پلەیەکی هەستیار. هەلومەرجی کوردستان بەدۆخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێ لەناو کەشتیەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدایەو دەبینین چۆن ڕژێمە سەرکوتکەرو تاکرەو داخراوەکان هەڵدەوەرێن، ئیدی پێویستە بەکردەوە لەگەڵ کۆی نارەزایەتیەکانی شەقام ئاشت ببینەوەو دەسەڵات ئەمە بەکردەوە بکاتو سیستەمێکی دیموکراتی ئازادی شەفاف لەم هەرێمە دروست بکەین بۆ ئەوەی ڕوومان بێت ئەگەر ئەمریکیو ئەوروپیەکانو یان هەر وڵاتێکی ترمان بینی بتوانین داوای مافی سەربەخۆییو نەتەوەیی خۆمان بکەین.
بۆ جوڵاندنی پرسی سەربەخۆیی گومانی تێدا نیە دەبێ لەناوخۆی کوردستانو لەدەمی کورد خۆیەوە ڕێک بخرێ، ئینجا ئەوانی دی ئاگادار بن لەم پرسەو داوا کارییە. بەڵام ئێستا لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر گوتاری کوردی جوداو دووره لەیەکتر. چ جای لەناو تەواوی هەرێمی کوردستان. کورد لەبری ئەوەی

رێکورەوان رووبەروی دنیاو دەوروبەرو ئەوانی دی ببێتەوە لەسەرماف‌و داواکارییە نەتەوەییەکانی، ئەوا خۆی بەدەستی خۆی قورگی خۆی گرتووە وە ئەگەریش کێشە ریشەیەکانی سیستەمی سیاسی‌و بەرێوەبردن‌وحوکمڕانی چارەسەر نەکرێن تەنگەنەفەس دەبین تارادەی ئەوەی ئۆکسجین بۆ جەستەی سیاسی‌و هەرێم نایەت. ئێمە توند دەستی دەوڵەتی تورکیاو ئێران‌و برایانی عەرەب لەعێراق دەگوشین، کوردانە لەئامێزیان دەگرین، وەلێ دەبینین ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران لەناو تورکیاکەیدا بەراشکاوی نکۆڵی لەهەبونی کێشەی کورد دەکات.. ئایا ئەمە لەگەڵ هەستی نزیک بونەوەی گەلی کورد بەرامبەر ئەوان رێک دێتەوە یان هەمیشە هەر ئێمەین باجی مێژوو، باجی نزیک بونەوە پێکەوەژیان دەدەین، ئێمە وەکو کوردو وەکو سەرکردایەتی سیاسی کوردو تەواوی کوردپەروەران و خاوەن هەستی سەربەخۆیی لەبەردەم کردنەوەی گرێیەکی گەورە داین. چونکە سەربەخۆیی کوردو کوردستانەکەی بۆتە گرێیەکی زۆر گەورە لەم رۆژهەڵاتی ناوەراستە. هەر کاتێک لەبارەی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردیەوە، شتێک دێتە گۆڕێ، تورکیاوئێران‌و سوریاوعێراق دنیامان لێ پڕ دەکەن. یەخەی ئەمەریکاو ئەوروپا دەگرن، ئەم گرێیە چییە هێندە قوڵ بۆتەوە، ئایا کورد خۆی زۆر لە ئەوان زیاتر گرێیەکەی ئاڵۆز نەکردووە، چونکە ئەوەتا ناتوانین ئەزمونێک بەباشی بەرێوەبەرین‌و یەکگرتوو بین لەستراتیژیەتی نەتەوەیمان. ئێمە ئەمرۆ نا سبەی، هەر دەبێ ئەم گرێیە بکەینەوەو بەدنیا بڵێین سەربەخۆیمان دەوێت‌و لەباشوری سودان خۆمان بەکەمتر نازانین، مادام تورکێک‌و بەلجیکیەک‌و سویدوسعودی‌و میصریەک‌و کامیرۆنیەک دەوڵەتی خۆیان هەبێت، ئەدی بۆ کوردێکیش نەیبێت!.

# بەشی چوارەم

## ژیان لەگەڵ ترس ...

## سوپا داوای دەسەڵات دەکات

بەهێزبونەوەی سوپای عێراق، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دەشێت زۆرترین قسەی لەبارەوە بکەین، چونکە مێژوی دەسەڵاتداریەتی عێراق، بە بێ سوپاکەی زۆرشتی نوقسانە. ئەو سوپایەی رۆڵی زۆری گێڕاوە لە دروست کردنی مێژوی عێراقدا، تەنانەت رۆڵی راستەوخۆی لە گۆڕینی سیستەمی سیاسیو دەسەڵاتداریەتی عێراقیشدا زۆر ئاشکراو رونە، بۆ نمونە ئەو ئینقلابانەی کە ئەم سوپایەی لە ناو عێراقدا ئەنجامی داوە، یان ئاگای لێ بوەو رێگری نەکردوە، بەداخەوە سوپای عێراق، مێژویەکی خوێناوی خراپی هەیە لە سەرکوتکردنی گەلانی عێراقدا، ئەمەش وایکردوە هەستێک لای تاکی عێراقی دروست بێت، کە سوپاکە بە سوپای خۆی نەزانێت، هەرچەندە ئێمە نامانەوێت بڵێین کە هەرچی خراپەیەک کراوە لە عێراق، سوپا ئەنجامی داوە. نەخێر. بەڵکو مەبەستمانە بڵێین کە سوپای عێراق هەمیشە سوپای ئەو دەسەڵاتدارە تاکڕەوانەی عێراق بووە کە فەرمانی گرتنو کوشتنی پێ دراوە تاوەکو فەرمانی ئەنفالو گوللەباران کردنی قێزەونو کیمیاباران کردن. کورد وەکو نەتەوەی دووەمی (بەرێزە!) دەوڵەتی

عێراق، لەسەر دەستی ئەم سوپایە تالاوی زۆر ترسناکی چەشتووە، ڕاستە کورد دژی سیستەمی سیاسی عێراق لە پێناو مافە نەتەوایەتیەکانی خەباتی چەکداری کردوە، لە خەباتی چەکداریش چاوەڕێ ناکرێت بەرامبەرەکەت هەنگوینت بداتێ، بەڵکو ئەویش بە سوپاو چەکەوە وەلامت دەداتەوە، بەلام بەنسبەت کوردەوە ئەم سوپایە سنورە قەدەغەکراوەکانی دامەزراوەی سوپاو یاساو ڕێساکانی سوپای بەزاندووە، بەرادەیەک زۆر ترسناکیش بەزاندویەتی، بۆ وێنە سوتانی هەزاران گوند، کیمیاباران‌و ئەنفال، ئەمە ئەو ترسە قوڵەی کوردە لەبەرامبەر سوپای عێراقدا. سوپای عێراق سوپای کورد نەبوە بە تێبینی کردنی ئەوەی کە ئەفسەرو پلەدارو سەربازی زۆروزەوەندیشی لەریزی ئەو سوپایە هەبووە. ئەم سوپایە بۆ جێبەجێ کردنی ئایدۆلۆژیاو ئامانجێک بەکارهێنراوە کە زۆر پێچەوانەی پێکهاتەی گەلانی عێراق‌و بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی عێراق بووە، سوپا لە عێراقدا ناسروشتی ئەم دەوڵەتە دەستکردەی ناسروشتی تر کردوە، شوناسی عێراقی زیاتر ئاڵۆز کردوە لە نێوان ئینتمای بە عێراقی بوندا، سیستەمی سیاسی لە عێراقدا هەرگیز وێنەیەکی نیشتمانیانەی لای هاوڵاتیانی عێراق دروست نەکردوە لەسەر ئەم سوپایە، ئەمەش وایکردوە ترس لە سوپا هەمیشەیی بێت، ڕەنگ بێت شتێکی هێجگار سەیرو سەمەرە بێت تۆ وەکو هاوڵاتیەکی دەوڵەتەکەت ترسی زۆرت لە سوپای وڵاتەکەت هەبێت، ئەمە بۆخۆی ڕاستیەکەمان پێ دەڵێت کە سوپای عێراق هی نەتەوەکەی نەبوە بەڵکو دەسکەلای حوکمرانی تاکڕەوی شۆڤێنیەتی قەومی بووە، بۆیەش ئەم هەموو کارەساتە خوێناویە نامرۆڤانەی لەدەست هات‌و ئەنجامی دا.

ئەگەر لەسەردەمی بەعسدا، چاوێک لەم سوپایە بکەین، دەبینین زۆرترین داهات‌و خەرجی ئەم دەوڵەتە دەخرایە قوڕگی سوپاوە، هەزاران قەڵاو کێڵگەی سوپا لەسەر زەوی عێراق دروست کراون، هەزاران کەس‌و تاوەکو سنوری ملیۆنێک هاوڵاتی عێراقی بوونە سەربازو عێراق لە ڕوی دسپلینی‌و بەهێزی‌و زۆری سوپاوە هاتبووە ریزی دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان. لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە ڕۆڵی بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگای عێراقی لاوازو بێ بایەخ بوو، هێزێکی عەقلانی

نەبوو کە بەعس ناچار بکات واز لە خەونەکانی بهێنێت کە بەسوپاو جەنگەوە دەیبینی، بەعس وا لێ بکات لانی کەم ئاگاداری رەوشی داهاتووی وڵاتەکەی بێت سەبارەت بە پێشکەوتنو ژیانی هاوڵاتیان لە ئازادیە فەردیەکانی؟ ئێمە بینیمان چۆن عێراق کەوتە پەلاماردانی کوێتو سەرەنجام سوپاکەی بەدەست هاوپەیمانانەوە چی بەسەرهات، کۆمەڵگەی عێراقیش توشی چ دەردە سەریو گرانیو برسیو گەمارۆیەکی سەخت هات، کە لەمێژوی عێراقدا بێ وێنەیە، کاتێک سوپا لە کوێت وەدەرنرا، کەوتەوە گیانی راپەرینەکانی شیعەو کورد لەباشورو باکوری عێراق، کورد بە کۆڕەو وەلامی سوپای عێراقی دایەوەو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ناچار کرد هەرێمی پاراستنی کورد قبوڵ بکەنو لەم بارەیەوە بڕیاری بۆ وەربگرن، بەداخەوە کوردو دەسەڵاتەکەی دوای جەنگی کوێتو ئەنجام دانی راپەرین، نەک هەر نەیتوانی تارمایی خوێناوی سوپای عێراق لە کوردستان بسڕێتەوە، بەڵکو خۆی بەربوویە گیانی یەکو ئەم دڕندەیەی بەعس پێی تەواو نەکرا لە شەڕی براکوژیدا کورد بۆی تەواو کرد، ئیتر هەمومان بوینەوە چەکدارو پاسەوانو سوپای ئەم حزبو ئەم حزب، بەرادەیەک کە بژێوی ژیان کەوتە سەر لولەی تفەنگەکانو زۆر زۆرن ئەوانەی بۆ موچەیەک بوونە چەکداری ئەم حزبو ئەو حزب. عەقڵیەتی سوپای شەڕەنگێز مێشکی کوردیشی داگیر کردوە، بەتایبەت بۆ پاکتاوکردنی یەکترو یەکلایی کردنەوەی حساباتی ململانێی ناوخۆیی نێوان کوردوکورد.

لەدوای روخانی بەعس، ساڵی ٢٠٠٣و هاتنی ئەمەریکاو هاوپەیمانان، یەکێک لە گرنگترین بڕیارو گۆڕانو شتی نوێ لە عێراقدا ئەوەبوو کە ئیدارەی ئەمریکی سوپای عێراقی هەڵوەشاندەوە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق سەردەمی بریمەرو تاوەکو ئێستاش یەکێکە لەو بابەتانەی زۆرترین مشتومڕو قسەو باسی دەربارە دەکرێتو بەردەوامیشە. ئێستاش لەهەموو گۆشەنیگاکانەوە قسەی جیاواز لەسەر سوپای عێراقو هەڵوەشانەوەی دەکرێت، دەیان لێدوانو هەوڵی جۆراوجۆر لەسەر دروست کردنی سوپایەکی بەهێزی عێراق دەکرێت، کە سەدان تانکو دەیان فڕۆکەی هەرە پێشکەوتووی سەربازی لەخۆی بگرێت، ئێستا

هەوڵەکان بۆ ئەوەیە چۆن سوپایەکی نیشتمانی کە ترس نەخاتە ناو دڵی هیچ پێکهاتەیەکی عێراقەوە دروست بکرێت، لەئارادا نیە. بەقەدەر ئەوەی قسە لەسەر ئەوەیە کە چۆن سوپایەکی پڕ چەکی بەهێز دروست بکرێتەوە، ئەو کاتانەشی کە سوپا پڕ چەک بوو، ئەوا ئیتر جەنگی دەوێت یان بەرگری؟ بەڵام من وایدەبینم کە سوپای بەهێزی بێ هەبونی سیستەمێکی دیموکراسیو مەدەنیو رێکخراوی دەسەڵاتداریەتی، ناتوانێت سوپایەکی بەرگری کەری وڵاتەکەی بێت، ئەوەندەی مەیلی جەنگی دەبێت، ئەوەش ترسە راستەقینەکەیە لەسوپا، کە هەم لە دەرەوەی عێراقو ناوەوەی عێراق رەنگدانەوەی خۆی هەیە لەسەر تێڕوانینەکان دەربارەی ئەم بەهێزیە لە سوپادا، بۆ نمونە دەوڵەتی کوێت هەر زوو دڵەراوکێی خۆی نیشاندا لە بەهێزکردنەوەی سوپای عێراق، ئێمە دەزانین کوێت وەک دەوڵەتێکی دراوسێ تاڵاوی زۆر خوێناوی بەدەست ئەم سوپایە بینیووە، ئێستاش ناهەقی نیە گومانی هەبێت لە بەهێزکردنەوەی سوپای عێراقدا.

لەکۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەبیشدا هێرشە توندەکەی بەشار ئەسەدمان گوێ لێ بوو، کە چۆن هێرشی کردە سەر عێراقو ئەمەریکاشی بەتاوانباری یەکەم وەسف کرد، بەتایبەت لەم گۆشەنیگایەوە کە بەشار گوتی: ئارامی عێراق بەپلەی یەکەم ئارامی ئێمەشە، ئارامی هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکەیە. نابێت رێگا بدەین عێراق ببێتە جێگای هەڕەشە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ. بێگومانیش بەهێزی سوپای عێراق ترسی تێکچونی ئارامی ناوچەکە دەخاتە دڵی هەموو ئەوانەی لە عێراقەوە نزیکن. کوردیش هەمان دڵەراوکێی بەردەوامی هەیە، بەڵام ئێمە بە چەندین شێوە ترسی خۆمان دەربڕیوەو خۆشمان لەگەڵ ئەو سوپایە نایەت، ئەوەش گرنگە کە چۆن لەهەرێم ئەوە بپارێزین کە تارمایی ئەم سوپایە نەیەتەوە سەر هەرێم.

دەکرێ رای ترمان هەبێت لەسەر چۆنیەتی رەفتاری ئەم سوپایە، بەتایبەت لە ئێستادا، بۆ وێنە ئێستا شادەماری ناو سوپا چەندین راگەیەنراوی سەیری لەسەر هەیە، لەسەر ئەوەی کە تایەفەو مەزهەبو دراوسێیەکانیش دەستی گاریکەریان هەیە لەناویدا، ئایا ئەگەر شادەماری سوپا بەدەست مەزهەبو تایەفەوە بێتو رۆحیان گرتبێت، مانای وانیە هەواڵی جەنگی ناوخۆ شتێکی مەحاڵ نیە، بەتایبەت

ئێستا زۆرێک لە بۆچونەکانی ناوعێراق لەوانەش هاوپەیمانی کورد لە بەغدا، بۆچونیان وایە کە ئەگەر سوپای ئەمەریکاو هاوپەیمانان لەعێراق بکشێتەوە، ئەوا لەناو عێراق جەنگی ناوخۆ روودەداتو تایەفەکان دەست دەخەنە خوێنی یەکەوە، کێو چ لایەنێک ئەوە دەکات ئەوا کاندیدی یەکەم سوپایە! یان بڵێین سوپایە کە بەکاردەهێنرێت. ئەمەش بۆ عێراق مایەی دروست بونی قەیرانێکی گەورەیە، لەو کاتەدا ئێمە دەبێت چی بکەین ئایا کوردو پێشمەرگە هەرێمی خۆیان دەپارێزن، یان دەتوانین لەکاتی جەنگی ناوخۆی دوای دروست بونی بۆشایی ناو عێراق، ئیتر لەکۆڵ عێراق دەبینەوەو ماڵی خۆمان بۆ خۆمان، تۆ بڵێی ئەمە ببێتە واقیع. ئەگەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی ئێمە کە لەسەرەوە باسمان کرد راست دەرچوو، ئەوا دەبێت بڵێین بای بای دیموکراسی، چونکە دەوڵەت دەبێت خەریکی هێزە چەکدارەکان بێت نەوەکو سیستەمی دیموکراسی. لەبەستنی کۆنفرانسەکەی( دوکان) دا دەربارەی هێزە چەکدارەکانی عێراق، یەکێک لە راسپاردەو خاڵەکانی دەست نیشانکردنێکی قوڵی ئەم گومانو مەترسیانەیە کە باسمان لێوە کرد، کە دەڵێت: « دەبێت بیروباوەڕی سەربازی سوپا بۆ بەرژەوەندی عێراق بێتو کارەکانی تەنها بەرگریکردن بێت لە عێراق لەهەر هێرشێکی دەرەوەوپێکهاتەکەشی لەسەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراق بێت بەپێی مادەی ٩ی دەستور». بەلام لەگەڵ ئەو جۆرە راگەیەنراوانەدا، لەم لاوە هەوڵی دروست کردنی هێزەکانی(ئیسناد) زۆر بەر بلاوو بەرنامە رێژە، کە کورد زۆری پێ قەڵسە، دروست کردنی هێزی ئیسنادو پێشتر صەحوەو چەندین کوتلەی تری چەکداری بۆچی؟ ئامانجیان چیە بۆ بەچەکدارکردنەوەی ئەم میللەتە، سوپای مەهدیو سوپای بدرو پێشمەرگەو دەیان جۆر لە هێزی چەکدار هەیە لەناو عێراقو چەندین هێزی تریش بەردەوام دەکەونە ناو هەرای کۆبونەوەکانو راگەیاندنەکان، ئیتر مانایەک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی قسەیەک لەوە بکەین کە عێراق لەمەودوا دەوڵەتێک نیە بۆ جەنگو کاول کاری ناوخۆو پەلامار، بێ ترسەو بەرەو دروست کردنەوەی دەوڵەتێکی بێ جەنگی ئارام هەنگاو دەنێت.. سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی حورە زۆر بەتوندی دژی

ئەنجومەنی ئیسناد قسەی کرد، بەڵام لەوەڵامی ئەوەدا ڕاوێژکارێکی مالکی داوای لێپرسینەوەی لەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم کرد، ئەمەیە هاوکێشە سیاسیەکانی حکومەتی تازەی عێراق، کە بەهەڵبژاردن هاتۆتە سەر حوکمو دروست بووە، حکومەتی هەڵبژێردراو ناکۆک نیە لەسەر چۆنیەتی دیموکراتیزەکردنی عێراقو بەهێز کردنی کولتوری دیموکراسی، حکومەتی هەڵبژێردراو ناکۆک نیە لەسەر باشترکردنی ڕەوشی ژیانی منداڵانی عێراق، لەسەر باشترکردنی مافی مرۆڤو کولتوری مەدەنیو دروست کردنی گیانی یەکتر قبوڵ کردن، بەڵکو حکومەتی هەڵبژێردراو ناکۆکی گەورەی هەیە لەسەر چەکدارکردنی تاکی عێراق، لەسەر مانەوەی کۆمەڵگایەکی زەبەلاحی سەربازی، لەسەر مانەوەی میللەتێک هەر لەناو جەنگو هەواڵەکانی جەنگدا ژیان بکات، ئەوەیە کارکردنی تازەی حکومەتی تازەی هەڵبژێردراو، سەدانو ملیۆن دۆلاری داهاتی ئەم دەوڵەتە لەسەر چەکدارکردنو بەهێزی سوپا تەرخان دەکرێت، لەبری ئەوەی هەوڵی گەورەی ڕێگەگرتن هەبێت، کەچی هەوڵەکە لەسەر ئەوەیە کێ ببێتە خاوەنی ئەم بیرۆکەو ئەم هێزە، ئیتر ئێمە ناهەقیمان نیە تۆزقاڵێک متمانەمان بەوە هەبێت کە ئەو هێزانەی ئێستای عێراق، ستراتیژیان ئەوەیە بەرەو دیموکراتیزەکردنی عێراق هەنگاو بنێنو داهاتویەکی لەم جۆرەیان لێ چاوەڕوان بکەین. هەوڵی خۆ چەکدارکردنی ناوخۆی عێراق، مەترسی گەورەیە لە یەکتریو مەسەلەی گرەنتی پێکەوەژیانێکی مەدەنیانە، مەترسی ئەویدیە لەبەرامبەر خۆت، ئەمەش ڕاستیەک دەردەخات کە متمانەی پێکەوە کارکردنو ژیانو سیستەمێکی مەدەنی لەئارادا نیە.

# تفەنگو دەستور

لەبەرئەوەی لەم وڵاتە هەمیشە جەنگو تفەنگ ناکۆکیو کێشەکانیان بە لایەکدا خستوە، ئەمە دۆخێکی وای دروست کردوە، کە هەر کاتێک کێشەو ناکۆکیەک گەیشتە خاڵێکی هەستیار، یەکسەر هانا بۆ هێزی سەربازی بەرین. یان بە مانایەکی تر بڵێم یەکسەر بیرمان بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەچێت. ئەمەش یەک راستی زۆر گرنگمان بۆ دەردەخات کە واتای نەبونی دیموکراسیو یەکتر قبوڵ کردنو بڕوا بونە بە هەبونی ئەوی بەرامبەر. چونکە ئەگەر گیانی دیموکراسی هەبێت ئەوا مانای نیە لە کاتی دروست بونی کێشەو ناکۆکی لەنێوان پێکهاتەکانی ناو یەک دەوڵەتو یەک دەستوردا! یەکسەر هانا بۆ سەربازو تفەنگ بەریت. هانا بردن بۆ دیالۆگ دڵەراوکێی تەقینەوەی ناخی پڕ قینەبەرایەتی شۆڤێنی کپ دەکاتو ئومێدی پێکەوە ژیان دەهێڵێتەوە، بەڵام کاتێک

بیرکردنەوەکان هەمیشە بەلای چارەسەری هێزی سەربازیەوە بن ئەوا ئومێدی پێکەوەژیان پڕ گومانو لەرزۆک دەبن، ئەمە هاوکێشەیەکە رونە. بەڵام کاتێک ئێمە دەڵێین هێزی بیرکردنەوەی دیموکراسیو دیالۆگ هەبێت ئەوا جەنگ نابێتو دەتوانین لەم دەوڵەتە ناسروشتیەدا کەناوی عێراقە پێکەوە بژین، ئەوا مانای وانیە هەرچی جەنگو ماڵوێرانیە لەناودیموکراسیو قسەکەرەکان نیەو ئەوان بەهەشت دەخوڵقێنن، چونکە پیرۆزکردنی هێزە دیموکراسی یەکان لەوە خراپترە کە هانا بۆ تفەنگ بەرین...!

ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیانی عێراق، لە دۆخێکی سایکۆلۆژی زۆر خراپدا دەسوڕێتەوە، بەهۆی ئەم هەڵبەزو دابەزەی کە رۆژانە لەناو هێزە چەکدارەکانو سوپاو پێشمەرگەو ئەمریکیەکان دا هەیە، جگەلەو شەڕە ناسروشتیەی لە ناوەندی راگەیاندنەکانەوە هێزەکانی ناو عێراق بەڕێوەی دەبەن. ئەمریکیەکان بەردەوام موزایەدەی باش بونی بارودۆخی ئەمنی دەکەنو دنیایان کردۆتە شامی شەریف؟ بەلام تەقینەوەکانو لافاوی خوێن رشتنی رۆژانەی ناو شارەکانی عێراق، زۆر باش دیارە چ دەگوزەرێت. ئێمە ئەم هەموو تەقینەوەو ئەم هەموو کوشتنو کوشتارە دەبینین کەچی پێم سەیرە باسی باش بونی بارودۆخی ئەمنی دەکرێت، هەر بۆنمونە سەیری روداوەکەی دوجەیل بکەن کە هەر ئەم یەک دوو رۆژە چۆن گۆمی خوێن دروست بوو.! ئێمە لەناو پڕوپاگەندەی هێزە سیاسیو ناکۆکەکان دەژین نەوەکو لەناو راستیەکانی ژیانی سیاسیو بەرەوپێشەوەچون.! کوردیش لەناو ئەم دۆخەدا باش ناگوزەرێنێت، بەتایبەتی گەورەکردنی بارودۆخی خانەقین، بۆ ئەوەی کەرکوکو دەستورو ماددەی سەدو چلمان لەبیربچێتەوە، شتێکی خراپ نەبوو ئەم گەورەکردنەی رەوشی خانەقین. ئێمە ناتوانین ئەو راستیە فەرامۆش بکەین کە هێزە کوردیەکانیش زیاد لە پێویست بەدوای ئەم گەورە کردنەوە بوون، کە بڕواناکەم بەم جۆرە خۆ سەخڵەت کردنە بتوانین بگەینە سنورێکی کۆتایی بەرەو بارودۆخێکی پۆزەتیڤ. هاوڵاتیانی کورد دەتوانن پرسیاری ئاکامی شتەکان بکەن، نەوەکو هەڵلای ناو راگەیاندنەکانو ناو کۆبونەوەی هێزە سیاسیەکان. ئەگەر بڕیارە عێراق بەرەو دۆخێکی باشتر

بچێت، ئەوا سیاسەتی ئێستا خزمەتی ناکات لەم بارەیەوە. کوردیش بەم جۆرە بڕواکردنە ناگاتە ئاکامێکی گونجاو کە بۆ ئایندەی کورد جێگای متمانە بێت. کەواتە چارەسەر ئەوەیە بڕگەکانی دەستور جێبەجێ بکرێت. دەستور بۆ چەسپاندنی متمانەی پێکەوە ژیان نەوەکو موزایەدەی دروشمی پێکەوەژیانو دیموکراسی. ئێمە هەمیشە لەگەڵ دووبارە بونەوەی مێژوو دەگوزەرێنین، چونکە مانای نیە مافی کورد هەم لەناو دەستورو هەمیش لەدەرەوەی دەستور یەکجۆر مەترسییان لەسەر بێت. ئایا ئەوە مەعقولە ئێمە بەهەبونی دەستوریش هێشتا تروسکایی جێبەجێ کردنی مافەکانمان نەبینین. ئەوەیە نەبونی شێوە ژیانی دیموکراسیو پێکەوەژیانی راستەقینە، ئەوەیە پێکهاتەو دەرەنجامەکانی بونی دەوڵەتێکی ناسروشتی. چونکە پرۆسەی سیاسی عێراق بەم دۆخە ناسروشتیەوە هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت کە ئێستا دەبینین.

ئەگەر تاوەکو نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق، یاخود بڵێین تاوەکو روخانی حوکمرانیەتی بەعس، تفەنگ کێشەکانی یەکلایی دەکردەوەو، ئێستاش دەستور جێگای گرتۆتەوەو دەمانەوێت عێراق، عێراقی هەموان بێت. ئەوا پێم وایە بەلای شۆڤێنیەکانەوە ئەم پۆلێن کردنە ناواقیعیەو ئەوان حەز بەم جۆرە ئیش کردنە ناکەن. ژیانی ئێمە لەناو تفەنگو دەستوردا چۆن دەتوانرێت رێکبخرێت، چونکە جێبەجێ نەکردنی دەستور مانای زەبرێکی کوشندەیە لە رێگەگرتن لە ئاشتیەواییو چەسپاندنی یاسایەک کە سێبەری هەموان بێت. ئێمە گشتمان حەز بە ژیانێکی دیموکراسی دەکەین لەبەرئەوەی نەبونی دیموکراسی لەعێراقدا ناکۆکیە خوێناویەکان قولتر دەکاتەوە، بەلام بەهەمان شێوەی سەرەوە کەباسم کرد دیموکراسی بەهەشتی لەتورەگە نیە، بەڵام دەشێ بۆ پێکەوە گونجانی هەمومان ئێستاو ئایندە ژیانی لەسەر رێکبخرێتەوە. پرۆسەی سیاسی رێک بخاتو هیچ نەبێت تفەنگ بێ دەنگ بکات. بێ دەنگی تفەنگ دەتوانێت هاوکارێکی گرنگ بێت بۆ ئەوەی بتوانین عەقڵی چارەسەرکرنی سیاسیانە بخەینە رۆژەڤی کارکردنەکانەوە. ئەم دۆخەی ئێستاو گرژیەکانی پێشمەرگەو سوپاو قاعیدەو سوپاو هێزی ئەمریکیەکانو ئەو هێزانەشی کەداوای دەستورو دیالۆگ دەکەن،

جیاوازی شەڕکردنی نێوان تفەنگو دەستورمان بۆ دەردەخات، بەڵام مەبەست ئەوە نیە ئەوانەی دیموکراسیو دەستوریان هەڵبژاردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پیرۆزو بێ کەموکورتو بێ کێشەی جەوهەرین، چونکە ئێمە هەر یەکجۆر کێشەمان نیە، بۆ نمونە کێشەی گەندەڵی لەم وولاتەدا بەر لەهەر شت بێ جیاوازی کردن سەرجەم هێزەکانی ناو عێراق لێی بەرپرسیارن، کێشەی گەندەڵی هیچی کەمتر نیە لە کێشەی تفەنگو خوێن ڕشتنو جێبەجێ نەکردنی دەستور، چونکە گەندەڵی ڕۆحی مرۆڤی ئەم ولاتەو ئینتماو نیشتمانو سیاسەتو ئەخلاق وێران دەکات، دۆزەخێکی دروست کردوە کەس متمانەی بە کەس نەمێنێت، ئەوەتا داهاتی زۆرو لێشاوی پارە چەندە ڕژاوەتەوە ناو عێراقەوە کەچی دەبینین چ هەژاریو چ دەست پیسیەک لە بەفیڕۆدانی پارەدا لەم ولاتەدا دەگوزەرێت. ئەگەر بڕیار بێت یەک پارچەیی ئەم دەوڵەتە بپارێزرێت، ئەوا دەبێت بزانین هەمومان بە گوێرەی دەستوری دیموکراسیو پێکەوە ژیانی ئازادانە ناکۆکی بخەینە ناو مێزی گفتوگۆی یەکتر، لەدەرەوەی ئەمە تفەنگ دەکەوێتەوە سەر پێ. یەکێک لەو ڕاستیە ئاشکرایانەی ئەم دوایەی عێراق کە ڕاستەوخۆ جیاوازی نێوان تفەنگو دەستورمان پێ دەڵێت؟ هەوڵی کڕینی ٣٦ فڕۆکەی جۆری f١٦ یە. ئەم هەواڵەی کوردی بەتەواوی ڕاچڵەکاند لەو ترسەی کە بەرامبەر تفەنگ هەیەتی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، بۆیە هەرزوو پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ئەمەریکاو عێراقو چەندین دەوڵەتی کردەوە لە مەترسی چەک فرۆشتن بە سوپای عێراق، حکومەتی عێراقیش بە شێوەیەکی زۆر سادە وەڵامی ئەم هەستەی کوردی دایەوەو گوتی: هەرێم مافی ئەوەی نیە باس لە کڕینی چەک بکات، ئەوە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەو پێویستە هەرێم سنوری خۆی بزانێت. ئیتر لێرەوە کێشەکە باش دەناسین کاتێک هەواڵی کڕینی چەک چۆن دەستورو چارەسەری یاسایی دەخاتە گومانەوەو لەهەمان کاتیشدا بێ متمانەیی ژیانی پێکەوەیی درزی گەورەی تێدەخات بەهەمان شکڵی ڕابردوو. کورد دەیەوێت گرەنتی هەبێت لە کڕینی چەک بۆ عێراق، بەتایبەت کاتێک داوا دەکات نابێت ئەم چەکانە بەهیچ شێوەیەک لە دژی کورد بەکاربهێندرێن. کورد مەبەستیەتی دنیا

دەربارەی کڕینی ئەو فڕۆکانە ئاگادار بکاتەوە، گرەنتی ئەوە وەربگرێت کە بەهیچ شێوەیەک جارێکی تر لەدژی خەڵکەکە بۆمب ببارێنن..ترسی کورد لەتفەنگ هەر ئەوە نیە کە جەنگ بەرپا دەبێتو خوێن دەڕژێت، چونکە ئەزمونی جەنگ لای کورد تازە نیەو زۆر دەمێکە لەناو تەپوتۆزی باروتدا دەژیت، بەلام ترسی ئێمە ئەوەیە کە تفەنگ زمانی قسەکردن بوو، ئیتر ئەزمونی دیموکراتیزەکردنی عێراقو جێبەجێ کردنی دەستور کۆتایی پێ دێت، سەردەمێکی خراپ دێتەوە کە رابردوو دەزانێت چ دەستکەوتێکی نەبووەو نەشیتوانیوە هیچ کێشەیەک چارەسەر بکات. ئێستا ناکۆکی هەولێرو بەغدا قوڵ بۆتەوە ئەو پێکەوە کارکردنە کەوتۆتە لەرزە، بەڵام لەبەرئەوەی کورد هاوبەشی دەسەلاتداریەتی عێراقە هەمیشە جەخت لەسەر چارەسەری نیشتمانیانەی عێراقی دەکاتەوەو دەیەوێت دەستور ئیفلیج نەبێت، هەرچەندە کاتێک نەیارەکانی کورد دەدوێنی، ئەوان بەجۆرێک قسە دەکەن کە کورد خەتاباری یەکەمی ئەم بارودۆخەیە، کەواتە ئێمە لەئاستێکی فراوانەوە توشی بەرەیەکی نەیار بووینەتەوە، راپۆرتە رۆژنامەوانیە ناوخۆیەکانی هەرێمیش ئاماژە بەوە دەدەن کە پلانێکی نێودەوڵەتی لەپشت دروست کردنی ئەم دۆخەیەو ناتوانرێت راستەوخۆو بێ گرفتی گەورە بەسەر کێشەکاندا زاڵ بین، ئەگەر ئەوان لەم ئاستەدا لەگەڵ کورد دژایەتی دەکەن، ئەی پێویستە کورد چی بکات؟ ئەمە پرسیاری هەموانە لەکوردستان، کە رەنگە یەکێک لەو ئیشانەی کە پێویستە کورد بیکات بەهێزی خۆیەتی لەبەغداد بۆ ئەوەی لەوێ گوشار دروست بکات، چونکە ئەگەر لەبەغداد گوشاری توند هەبێت ئەوا گوشارەکانی سەر هەرێم کەم دەبنەوە، بۆ نمونە ئەوان کێشەی خانەقینیان گەورە کرد بۆ ئەوەی کەرکوکمان لە یاد بچێت، ئایا بۆ ئێمە دەگونجێت یاخود راستە ئەگەر ئێمەش لەبەغداد گوشار دروست بکەین بۆ ئەوەی هەرێمیان لەبیر بچێتەوە. بەهێزی کورد لەبەغداد زۆرێک گوشار لەناو دەبات، بەلام بەهێزی کورد لەبەغداد بۆ دروست کردنەوەی بەغداو سوپا کارێکی دژوارە، چونکە ئەوە دەرکەوت کە گیانی پێکەوە ژیانو دیموکراسیو ئازادی نەریتی هێزەکان نیە، ئەوان دەیانەوێت عێراقێکی بەهێز دروست بکەنەوە، بەڵام لەسەر حسابی دیموکراسیو دەستورو

ئازادیەکانی ژیانی خەڵک، ئەمەش ترسێکی گەورەیە لەوەی کە بڕیار بدەین عێراق ناگۆڕێتو سیستەمە سیاسیەکان لە بیرکردنەوەدا هەمیشە لەیەکتر دەچن. لەیەک چونی سیستەمە سیاسیەکانی عێراق، مانای وەستانی ئەو دەوڵەتەیە لە بازنەیەک کە نایەوێت بگاتەوە مێژووی ئێستاو خەیاڵی تفەنگو جەنگ کۆتایی پێ بێنێت. ئەگەرنا مادام بڕیارە کورد لەعێراق بمێنێتەوەو بڕوای بە یەک پارچەیی عێراق هەبێت بۆچی مەترسی هەیە لە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی خۆی.. ئەگەر بڕیاریشە کورد بگاتە سەربەخۆیی خۆی بۆ ئەوەی کارەکانی خۆی بکات، ئەوا بەم شێوەیە ناکرێتو ناشبێتو کێشەکەشمان ناشیرین دەبێت، وەک چۆن ئێستا ناشیرینی زۆری تێدا بلاوبۆتەوە. چونکە هەنگاو نان بۆ ئەوەی لە عێراق جیابینەوەو بە مافێکی دەستوریو یاسایی، قەوارەی جیای کوردی خۆمان هەبێت لەگەڵ ئەوانەی لە کوردستاندا دەژین، بەم شێوەیە ناگەینە ئەنجام.

پرسیاری هەرە گرنگی ئێمە، کە پێویستە لە بەغدادی بکەین ئەوەیە باشە بۆچی دەبێت پارەی عێراق جارێکی تر بۆ چەک کڕین بەکاربهێندرێتەوە، بۆچی گەلانی عێراق جارێکی تر روبەروی بۆمبو تەقەی تفەنگەکان ببنەوە، بۆچی عێراقو دەسەڵاتداریەتیەکەی تاوەکو ئێستا لەم خوێن رشتنەی رۆژانەی تەقینەوەکان هیچ پەندێک وەرناگرنو شۆک نایانگرێت لە لافاوی رۆژانەی خوێنی عێراقیەکان، ئایا کڕینی تفەنگو جبەخانە بۆ روبەروبونەوەی تیرۆرە یان کوردو هێزەکانی تر، چونکە ئەگەر بۆ هەرلایەک بێت کورد ئاسان دەکەوێتە ناو داوەکەوە، لەبەرئەوەی هەر کاتێک خۆیان بەهێز کردەوە ئەوا دەڵێن کورد تیرۆریستەو میلیشیایەو لە یاسا لایداوە، ئەمە کارەساتەکەیە.

# کوردو مەترسی

ئەو کاتانەی کە کێشە دەکەوێتە نێوان دوو دەوڵەتی وەکو عێراقو تورکیا لەسەر پرسی کورد، ئەوا راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئێرانو سوریاش دەخاتە ناو روداوەکانەوە، چونکە گەورەترین کۆسپی ئێمە ئەوەیە کە لەنێوان چوار دەوڵەتی جیاوازدا دابەش کراوین، لەهەر شوێنێک کێشەی ئێمە پێشکەوتنێک بەخۆیەوە ببینێت، ئەوا ئەو چوار دەوڵەتە لەسەر خۆیان بەمەترسی دەزانن، بۆ نمونە ئەگەر کێشەی کورد لە عێراق بەرەو پێشەوە بڕواتو گەشە بکاتو لە مافو دەستکەوتەکانی زیاتر نزیک ببێتەوەو بەرهەمی هەبێت، ئەوا هەر تەنیا عێراق ناکەوێتە دوژمنایەتی لەگەڵیو هەر ئەو بەمەترسی نازانێت لەسەر خۆی، بەڵکو ئێرانو تورکیاو سوریاش وەکو عێراق بیردەکەنەوە. سەیر ئەوەیە ئەوان لەهەموو شتەکاندا ناکۆکو پڕن لە فێڵ لەیەکتر، کەچی کە هاتە سەر پرسی کورد، زوو بەزوویی کۆنگرە دەبەستنو یەکتر دەبینن‌و ئەولاو ئەولای یەکتر ماچ دەکەن. ئاخر بۆ سەیر نیە؟ لەبەرئەوەی چۆنو بۆچی کورد هێندە مەترسیدار

بێت، ئایا دەکرێ هەتا هەتایە دڵی ئەوان هەر پڕ ترسی کورد بێت، هەر بەو شێوەیە بەمەترسی بڕواننە کێشەی کورد، ئایا ناکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کێشەی کورد چارەسەر بکرێتو ئەوان وەکو شەریکی خۆیان لە ناو رۆژهەڵات سەیری بکەنو بیکەنە ناو بازنەکانەوە، بۆئەوەی کوردیش هەم سودی خۆی دەستەبەر بکات، هەمیش رۆژهەڵاتو پێگەی ئەوانیش پتەو بکات، بۆ نمونە سەیری هەرێمی کوردستانی عێراق بکە، سەدانو هەزاران کۆمپانیای تورکی خەریکی کاری بەرهەم هێنانو ئەو پارەو قازانجە بۆ گیرفانی تورکیایە، کەواتە بۆ سەیر نەبێت ئەگەر بڵێین تورکیا بۆ وا لەکورد دەڕوانێتو بۆچی کورد جێگای ترسە بۆ تورکیا، یاخود ئێران با بە نمونە وەربگرین، مامەڵەی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران، لەماوەی ساڵێکدا نەک ملیۆنان بەڵکو ملیار دۆلاربووە، واتە هەرێمی کوردستان، بازاڕێکی گەورەی کاڵای ئێرانە، لێرەدا دەشێ بپرسین ئەرێ ئێران بۆچی لەگەشەی کورد نیگەرانی؟ سوریا لەهەموان خراپتر دەکەوێتە خۆی ئەوکاتەی هەست بکات گەشەکردنێک هەیە. بەڵام لێرەدا وا پێویستە ئاوڕ لەو مەسەلەیە بەدیوێکی تردا بدەینەوە.. ئەو کاتانەی کە ئەوان بەو شێوەیە سەیری کێشەی ئێمە دەکەن، ئەی پێویستە ئێمە چی بکەین؟ واتە دەکرێ بەناوی هەبونی مەترسی لەهەموو ئەرکە شارستانیو مەدەنیو دیموکراسیەکان بەرەو داخرانو پاشەکشە بڕۆین. با سەیری ئیسرائیل بکەین، ئەوکاتانەی هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکرێت کەلەسەر نەخشەی جیهان دەیسڕنەوە، کەچی لەبری ئەوەی بترسێتو گەلی خۆی بترسێنێ، دێت دیموکراسیو ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتو مافی مەدەنی هاوڵاتی زیاتر گەشە پێ دەدات، زیاتر هەوڵی ئاوەدان کردنەوە دەدات. ئەمەش خاڵی جەوهەری بەهێزبونی کۆمەڵگای ئیسرائیلە. ئێمەش ئەوکاتەی هەڕەشەو مەترسی ئەو چوار دەوڵەتەمان روبەرو دەبێتەوە، پێویستە لەبری ترساندنی هاوڵاتی کورد، زیاتر خەریکی پێداگیری بین لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنی. زیاتر هاوڵاتی کوردی بەرەو فەزایەکی ئارامو کراوەو گەشەی شارستانی ببەین، ئەو کاتە لەبری ئەوەی مەترسی روخانمان لەسەر بێت، ئەوا دۆستمان زیاتر دەبێتو ئەوانیش زیاتر ترسیان لەکورد گەورەتر

دەبێت، چونکە نابێت بیرمان بچێت دوژمنانی کورد، لەکوردێکی پێشکەوتوو زیاتر دەترسن، وەک لەوەی کوردێکی دواکەوتوو، بەهەمان شێوە ئەگەر کورد سیستەمێکی کراوەو مەدەنیو دیموکراسی هەبێت، ئەوا ناحەزەکانی زیاتر بەرەو شکست دەڕواتو کۆمەڵگای کوردی بەهێز دەبێت.

مالیکی لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ رۆژنامەوانێکدا گوتی: « ئەمڕۆ ترسناکترین کێشەی عێراق، کێشەی کەرکوکە». ئەم گوتەیەی سەرۆک وەزیران، راستەوخۆ پەیامێکیشە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ بۆ ئەوەی بێنە سەرخەت کە گوشار بخەنە سەر کورد. هەوڵ بدەن کورد ناچاری تەنازول بکەن، ئەوەتا تورکیا هەر زوو هەوڵی دا لەرێگای جێگری سەرۆک کۆماری عێراق تەداخولی ناو کاروبارەکان بکات، ئەوە جگەلەوەی هەوڵی ئەوە دەدات بەهۆی وەزیری دەرەوە کارەکانی خۆی دەربارەی لێدانی بەرژەوەندیەکانی کورد جێبەجێ بکات. هەرزوو عەرەبو تورکمانەکان پێشنیارێکی ئامادەکراویان خستە بەردەم پەرلەمانی عێراق دەربارەی دابەش کردنی دەسەڵاتەکانی ناوکەرکوک، کورد رەتی کردەوە. ئێمە لەو هەوڵەی عێراق تێ دەگەین کە دەیەوێت بەتەنیا شەڕی کورد نەکات لەکەرکوک، بەڵکو دەیەوێت تورکیاو ئێرانو سوریاو خودی ئەمریکیەکانیش بکاتە بەرەیەک بۆ روبەروبونەوەی کوردو کێشەکەی لەسەر شاری کەرکوک. هەر کاتێک کورد لەبەرامبەر بەغدا بەهێز بووبێت، ئەوا بەغدا هەوڵی داوە جیهانی عەرەبی بەجۆرێک لەجۆرەکان بوروژێنێتو گوشاری زۆرو هەمەلایەنە بخاتە سەر کورد، کاتێک کورد دەیەوێت مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات، عەرەبەکان بەشێوەیەکی تر دەڕواننە ئەو جۆرە مومارەسەیەی کورد. بۆ نمونە لەسەر نوسینەوەی رەشنوسی دەستوری هەرێم، عێراق هەوڵی خۆی خستەگەڕ کە تەواوی دەوڵەتانی عەرەب بوروژێنێت، تەنانەت گوشاری زۆریشی خستە سەر ئەمەریکا، ئەوەبوو سەرجەم ئەو عەرەبانە بەشێوەیەکی گشتی راکانیان لەسەر دەستورەکە سلبی بوو، وە جێگری سەرۆکی ئەمەریکاش هاتوو بە کوردی گوت: ریفراندۆم لەسەر دەستورەکەتان رابگرن. لە تورکیاو ئێرانو سوریاش هەر وایە، بۆ نمونە کاتێک لە سوریا پرسی کورد بەهێز دەبێت، ئەوا سوریا

لە تورکیا نزیک دەبێتەوە، یان بەپێچەوانەوە. ئێرانیش بەهەمان شێوە مامەڵە دەکات، لەناوەڕۆک یەک شت مومارەسە دەکەن، بەلام لە تاکتیکو قسەکانیان جیاوازن. ئەوە گرفتێکی گەورەی کوردەو دەکرێت ئەوە بەمەترسیە گەورەکە ناوبەرین. چونکە زۆر سەختە کاتێک تۆ دەتەوێت لە ململانێ لە عێراق بەریتەوە، بەلام ببینی هەموو دەوڵەتانی عەرەب دێنە سەر خەتو پشتیوانی دەکەن، یان بەهەمان شێوە بۆ تورکیاو ئێرانو سوریاش، بەلام لەهەموو ئەوانە گرنگتر کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگای کوردو گۆڕانو بەهێزی کوردە لەناوخۆیدا، چەندە دیموکراسی لەناوخۆی کوردستانو هێزەکانیو لایەنەکانی گەشە بکات، ئەوەندە کورد هێز وەردەگرێت بەرامبەر هەموو مەترسیەکانی، دەتوانم بڵێم چەندە کورد لەناوخۆیدا دیموکراسیو کراوەو شەفافو ئازاد بێت، ئەوەندە مەترسیە گەورەکانیشی بچوک دەبنەوە. هەتا دواکەوتووبین مەترسیەکانیشمان گەورەتر دەبن.. پێچەوانەکەشی وەکو باسمان کرد راستە.

دەشێ بپرسین بۆچی کەرکوک ترسناکترین کێشەی عێراقە؟ ئایا ماددەی دەستوری نیە بۆ چارەسەری؟ بەڵێ هەیە. ئەی کەواتە کوا ترس. ئەگەر سیاسەتی عروبەو تورکەکانو ئێرانیەکان نەبێت کە نایانەوێت کورد بگاتەوە خاکی دابڕاوی خۆی. بێ دەنگی ئەمەریکاش لەم بارەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرژەوەندیانەی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەی هەیە، تەنانەت ئەمەریکا ئەوەندەی حساب بۆ گوشاری ئەو دەوڵەتانە دەکات، ئەوەندە حساب بۆ گوشارەکانی تۆ ناکات لە کەرکوکو ناوچەکە، چونکە ئەمەریکا بەدوای ئەجێندای خۆیدا دەگەڕێت، ئەوەتا داوای دانوسانی راستەوخۆ لە ئێران دەکات، بێگومان ئەگەر ئێران رازی بێت، ئەوا حەتمەن مەرجی خۆی هەیە، کە بەدڵنیایەوە یەکێک لەمەرجەکان خەباتی نەتەوایەتی کوردە کەداوا لەئەمەریکا دەکات پشتمان تێ بکات. یان ئەو قسەیەی یەکێک لە سیاسەت مەدارانی ئەمەریکا بۆ ئێمەی جێگای بایەخە کاتێک گوتی: ئەمەریکا دەیەوێت بەغداییکی بەهێز هەبێت. ئیتر ئێمە پێویستە خوێندنەوەی ورد لەم چەمکە ببینین کە دەڵێ بەغدایەکی بەهێز!.

کورد نابێت بەترسو لەرزی زۆرەوە لەهەموو هەنگاوەکان بڕوانێتو کۆمەڵگای

کوردیو تاکی کوردی پڕ بکات لە هەستی مەترسی گەورە، ئێستا کاتی نەمانی ئەو گوتارو سیاسەتە هاتووەو زۆر گرنگە گوتاری تازە ئەوە بێت کە هاوڵاتی کوردی لە ئیرادەو ئیدارەو ژیانو ئازادیەکانی بەهێز بکرێت، بۆ ئەوەی شاخەکانی مەترسی کون بکاتو سەرکەوێت بەسەر ئەو شتانەی کە ئاماژەمان پێدا. تاکی دەستەمۆی نا ئاگا لە سیاسەتەکانو گۆڕانەکان، بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت لەسەردەمی ئەمڕۆ سەرکەوێت بەسەر شەپۆلی ئەو گۆڕانانەی روبەروی خۆیو کۆمەڵگاکەی دەبێتەوە. ئەوە هێندەی هێرشی داگیرکەرەکان جێگای مەترسیە لەسەر کورد. لەبەرئەوە ناکرێ هەر بەدروشم ژیانی سیاسیو دەسەلاتداریەتیو حوکمرانیەتی بەرێوەبەرین، بون بە دامەزراوەیی لەژیانی ئەم کۆمەڵگایە ئەو رۆشنیە دروست دەکات کە پێویستە بۆ مەترسیەکان هەمان بێتو ببینینو بزانین دەردەشەی گشت مەترسیەکانمان دەکەین. ئێمە لەناو عێراقدا مەرج نیە هەر یەک جۆر مەترسیمان لەسەر بێت، شێوەو جۆرەکانی مەترسی جیاوازن، بۆ نمونە ئۆباما لەیەکێک لە لێدوانەکانیدا گوتی: کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ عێراق فراوان بکەین». پێویستە کورد وریای جۆری فراوان کردنی ئەو پەیوەندیانە بێت وەکو بەشێک لە عێراق، چونکە ئەگەر پەیوەندی بازرگانی بێت، ئەوا جێگای خۆیەتی داوای پشکی کورد بە شەفافی وەکو هەرێمێکی عێراق بکرێت، چونکە ئاستی گەشەی ناوچەکانی تر لە دواجاردا گرفت بۆ هەرێم دروست دەکات، ئەمەش وا دەکات هەرێم بەجێ بمێنێت. بۆیە ئەم بەجێمانەش گرفتی سیاسیو دەسەلاتداریەتی دروست دەکات. یەکێک لە دەزگا سەرەکیەکانی ئەمەریکا لەراپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دەدات کە « لەمەودوا ئەمەریکا بایەخ بەو لایەنانە دەدات کە دیموکراسی پەرە پێدەدات لە عێراق»، ئایا ئەمەریکا کاری بەو هێزە نەتەوەییو تایەفیو پڕ چەکو خاوەن نفوزەکان نەماوە، دەیەوێت تەنها ئەو هێزانە بگرێت بەلای خۆیدا کە دیموکراسی رەفتاریانە. ئایا ئەوە پەیامێک نیە بۆ کورد کە واز لەو گەندەڵیو حزبی بونو قۆرغ کردنی ژیان بهێنێتو ببێتە هەرێمێکی دیموکراسی بەکردەوە. چونکە هەر لەم راپۆرتەدا رەخنە لە سەرکردایەتی کورد دەگرێتو دەڵێت: کوردەکان هەر بانگەشەی دیموکراسی

هەرێمەكەیان دەكەن، بەڵام هەڵبژاردنو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەم هەرێمە زۆر دەگمەنە. ئەمەش مەترسیەو ناكرێ ئێمە لەم راوبۆچونانەی ئەمریكیەكان بێ خەم بین، چونكە ئەوە جۆرێكە لە ئاگاداركردنەوەمان. ئێستا ئەمەریكاو توركیا لە توركیا لەگەڵ رێكخراوە كۆنە بەعسیو ئەوانەی ناویان مقاوەمەیە كۆبونەتەوە، هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق، گوتی: ئێمە بە بیستنی ئەم هەواڵە توشی شۆک بوین. بۆ كورد جێگای پرسیارە ئەمەریكا بەم شێوەیە لەگەڵ گروپە مقاوەمەكانی ناو عێراق بە نهێنی كۆبونەوە بكات، چونكە ئەو كۆنەبەعسیو هێزانە یەكێک لەمەرجەكانیان لێدانە لە مافو ئامادەیی كورد لە ناو دەوڵەتی عێراق، كێ دەڵێ ئەمەریكاش ناچار نابێت یەكێک لەو مەرجانەی ئەو گروپانە قبوڵ بكات لەسەر حسابی كورد. ئەگەر ئەمەریكا ئەوە یەكێک بێت لە سیاسەتەكانی خۆی بەم شێوەیە، دەبێت چەند دۆسیەی تر هەن كە تاوەكو ئێستا دركمان پێ نەكردووە. ئەمەریكا خۆشی سود لەوە وەردەگرێت هێزەكان لە ترسێكدا بژین كە پێویستیان بەهاوكاری ئەو بێتو دوور نەبن لە ستراتیژی ئەو. بۆیە دەبینین كە بارگرژیەک لەناو عێراقدا روودبات، یەكسەر هەندێ هێز ئەمەریكا تۆمەتبار دەكەنو دەڵێن ئەوە ئەمەریكایە خۆی ئەوە دەكات بۆ ئەوەی كارمان بەو بێت، كەواتە ئەگەر پێویست بكات ئەمەریكا خۆی ترس دروست دەكاتو خۆی دەبێتە هۆكاری لەدایک بونی مەترسیەكی تازە..ئەگەر ئەوەشی پێ نەكرا، لەوانەیە خودی خۆی ببێتە مەترسیو ئامێرەكە خۆی بێت. كوردیش لەم عێراقە بەدەست ئەو واقیعەوە دەژیو ناشكرێ بێ ئاگا بێت لەوە. یەكێک لە سیاسەتوانەكانی كورد لەچاوپێكەوتنێكدا دەڵێ: ئەزمونی هەرێمی كوردستان لەدەرەوە ناشیرینە. دیموكراسیو كۆتایی هێنان بە مۆتەكەی گەندەڵی جوانمان دەكات، نەوەكو درێژەدان بە سیاسەتی ئێستا كە لەناوخۆشدا ناشیرینە، جگەلە دەرەوەش. كاتێک باس لەوە دەكەین كە بەرژەوەندی دەوڵەتان جێگای مەترسیە، لەناو عێراقیشدا هێزەكانی تر هەن خۆشیان لەو واقیعەی ئێمە نیە، یەكێک لە سەرۆک عەشیرەتەكانی عەرەب دەڵێت: ئەگەر شەڕ لەسەر كەركوک لەنێوان كوردو حكومەت روو بدات، ئەوا ئێمە بێ دوو دڵی لایەنی سوپای عێراق

دەگرین‌و شەڕی کورد دەکەین. مالیکیش لە کوردستان ئاماژە بەوە دەدات کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان ئەوا لیژنەمان پێک هێناوە. بونی لیژنەش مانای دواخستنی پرسە سەرەکیەکەو خۆدزینەوەیە لە چارەسەر. هێشتا هەستی شەڕ کردن دژی کورد زۆر زیندووە، چونکە عەشیرەتەکان‌و خەڵکی ئامادەیە بۆ جەنگ‌و کوشتار، بونی ئەو هەستە مەترسیە بۆ عێراق بەگشتی‌و کورد بەتایبەتی. لەهەمان کاتیشدا ئێستا شەپۆلێکی زۆر تیرۆرو تەقینەوە بەرۆکی عێراقی گرتۆتەوە، ئەم شەپۆلی خوێن ڕشتنە مەترسیە هەم بۆ چەسپاندنی سیستەمی سیاسی‌و هەمیش بۆ ئاشتیەوایی نیشتمانی. تیرۆرو تەقینەوە مانای شکستی سیاسی‌و پێکەوە بونی هێزەکان‌و باری ئەمنییە، ئەوە مەترسیە.. مەترسی ئەوەیە کە متمانە ناهێڵێت، نەبونی متمانەشە کە ئێمە دەڵێین مەترسی هەیە. کورد حەقیەتی لەو مەترسیانە سڵ بکاتەوە، بەڵام وەکو ئاماژەمان پێدا نابێت لەسەر حسابی ئازادی‌و دیموکراسی‌و بەڕێوەبردنی ناوخۆ بێت. بونی ئەم هەموو تەقینەوەو خوێن ڕشتنە رۆژانە لەناو عێراقدا ئەمەریکاو دنیای هێناوەتەوە قسەو لێکدا لێکدا قسە لەسەر ئاسایش‌و روبەروبونەوەی تیرۆر دەکەن، کەچی ئەوەی بۆ من جێگای پرسیار بوو، ئەوەبوو کە میدیای عەرەبی هەڵوەستەیان لەسەر پرسی کورد دەکردو یەکێک لە تیڤیە عەرەبیەکان لە سیاسیەکی کوردی پرسی: ئێوە بەرەو جیابوونەوەو دەوڵەتی کوردی دەڕۆن، ئەو پرسیارەی هێندە بە ترس‌و گومانەوە دەکرد، وات هەست دەکرد کە عێراق شامی شەریفەو هیچ کێشەیەکی نیە جگەلە کێشەی کوردو هەستی دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی. بەڵام وەڵامی سیاسیە کوردیەکە بەئەسپایی‌و هێمانە بوو کاتێک گوتی: ئێمە وەک هەر نەتەوەیەک مافی خۆمانە دەوڵەتی خۆمان هەبێت. بەلای منەوە سەیرە کە رۆژانە تەقینەوەو تیرۆر خوێن لەسەر شەقام‌و بازاڕو شوێنە گشتیەکان دەڕژێنن، کەچی لەبری ئەوەی ئەوە کێشەی یەکەمی ئەمڕۆی پرۆسەی سیاسی عێراق بێت، کەچی کێشەی کوردو هەستی نەتەوایەتی کورد دەکەنە یەکەمین‌و مەترسی ترین کێشە. ئەوە مەترسیە چونکە ئەو گوتارە راست نیەو سروشتی نیە. تۆ بڵێی چ بیروڕایەک وای لە هاوڵاتی عەرەبی عێراق کردبێت، متمانەی بە

پرۆسەی سیاسیو پێکەوە ژیان نەبێت، ئایا ئەوە مەترسی نیە بۆ هێزەکانی ناو عێراق، یان هەرتەنها کورد مەترسیە. بۆ روبەروبونەوەی ئەو مەترسیانەی هەم لەناوخۆی کوردستانو هەم لەناوخۆی عێراقو هەمیش لەدەرەوە دەکەوێتە سەر ئێمەی کورد، پێویستە ژیانی ئازادیو دیموکراسیو سیاسیو شەفافیەتو عەدالەتی کۆمەڵایەتیمان هەبێت، ئەمە دوژمنمان لاواز دەکاتو خۆشمان بەهێز. سیاسەتی راست ئەوە نیە وەکو دوژمن سەیری یەک بکەینو کەچی رومەتی ئەوانی تر ماچ بکەین، وا پێویستە خۆمان لەناو خۆماندا بزانین چۆن گفتوگۆی داهاتووی خۆمانو هەنگاوەکانی ئێستمان بکەین. چۆن بزانین کۆمەڵگای ئێمە لەچاوی خەڵکەوە ناشیرین نەبێتو ئەزمونی سیاسیمان گەشەدار بێت، ئەوە بۆ مانەوەی خودی هێزە کوردیەکانیش گرنگە، چونکە ئەوانیش چیتر بە دروشمو قسەی مەترسیدار ناتوانن هاوڵاتی کوردی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو نەهێڵن قسە بکات. هاوڵاتی کوردی کاتێک ئەو هێزانەی قبوڵە کە لەناوخۆی کوردستان نمونەی ئەزمونێکی سەرکەوتوو بن. ئەگەر لەناوخۆدا ئەزمونێکی گەشەدارو سەرکەوتوو هەبوو، ئەوا بۆ دەرەوە متمانەی هاوڵاتی کوردی زۆر قورس نابێت بۆ ئەو هێزانە.

# ژیانێکی ساختە

ئایا بەڕاست پێویستە ئێمە هەتاهەتایە عێراقی بین!
کەم لایەن هێندەی لایەنی کوردی، دوعا بۆ عێراقی تازە دەکات. لەوەتەی بەعس روخاوەو صەدام نەماوە. کورد گوێچکەی دەوروبەری بە عێراقی فیدڕاڵیو پێکەوەژیانی نیشتمانی هەراسان کردوە. کەم رۆژو کەم هەواڵ هەیە سەرکردە کوردەکان بە شانازیەوە باس لە عێراقی بوون نەکەن، بەسەربەرزیەوە رۆڵی کورد لە دروستکردنەوەو بنیاتنانەوەی عێراق دەخەنە روو، لەیەکێک لە رۆژنامە بیانیەکان سەرۆکی هەرێم ئاماژە بەوە دەدات کە ماوەی پێنج هەزار ساڵە کورد لەم ناوچەیە دەژی. ئەمڕۆش لەهەموو کەس
زیاتر کورد خۆی بەعێراقی دەزانیو دەست بەم وڵاتەی خۆیەوە دەگریَ، ئەم وتارە لەخودی کەناڵێکی رەسمی پارتی دەسەڵاتداری کوردی گوێم لێبوو. لێرەدا

گرنگە ئەم باکگراوندە مێژووییە لە جێگای خۆی بەکاربهێنین، کەبەڵێ ماوەی پێنج هەزار ساڵە لێرە دەژین، بەڵام ئێمە پێنج هەزار ساڵە کوردین، نەوەک پێنج هەزار ساڵ بێت عێراقی بین، هەرچەندە دەزانم خودی لێدوانەکە مەبەست کوردبونە، بەڵام عێراقی تازە مانای ئەوە نیە شوناسی هەزاران ساڵی ئێمە لەعێراقی بوندا لەقالب بدرێت. لەدوای گرفتە سەرەکیەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق، پەردە لەسەر زۆر نیەتی ڕاستەقینە هەڵدرانەوە، بەتایبەت دەربارەی کورد، لێرەدا جارێکی تر قسەیەکی سەرۆکی هەرێم دەخەینەوە ڕوو کە لەبەغدا گەڕایەوە لە فرۆکەخانەی هەولێر، گوتی: بەڕاستی فشاری زۆرمان لەسەر بوو، بەڵام شوکر کورد سەرکەوتو توانیمان ڕوبەڕوی فشارەکان بوەستینو پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرینەوە. کەواتە ئێمە بەهۆی دیموکراسیو پێکەوەژیانو فیدراڵیو عێراقی تازە، پۆستی سەرۆک کۆماریمان وەرنەگرتووە بەڵکو لەئەنجامی پێداگیری بوو، مکوڕبونی کورد لەسەر پۆستی سەرۆک کۆماری بەم چەشنەی بینیمان، بۆی سەلماندین کەمانای عێراقی تازە هیچ بنەمایەکی نیەو ئەم ژیانەی ئێستای ناو لایەنە عێراقیەکان ژیانێکی ساختەیەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو ئیقلیمی ڕایانگرتووە، ئەگینا متمانە لەناو عێراقدا بوونی
پێویستی نیە. پۆستی سەرۆک کۆمار ئەو جەنگە بوو لایەنە کوردیەکان لەبەغدا کردیان. ئەم هەموو هەرایەی کورد لەسەر ئەم پۆستە، ڕونی کردەوە کە ئەوەی دەربارەی پێکەوەژیانی ناو عێراقو گروپەکان بۆمان باس کراوە، درۆیەکی شاخ داربوو، چونکە کورد وەکو دۆڕانێکی گەورە سەیری لەدەستدانی ئەم
پۆستەی دەکرد. ئەمەش نیشانەی بێ متمانەیی کوردو ئەوانی ترە لەعێراقدا. بۆچی لایەنە کوردیەکانو جەماوەری دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بە ئاڵای کوردستانەوە ئاهەنگ بۆ تاڵەبانی دەگێڕن بەبۆنەی بوونەوەی بەسەرۆک کۆمار. چونکە دەرکەوت عێراقی تازە پڕە لە مینو تەقەمەنی ئامادەکراو بۆ ئەوەی لەژێر پێی مافەکانی کورددا بتەقێنرێنەوە. لەدوای بینینی ئەم جەنگەو ململانێ یە ناسروشتیەی لەماوەی حەوت مانگی ڕابردوو لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار بینیمان. تەواوی لایەنە شاراوەکانی عێراقی

تازەمان بۆدەرکەوت، بۆیە تکا دەکەین چیتر دروشمی پێکەوەژیانو فیدڕاڵیو عێراقی تازە دەرخواردمان نەدەن. چیتر لەسەر دەوڵەتی عێراقی لێدوانی ناواقیعی مەدەن. ئەوەتا چ بۆشاییو تەنانەت کینەش لەناو عێراقدا هەستی پێدەکرێو چەندە کەڵەکەبووە، ئەی کەواتە بۆچی خۆمان فریوبدەینو بانگەواز بۆ عێراقێکی تازە بکەین. تاوەکو رەوشی سیاسیو ئەم لایەنو کەسو گروپانە لەعێراق بن، ئەوا دیموکراسی جگەلە گەمەیەکی مەزهەبیو تایەفیو قەومی، شتێکی تر نیە. چونکە دەرکەوت هەڵبژاردنو پرۆسەی دیموکراسی هیچ جۆرە متمانەیەکی شارستانیو پێکەوەژیانی دروست نەکردووە. دەرکەوت سیستەمی ئەم دەوڵەتە بەدەست تایەفەو گروپو هێزە ناکۆکەکان لەسەر بناغەیەکی مەترسی دار داڕێژراوەتەوە. هەر لەماوەی کێشمەکێشی ئەم جەنگە سیاسیو هەرایەی ناو عێراق، دروشمێکی کۆنی کورد هاتەوە ناو گۆڕەپانەکەو بەردەوام سیاسی یە کوردیەکان بۆ ئێمەیان دووپات دەکردەوە کە کورد نابێتەوە هاوڵاتی پلە دوو. کەواتە ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆمار کوردێک وەرینەگرێتەوە ئەوا ئیتر ئێمە هاوڵاتی پلە دوو دەبوین. چەند مەترسیدارە پۆست بنەمای هاوڵاتی بونمان بێت لە عێراقدا. یانی ئێمە ئەوەندە لەم دەوڵەتە بەدگومانین؟ یانی کورد ئەوەندە لەژێر مەترسیدایە کە ئەگەر سەرۆک کۆمار نەبێت ئیتر دەبێتەوە بە هاوڵاتی پلە دوو؟ ئەدی کەواتە بۆچی باسی عێراقی تازەو پێکەوەژیانمان لێ دەکەن لەگەڵ ئەوانی تر. مادام کورد هێندە بێ متمانەیە بەرامبەر بەم دەوڵەتە بۆچی هێندە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە رۆڵی گەورەمان هەیە لە بنیاتنانەوەی عێراقی تازەدا. ئەگەر کورد لەسەر وەرگرتنی پۆستێکی سیادی ئەم هەموو فشارەی لەسەر بێتو هێندە مەترسی لەسەر بێت. بۆچی واز لە رۆڵی خۆی بۆ عێراق ناهێنێو ئاوازێکی تر لێ نادات؟ ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ مانای پێکەوەژیانی کوردو عەرەب هێندە گرنگو جێگای بایەخە لەبەرچی ئەوانەی دیموکراسیخوازن لەم عێراقە هەڵوێستی هێندە سەختو توندیان بەرامبەر ئەم لایەنە هەبوو. دیارە دیموکراسی خوازانی عێراق وا لە دیموکراسی گەیشتون کە بریتی یە لەهێز بۆخۆمانو تۆش بڕۆوەماڵەوە تاوەکو کارێکت بۆ دەدۆزینەوە. واتە دیموکراسی خوازانو

هەڵگرانی
پەیامی پێکەوەژیان لەبری ئەوەی گرنگی ئەم لایەنە تێبگەن. زیاتر کەلێنی ناو پێکهاتەکەیان فراوانتر دەکرد. کورد بۆ هەبونی متمانەی بەم دەوڵەتە داوای گرەنتیەک دەکات، کە لەپۆستی سەرۆک کۆمار بەجۆرێک چڕ کرابۆوە وەرەقەی (١٩) خاڵیەکەی ئیتیلافی لیستە کوردستانیەکان هەر لە بیرچووبۆوە.
کەس ئاگای لە (١٩) خاڵەکە نەمابوو. بەڵێ ئەمەش بۆ ناوخۆی کوردو متمانەی نێوان کوردو کورد زەرەری خۆی هەیە، چونکە لەبغداد باس هەر باسی پۆستی سەرۆک کۆمار بوو، ئەزمونی ئەم حەوت هەشت مانگەی هەوڵی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی، کەلێنی پێکەوەژیانی نێوان کوردو عەرەب، وە عەرەب لەگەڵ عەرەب، تەنانەت کورد لەگەڵ کوردیشی بەڕۆشنی خستە روو.
دەوڵەتێکیش لەناوخۆیدا گرفتی گەورەی پێکەوەژیان‌و هاونیشتمانیانی بەم جۆرە بێت، ئەوا درۆیەکی گەورەیە ئەگەر پێمان وابێت دەوڵەتێکە داهاتوویەکی پتەوو سەقامگرتوو چاوەڕێی دەکات. روداوەکانی دانیشتنی ناو پەرلەمانی عێراق کاتێک سەرۆک پەرلەمان‌و جێگرەکانی‌و سەرۆک کۆمار هەڵبژێردران نیشانەی ئەوەبون کە ئەم دەوڵەتە چەندە لەناو بێ متمانەیەکی گەورەی پێکەوەژیانی راستەقینەی رۆڵەکانیدا دەژی. ئەوەی ئێستا لەعێراق رودەدات جگە لە نمایشکردنی ژیانێکی ساختە، ژیانێکی تر لەگۆڕێ نیە. ئەگەر کورد هێندە لە لەدەستدانی پۆستی سەرۆک کۆمار دەترسێ، نیشانەی خۆی هەیە، کە پێش هەموویان گەڕانەوەی کوردە بۆ هاوڵاتی پلە دوو! بەڵام ئایا تاهەتایە ئەم پۆستە هەر بۆکورد دەبێت، لێرەدا دەپرسین ئەگەر هەتاهەتایە ئیتر ئەم پۆستە بۆ کوردە، ئەی کەواتە بۆچی لەعێراق هەڵبژاردن دەکرێ، واتە کورد ئەگەر ٧٠ کورسی بێنێت‌و یان ١٠ کورسی بێنێت، ئەوا هەر پۆستی سیادی وەکو نەتەوەی دووەم وەربگرێت، کەواتە بۆچی هەڵبژاردن ئەنجام دەدەی بۆچی خەڵک بێتە سەر صندوق، بۆچی ئەم هەموو پارەی ئەم دەوڵەتە خەرج بکرێ، وە ئەگەریش دەسەڵات ئالوگۆڕ کراو ئاکامی هەڵبژاردن قبوڵ کرا، ئەوا زۆر سروشتی یە پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ عەرەبێک بێت، ئەوکاتە دەبێ کورد بڵێ ئێمە لە عێراق فیڵمان لێ کراو بووینەوە هاوڵاتی

پلە دوو! لێرەدا حەقیقەتی ژیانی ساختە لەناو ئەم دەوڵەتە بەتەواوی روونە. تۆ ئەگەر وەکو نەتەوەیەکی سەرەکی دەست بەرداری پۆستی سەرۆک کۆمار نەبیت لەبەرئەوەی متمانەت بە ئەوانی تری ناو ئەم دەوڵەتە نیە. بۆچی هاوڵاتی خۆت بە دروشمی پێکەوەژیانو عێراقی تازەو فیدراڵی چەواشە دەکەی...ئەگەریش پۆستی سەرۆک کۆمار بەتەواوی بۆ کورد یەکلایی بۆتەوەو وەکو ئیستحقاقی نەتەوەیی، ئەوا هێندە باسی دیموکراسیو هەڵبژاردنو سیستەمی تازە مەکە.

سەیر ئەوەیە دوای ئەم جەنگەی پۆستو ئیمتیازە، پێمان وابێت ئیتر کورد تەواو بێ خەم بوو، گرفتو کێشەی نەتەوایەتیەکەی چارەسەر بوو، بە پێچەوانەوە دوای پێکهێنانی کابینەی حکومەت جەنگی سەخت دەست پێدەکات..بەتایبەت لەسەر مەسەلە هەڵپەسێردراوەکانی وەکو ماددەی ١٤٠و کەرکوکو سنوری کوردستان...پێشمەرگە.. بودجە..فیدراڵی....هتد

شارەزایان رەخنە لەکورد دەگرن کە سەرکردایەتیە سیاسی یەکەی بۆتە ناوبژیوانی لایەنەکانو خۆی لەهەندێ مەسەلەی گرنگ دزیوەتەوە کە داهاتوو بەرۆکی دەگرن. پێویستە کورد لەداهاتوودا بەرنامەو سیاسەتو شێوەی ئیشکردنی خۆی بگۆڕێت، هەوڵ بدات مکانیزمی بەهێز رێکبخات بۆ ئەوەی توشی شۆک نەبێت کاتێک حکومەتی داهاتوو خۆی لەکوردو مافەکانی دەدزێتەوە. توێژەرو سیاسەتمەدارێکی ئەمریکی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست شارەزایی هەیە، راشکاوانە ئامۆژگاری کورد دەکات گەشبین نەبێت بەرەوشی ئێستای عێراقو متمانەی نەبێت لەناو ئەم دەوڵەتە. ئەو ئاماژە بەوە دەدات هیچ یەکێک لەوانەی ئەمڕۆ عێراق بەڕێوە دەبەن بەهێزو پێگەی کورد دڵخۆش نین، هەرکاتێک دەسەڵاتیان بەسەر کورددا بشکێت خراپ مامەڵە دەکەن. تەنانەت ئەم توێژەرە بەوریاییەوە کورد ئاگادار دەکاتەوە کە ئێرانو تورکیاش بەهیچ شێوەیەک بەکوردو دەسەڵاتەکەی لەعێراق خۆشحاڵ نینو بەردەوام لەهەوڵی ئەوە دان گەمارۆی کورد بدەنو بچوکو بێ دەسەڵاتو بێ قەوارە بیهێڵنەوە. راشکاوانە ئەم توێژەرە مەلەفێ زیندوو دەکاتەوەو دەڵێت: بە برا کوردەکانم دەڵێم بەداخەوەم ئێوە لەناوچەیەکی بەمەترسیو هێزو نەیار دەور دراون.

هەمیشە ئێمەی خەڵکی خۆرئاوا هاندەدەن وەکو پێویست هاوکاریتان نەکەین، لەراستیدا کاتێک مرۆڤ لە لێدوانو قسە بەمەترسیەکانی سەرکردە کوردەکان رادەمێنێت، راستی ئەم توێژەرەو وێنەی لەخەڵکی وەکو ئەوی بەروناکی بۆ دەردەکەوێت، لەبەر ئەوە گۆڕینی پلانی کارکردن لەگەڵ بەغداو بەرامبەر حکومەتی داهاتوی عێراق مەرجێکی تازەی پێویستی خەباتی سیاسی یە. ناکرێ هەر لە حکومەتی عێراق بە چاوەڕوانیەوە دانیشینو رۆژ بە رۆژ کاتمان لەدەست بڕوات، با نمونەیەک لە کێشەکانمان بخەینەڕوو: لەشاری کەرکوکەوە لیستی عەرەبو تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەتوندی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە دژی هەبونی ئاسایشی کوردی لەناو شاری کەرکوکو هەڕەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر لەماوەی دە رۆژ ئەم ئاسایشیە کوردیە کەرکوک چۆڵ نەکات ئەوا هەر دوو لا هێزی تایبەت بەخۆیان پێک دەهێنن. ئەمە نیشانەیەکی گەورەی دژایەتی کردنی تەواوی خواستەکانی کوردە، نەک لەبەر چەند هێزێکی ئاسایش بەڵکو مەسەلەکە شتێکی لەوە گەورەترە. ئەو بەهەبونی ئاسایش رازی نیە، ئەی چۆن بەوە رازی دەبێ تەواوی شارەکە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو عەرەبو تورکمانانە لەلایەن خۆیانو تەنها خۆیان نین ئەم هەڵوێستە دەردەبڕن، بەڵکو لەکۆی دەسەڵاتدارانی بەغدا بێ ترسنو بەئاگان بۆیە ئاوا بێ منەت هەڕەشە لەکورد دەکەن. بەبۆچونی من داهاتوو کێشەی گەورە روبەروی کورد دەبێتەوە، دەرکەوت عێراق دەوڵەتێکی تازە نیە لە بیرکردنەوەو کەسایەتی نیشتمانیو هاونیشتمانیو مەدەنی، نەخێر..

عێراق دەوڵەتێکە پڕە لە گرێو گۆڵی شۆڤێنی ترسناک. کورد بەم گرێو گۆلانە دەخنکێت ئەگەر چیتر هێندە خۆی لەناو چوارچێوەی عێراقدا بەم جۆرە لەقالب بدات. لەلایەکی تر بابگەڕێنەوە بۆ بەڵگەیەکی تر ئەویش مەسەلەی « یەکڕیزی کورد» ە. با تۆزێک لەم داواکاریە ورد ببینەوە. بۆچی هەمیشە سیاسی یە دەسەڵاتدارەکانی کورد جەخت لەیەکڕیزی کوردو لیستوقەوارەکانی کوردستان دەکەنەوە! پشتی ئەم وشەیە پڕە لە مەترسیو درک کردن بەو شەپۆلە دژایەتیانەی بەرامبەر کورد لە بەغداو شوێنانی ترەوە دێن. ئەگەر هێزەکانی ناو عێراق

لەیەکترو داهاتووی سیستەمی سیاسی یەکەی پشت ئەستورن بەپێکەوەژیان ئەوا پێویست ناکات داوای یەکڕیزی هێزەکان لەیەکتری بکەین، بەڵام دیارە ئەم دەوڵەتە چۆنەو چۆن بەرەو داهاتوو دەڕوات. کورد هەمیشە پێویستی بەتەبایی هەیە بەڵام جۆری ئاراستەکردنی ئەم تەباییە دەبێت بۆ کوێ بێت، بۆ ئەوە بێت لەعێراقدا زیاتر رۆبچین، عێراقی بونمان پتەو بکەین، بەشداری کێکی شیرینی ئەم دەوڵەتە بین(ئەم کێکەی هەزار خاوەنی هەیەو سورە بەخوێن)، یاخود پێویستە تەباییو یەکریزی بۆ ئاقارێکی تر ئاراستە بکرێت، مەبەست بۆ ناوەوەی خۆمانو بەرەو سەربەخۆییو دەوڵەت. ئایا بەراست ئێمە پێویستە هەتاهەتایی عێراقی بین؟ باشوریەکان لەسودان چیتر نەیانتوانی سودانی بن بەم فۆرمەی کەهەبوو، کۆسۆڤۆیەکان بەهەمان شێوە، ئیدی ئێمەش دەمانەوێت باشوری بین نەوەکو چیتر باکوری. کوردستان باشوری وڵاتێکە، نەوەکو باکوری هیچ وڵاتێکی تر. دەمەوێت بەوەزیری دەرەوەی تورکیای دراوسێمان بڵێم هەرێمی کوردستان نایەوێت چیتر باکوری هیچ وڵاتێک بێت..چونکە جەنابی وەزیر گوتی: باکوری عێراق باشوری هیچ وڵاتێک نیە. جەنابی وەزیر نکۆڵی لەبونی قەوارەیەکی کوردی دەکرد لە عێراقو ئاماژەی بەوە دەدا کە شتێک نیە ناوی باشوری کوردستان بەڵکو ئەوەی هەیە باکوری عێراقە..ئێمەش لێرەوە هەمیشە جەخت لەوە دەکەینەوە نامانەوێت چیتر باکوری هیچ وڵاتێک بین.

ئەمریکیەکان کە ئەم فۆرمەی تازەی عێراقیان دروست کردووە، زۆر باشتر لەئێمە راستیەکان دەزانن، بۆیە ئەم ژیانە ساختەیەی ناو عێراق، شتێک نیە هەر کورد بیزانێت، بەڵکو زۆر دەمێکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی درکی پێکردووە، بۆیە کورد دەتوانێت زیاتر لەسەر پرسی مافی چارەی خۆنوسینی خۆی نزیک ببێتەوە، نەوەکو بەم جۆرە لەتەک ژیان وعێراق وئەمەریکاو تورکیاو ئێران، بەترس بژیت. ژیانی ساختەی ناو عێراق، بۆ بەرژەوەندی ئەم دەوڵەتانەی ناومان هێنان، چەندە جێگای بەرژەوەندی وسودی ململانێی خۆیانە، هێندەش سەرئێشەو جێگای هەڵگەڕانەوەی بەرژەوەندیەکانیانە. کورد بەم جۆرە لەناو زەلکاوێک دەژی، کە هەمیشە چارەنوسی نادیارو نا رۆشن چاوەڕێی دەکات، کەواتە چارەسەر ئەوەیە

كورد ترسەكە تێبپەڕێنێت. هەرچەندە تێپەڕاندنی ئەم ترسەش، ترسی خۆی هەیە. ئایا بەڕاست پێویستە ئێمە هەتاهەتایە عێراقی بین!

# بەشی پێنجەم

## دووبارە بوونەوەی یەک جۆر هەڵسوکەوت

## ئەمەریکا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کورد دەکات

کاتێک ئۆباما لەناو پەرلەمانی تورکیا گوتی: بەهاوکاری کوردەکانی باکوری عێراق لەگەڵ تورکیا روبەروی چەکدارانی پەکەکە دەبینەوە. راستیەکی گرنگمان زیاتر بۆ دەرکەوت، کە کاریگەری ئەزمونی هەرێمی کوردستانە بەسەر پارچەکانی تری کوردستان. ئەم ئەزمونە هەستی ناسیۆنالیستی کوردی لە پارچەکانی تریش بەرز کردۆتەوەو ناکرێت بەبێ ئێرە بڕیاری هەستیار بدرێت، کوردی پارچەکانی تریش ئامادەگی زۆریان هەبووە، بۆ ئەوەی بەرۆحیەتێکی کوردانە پارێزگاری لەهەرێمی کوردستان بکەن، بەلام ئەو کاتانەی لەگەڵ بزوتنەوەو پارتەکانی تری کوردستان گرژی رویداوە، ئاستی خۆشەویستی ئەوانیش بۆ هەرێم لاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام خوێنی کوردانەی ئەم ئەزمونە لەدەمارەکانیان هەر ماوە. ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەموو پارچەکانی کوردستان، بێ کێشەی جەوهەری نیە، دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان زۆر بەرەقیو خوێناوی مامەڵەیان لەگەڵ کردوە، ئاستی دڵرەقی ئەوان زۆر دیارو

کاریگەربووە. رادەی ناهۆشیاریو داخراویو نەخوێندەواریو دابڕاو لە دونیا، هۆیەکی تری ئەو کێشەیەیە کە کورد لەخەباتی ناسیۆنالیزمی خۆیدا رووبەرووی بۆتەوە. بەلام دوای راپەرینی ١٩٩١ هەم کێشەی کوردو هەمیش سیاسەتی ئیقلیمی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بۆنمونە کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لێرە دەژینو گەورەترین فاکتەری باشیو هەماهەنگی نێوانو هەرێمو ئێرانن، چونکە بە وەستانی چالاکی ئەوان، ئێران دۆستو هەماهەنگی هەرێمی کوردستانە، لەم رۆژانەدا سیاسیەکی کوردی رۆژهەلات لەیەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا گوتی: ئێمە وەکو کارتێک واین بەدەست هەرێمی کوردستان. ئەم قسەیە راستیەکی حاشا هەلنەگری تێدایە، ئەوان لەبەرامبەر هێمنیو هاوکاری ئێران دەربارەی باشوری کورستان، سازشێکی زۆریان لەسەر خەباتو چالاکی خۆیان کردووە، تەنانەت یەکێک لە جیاوازیو ناکۆکیە سەرەکیەکانیان لەناوخۆیاندا ئەم سازش کردنە بەردەوامەیانە دەربارەی هەرێمی کوردستان. لە سوریاش رەوشی کورد ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر راستەوخۆش نەبێت، ئەوا ناراستەوخۆ لەژێر کاریگەری ئەو هەستو کیانو ئەزمونەی هەرێمی کوردستانە، ئەوەتا کوردی زۆری ئەوێ لێرە دەژینو تەنانەت پارتە سەرەکیەکانیانو سیاسیەکانیشیان لێرە هەن، کێشەی کورد لە تورکیاو پەکەکەو خەباتی بەردەوامیان پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بەهۆی ئامادەگی پەکەکە لە شاخەکانی قەندیل، کە دۆسیەیەکی زیندووی سیاسیو ئیداریو پەیوەندی هەرێمی کوردستانە هەم لەگەڵ عێراقو هەمیش لەگەڵ ئیقلیمو خودی ئەمەریکا. ئێمە قسەکردنێکی زۆرمان دەوێت بۆ ئەوەی لەدوای راپەرین باسی پەیوەندیو کاریگەری خەباتی پەکەکەو کوردی باکورو هەرێمی کوردستان بکەین. کە دەکرێت لەم بابەتەدا تەنها وەکو باس کردنێکی گشتی هەڵوەستەی لەسەر بکەینو بۆ بەرچاو رونی شتێک بخەینە روو. لە ساڵی ١٩٩٢ دوو پارتە سەرەکیەکە لەگەڵ پەکەکە جەنگیان کرد، ساڵانی دواتر بەجیا هەریەک لەو دوو پارتە سەرەکیە، لەگەڵ پەکەکە ماوەیەک جەنگی خوێناویان کرد، کە بەهەموو هاوکێشەیەک ئەمە شەڕی براکوژیە. ئێستاش بەهۆی ئامادەیی پەکەکە لە شاخەکانی قەندیل،

هەرێمی کوردستان زۆر سەرقاڵی بونی ئەوانەو تورکیاو ئەمەریکاو ناوەندیش گوشاری زۆر دەخەنە سەرهەرێمی کوردستان. لەم بارەیەوە بەردەوام شتی تازە دەبیستین یەکێک لەو شتە دوبارەو هەمیشە تازەیە تۆپباران‌و هاتنی فڕۆکە جەنگیەکانی ئێران‌و تورکیایە، کە زەرەری زۆریان لە هەرێم داوەو وێران کردنی ئەو هەموو خاکەی لادێ نشینەکانی سنور، سەرمایەکی کەم نیە.

دوای ئەوەی کە ئۆباما دەسەڵاتی لە بوش وەرگرت، یەکێک لەهەنگاوەکانی ئەوەبوو کە داوای کرد گفتوگۆو دانوسان لەگەڵ ئێران بکرێت، جەختی لەوە کردەوە کە ئێران‌و ئەمەریکا دیالۆگ بکەن‌و ئیتر ئەو ناکۆکی‌و دوژمنایەتیەی نێوانیان نەمێنێت، بۆ ئەمەش وەکو دیاریەک‌و قوربانیەک بۆ ئێرانیەکان، ئۆباما هەر زوو پژاکی خستە لیستی تیرۆرەوە، دڵنیاشم پارت‌و ڕێکخراوو هێزەکانی تری کوردیش کارکردنیان ئاسان نابێت. ئەمەریکا لەبری ئەوەی یەکێک لەگوشارەکانی بۆسەر کۆماری ئیسلامی ئێران، کێشەی بن دەستی کورد بێت، وەکو کارتێکی فشار بەکاری بهێنێت! کەچی لەبری ئەوە هات بۆ ڕازی کردنی ئێران، پژاکی خستە لیستی تیرۆرەوە..تۆ بڵێی ئەمەریکا لەم سەودایە چی قازانج بکات، ئایا ئێران چی پێشکەش دەکات، تۆ بڵێی ئێران لەچاکەی ئەوەی کە ئۆباما پژاکی خستۆتە لیستی تیرۆرەوە! واز لە چەکی ئەتۆمی خۆی بهێنێت.؟.

لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات بە جەختکردنێکی زۆرەوە ئەمەریکا داوا لە کوردی باشور دەکات کە پابەندی یەک پارچەیی دەوڵەتی عێراق بن. وای لێ هاتووە ئەگەر لەلای ئەمریکیەکان پەرداخێک ئاو بخۆینەوە لەبری عافیەتی نۆشکردن، پێمان دەڵێن: ئاگاتان لەیەک پارچەیی عێراق بێت!. ئەو هەموو هەوڵەی ئەمەریکا بۆ ئەوەی کورد زۆر پابەندی بەغدا بێت، جێگای گومانە، تەنانەت ئەگەر چەندین ڕەهەندی سیاسی نائاشکراو ئاشکرای هەبێت، ئەوا لەبەرژەوەندی کورد نایبینم. ڕاستە لەپەیامێکی تازەی بەرپرسی هێزەکانی ئەمەریکا هەستێکی گەورە دەخوێنینەوە، کاتێک لەهەولێر گوتی: بەهێزبونی هەرێمی کوردستان مایەی بەهێزبونی بەغدایەو ئێمە نامانەوێت هەرێم لاواز بێت. بەڵام ئەم هەستی بەهێزبونەش دواجار هەر لەچوارچێوەی عێراقێک دایە کە پڕیەتی لەکێشەو بێ

متمانەیی. ئەم جەخت کردنەوەیە بەسەرێک بۆ لاوازکردنی ئەو هەستەیە کە ئەمڕۆ لەکوردستان باڵای کردووەو هەستی کوردستانی سەربەخۆو نەتەوەیی، دەکرێت بۆ پاڵپشتی ئەم جۆرە روانینەمان پشت بە قسەیەکی ( فۆر سۆنەر کاگاپتای) ببەستین کە دەڵێت: هەرێمی کوردستان لەباکوری عێراق هەستێکی بەهێزی نیشتمانیو کوردایەتی لەناو کوردەکانی ولاتانی دیکەی ئێرانو سوریاو تورکیادا دروست کردووە.

ئاراستەی سیاسی ئەمەریکا لەدوای کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق گۆڕان بەخۆیەوە دەبینێت، ئەم گۆڕانە بەلای کوردەوە جێگای بیرکردنەوەیە، چونکە کورد پێویستی بەوەیە دوای کشانەوەی سەربازەکانی ئەمەریکا، هەم ئەمەریکا چۆن دەڕوانێتە کوردو دەسەلاتەکەی لەهەرێمی کوردستان، هەمیش بەغدا چۆن بە هەڵسوکەوتی خۆیدا دەچێتەوەو چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد دەکات، چونکە ئەگەر ئەمەریکا لەعێراق سەربازەکانی بکشێنێتەوە، دەسەڵاتی زۆر دەکەوێتەوە دەستی ئەو هێزانەی لە بەغداوە ئاراستە دەکرێن، بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی کورد داوای ئاشکرایی ئەوە وێنانە بکات کە دوای کشانەوەی سەربازەکانی ئەمەریکا لەعێراق دەبینرێن. زانینی هەڵسوکەوتی ئەمەریکا بەرامبەر بەکورد لەدوای گۆڕانی ئیدارەی ئەمەریکاو ئەو هەنگاوە تازانەی ئۆباما دەینێت، رۆڵی گەورەی لەسەر نەخشەی سیاسی کورد دەبێت لەداهاتوودا. پشتگیری ئەمەریکا لە ناوەند، لەحکومەتی عێراق، نەک هەر بەلای کوردەوە بەڵکو بەلای زۆرێک لە چاودێری سیاسیو شارەزاو رۆشنبیران، رایەکی دروست کردوە، کە پێیان وایە، ئیجابی نیە ئەم هەموو پشتگیریە لە ناوەند، واتە لە بەغدا، چونکە حکومەتی عێراق بەم هەموو پشتگیریە پەرە بە بەهێزبونی خۆی دەداتو ئەمەش بەرەو تاکڕەوی دووبارەبونەوەی دیکتاتۆری دەبات. لەم بارەیەوە کورد گرفتی هەیە لەگەڵ ئەمەریکاو هەموو ئەوانەی بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئیدارەی حکومەتی عێراق دەکەن. لەلایەکی ترەوە بەئاشکرا دوالیزمی هەڵسوکەوتی ئەمەریکا دەردەکەوێت، چونکە: یەکەم ئەمەریکا داوا دەکات عێراق ولاتێکی دیموکراسیو پەرلەمانی بێت، هەمیشە ئیدیعای ئەوە دەکات کە بۆیە هاتۆتە

عێراق تا دیموکراسی بڵاوبکاتەوەو ئەو جەنگە بەناوی جەنگی دیموکراسی ناو دەبات. دووەم: هەمیشە پشتگیری توندی یەک پارچەیی عێراق دەکاتو زۆر هەوڵی بەهێز بونەوەی بەغداو حکومەتەکەی دەداتو بۆ ئەم مەبەستە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستۆتە گەڕ. بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکات کە عێراق دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز بێتو ئەو فشارانەی سەرکوردیش زۆرینەی دەچنە ناو ئەم چوارچێوەیە. ئەمەش لەراستیدا لەگەڵ دەوڵەتێکی فیدراڵیو فرەییو پەرلەمانیو دیموکراسی ناکۆکی زۆری هەیە. بۆیە هەڵسوکەوتی ئەمەریکا دوالیزمەیی یەو کورد دەبێت بەوردی خوێندنەوەی بۆ بکات.

لەهەمان کاتیشدا ناکرێت ڕەچاوی ئەو فشارانەش نەکەین، کە دەکرێنە سەر ئەمەریکا بۆ ئەوەی لە پاڵپشتی کورد دووری بخەنەوە، چونکە تورکیا دەربارەی دۆزی کورد بەراستی بۆتە سەر ئێشیەکی توند بۆ ئەمریکیەکان، ئەگەر فشارو بونی دەوڵەتێکی وەکو تورکیا نەبوایە، ئەمڕۆ نە ئێمە هێندە لە ئەمەریکا بە گومان دەبوین، نە ئەمەریکاش هێندە فشاری لەسەر کورد دروست دەکرد، بەتایبەت کوردی باشور. ئەمەریکاش باجی سیاسەتی هەڵەی دروست کردنی ئەو دەوڵەتانە دەدات کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بەناسروشتی لەم ڕۆژهەڵاتە دروست بون، ئەوان ئیعترافیش دەکەنو پێیان وایە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پێویستی بە دەستکاریو گۆڕانو دارشتنەوە هەیە، لەم ڕۆژانەدا نەخشەیەکی جیهانی بڵاوبۆوە کە تێیدا خاکی کوردستانی گەورەی تێدایە بەئاڵای کوردستانیشەوە، ئەمە لەم جۆرە تێگەیشتنە دروست بووە کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا. بەلام ئایا راست کردنەوەی ئەم نەخشە سیاسیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئەمەریکا کارێکی ئاسانەو بێ گرفتە؟ بۆ وەڵامی ئەوە ئەگەر سەیری ئەمەریکا بکەین لە عێراق، ئەوا یەکسەر دەتوانین بڵێین نەخێر. زۆریش پڕ گرفتو کێشەو ئاڵۆزیەو ئاسان نیە کەس ئەمڕۆ بتوانێت هەوڵی گۆڕانێکی تازەو هەمەلایەنە بدات، ئەی چی بکەین؟ ئایا دەشکرێت کورد هەتاهەتایە هەر باجی ئەو ناسروشتیە سیاسیە بدات، ئایا دەکرێت کورد هیچی لە هاوکاری ئەمەریکا نەوێتو تەسلیمی ئەو دۆخە بێت. بێگومان کورد بەردەوامی خەباتی

سەردەمیانەی دیموکراسیو مەدەنی دەبێت زیاتر قوڵو چڕترو کاریگەرتر بکات، بڕواتە ناو هۆڵەکانی پەرلەمانو دەستێکی مستو دەستێکی خەباتی پەرلەمانی بێت، هەرچەندە من بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ هیچ جۆرە هاندانێکی جەنگو کوشتار نیمو ناشمەوێت جەنگ ببینمەوە، بەڵام بەو عەقڵیەتەی کە ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ کورد دەکرێت، ناکرێت بە جلی مەدەنی لێی پاڵبدەینەوەو پێمان وابێت دنیا شامی شەریفەو دیموکراسی بۆ هەموانە، بەداخەوە ئەوەتا لە تورکیا کورد بە خەباتی مەدەنی چۆتە ناو پەرلەمانو شارەوانیەکان، کەچی ئەوەتا دەستگیر دەکرێن. کەواتە خوێندنەوەی خەباتی سەردەمو گونجان لەگەڵ ئەو زلهێزانە بۆ ئێمە سیاسەتێکی پێویستەو ناکرێت داخراوو بەیەک جۆر دیوی شتەکان ببینین. ئەمەش وامان لێ دەکات بزانین ئەمەریکاو دەوروبەرو جیهان چۆن هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن، لانی کەم دەزانین تاچەندە رۆیشتوینو چۆنیش سەیریان بکەین، ئەمە بۆ ئەو قۆناغە وامان لێ دەخوازێت، دوای ئەوەی گۆڕانی تر رویدا، ئەوا خەباتی تازەی ئێمە شتی ترمان لێ دەخوازێت کە لەگەڵ قۆناغی تازەی گۆڕانەکە بگونجێت، ژیانی سیاسی ئێمەش لە ناو بازنەیەکی بچوک نەماوە، بەڵام پەرتەوازەبونو نەبونی هەماهەنگی گوتارەکەمان ئاڵۆز دەکات، ئەوەش رادەی درک کردنی هەڵسوکەوتی بەرامبەرمان لێ لێڵ دەکات.

# پەکەکە خامۆش دەکەن

لەناو زانیاریو هەواڵەکانی سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، بەجیاوازتر لە رابردوو، گەش بینیو هەواڵی چارەسەری سیاسیانە دەربارەی کورد لەتورکیاو دۆستایەتی لەگەڵ هەرێم دەبینین. بەڵام دەبێت بپرسین ئایا تا چەندە ئەم گەش بینی یە واقیعی یە. چونکە ئەزمونی ترمان لەرابردوودا لەگەڵ ئەم جۆرە روداوو پێشهاتانەدا هەیە. کە بەداخەوە دواتر بەکێشەو دوور کەوتنەوە کۆتایی پێهاتووە. راستە ئێستا راگەیاندنەکانی ناوخۆی تورکیاو عێراقو هەرێم بەگەرمی باسی نزیک بونەوەی ئاشتیو چارەسەری سیاسیو رێککەوتن دەکەن، باس لەوە دەکرێ لەگەڵ پەکەکە بگەنە رێککەوتنێک، بەلام هێشتا ترس لەهەنگاوەکان هەیە، بۆ نمونە بەرپرسی پەیوەندیە گشتی یەکانی پەکەکە رایگەیاند: کەناکرێ ئەم دانیشتنو رێککەوتنانە بەبێ ئامادەبونی نوێنەری ئێمە بەرێوەبچن. ئەمە بۆچونێکی راستە، چونکە مادام ئەو هەموو دانیشتنو راگەیاندنو یەکتر بینینە لەسەر دۆزی پەکەکەیە، ئەی چۆن دەبێت پەکەکە ئامادەیی نەبێت، ئاگای لێ

نەبێت. پەکەکە حەقی خۆیەتی گومان لەم هەنگاوانە بکاتو نەچێتە پێشەوەو بە ترسەوە مامەڵە لەگەڵ هەر رێککەوتنێک بکات کە لەسەر ئەو دەکرێت. ناکرێت قسە لەسەر ئایندەی پەکەکە بکرێ بەبێ ئامادەبونی پەکەکە، وەک چۆن تورکیا ئێستا خوێندنەوەو پرۆژەو هەنگاوی ترو جیاوازی دەربارەی پەکەکە هەیە، بەهەمان شێوە عێراقیش هەیەتی، وە هەرێمی کوردستانیش هەیەتی، ئەی چۆن دەبێت پەکەکەش نەیبێت. بێگومان ئەوانیش پرۆژەو بریارو راسپاردەی خۆیان هەیە. بۆیە بەبێ ئەوەی لەپەکەکە تێبگەنو سەیری پرۆژەو راسپاردەو هەنگاوەکانیان بکەین، ئاسان نیە پێ بنێینە قۆناغێکەوە کە بمانگەیەنێتە تێگەیشتنێکی دروست سەبارەت بەکێشەی کورد لەتورکیاو ئایندەی خەباتی پەکەکە. ئەم گرنگی پێدانەی ئێستای شەقامی تورکی بەپەکەکەو ئەو هەموو ناکۆکیە جیاوازانەی کە دەربارەی پەکەکە لەناو تورکیا دروست بووە، مانای گرنگی پەکەکەیە. ئەگەر ئەم رێکخراوە پێگەی گرنگی نەبێت، بەدڵنیایەوە بەم گرنگیو گشتگیریەوە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت. ئێستا جۆرە قسەکردنێکی جیاواز لەلایەن دەسەڵاتو سیاسیەکانی تورکیا لەسەر پرسی کوردو پەکەکە دەکرێت، دەیانەوێت بۆ جیهانی بسەلمێنن کە کوردو پەکەکە دوو شتی لێک جیاوازن. ئەمە زەنگێکی خراپە، تەنانەت جێگای پێکەنینیشە بتەوێت پارتێکی کاریگەری وەکو پەکەکە لە تورکیا لە کێشەی کورد جیابکەیتەوە، پەکەکە وەکو پارت نەوەکو هەر کێشەی نیە، بەڵکو زیادە رەوی نیە ئەگەر بڵێم بەهێزترین پارتی سیاسی کوردی یە لە ئێستادا، پەکەکە یەک کێشەی سەرەکیو ئامانجی هەیە کە کێشەی نەتەوەیەکەو ئامانجی ئازادی نەتەوەکەیە. دەبێت بەفراوانترو وردتر لەپەکەکە بچینە پێشەوە، بزانرێت چۆن هەنگاو دەربارەی ئایندەی رێککەوتن لەگەڵ ئەم پارتە جێبەجێ دەکرێتو رێک دەخرێت. ئەمرۆ لەکوردستانی تورکیا پەکەکە نوێنەرایەتی کێشەی کورد دەکات، ئەمە راستی یەکە ناتوانرێت پەراوێز بخرێت، بەڵام رەخنەو تێبینی لەسەر چۆنیەتی خەباتو رابەرایەتی پەکەکە ئەوە مەسەلەیەکی ترە. راستە هێزی سیاسیو سەرکردەی سیاسی کوردیو عێراقیو تورکی زۆرێک هەن کە رەخنەو تورەیی خۆیان هەیە لە شێوازو میکانیزمی خەباتی پەکەکە، راستە خۆشیان بۆچونی

تایبەتی خۆیان هەیە لەسەر رەوشی هەنوکە. بەڵام دواجار دەبێت بزانرێت ئاسان نیە هەموو کێشەکان بەشێوەیەکی خێراو دوور لەگومان چارەسەربکرێن. ئەمڕۆ تورکیا گوشاری زۆری لەسەرە هەم لەناوخۆو هەمیش لەدەرەوە، پەکەکەش لەم جۆرە گوشارانە بەدەر نیە، بۆیە دەبێت هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بێت بەردەوامی پاڵپەستۆی ئەم گوشارانە بەشەڕو ناکۆکی خوێناوی نەتەقنەوە، بەڵکو بەشێوەی ئاشتیو چارەسەری سیاسیو راستگۆیانە بگەنە جێگای شیاوی خۆیان. دڵنیام لەم پرۆسە ئاشتی یە کەس زەرەرمەند نیە، بەڵام بەردەوامی خوێن رشتن نەک زەرەری زۆرە، بەڵکو کێشەو ناکۆکیەکانو جیاوازیە نەتەوەیەکان قوڵتر دەکاتەوە.

بەپلانو رێککەوتنامەی نهێنی کە بەرژەوەندیە تاک لایەنەکانی نێو دەوڵەتیو ئیقلیمی رۆڵی تێدا دەبینن، بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت دۆزی کورد لە تورکیا خامۆش بکاتو پەکەکە لاواز بکات، لەم بارەیەوە پێویستە ئەزمون لە دەستگیرکردنی عبدالله ئۆجەلانی سەرۆکی ئەم پارتە وەربگیردرێت، پەکەکەش لاواز بێت، هەستی نەتەوەییو ئاراستەی کێشەی کورد لەکوردستانی تورکیا لاواز نابێت، چونکە ئەوان دەتوانن لەکاروانەکە بەردەوام بن، بۆیە هەڵەیە پێت وابێت ئەگەر پەکەکەو کورد لە تورکیا لەیەکتر جیا ببنەوە، ئیتر بڵێسەکە دەکوژێتەوە. بەداخەوە تاوەکو ئێستا نیەتێکی راستەقینە نیە لەچارەسەرکردنێکی پێویستی کێشەی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەشێوەیەکی خراپ لەخەباتو ئازادی کورد تێگەیشتونو هەست بەمەترسی دەکرێت، ئەمە قەیرانەکەیە. چونکە لەبیریان دەچێت تاوەکو کێشەی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەراست چارەسەرنەکرێت، دنیایەکی ئارام لەناوچەکە هێندە ئاسان نیە، خەباتی کورد بۆ ئەوەنیە خاکی کەس داگیر بکات، دەست بەسەر نیشتمانی کەسدا بگرێت، زمانو کولتورو مافی کەس زەوت بکات، خەباتی کورد خەباتێکی نەتەوەیەکە لەسەرخاکونیشتمانو زمانو کولتورو فەرهەنگی خۆی. تاوەکو ئەمەش نەگاتە مەنزڵی خۆی، هەموو رێککەوتنو شەڕو ناکۆکیولێک نزیک بونەوەیەک شکست دەهێنێت، هەموو ئاشتی یەک هەڵدەوەشێتەوە، هەموو جەنگێکیش تەنها زەرەرێکی زۆر لەدوای

خۆی جێدەهێڵێت، مێژوو شاهیدی ئەم بۆچونەمانە، بۆیە بۆ ئەوەی ئایندەش لەمێژوی رابردوو نەچێت، دەبێت نیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، نیەتێکی بێ فێڵو بێگومانو واقعی بێت، بەم شێوەیەش کورد دەتوانێت بێتە پێشەوەو دنیایەکی تازە لەدایک بێت کەلە دوێنێ نەچێت. خەباتی ئێستای کوردیش واقعی یەو دووره لەو دروشمانەی کەلەگەڵ هەلومەرجی نێودەوڵەتیو ئیقلیمی نایەنەوە، بەڵکو کورد داوای پێکەوەژیانو دیموکراسیو چوارچێوەیەکی دەستوری دەکات. ئەمە واقعی یەو لەگەڵ دۆخی ئێستای جیهانو ناوچەکە دەگونجێت، کەواتە دەبێت رێز لەو جۆره هەنگاوانە لەلایەنی بەرامبەرەوە لەکورد بگیرێتو ئەم جۆره هەنگاوانەی خەباتی ئێستای کورد بەهەند وەربگرن. نەوەکو ئەزمونی رابردووی لەناوبردنو سەرکوت کردن بەدەموچاوی نوێوە دوبارە بکەنەوە. هێزە سیاسیە کوردیەکان بەتەواوی دەیانەوێت لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتانی تری گرنگ لەسیاسەتی نێودەوڵەتی بگونجێن، واتە کوردو خەباتەکەی نەبۆتە رێگر لەبەردەم بەرژەوەندیو هێزی هیچ یەکێک لەو زلهێزو دەوڵەتانەی کە ئەمڕۆ کارەکتەری سەرەکی سیاسیو دەوڵەتین لەناوچەکە، ئەمەش بۆخۆی ئاراستەیەکە پێویستە هاوکاری بکرێت، نەوەکو رێگری لێ بکرێت. بێگومان ئەم جۆره ئاراستەیە خزمەت بەئارامی ناوچەکەو رۆیشتن بەرەو دیموکراسیو ژیانێکی سیاسی باش دەکات، دەتوانرێت سودی لێ وەربگیردرێت، لەدەرەوەی ئەمە لەوانەیە بچینە ناودۆخێکی دژوارەوە، کە هەموو لایەک توشی سەر ئێشەیەکی زۆر دەکات، جگە لەو زەرەرو هیلاکیەی کە لەدوای خۆشی بەجێی دەهێڵێت.

ئەمەریکا قاچی لەناو پرۆسەکەیەو چەندین کاردانەوەو لێدوانی راستەوخۆی ئەمریکیەکان هەیە، دەربارەی پرسی کورد لەتورکیاو سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی. ئیدی دەبێت ئەمریکیەکانیش ئەوە زیاتر درک بکەن، ناشێ یەک جۆره روانین ویەک جۆر هەڵسوکەوت بەرامبەر کورد دووبارە بێتەوە، ئەمەریکا لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین تێگەیشتن وپلان وبەرنامەی تازەی هەیە، بۆیە بۆ کوردیش پێویستی بەم گۆڕانکاریە هەیە.

## کورد لە نهێنیەکانی ئەمەریکادا

سەرەتای ئەم بابەتە دەڵێم زۆر سوپاس، دەست خۆش کاک وریا رەحمانی، کەلەراستیدا هەوڵێکی زۆر جددی ودڵسۆزانەو نیشتمانپەروەرانەی جێبەجێ کردووە، کە دوو بەرگی بەقەوارەی (٨٤٠) و(٧٠٣) لاپەڕەیی..لەبەڵگەنامەکانی ئەمەریکای دەربارەی کورد بەگشتی لەهەموو پارچەکانی کوردستان وەرگێڕاوەو بڵاوی کردۆتەوە. ئەم هەوڵە بێ ئەندازە لای من جێگای بایەخ وگەورەیە، خۆزگە بمانتوانیبایە ئەرشیفێکی نەتەوەیی ونیشتمانی دەوڵەمەندی گەورە لەم چەشنە بەڵگەنامەو نوسراوانە لەکوردستان دروست بکەین، من بێگومانم خەمخۆری کوردی باش هەن کە دەتوانن خزمەتێک لەم بارەیەوە پێشکەش بکەن. هەر بۆ نمونە کاک وریا رەحمانی یەکێکە لەو تێکۆشەرانە. بەراستی حەز دەکەم زۆر زیاترو فراوانتر لەسەر وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامانە قسە بکەم، بەڵام بۆ ئەوەی دواجار ستایشەکەم نەچێتە ناو چوارچێوەیەکی موجامەلەی رووتەوە..

ئەوا حەز دەکەم ئەگەر خوێندنەوەیەکیش بێت، پشکم لەشرۆڤەکردن و پشکنین و بینینی هەندێ لایەنی ئەم دوو بەرگە لەکتێبی (کوردو کوردستان، لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمەریکادا) هەبێت. بەرگی یەکەم تایبەتە بە کوردستانی عێراق، بەرگی دووەم تایبەتە بە کوردستانی ئێران و تورکیا. کە ساڵی ٢٠٠٩ دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی رۆژهەلات، چاپی کردوون.

لەبەرگی یەکەمدا، هەر لە پێشەکی کتێبەکەوە کەسیاسەتمەداری کورد دکتۆر مەحمود عوسمان نوسیویەتی، توشی وەستانێک دەبین، وات لێ دەکات لەخودی ئەمەریکا رامان بکەیت، لەبەرئەوەی دکتۆر جیاواز لەم وێنایەی کە ئەمڕۆ کورد بۆ ئەمەریکا هەیەتی، سەیری ئەمەریکا دەکات. من ئەوەندەی چاودێری لێدوان و هەڵسوکەوت وبیرکردنەوەی دکتۆر مەحمودم دابێ، هەرگیز نەمبینیوە متمانەی بە ئەمەریکا هەبێت. بڕوای بە ئەمەریکا نەبووە لەجددیەتی بەرامبەر کێشەی کورد، راشکاوانەش باسی دەکات. وەک چۆن لەپێشەکی ئەم کتێبەدا زۆر بە رۆشنی رای خۆی دەربڕیوە. دکتۆر دەنوسێ: کێشەی کورد وەک کێشەی نەتەوەیەک هیچ کات لەئەجێندای ئەمەریکادا نەبووە،(ئێستاش نیە). ئێمە زۆر پڕوپاگەندەی هاوپەیمانی ئەمەریکا دەکەین بەتایبەت لەعێراقدا. بەلاَم راوبۆچوونێکی گوماناوی لەناو کورد هەمیشە بەرامبەر ئەمەریکا هەیە، ئەوەتا یەکێک لەسیاسیەکان کە زۆرترین بەشداری لەرووداوە سیاسیەکاندا هەبووە، ئاماژە بەوە دەدات کە کێشەی کورد لای ئەمریکیەکان وەکو نەتەوە سەیری ناکرێ. لەراستیدا مەترسی گەورەی ئێمەش ئەوکاتە دەست پێدەکات کە دەبینین وەکو نەتەوەیەک مامەڵەمان لەگەڵ ناکرێ و کێشەکەمان بەئاقاری تردا دەڕوات. ئەمڕۆ سیاسی وسەرکردەو دامەزراوە سیاسی ونەتەوەیەکانی کورد، ئەرکی راستەقینەو لەپێشینەی خۆیانە مەترسی لەم جۆرە بنەبڕ بکەن.

دکتۆر ئەمەریکا دابەش دەکات بۆ دوو شێوە، لەیەکەمیان حکومەت ودەسەلاَتی دەوڵەتی بەهاوکاری کورد نازانێت ودەڵێت: ئەمەریکا زۆرتر لەگەڵ حکومەتەکان بووە. لەدووەمیاندا ئاماژە بەرێکخراوە مرۆڤدۆست ومەدەنیەکان دەکات ودەڵێت: ئەوانە یارمەتی مرۆڤانەیان داوە بەکوردو هاوکاریان کردووین. لێرەدا کاتێک

باسی کورد دەکەین باسی کوردەکانی عێراق نیە بەتەنیا، بەڵکو ئێران وتورکیاو سوریاشە. هەرچەندە ئێمە لەم نوسینەدا زۆرتر رووبەرەکە لەسەر کێشەی کورد لەعێراقدا دابەش دەکەین، بەحوکمی ئەم رەوشەی ئێستای لەباشوری کوردستان لەئارا دایە کە بەراستی جێگای سەرنجە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەمەریکا لەعێراقەو داگیری کردووەو سەربازەکانیش بباتەوە، خۆی بەدەیان دەمامکی دیکە هەر لێرەیە. پەیوەندی ئەمەریکا لەگەڵ کورد بەچەند قۆناغی جیاجیادا تێپەڕبووە، بۆ نمونە لەساڵی ١٩٧٤دا و روخانی شۆرشی ئەیلول کورد هەڵوێستێکی جیاوازی لەسەر ئەمەریکا هەبوو، وەک لەوەی ئێستا. تەنانەت کورد هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمەریکا هیچ راستیەکی لەگەڵ کورد نەبووەو پشتی تێکردووە، بەڵام پەیوەندی ئەمەریکا لەقۆناغەکانی داهاتوودا گۆڕانی تر بەخۆیەوە دەگرێ. لەجەنگی عێراق ئێرانیش، کورد هاواری بەجیهاندا بڵاودەکردەوەو لەبەردەم نەمان بوو بەهۆی ئەنفال وکیمیاباران و قڕ کردن، بەڵام ئەمەریکا پشتگیری صەددام حوسێنی دەکرد لەم جەنگە بەرامبەر ئێران وکەسێک نەبوو دەنگی کورد وەکو خۆی ببیستێت. هەر لەم پێشەکی یەدا ئاماژە بەگۆڕانێکی جیاوازی ئەمەریکا کراوە لەبەرامبەر بەکورد ئەویش جەنگی کوێت بوو. چونکە کاتێک عێراق پەلاماری دەوڵەتی کوێتیدا، چەندین هاوکێشەی لەناوخۆو لەدەرەوەو تەواوی ناوچەکە گۆڕی، لەهەموویان گرنگتر ئەم گۆڕانە بوو کەبەسەر ئەمەریکادا هات، لەم بەروارەوە بە بەردەوامی کورد هەنگاو دەنێت بۆ ئەوەی لەئەمەریکا نزیک ببێتەوە. بڕواناکەم لەم ناوچەیەدا هیچ گەلێک هێندەی ئێمە بایەخ بەم دۆستایەتی و نزیک بوونەوەیە تاک لایەنە بدات وسێ ژەمە دووپاتی بکاتەوە. راستە ئەمەریکا بۆ ئێمە هێجگار گرنگەو کورد شتێکی نا سیاسی ناکات ئەگەر لەئەمەریکا نزیک بێت، بەلام سیاسەت وبەرژەوەندی ئەمەریکا بۆ ئێمە جێگای دڵەڕاوکێ و جێگای مەترسی یە. ئێستا ئەمریکیەکان لەگەڵ کوردەکانی باکوور زۆر دڵ رەق ودووژمنکارانە هەڵسوکەوت دەکەن. دەبینین چ کۆمەکێکی هەواڵگری تورکیا دەکەن، وەک چۆن سەرباری ئەم هەموو ناکۆکیە ستراتیژی وگەورانەی لەگەل ئێران هەیەتی، کەچی گرنگی پێدانێکی

جێگای ئومێدو هەڵوەستە لەسەرکردن نابینین لەلایەن ئەمەریکاوە بەرامبەر کوردانی رۆژهەڵات.

لەنێو ئەم بەڵگەنامانەدا خودی نوسەرەکان پەنجە دەخەنە سەر یەکێک لەپرسە سەرەکیە نەتەوەیەکان لەخەباتی گەلی کورد، کە ئەویش یەکبوون و یەکگرتنی کوردانە. سەیرە کە ئاماژە بەوە دراوە کە یەکبوون ویەکگرتوویی کورد ناکۆکە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوادا. بەمانای ئەوەی کە رۆژئاوا نایەوێت کورد لەگەڵ یەکتر یەکگرتووبن، خاوەن هێزێکی نەتەوەیی و رێکخراو بن، ئەمە بەهەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە سەیر کراوە. بۆیە دەبینین حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان چۆن ئاگرو ئاسنیان بەرامبەر قڕکردنی کورد رێکخستووەو نکۆڵیان لەمافە سیاسی ونەتەوەیەکانی کورد کردووە. ئەم بەڵگەنامانە وەکو بارمتەیەک لەهەندێ شوێن قسە لەسەر کێشەی کورد دەکەن، هەر بۆنمونە پاراستنی کوردەکانی باشووری کوردستان لەدەسەڵاتی صەدام حوسێن لەساڵی ١٩٩١، بۆ بەرژەوەندی وپاراستنی گیانی کوردان نەبووە، بەڵکو لەناوەڕۆک دا بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی صەدام حوسێن بوو. چونکە هەمیشە ئەمەریکا رێگای بەتورکیا داوە تەراتێن لەناو هەرێمی کوردستان بکات بەتایبەت لەپەیوەندیە سیاسی و بازرگانیەکاندا. ئەم بارگرژیەی لە٢٠٠٣دا لەلێدانی صەدام حوسێن دروست بوو لەنێوان ئەمەریکاو تورکیا نەیتوانی ستراتیژی پەیوەندی دوو لایەنەیان تێک وپێک بدات. ئەمەریکا بێ ئەوەی هیچ جۆرە هەستێکی یان تێگەیشتنێکی راستی لەبەرچاو بگرێ کە باشیش زانیاری لەسەر هەیە، دەزانێت رەوشی کوردان چۆنە، کەچی دێت وخۆی بڕیار دەدات کە کوردی باش کێ یەو کوردی خراپ کێ یە، بەلای ئەمریکیەکانەوە ئەو کوردانەی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەودا کۆکن، باشن..بەلام هەر کاتێک لەگەڵ زەوق وبەرژەوەندی ئەو نەهاتەوە کوردی خراپن، ئەمە بەلای کوردەوە جێگای گاڵتەپێکردن وسوکایەتیە بەخەباتی رەوای نەتەوایەتی. مافی ئەمەریکا نیە بڕیار لەسەر کوردی باش وخراپ بدات، ئەوەی خەباتی نەتەوایەتی دەکات بۆ ئازادی نەتەوەکەی نەک هەر کوردی

خراپ نیە، بەڵکو هیچ هێزێکی دنیا جورئەتی ئەوەی نیە ئەم خەباتە ئازادی خوازە بە ناسنامەی خراپ وەسف بکات. لەسەر ئەمجۆرە سیاسەتەی ئەمەریکا ئەوەتا دەبینین رەوشی کورد لە تورکیاو سوریا چەندە دژوارە، چونکە تاوەکو هەنوکەش بەلای ئەمەریکاوە ئەوان کوردی خراپن، ئەمەش دەست وپەنجەی ئەم دەوڵەتانەی ئاوەڵا کردووە کە زۆرترو بە بەرنامەتر کورد کوشت وبڕ بکەن. ناکۆکی ودڵ رەقی وبراکوژی نێو کوردانیش باشترین هەل وریگا بووە، کە ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانەی زیاتر هارکردووە لەقڕکردنی کورد. لەم کێشەیەدا لەچەندین لایەنەوە لەسەر ئەم رەوشە تراژیدی وبراکوژیەی ناوخۆیی نێوان کورد خۆی، قسەو نوسینمان دێتە بەرگوێ وبەرچاو.

ئەمریکیەکان یەکێکن لەو زلهێزانەی دنیا، کەسەرکردەو بڕیار بەدەستەکانیان، قسەی راشکاوو لەروویان لەسەر کورد کردووە، تەنانەت ئەگەر لەدەرەوەی بەرژەوەندی وسیاسەتی ئەوانیشدا بێت، بەکورتی هەندێ جارو لەهەندێ وێستگەی مێژووییدا، ئیعتراف دەکەن، هەر بۆ وێنە هێنری کیسنجەر، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێت:» تراژیدیای کورد زۆرتر مێژوو جوگرافیا دروستی کردووە، بەڵام بەهۆی جیاوازییە نەتەوەییەکانی ئێمە ئەم تراژیدییە زۆرتر بوو، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا سەرەڕای گرنگی دان بەئۆتۆنۆمی گەلان، هیچ پەرۆشیەکی بۆ ئۆتۆنۆمی کوردەکان نەبوو.». تەنانەت خەباتی رەوای ئازادی خوازانەی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆتە پلانی سیاسی زلهێزەکان وهەردەم هەوڵیانداوە وەکو فشارێکی سیاسی بەسەر دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان سوودی لێ وەربگرن. وەک چۆن لەم کتێبەدا لەیەکێک لەپەرەگرافەکانی نوسراوە: هەوڵی کوردەکان بۆ بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی بوو بە ئامرازێک بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە بەرژەوەندییان لەناوچەکەدا هەبوو تا کەڵکیان لێوەربگرن و پیلانیان بۆ دابڕێژن، هەر بۆیە کوردەکان زۆربەی جاران وەک داردەستی ئەکتەرانی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوزەد دەکرێن. لەدەیەی ١٩٢٠ بەریتانیا کوردەکانی فریودا تا دژی تورکیا راپەڕین بکەن بۆ ئەوەی هاوسەنگی نێوان تورکیاو عێراق رابگیردرێت. هەروەها ئەمەریکا کۆمەڵێ بەڵێنی خەوشداری دا

بەکوردەکان تا دژی عێراق رابوەستن، بۆ ئەو ئامانجە کە هاوپەیمانەکەیان واتا شا، لەسەروبەندی کێشەکانی ئێران وعێراق لەدەیەی ١٩٧٠ بەهێز بێت. هاوکات ئێران، عێراق وسوریا لەکوردەکان وەک ئامرازێک کەڵکیان وەرگرتووە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان لەدووژمنایەتیە سیاسیەکانیاندا. بەهەرحاڵ لە هەموو نمونەکاندا کوردەکان لەبەرامبەر چارەرەشی خۆیان بەتەنیا هێڵدراونەتەوەو لەگەڵ تۆڵەی خوێناوی حکومەتە مەحەلییەکانیان رووبەرووبونەتەوە.

کەواتە ئەی چارە؟ چی بکەین کێشە رەواکەمان نەبێتە کارتی بەرژەوەندی نێو دەوڵەتی، یان هەرێمایەتی؟ ئەبێ کورد بەوردی لەقووڵایی ئەم پرسیارە بکۆڵێتەوە، چار نیە دەبێ لەم رەوشە دەرباز بین.

لەزۆر رووبەری ترەوە دەتوانین پەردە لەسەر نهێنی یەکان هەڵدەینەوە، ئەمریکیەکان ساڵی ١٩٩١ بەپێی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەمەریکا پێداگیری لەسەر پاراستنی کوردی عێراق دەکردو ئەو سنورەی دیاری کرابوو، ئەمەریکا پشتیوانی لە کوردو مانەوەو ئیدارەکەی دەکرد بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر چەپۆکی صەدام حوسێن بۆ جارێکی دیکە. لەیەکێک لەبەڵگەنامەکاندا لەسەر سەپاندنی گەمارۆی ئابوری سەر عێراق، ئەمریکیەکان دەیانەوێت فشارێکی گشتی لەسەر نەتەوەیەکگرتوەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست بکەن لەبەرامبەر ئەوەی گەمارۆی ئابوری سەر هەرێمی کوردستان هەڵبگرێت، بەبیانووی ئەوەی ئێستا کوردەکان لەژێر دەسەڵاتی رژێمی عێراق وصەدام حوسێن نین، وەناشکرێ کوردەکان باجی جەنگی صەدام وئەم بارودۆخە بدەن، چونکە کورد لەعێراق هۆکاری ئەم واقیعە تراژیدیە نەبووە. ئەی کەواتە بۆچی لەکوردستانەکەی خۆیدا گەمارۆی سەختی ئابوری بخرێتە سەر. بەڵام ئەمریکیەکان بۆ هەڵگرتنی ئەم گەمارۆیە جەخت لەوە دەکەنەوە کە لەبەرامبەردا نابێت کوردەکان بازرگانی لەگەڵ رژێمی عێراق بکەن. وە لەرووی ماددیەوە هیچ کۆمەکی عێراق نەکرێت کاتێک گەمارۆکە لەکوردستان هەڵدەگیردرێت. ئینجا دوای ئەم هەنگاوە پرۆگرامی چەند لایەنە دابنرێ بۆ ئەوەی لەروی ماددی ومەعنەوی هاوکاری کوردستانی عێراق بکرێ،

ئیدارەی هەڵبژێردراوی خۆی بەهێز بکرێ، کولتوری دیموکراسی دەوڵەمەند بکرێ، وە هەوڵ بدرێ سود لەنەوت وسەرچاوە سروشتیەکانی کوردستانی عێراق وەربگیردرێت. جگەلەوە هەوڵ بدرێ دانوستان لەگەڵ تورکیاو دەوڵەتە سنوریەکان بکرێ لەپێناو هاوکاری کوردستانی عێراق..بۆ مسۆگەرکردنی سەقامگیری ناوچەکەو تورکیاو، وەهاوکاریکردنی کورد لە عێراقدا.

بێگومان ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی پێویستە کورد لەروی ستراتیژیەوە زۆر زۆر بایەخی پێبدات، بەڵام بەداخەوە لەبری ئەوە هەم بەسەختی گەمارۆی ئابوری لەسەرمان بەردەوام بوو، وە شەڕی ناوخۆشمان کرد. ئیدی دەستکەوتی ئەم جۆرە هەنگاوانە لەبارچوون. باسەرنج لەیەکێک لەبەڵگەنامەکان بدەین کە بەتۆخی و زۆر راشکاوانە پشتگیری لەکوردو سەربەخۆی وڵاتەکەی دەکرێت، لەم بەڵگەنامەیەدا باس لەوە دەکرێ کە کورد چوار هەزار ساڵە لەسەر خاکی خۆی دەژی. دووبارەی دەکەمەوە ئیعترافی ئەمەریکای زلهێزی جیهان وکاریگەری ناو وڵاتی ئێمە، شاهیدی ئەوەیە کورد چوار هەزار ساڵە لەسەر خاکی خۆی(کوردستان) دەژی. وە هەر لەم بەڵگەنامەیەدا داوا دەکرێت کورد هاوکاری بکرێت لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن قەوارەی خۆی لەوڵاتی خۆی وخاکی خۆی. جگەلە چوار هەزار ساڵ ژیان لەکوردستان هاوکات ئەمریکیەکان باسی ئازارو مەینەتی وکیمیابارانی بەردەوامی کورد دەکەن. باس لە خەبات و خوێن بەخشین وقوربانی کورد دەکات بۆ سەربەخۆیی ورزگاری. ئەمریکیەکان ئەوەش بیرخۆیان دەهێننەوە کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەڵێنی سەربەخۆیی بەکورد دراوە، بەڵام لەبری ئەوە وڵاتەکەیان زەوت کراو پارچە پارچەبوون. هەر لەم بەڵگەنامەیەدا داوا دەکرێت ئەمەریکا بزانرێت چی لەعێراق دەوێت؟ ئایا دەیەوێت هەریەک دەوڵەت بێت بەم چەشنەی ئێستای یاخود دوو تاوەکو سێ دەوڵەتی سەربەخۆی لێ دروست بکرێ، وەختێک بایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا هەرایەکی گەورەی لەسەر دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی تایبەت بەشیعەو کوردو سوننە نایەوە..ئەمریکیەکان پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن پێویستە کورد وڵاتی

سەربەخۆی خۆی هەبێت و چیتر لەوە نەترسێت کیمیاباران وئەنفال بکرێت. ئەمریکیەکان داوای ئەوە دەکەن ئەمەریکا هێز بەکاربهێنێت بۆ خستنەخوارەوەی فڕۆکەکانی بەعس کاتێک بۆردومانی کوردەکان دەکات. بەراستی ئەم بەڵگەنامەیە جیاواز لەبەڵگەنامەکانی دیکەو رەفتارەکانی تر ئەمەریکا نیشانی کورد دەدات. پێ دەچێت نهێنی زۆر لەهەگبەی ئەمریکیەکان مابێت بەرامبەر کوردو خەبات وولات وچارەنووسەکەی. کورد تازە نیە ئومێدی بەئەمەریکایە، هەرچەندە هەمیشەش لەبێ بەڵێنی وپشت تێکردنی ئەمەریکاش دەترسێت. بەلام ئومێدیش بەئەمەریکا کۆتایی پێ نەهاتووە، ئەمەش شتێکی تازە نیە، پێش چل ساڵ لەئێستا لەحەفتاکانی سەدەی رابردوو لەیەکێک لە بەڵگەنامەکانی ئەمەریکادا لەسەر زاری کوردەکان نوسراوە، کە کوردستان ئامادەیە ببێتە ویلایەتی پەنجاویەکەمینی ئەمەریکاو هەموو ئومێدێکی بەئەمەریکایە، ئێمە لەو خوارەوە وەکو خۆی ئەم قسەیە دەنوسینەوە کە دەڵێ:» جگەلە ئەمەریکا، باوەڕی بەهیچ زلهێزێکی دیکە نییەو ئامادەیە کوردستان ببێ بە ویلایەتی پەنجاویەکەمینی ئەمەریکاو سەرچاوەی نەوتی کوردستان بکەوێتە دەستی ئەمەریکاو ئەگەر کوردستان( کەلەروی سەرچاوەی نەوتەوە دەوڵەمەندە) سەربەخۆی بە دەست بهێنێت، ئەمەریکا دەتوانێت وەک دۆستێک لە opek ولاتانی نێردەری نەوت بۆ دەرەوە، پشتی پێ ببەستێت». ئەرێ ئێستا کوردستان لەعێراقدا هەمان سیاسەت پەیڕەو ناکات؟ ئایا ئەم تێگەیشتنە هەر نەماوە بۆ ئەمەریکا؟ بێگومانم لەوەی لەسەر ئەو رەوتە لەگەڵ ئەمەریکا مامەڵە دەکەین، بەلام تاچەند ستراتیژی ونەتەوەیی وبەگرەنتی و دبلۆماسیە، ئەوە پرسێکی سەرەکی وخەمێکی قووڵی کوردانەیە..کە بەراستی کورد لەچۆنیەتی مامەڵەکردن وئومێدەکانی بەرامبەر زلهێزەکانی جیهان هەمیشە گرفتی لەچۆنیەتی رێکخستن وئاراستەکردنی ئەم سیاسەت وهاوکاری وئومێدانە هەیە. بەهەرحاڵ ئەمەریکا هەنوکە لەناو ماڵی ئێمە دایە، لەعێراق دایە، لەناوچەکە دایە، تۆ بڵێی مامەڵەی کوردو تێگەیشتنی ئەوان دەربارەی پرسی ئێمە چۆن وبەرەو کوێ دەڕوات وکورد چۆن دەتوانێت قازانج بکات، هێڵی ستراتیژی نەتەوەیی خۆی وون نەکات، ئامانجەکانی

لەکیس نەچێت، مایەپووچ نەبێت، دەستکەوت وگرەنتی زیاتر وەچنگ بخات وهەنگاوی دیکە لەداهاتوویەکی رۆشن نزیک ببێتەوە، تکایە با نەوت وسیاسەت وکوردایەتیمان نەبنە سێکوچکەیەک خۆمان وماف وداواکاریمان بخەنە ژێر چەپۆکی مێژویەکی بێ ویژدان ودۆڕاو، پێویستە وریابین وهەمیشە نەوەی تازەو ئامادە بۆ قۆناغەکانی خۆی ئامادە بکەین.
گرێیەکی دیکەی کورد لەعێراقدا، بەفەرمی ناسینە لەلایەن زلهێزانی دنیاو دەوڵەتەکانی دراوسێ، لەبەڵگەنامەکاندا بەراشکاوانە لەسەر خواستی کورد قسە دەکات کە چۆن داوایان لەئەمەریکا کردووە بەفەرمی قەوارەی کوردی بناسێنێت. مامەڵەی فەرمی لەگەڵ بکات. تەنانەت پەیوەندی نهێنی نێوان هەردوو لا بمێنێت وفراوان بکرێ و، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا مامەڵەی فەرمی لەگەڵ قەوارەی کوردیدا بکات سەرباری ئەو نهێنی یەی پێویستە لەناوچەکەدا بەرامبەر کورد دەستی پێوەبگرێ، کام نهێنی؟ نازانم؟ مەگەر نوخبەیەکی سیاسی وسەرکردەی کوردو خودی ئەمریکیەکان بیزانن!.کورد داوای هاوکاری ماددی لەئەمەریکا کردووە بۆ ئەوەی هێزێکی هێرشبەری بێ کێشە بێت، وە ببنە هێزێکی چەکداری ئامادە بۆ ئەوەی هەمیشە گورز لەعێراق بدەن وئاگایان لەئەمەریکاو بەرژەوەندیەکانیان بێت سەرباری بەجێهێنانی ئامانجەکانی. لێرەدا پێم وایە کورد وەکو داردەستێک دەردەکەوێت بەرامبەر ئەمەریکا. راستە پشتیوانی ئەو زلهێزە بۆ ئێمە هێجگار گرنگە، بەڵام بیرمان نەچێت سیاسەت وبەرژەوەندی و مافی کورد شتێکەو ئەمەریکا وەک خۆی لایەنێکی ترە کەنابێت رێگا بدەین کێشەی نەتەوەیی کوردیمان بچێتە قالبی لەم جۆرە، ئەم جۆرە سیاسەت کردنەشە وای کردووە هەمیشە دەوڵەتی عێراق وشوڤێنی و ئێران وزۆرێکی تر، کورد بە کارتی ئەمەریکاو ئیسرائیل و ئەم لا وئەولا بزانن. کورد داوای راستەوخۆی لەئەمەریکا کردووە کۆمەکی سەربازی بکات. ئێستاش ئاماژە بەوە دەکرێ هێزەکانی ئەمەریکا مەشق بەپێشمەرگە دەکەن، تەنانەت هەمیشە دەنگۆی ئەوەمان گوێ لێ دەبێت کە ئەمەریکا هاوکاری سەربازی لەچەک وچۆڵ وکەلوپەل دەکات. بابەتێکی هێجگار هەستیارتر زەرورە

لەناوەندە ستراتیژیەکان بێ ئەندازە لێی وردببینەوە، لەناوەندە نیشتمانیەکان فەرامۆشی نەکەین وزۆر گرنگی پێ بدەین..ئەویش بابەتی هەوالگری یە. یەکێک لەداواکاریەکان هەولدانە بۆ دروستبوونی پەیوەندی هەوالگری نێوان ئەمەریکاو کورد. وە ئەمەریکا هەول بدات یارمەتی هەوالگری کورد بدات. ئێستاش پێش جەنگی عێراق ودوای نەمانی صەدام گومانم نیە لەوەی هاوکاری زۆری نێوان کوردو ئەمەریکا رووی داوە، بەلام مانای ئەوە نیە ئاسان لەسەر ئەو وێستگە مێژووییە هەستیارە بێ خەم دانیشین. چونکە ئەمەریکا وەک رابەری سیاسی ئەمڕۆی دنیا دوای جەنگی سارد، دەبێ حسابی جددی لەسەر خەون وهێزو پەلهاویشتنەکانی بکرێ، چونکە ئەگەر لەناوچەکەدا ئەمەریکا سیاسەتەکانی سەرکەوێت، ئەوا کورد چۆن پشکی لەسەرکەوتنەکاندا دەبێت ودەبێ چی بکات؟ وەچی داوا بکات؟ وەچی دەستدەکەوێت؟ ئایا کورد هەمیشە هەروا دەمێنێتەوە یان بەرەو باشتر دەڕوات.

لەکۆتایی ئەم بابەتەدا شتێکی سەرنج راکێش حەز دەکەم لەناو بەلگەنامەکاندا باس بکەم، سەبارەت بەتورکیا، چونکە ئێمە ئاگادارین کە ئەمەریکا پەکەکەی خستۆتە لیستی تیرۆرەوە، دژایەتی ئەم شۆڕشەی کورد دەکات لەتورکیا، ئۆجەلانی گرت وتەسلیم بەتورکیای کردەوە، وە کۆمەکی سەربازی و ماددی وهەوالگری تورکیا دەکات لەجەنگی دژی کوردو گەریلاکان..پێکەوە ئەندامی ناتۆن، بەلام ئەمریکیەکان لەبەلگەنامەکاندا دژی تورکیا زۆر توند قسە دەکەن، باسی خراپی رەفتاری تورکیا بەرامبەر کورد لەروی مافی مرۆڤەوە دەکەن. لەم بەلگەنامەیەدا بارودۆخی کورد بەدل تەزێن وەسف دەکرێت، باسی کاولکردنی هەزاران گوندی کوردستان و کوشتن وئاوارەبوونی کوردان دەکرێ، بەتەعلیق وتوڕەییەوە نوسراوە کە تورکیا هاوپەیمانی سەربازی ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکایەو ئەندامی ناتۆیەو سالانە بیلیۆنەها دۆلار یارمەتی سەربازی وئابوری لەئەمەریکا وەردەگرێت، کە لەگیرفانی هاولاتیانی باج دەری ئەمەریکا دێتە دەرەوە، واتە ئەمەریکا نان لە قوڕگی هاولاتیانی خۆی دەردەهێنێت ودەیخاتە دەمی سەربازەکانی تورکیا. بۆ ئەوەی بەتێری کورد

بکوژن؟. پارە لەگیرفانی هاولاتیانی خۆی دەردێنێت ئەیداتە دەوڵەتی تورکیا، چەک وچۆڵی دەداتێ، کۆمەکی هەواڵگری دەکات، هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە کورد لەناوبەرن وکوردستان سەرکەوتوو نەبێت لەوەی ئامێز بۆ نەتەوەو مێژوو ئازادی وکەرامەتی مرۆڤەکانی بکاتەوە، بەڵام من خۆشحاڵم ئەم دەنگە بوێرەش لەئەمەریکا هەیە لەناو سیستەمی دەسەلات وسیاسی وئەو ولاتە ئازایانە رەخنە لە دڕندەیی دەوڵەتی تورک وعێراق وسوریاو ئێران دەگرێ، داوا دەکەن ولاتەکەیان ئاگای لەکوردو کوردستان بێت وئەمەریکا پشتیوانی ئازادی کورد بکات. ئێمە هیوادارین ئەم سیاسەتە لەئەمەریکا سەرکەوتوو بێت. ئەو هەناسەیە درێژتر بێت لەوەی کە ئاگای لەگەلێکی تەنیای وەکو کوردە.

# بەشی شەشەم

## کوردو ئەمەریکا

## کوردو ئەمەریکا

ئەگەر سەیری سیاسەتی فەرمی ئەمەریکا بکەین، دەربارەی عێراق. ئەوا دەبینین ئەمەریکا لەگەڵ مانەوەو پاراستنی یەک پارچەیی عێراقە. پارچە پارچەبونی عێراق، بەهیچ شێوەیەک لەسیاسەتی فەرمی ئەمەریکادا نابینین‌و شتێکی بەرچاوو نیە کەئەم هەڵوێستەی ئەمەریکامان پێ بڵێت. بۆیە کورد لە عێراقدا ئەو کاتەی هەنگاوێکی نەتەوەییانە باس بکات، یەکسەر روبەروی ئەو تۆمەتە دەبێتەوە کە دژی یەک پارچەیی عێراق هەنگاو هەڵدەگرێت، لەوەش قورستر هەر ئەوە نیە کە تەنها ئەمەریکا بڕوای بەو سیاسەتە هەبێت کە دەوڵەتی عێراق یەک پارچە بمێنێتەوە، بەڵکو سعودیەو ئێران‌و تورکیاوسوریاش ئەوروپیەکانیش زۆر جەخت لەیەک پارچەیی عێراق دەکەنەوە. کەواتە ئەگەر کورد کار لەسەر جیابونەوەی لە عێراق یان با بڵێین بیەوێت هەرێمەکەی بەهێز بکات‌و کەرکوکیشی بخاتەوە

سەر، ئەوا ئاسانە گەلەکۆمەکی نێو دەوڵەتیو ئیقلیمی لەدژ بکرێتو روبەروی هێزێکی گەورەی لەخۆی بەهێزتر بێتەوە. ئەمە تەنگەژەیەکی راستەقینەیە بۆ کورد، چونکە کورد لەبەردەم دوو هەڵبژاردن دایە کە هەردووکیان بێ ئەندازە قورسنو ئەرکو خەباتیان دەوێت، یەکەم مانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق. بەم چەشنەی ئێستای کە عەقڵیەتی شۆڤێنیو مەرکەزیو ناوەندی بەهێزو یەک رەنگی بیرکردنەوە بەرێوەی دەباتو. رۆژ نیە بۆ کورد گرفتێک دروست نەکەنو لەسەر هەموو شتێکی کورد قسە دەکەن، بەداخەوە دەوروبەری عێراقیش سیستەمەکانی فەرمانڕەوایەتیو تێگەیشتنیان بۆ دیموکراسیو فیدڕاڵی لەعێراق پێشکەوتوو تر نیە(هەرچەندە بەرەهایی بڕیار لە دیموکراسی نەبونو بونی ئەوان نادەم بەڵام مەبەستم بەدیموکراسی بونو فیدڕاڵی بونە وەکو ستراتیژی کارکردنو باوەڕپێبوون)، ئەوە بۆ کورد قەیرانێکی سادە نیە. دووەم کارکردن بە ئاقاری لەبەغدا دوورو هەستی سەربەخۆیانەی هەرێم. بێگومان ئەمەش هێجگار قورسە، چونکە وەکو ئاماژەمان پێدا نە سیاسەتی فەرمی ئەمەریکاو نەدەوڵەتانی ئیقلیمو هێزە کاریگەریەکانی دونیا لەگەڵ ئەوە نین یەک پارچەییو هێزی مەرکەزیەتی بەغدا لاواز بکرێتو بەرەو هەڵوەشانەوە بچێت. لەم پێناوەشدا کورد هیچ چەکێکی بەهێزی وەکو چەکی «دەستور» ی بەدەستەوە نیە، دەستوری هەمیشەیی عێراق دەتوانێت هاوسەنگی سیاسیو نەتەوەیی لەعێراقدا بۆ نەتەوەی کورد بگەڕێنێتەوە. بەڵام ئەمەش مایەی دڵنیایی نیە بۆ کورد، لەبەر دوو هۆکار: یەکەم لەعێراقدا بە ئاشکرا دەستور پێشێل دەکرێتو کاری پێ ناکرێو پەراوێز دەخرێت. دووەم کاری زۆر بۆ ئەوە دەکرێ دەستور هەمواربکرێتو مادەکانی بگۆڕێنو دەستکاری بکرێت، کە هەر لە ئێستاوە دیارە دەستکاری کردنی دەستوری عێراق لەبەرژەوەندی نەتەوەی کوردو خواستە رەواکانیدا نیە. بەداخەوە باری ناوخۆی کورد لەهەرێمی کوردستان، بێ کێشەو بێ گرفت نیە، ئەمەش بۆ نەیارانی مافەکانی کورد چەکێکی باشە، جێگای داخە کورد لەناوخۆیدا کۆمەکێکی گەورە بەو هێزو لایەنانە دەکات کە دەیانەوێت، کوردو دەسەڵاتەکەیو خواستەکانی بچوک بکەنەوە، ئێستا لەهەموو لایەکەوە

هەوڵی ئەوە دەدرێت هەرێم بچوک بکرێتەوە، لێدوان‌و سیاسەتی رۆژانەی عێراق‌و دەوروبەریش ئاشکرا ئەم پەیامە دەردەخات، بچوک کردنەوەی هەرێم‌و لە قالبدانی دەسەڵات‌و هەنگاوەکانی، جێگای ئەوەیە بەهاوپەیمانیەتی‌و بانگەشەی دیموکراسی‌و پەیوەندی لەگەڵ بەغداو چەمکی فیدراڵی‌وناسنامەی پێکهاتەی ئەم دەوڵەتەدا چاوێک بخشێنینەوە، بۆ ئەوەی بزانین چۆن بەرگری لەهەرێمی فیدراڵی‌و دەستکەوتەکانی ناو دەستورو ئایندەی دیموکراسی لەم وڵاتەدا دەکەین، لە پێشی هەموو هەنگاوێکیش ئەوەیە کە چیتر لەناوخۆی هەرێمدا کۆمەکی ئەوان نەکەین، ئێمە رۆژ نیە جارێک دەرگایەک بۆ ئەوان نەکەینەوە، کەئاسان رێگریمان لێ بکەن، پێویستە پێش سیاسەتەکانمان لەگەڵ بەغدا، سیاسەتی ناوخۆمان لەهەرێم رێک بخەینەوە، بۆ ئەوەی بەهێزتر دەرکەوین.

حزبی کوردی لە هەرێمی کوردستان، دیموکراسی دەوێت بەڵام بەبێ جەوهەری راستەقینەی دیموکراسی!کەیان ئەوەتا هەرئەوەندەی لێ دەزانین، یاخود مەبەست ئامانجێکی ترەو بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەک، بەناوی دیموکراسی چوارچێوەیەکی دەسەڵات دروست بکەو هەموان‌و ئەم هەرێمە بەخڕی لەناو ئەم چوارچێوەیەدا بخولێنەوە، ئەمە دیموکراتیزەکردن نیەو دواجار ئەم چوارچێوەیە زەبرێکی گەورە لە دیموکراسی هەرێم‌و پرۆسەی سیاسی‌و نەتەوەییمان دەدات. ئێمە چەندە لەهەنگاوەکانی دیموکراتیزەکردنی عێراق بەترسین، دەبێت زیاتر لەوە ترسمان لە ئەزمونی دیموکراتیزەکردنی هەرێمی کوردستان هەبێت. شکستی کورد چەندەی لەهەولێرە، نیو ئەوەندە لە بەغدا نیە، ئەزمونی کوردی ئەگەر لە هەولێر شکست نەهێنێت ئەوا هەرگیز لەبەغداوە شکست ناهێنێت. ترسی ئێمە لەهەولێرەوە دەست پێدەکات، چونکە ئێمە چۆن دەتوانین داوای دیموکراسی‌و فیدڕاڵی‌و قەناعەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەبەغدا بکەین، ئەگەر لەهەولێر بڕوای تەواومان پێی نەبێت. راستە ئەشکالیەتی گەورە لەبەغدا هەیە لە پرۆسەی پێکەوەژیان‌و بڕوا بون بە دیموکراسی، بەڵام دواجار هەرخۆتی بۆ ماڵی خۆت پەرژین دروست دەکەیت‌و ناهێڵیت خەڵک بێتە ناو ماڵەکەتەوە. هەر خۆتی پلان دادەنێیت، هەر خۆتی دەبێت ماڵی خۆت رێک بخەیتەوە، بۆ نمونە ئەو کێشانەی

کورد لەگەڵ بەغدا هەیەتی، ئایا کێشەی جەوهەریو هەستیار نین، ئایا پێویست نیە لەهەولێرەوە پلانەکان زۆر بە تێگەیشتنو هەڵسەنگاندنو خۆ ئامادەکردنی وردەوە دابڕێژرێن، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر لەگەڵ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا بەم زەقیە رۆژانە بەسەر نەبەین. ئێمە نابێت ئەو راستیە لەیاد بکەین کە ناکرێت داوای گۆڕان لەبەغدا بکەینو خۆشمان نەگۆڕیین. گۆڕان دەبێت لەخۆمانەوە دەست پێ بکەین، چۆن دەبێت باس لە گۆڕینی تێڕوانینی تورکیا بکەین بەرامبەر بەهەرێم، بەبێ ئەوەی خۆشمان نەگۆڕیینو لەجیاتی پەیوەندیو گوتاری حزبی، ئەوا پەیوەندیو گوتارێکی نەتەوەیی لەگەڵ تورکیا بخەینە سەر مێزی گفتوگۆ، چۆن دەکرێت داوای گۆڕینی هەڵوێستی سەربازی لەتورکیا بکەینو داوای گفتوگۆی لێ بکەین، بەلام لەهەولێر بەزەحمەت لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ بکەین، چۆن دەکرێت بڵێین دەبێت بەغدا بگۆڕێت، بەڵام خۆمان وەکو دوێنێ سیاسەت بکەین، گونجاو نیە لە هەلومەرجی ئێستای نێودەوڵەتیو ئیقلیمی تێ نەگەینو بشڵێین دەبێت هەرێم بەهێز بکەین، ئێستا وەختی گۆڕانە، ئەوەتا کاتێک وەزیرانی دەرەوەی ئێرانو ئەڵمانیا هاتنە هەولێرو کاتێک قسەیان دەکرد ئالاکەی کوردستانیان لەژوور سەرەوە دەشەکایەوە، واتە ئەوان لە هەولێرن، شارێک پایتەختی دەسەلاتێکی کوردی، ئەوە گۆڕان نەبێت لە سیاسەتی ئەوانی دی بەرامبەر بەکورد ئەدی چیترە؟ بۆیە کوردیش پێویستی بە خۆ گۆڕینە، پێویستی بەوەیە هەلومەرجی تازەی جیهان بخوێنێتەوەو بزانێت ئێستا چۆن دەگوزەرێت، چۆن دەکرێت بیر لە رێکخستنی بەرژەوەندیەکانمان بکەینەوە، کە پێشی هەموو شت چارەسەرکردنی قەیرانی ناوخۆی هەرێم، زەرورەتی ئێستایە، لەهەموو ئاستەکان بۆ ئەوەی رۆشنایی دیموکراسی لەهەرێم روناکیەکەی بگاتە چاوانی ئەوانی دی. هەرێمی کوردستان دەتوانێت کار لە سیاسەتی فەرمی ئەمەریکاو ئەوروپاو دەوروبەر بکات، کاتێک لەناوخۆیدا هەنگاوەکانی دیموکراسیو ئازادیەکانو دەستوریو یاساکان رێک بخاتو چالاکانە بەشداری دروستکردنی پرۆسەیەکی دیموکراسی گەشەسەندوو بکات لەم ناوچەیەی رۆژهەلانی ناوەراستو عێراقدا، کورد دەتوانێت بەشێک بێت لە داڕشتنەوەی ستراتیژەکان، چونکە پێگەیەکی

ستراتیژی هەیە، روداوەکانی رابردوو هەم لە جەنگی جیهانی یەکەمو هەم لە جەنگی دووەم، راستی ئەم مەسەلەیە باش دەسەلمێنێت، ئەوە جگەلەوەی کە دەتوانێت بەهۆی بونی نەوتو بازاڕێکی ئازادی رێکخراوی خاوەن یاسا( نەوەکو ئەو بازاڕەی ئێستا هەیەتی کە بەداخەوە گەندەڵی رۆحی گرتووە) خۆی بخزێنێتە ناو گرنگترین نەخشەی ستراتیژی، بەڵام دەبێت بزانێت داهاتووی گەلەکەیو قەوارەکەی چۆن پتەو دەکاتو دەیهێڵێتەوە.
بارودۆخی هەرێمی کوردستان، جێگای لێ وردبونەوەی ئەمەریکاو ناوچەکەیە، ئەوان قسەیان هەیە لەسەر هەرێم، هەندێ جار وەکو دۆستو! هەندێ جاریش قسەکانیان کورد دەترسێنێت، سەرۆک وەزیرانی هەرێم کاتێک دەڵێت: ئێمە ئەمەریکامان خۆش دەوێت، بەڵام ئەوان گرنگی بە ئێمە نادەن. دەرخەری ئەو راستیەیە کە ترسێک لە دڵی کورد هەیە کە کەم نیە، بەرامبەر ئەمەریکاو پلانەکانی داهاتووی لە عێراقو ناوچەکەو ئایندەی کورد. دەبێ بە وردی لە خۆمان بپرسین بۆچی ئەمەریکا گرنگی بەخۆشەویستی ئێمە نادات، ئەو هۆکارانە چین وا لە ئەمەریکا دەکات بە ئاسانی دەستبەرداری دۆستێکی بێت، یان بڵێین هاوپەیمانێکی بێت لەناو عێراقدا، گەڕان بەدوای ئەم راستیە زۆرێک بابەتی ترمان بۆ رون دەکاتەوە، دەربارەی رەفتارمان لەگەڵ دۆستو هاوپەیمانو ئەوانەی خۆشمان دەوێن. ئایندەی پەیوەندی کوردو ئەمەریکا جێگای فەرامۆش کردن نیە، کورد هێزێکی هەیە کە بتوانێت بەشێک بێت لە سیاسەتەکان، بەڵام دواجار ئەو هێزەش نیە کە ستراتیژی گەورە لە ناو هاوکێشەکاندا ئاوەژوو بکاتەوە، راستە قورساییەک هەیە بۆ پرسێک بەناوی پرسی کورد، بەڵام مانای مسۆگەری نیە بۆ ئەوەی لەماڵی خۆمان ئاسودە بینو بڵێین چوارچێوەیەکی مسۆگەرمان هەیە. کورد پێویستی بەخوێندنەوەی هاوکێشەی سیاسی تازەی ئەمەریکا هەیە، ئەوەتا سەرۆکی پێشوو(بوش) دەیگوت: ئێران گەورەترین مەترسیە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەڵام سەرۆکی تازە( ئۆباما) دەڵێت: بێ مەرج دانوسان لەگەڵ ئێران دەکەینو دەمانەوێت پێکەوە بە رێگای دبلۆماسی کێشەکانمان چارەسەر بکەین. ئەمە ئەگەر گۆڕانی ستراتیژیشی لێ نەخوێنینەوە، ئەوا سەدی دەر سەد گۆڕانی

میکانیزمو تاکتیکو جۆرە رەفتارێکی ترە، کە ئایندەی ئێمە پێویستی بەو گۆڕانە هەیە لە چۆنیەتی مامەڵە کردنو هەوڵەکانمان بۆ مافو داواکاریو مانەوەیەکی بێ ترس، کە لانی کەم چوارچێوەیەک بۆ کورد بە زیندووی بهێڵێتەوە.

ئەمەریکاو دەزگاکانی کاتێک قسە لەسەر هەرێم دەکەن، وەکو ئەزمونێک هێندە پێی رەش بین نین، بەڵام ئەوەندەش دڵ خۆش نین کە مانای ئەوەیە پشتگیریەکی راستەقینەمان دەکەن، بۆ نمونە یەکێک لە دەزگا گرنگەکانی ناو ئەمەریکا رەخنەی توند ئاراستەی هەرێم دەکات، لەسەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان پشت بە ئابوری بەغدا دەبەستێتو ئەمەش وای لێ دەکات خەونەکانی بۆ سەربەخۆیی لاوازو بێ کاریگەربن. بێگومان پشت بەستن بە بەغدا وات لێ دەکات لە ئەنجامدا بە مەرجەکانیشی رازی بیت، کە راستەوخۆ کاریگەری خراپیان لەسەر داهاتووی کیانو ئەزمونەکەت هەیە لە کوردستاندا، بۆچی کورد لەبری ئەم هەموو گەندەڵیە گرنگی بە دروست کردنی ژێرخانێکی ئابوری بەهێز نادات، ئایا ئەم رەخنەیەی ئەمریکیەکان ئاگادارکردنەوەیەک نیە بۆ ئەوەی ئەزمونو کیانمان لەناوخۆماندا بەهێز بکەین، چونکە ئەوان دەیانەوێت دۆستێکیان هەبێت بەهێز بێتو خاوەن بڕیاری خۆی بێت، پشت بە ژیانی خۆی ببەستێت، واتە ئەگەر کورد پشت بە ئابوریو داهاتو ژیانی بەغداد ببەستێت، ئەوا تواناى سەربەخۆیی بڕیاری خۆی لاواز دەبێت، ناتوانێت چارەنوسی خۆی بەسەربەخۆیی بپارێزێت، لانی کەم ناتوانێت وەکو ئەوەی ئەمەریکا پێویستی پێیەتی دۆستی بێت، ئەوکاتەش ئەمەریکا دۆستێک یان بڵێین هاوپەیمانێکی ناوێت، خاوەن بڕیاری خۆی نەبێت، لاواز بێت. بۆ ئەوەی هەمومان لەکوردستان بەشێک بین لە دروست کردنی ئایندە، دەبێت بەشداریمان پێ بکرێت، ناتوانیت داوا لە تاکی کوردی بکەیت کە ئاگای لە پاراستنی ئەزمونەکەو داهاتوی کورد بێت، بەبێ ئەوەی زەمینەی ئەوەی بۆ نەڕەخسێنی کە لەروی بڕیاری سیاسیو گۆڕانو پێشکەوتنەکانەوە بەشداری بکات. بەشداری کردنی سیاسی لەکوردستان دەبێت تەرجەمەی هۆشیاری تاک بکرێت، تاک هۆشیار بکرێتەوە، گەل بزانێت مانای بەشداری سیاسی چیە؟ ئەم زاراوەیە دەبێت ئاسان بکرێت لە تێگەیشتن لەلای تاکی کوردیو ماناکانی

سیاسەت کردنو بەشداریو ئۆرگانیزەکردنی بەشداری سیاسی وەکو روخساری راستەقینەی خۆی نیشان بدرێت، راستیو دروستی بەشداری سیاسی بۆتاکو گەلی کورد نیشان بدرێت، چیتر لەناو بازنەیەک نەخولێینەوە، خولانەوە لەناو ئەم چوارچێوەیەدا کە ناومان ناوە بەشداری سیاسی تاکو ئەزمونی مەدەنیو دیموکراسی، چیتر ناتوانێت کۆمەکمان بکاتو بتوانین لەگەڵ گۆڕانو مێژوی تازەی ئەمەریکاو دەسەڵاتو بەرژەوەندیەکانیو دۆستایەتیەکەی هەنگاو هەڵبگرین، دەبێت تەمی ترسی بڕیاری سیاسی لەسەر دەموچاوی تاکی کوردی بڕەوێنینەوە، بەفعلی کار لەسەر دروست کردنی دامەزراوەی دیموکراسیو کۆمەڵی مەدەنی بکەین، ناکرێت لەترسی حزبو سیاسەتە بەرژەوەندیە خوازەکانی دەسەڵاتدارانی کورد، هێندە بەداخراویو جۆرێک لە ترسەوە باس لە گۆڕانو بەشداری سیاسی بکەین. کاتێک کۆمەڵگایەکی هۆشیارو ئازا لە بەشداری کردنی سیاسیت هەبوو، تاکێک هەبوو بزانێت چۆنو بۆچیو کەی بەشدار دەبێت لە پرسە سیاسیەکانو گۆڕانو هاوکێشە سیاسیەکان، ئەوا بێگومان دەتوانیت بڵێیت من بەهێزەوە دەتوانم هەم لەگەڵ ئەمەریکاو هەم لەگەڵ بەغداو ئەوانی تریش، قسە لەسەر دۆستایەتیو جەنگی پاراستنی بەرژەوەندیو کیانو ئەزمونەکەم بکەم. ئەوان هەمیشە باس لەوە دەکەن کە ئەزمونی هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق، ئارامەو گەشەسەندووە، بەڵام هەرگیز گوێمان لە جۆرێک دڵنیایی راستەقینە نابێت، کە بگوترێت ئێمە دۆستایەتیو هاوکاریمان لەگەڵ کورد درێژخایەنەو بەرگریان لێ دەکەین. بە بۆچونی من ئەگەر بەرگریشمان لێ نەکەن، بەڵام رێگریو پلانەکانیان لەدژی کورد درێژە پێ نەدەن. چونکە ئەمەریکا دەتوانێت رێگری گەورە بۆ کوردو ئەزمونەکەی دروست بکات، وەک چۆن ئێمە ئەمڕۆ ناوچەیەکین لەناو هاوکێشە ناوچەیەکانو ناو گۆڕانەکان، بەهەمان شێوە ناوچەیەکیشین بۆ ئەوەی موساوەمان لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی لەوە وردبینەوەو ئایندەمان بە پێشنیاری بەهێز چاوەڕێی بکەین، ئەوا پێشی هەموو شتێک پێویستمان بەوەیە لەناوخۆماندا بەهێز بین. ئەگەر لەرای ئەمریکیەکان بڕوانین، لەو ستراتیژو رەفتارە ئاگادار دەبین کە

ئەوان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست هەیانەوگرنگی پێ دەدەن،» هنری کیسنجەر» لەبارەی ئەمەریکاوە دەڵێت:( ئەمەریکا بەشێکی دانەپچڕاوە لەپرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست..وڵاتە یەکگرتوەکان بەسەرێک بایی هێندە هێزی هەیە کە پێ لەسەر بۆچونی خۆیو لەسەر باڵادەستی خۆی دابگرێ). ئەمەریکا بەهەزارانو سەدان توێژینەوەو بابەتیان دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەیە، پێگەی خۆیانو رۆڵیان سەرەکیترین بابەتو بەرنامەیە کە پێی لەسەر دادەگرن، ئەی کورد لەناو رۆژهەڵاتی ناوەراست تا چەندە گرنگی بە قورسایی ئامادەگی ئەمەریکاو ستراتیژەکەی دەداتو تەلاری دۆستایەتیو هاوپەیمانی خۆی لەسەر بنیاد دەنێت، ئەمەو زۆرێک پرسیارو وردبونەوەمان دەوێت، بۆ ئەوەی سروشتی سیاسیو هێزی ئەو دەوڵەتە زلهێزانە وەکو خۆی بخوێنینەوە. نابێت ئێمە بە لۆژیکو سۆزی حزب ئەمەریکامان خۆش بوێت، دەبێت بزانین خۆشەویستی بۆ ئەمەریکا کام سودو کام زیانەی هەیە بۆ نەتەوەبونو مافو قەوارەو ئاسۆی ژیانی داهاتومان، ئەوان پێ لەسەر هێزو بەرژەوەندی خۆیان دادەگرنو بەچاوی عەقڵ سەیری هەموو شتەکان دەکەن، ئێمە بەچاوی سۆز سەیری ئەوان بکەین، ئەوا بارەکە لاسەنگە..ئەوان هێزی خۆیان تاقی دەکەنەوەو بناغەی ئەوەشیان هەیە بەرگەی دەرەنجامی نێگەتیڤی بگرن، بەڵام ئێمە کام هێزو کام لایەنەمان زۆر پتەوە بۆ ئەوەی بەرگەی دەرەنجامی نێگەتیڤ بگرین، راستە پتەوکردنو بەهێزکردنی ژێرخانی هەرێمی کوردستان، بۆ کورد هێزە، دیموکراسی هێزە بۆ کوردستان، کاتێک بە فعلی دیموکراسیمان لە رەفتاری سیاسیمان تاقی کردەوەو ئاڵوگۆڕی دیموکراسیانەی دەسەڵاتمان کرد، ئەوا بێگومان ئەوکاتە ئێمە بە هێزین، بەڵام هێزێکی لەوە گرنگتر بۆ کورد ئەمڕۆ ئەوەیە چۆن ئەو هێزە پەیدا بکات کە دیموکراسیو ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی دەسەڵاتی ئەزمونی خۆی قبوڵ بکات، چۆن ئەو هێزە پەیدا بکەین کە یەکتر قبوڵ بکەینو هێندە پڕ خۆشەویستی نەبین بۆ هێزێکی وەکو ئەمەریکاو پڕ کینەش بین بەرامبەر بە خۆمان.

هەموو تاکێکی کورد کە هەست بە بێ مافی نەتەوەیی خۆی دەکاتو دەخوازێت کورد لە کوردستان خاوەن قەوارەی خۆی بێت، حەز ناکات لەچوارچێوەی عێراق

دا بژێیت، لەڕاپرسیەکەی بزوتنەوەی ریفراندۆم، کورد بەتەواوی ئەو خواستەی دڵی درکاندەوە کە ئەگەر بە رای ئەو بێت نایەوێت لەگەڵ عێراق بمێنێتەوەو دەیەوێت سەربەخۆ بێت، کەچی پێشی هەموو هێزێک ئەمریکیەکان بون رایانگەیاند کەئەوان رێز لە یەکپارچەیی عێراق دەگرنو لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراق مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن، ئەمە یەکێکە لەو جیاوازیە زۆر زەقانەی کە لەنێوان تێڕوانینو سیاسەتی ئەمریکیەکانو گەلی کورددا هەیە. ئێستاش ئەمە زیندوەو کەلێنێکە لە ستراتیژی کارکردنی پێکەوەیی کوردو ئەمەریکا. لەناوخۆی عێراقیشدا ئەمەریکا بەبێ گرفت هەموو کێشەو مافەکانی کوردی نەسەلماندووە، بەتایبەت ئەگەر سەیری دۆسیەی کەرکوک بکەین، دەبینن کە کۆندالیزا رایس کە وەزیری دەرەوەی کابینەی بوش بوو، راشکاوانە لەسەر عێراقی بونمان رای خۆی درکاند. واتە ئەوان هەمیشە جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەوڵەتێکی وەکو عێراق دەبێت چوارچێوەکەی پارێزراو بێت، من قسەم لەسەر هەندێ دەنگ نیە کە لەناو ئەمەریکاشنو بەڵام رای گرنگو پڕ بایەخو مێژویان دەربارەی کورد هەیەو ناشکرێت ئەو پاراستنەی ئەمەریکاو هاوپەیمانان دوای ساڵی (١٩٩١) کەم بایەخ بگرین، بەڵام قسەکە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی مانەوەو داهاتوی کوردە لە عێراق، چۆن ئێمە لە عێراق دەژین، ئایا ئەمەریکا کە عێراقی جێهێشت، چ سیاسەتێکی هەیە دەربارەی کورد لە عێراقدا، ئایا خۆمان چۆن ئامادە کردووە کاتێک دەبینین بەرژەوەندیەکان لەگەڵ خواستی کوردو کێشەکە تەبا نایەنەوە؟ زۆرێکی تر لە پرسیارو گومان هەیە کە پێویستە سیاسەتی کوردی فەرامۆشی نەکاتو ئاگای لە گوتاری داهاتوی خۆی بێت.

ئەمڕۆ لە جیهاندا ئەمەریکا هێزێکی یەکلاکەرەوەی پڕ کاریگەریی یە، ناتوانرێت هێزی ئەمەریکا فەرامۆش بکرێت، ئەو گرنگیەو هێزەش بۆ کورد هێجگار گرنگە. بۆ کورد گرنگە بایەخی زۆر بەم واقیعە بداتو هەوڵ بدات بچێتە ناو خەونەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەو خەونانەی عەقڵ لە پشتیانەوەیە! خەون بەمانا خەیاڵیەکەی نا، بەڵکو بەو مانا سیاسیەی کە مەبەست بونی ستراتیژی دوورو دەوڵەمەندو کاریگەرە..لە پێشەوەی کارکردنی لەم جۆرەش گەرا□نە بەدوای

گرەنتی، نەوەکو لێدوانە رۆژنامەوانیەکانی بەرپرسانی ئەمەریکا، کە تەنها لەبەر دڵ رازی کردن ئەو جۆرە لێدوانانە دەدەن، ئەوان هەندێ کات لە راگەیاندنەکانەوە زۆر بایەخ بە ئێمە دەدەن بەڵام وەکو عێراقی، کە بەچەکی کیمیاوی قەدەغەکراو هەزاران لە هاوڵاتیانمان لەناو براون، کەچی باسی ئەو مافە چارەنوسیە ناکەن، کە وەکو گەلێک مافی خۆمانە بڕیار لە مافی چارەی خۆنوسینی خۆمان بدەین، کورد وەکو نەتەوەیەک، نیشتمانێک، خاکێک، وڵاتێک.. ئەنفالو کیمیاباران کراوە، نەوەک وەکو عێراقیەک! من نیگەرانم کاتێک دەگوترێت:(بەتایبەت ئەمریکیەکان) صەدام هاوڵاتیانی وڵاتی خۆی بە چەکی قەدەغەکراو لەناو بردوە! من دەمەوێت ئەوان بڵێن: صەدام بەچەکی قەدەغەکراو گەلێکی (یان بڵێن کورد)ی لەناو عێراقدا لەناو بردووە؟. من ئەم جۆرە تێگەیشتنەم لەلا پەسەندەو ناشزانم تاوەکو چەندە بە بیرکردنەوەیەکی دروست لێم وەردەگیرێت، چونکە ئێمە لەبەرئەوەی گەلێکی جیاوازبوین، خاکی جیاواز بوین، زمانو مێژوو ئامانجو نیشتمانی جیاواز بوین، بۆیە ئەنفال کراینو کیمیاباران کراینو ئاوارە کراین. ئێمە بۆیە تورکو فارسو عەرەب دەمانکوژن، لەبەرئەوەی کوردین، کەواتە دەبێت ئەمریکیەکان لەسەر ئەوە رابێنین کە خواستی ئێمە لەروی ستراتیژیەوە بون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. هەوڵ بدەین لە ئایندەدا، ئەگەر ئایندەیەکی دوریش بێت، قەناعەتێک لەناو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دروست بکەین.

هەر وەکو باسمان کرد، ئەمەریکا هێزێکی کاریگەری دنیایە، کورد پێویستی زۆری بە دۆستایەتی ئەو هێزە هەیە، بەڵام مانای وانیە دەوروبەر فەرامۆش بکەین، چونکە ئێرانو تورکیاو سوریاو بەغداد هێجگار کاریگەرن بۆ داهاتوو، بۆ مافمان، بۆ کیانمان، بۆ هەموو ئەو پەیوەندیانەی ئێستاو داهاتوو، بۆ هەمیشەش هەمانە. لەبەرئەوەی ئێمە ئەگەر هەر کیانێکمان هەبێت، دەبێت ئاگامان لەوە نەبڕێت کە ئەو کیانەمان دراوسێی زمانێک نیە بەناوی زمانی ئەمریکیو گەلی ئەمریکی، بەڵکو دراوسێی زمانو هاوڵاتیو گەلانێکین، کە تورکو فارسو عەرەبن. کەواتە ژیانی داهاتومان لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەرمان دەمێنێتەوە، بۆیە دۆستایەتی زل هێزی ئەمەریکا بۆ مانەوەو هێزی کیانەکەمان، گرنگە. بەڵام

دەوروبەریش گرنگن. تاوەکو ئێستاش ئێمە گەلێکی بێ کەسین، ئەو هەراو زەنایەی لەسەر گەلی فەلەستین‌و لوبنان‌و جولەکەو ئەوانی تر دەکرێت، هێندە لەسەر ئێمە ناکرێت، بەمانای ئەوەش نا کە دەنگ نیە لەم دنیایەدا بەرگری لە دۆزی ئێمە بکات، بەڵام بەقەدەر گەورەیی‌و مێژوویی دۆزی ئێمە وەکو گەلێک گرنگیمان پێ نەدراوە، هەر چەندە ناکۆکی‌و ململانێی ناوخۆمان هاوکاریەکی زۆری ئەوانی کردووە بۆ ئەوەی خەم ساردبن لەوەی گرنگیمان پێ بدەن.

با ئاورێکی تر بدەینەوە لەخۆمان، ئێمە ماوەی بیست ساڵ زیاترە لە باشوری کوردستان، ئازادین، بەڵام تاوەکو هەنوکە دەستورمان نیە، هەرێمێک بەو هەموو حزب‌و دەسەڵات‌و سەرۆکەوە، بەوهەموو دانیشتوانەی خۆیەوە، بەبێ دەستور بەرێوە دەچێت. لەیەکێک لە راپۆرتەکانی دەزگایەکی ئەمریکی، وەکو خاڵێکی لاوازو کوشندەی دەسەڵاتی کوردی باس لە بێ دەستوری هەرێمی کوردستان دەکرێت. راستە ئێستا رەشنوسی دەستورێک بۆ هەرێم ئامادەیە، بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەویش ئەوەیە: نەبونی دەستور چەندە خاڵی لاوازە بەلای ئەمریکیەکانەوە بۆ ئێمە، ئەوا هەبونی دەستورێکی نامەدەنی‌و ناسەردەمی‌و نا دیموکراسی‌و خراپ، کە مافی ئازادی مرۆڤی لەبەرچاو نەگرتبێت، خراپ ترە لە نەبونەکەی. چونکە ئێمە لەبەردەم چاودێریەکی وردی بەیایەخ داین دەربارەی نوسینی ئەو دەستورە، ئەمریکیەکان‌و جیهانیش، لە ناوەڕۆکی ئەو دەستورەوە رادەی پێشکەوتن‌و کرانەوەمان بەروی شارستانیەتی مرۆڤایەتی‌وئازادی‌و مافی مرۆڤ‌و گەشەکردنمان هەڵدەسەنگێنن، چەندە ئەوان لەدەستوری ئێمە رازی بن، ئەوەندە دۆستایەتی‌و نزیکیان بۆ کوردو کێشەکەی زیاتر دەبێت، دەستوری خراپ‌و دواکەوتوو، دۆستەکانمان لێ دوور دەخاتەوە، بۆیە ئێمە لەبەردەم تاقیکردنەوەداین. ئەگەر دەستوری ئێمە گەشەسەندوو دیموکراس‌و لەئاست سەردەم‌وگۆڕانەکانی ئێستادا بێت، ئەوا هەستی بەرەو گەشەکردن‌و شارستانی تاک‌و کۆمەڵی کوردی ئاشکرا دەکات. کورد دەتوانێت گرەوی مافەکانی خۆی لەرێگای جوان کردنی کیانە فیدڕاڵیەکەی هەرێمی کوردستانەوە، بەرێتەوە. هێزی هەرێمی کوردستان، لە ئازادی‌و

دیموکراسیو مەدەنی بونیەتی، نەوەکو لە داخرانو تاکڕەویو گەندەڵیەکەی کە خەریکە رۆحمان دەخوات.

دبلۆماتی ئەمریکی(وۆلکەر) لەیەکێک لە دیمانەکانی دەڵێت: « ئێمە ئاگامان لەوەیە کە زۆربەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، هاوسۆزی ئەمەریکانو پشتگیریمان دەکەن، ئەمەریکاش لەبەرامبەر ئەوەدا خوازیارە کردەوەکانی سەردەمی صەدام بەرامبەر کورد دوبارە نەبنەوە» ئەم لێدوانەی شارەزایەکی وەکو وۆلکەر، لەبەردەم پرسێک دەمان وەستێنێت، پرسێک کە ئەمەریکا هەر بەزمانی رابردوو قسەمان لەگەڵ دەکات، لەرابردودا دەمان وەستێنێت، چونکە باس نەکردن لە داهاتووی رۆشنی کورد لە عێراقو ناوچەکەو رۆڵی ئاشکرایانەی ئەمەریکا بۆ کورد، جێگای ئەوەیە گومانمان رەوا بێت. ئەمەریکا لەبەرامبەر ئەو هەموو ماندووبونەی کورد لە عێراقدا، لەبەرامبەر ئەو هەموو هاوسۆزیو باجە سیاسیەش کە لەعێراقدا داویەتی بەتایبەت لەسەر ئەمەریکا، تەنها خوازیاری ئەوەیە رابردوو دوبارە نەبێتەوە! بێگومان وەکو چۆن زۆر گرنگە رابردووی کارەساتەکان دوبارە نەبنەوە، هێندەش گرنگە بزانین پلانەکانی داهاتوی چینو ئەوان چی دەکەنو ئێمە چۆن دەخوێننەوە. من نامەوێت ئەمەریکا بەزمانی رابردوو، بەزمانی کارەساتەکان قسەمان لەگەڵ بکات، بەڵکو دەمەوێت بزانم چی پێیە بۆ ئەو هەموو هاوسۆزیو پشتیوانی کورد لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا دەیکات؟ ئەگەر ئەمریکیەکانیش هاوسۆزی کوردن، ئەوا ئەوکاتە گرنگی مانەوەی ئەو سۆزەو تەرجەمەکردنی بۆ بواری پڕۆتۆکۆڵو رێککەوتنی درێژخایەن، ئەرکێکی مێژوییو سیاسیو هەستیارە لە ئەستۆی سیاسیو دەسەلاتدارو شارەزایانی ئەو بوارە. سود بینین لە هاوسۆزیەکان دەربارەی کورد، نەک هەر لەئەمەریکا بەڵکو لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە، بۆ ئێمە پرسێکی زۆر بە بایەخەو ناکرێت فەرامۆش بکرێت. بەتایبەت کاتێک راستەوخۆ روبەروی هەندێ بابەتی لەم جۆرەی ئەمریکیەکان دەبینەوە. راستە ئێمە هەمیشە ئاماژە بەوە دەدەین کە ئەمریکیەکانو ئەو هێزە جیهانیانەی کە ئەمڕۆ نەک دەوڵەتەکان بەڵکو کیشوەرەکان بەرێوە دەبەن، بەدوای سۆزەوە نین، بەدوای بەرژەوەندیو ئامانجە ستراتیژیەکانی خۆیانەوەن. بەلام گرنگیشە

بزانین چۆن دروست بونی هاوسۆزیەک لە ساتێکی مێژویی وەکو ساتی ئێستا تەرجەمەی ناو رێککەوتن‌و مانەوەو گرێبەستی سیاسی‌و ستراتیژی بکەین. ئەوە بۆ کورد زۆر پێویستەو شارەزایانی ئەم بوارەو سەرکردەو سیاسیەکان حەقی وایە هەرگیز بە کەم نەیگرن. ۆلکەر زۆر راشکاوانە سیاسەتی ئەمەریکا بۆ ئێمەی کورد دەخاتە روو، کاتێک دەڵێت: « کورد دەتوانێت سود لە پشتگیری ئەمەریکا وەربگرن، بەڵام لەسنورێکی دیاری کراودا». ناو هێنانی ئەم سنورە دیاری کراوە، ئاگادار کردنەوەی کوردە لەوەی کە هەنگاوەکانی خۆی بە ئاگایەوە لەگەڵ ئەمەریکا هەڵێنێ. سنوری دیاری کراو مانای کێشانی بازنەیەکە لەدەوری خۆیان کە ناکرێت ئێمە بیبەزێنین، مانای وایە ناکرێت ئێمە خۆمان بە تاکە دڵسۆزو دۆستی ئەمەریکا بزانین لەم عێراقە، مانای وایە من راستە ئێوە دەناسم‌و ئاگاشم لە هاوسۆزیتانە، بەڵام سنوری دیاری کراوم هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێوەدا هەماهەنگم هەبێت، ئەم سنورە بۆ ئێمە جێگای هەڵوەستەکردنە، جێگای ئەوەیە بزانین پەیامی دیموکراسیانەی ئەمەریکا بۆ عێراق، ئێمەی خستۆتە کام گۆشەیەوە. خوێندنەوەی گۆشە جیاوازەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لەم رستەیەی سەرەوە رونەو دەکرێت سودی لێوەبگیرێت، هەرچەندە بەمانای زمانێکی بێ باوەڕیەوە نیە کە بەم جۆرە قسە لەسەر رستەیەک دەکەین، بەڵام کورد هێندە تاڵاوی چەشتوە لەوانەیە مافی ئەوەی هەبێت لەم جۆرە سنورە دیاری کراوانە سڵ بکاتەوە.

## کوردو عەرەب:

دەربارەی مانەوەی ئەمەریکا لە عێراق‌و، کشانەوەی لە عێراق. لەهەردوو بابەتەکەدا بەئاشکرا جیاوازی‌و بۆچون‌وترسی کوردو عەرەب لە عێراقدا جیاوازە. روانینی کورد بۆ مانەوەی ئەمەریکا لە عێراق بەجۆرێکە کە عەرەبەکان قبوڵیان نیە، تەنانەت دروست کردنی پێگەیەکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان پەسەندەو داوایەکی لەم جۆرە ئەگەر لەلایەن ئەمریکیەکانەوە روبەروی کورد بکرێتەوە، کورد لەوانەیە بەهاوکاریشەوە پێشوازی لێ بکات، بەڵام ئەم جۆرە

داوایە لە لایەن عەرەبەکانەوە بەتەواوی رەدکراوەیە. لەگەڵ دەرچونی ئۆباما لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا، عەرەبەکان بەوە گەش بین بون‌و خواستی کشانەوەی سوپای ئەمەریکا بەئاشکرا خستیانە بەردەم مێزی گفتوگۆی ئەمریکیەکان، ئەوەبوو ئۆباماش دەمێک بوو رایگەیاندبوو کە لەکاتی دەرچونی سوپای وڵاتەکەی لە عێراق دەکشێنێتەوە. لەم کاتەداو لەگەڵ جوڵەکانی ئۆباما لەم بارەیەوە، کورد زەنگی ئەوەیان بۆ ئەمریکیەکان لێدا کە ناکرێت بەم شێوەیە عێراقیەکان بە جێ بهێڵن، تەنانەت کورد بەجۆرێکی زۆر ترس ئامێز رایگەیاند کە: بەهۆی کشانەوەی ئەمریکیەکان باری ئەمنی تێک دەچێت. جەنگی ناوخۆو تایەفی دروست دەبێت. هێزە عێراقیەکان لەناوخۆیاندا توانای راگرتنی باری عێراقیان پێ ناکرێت. لەهەموو ترسێکی جێگای گرنگی لەلای کورد، پاشەڕۆژو داهاتوو گرەنتی بوو بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمە یەکێکە لەو داواکاری‌و ترسە بەردەوامانەی کە کورد ئەمڕۆ لە عێراقدا بە پلەی یەکەم لەئەمریکیەکانی دەخوازێت. مانەوەی پێگەیەکی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان، هەر تەنها خواستێکی کوردی نیە، بەڵکو خواستی لەم جۆرە لەناو خودی ئەمریکیەکاندا هەیە، بۆ نمونە دەکرێت ئاماژە بە چاوپێکەوتنێکی» گارنەر» بکەین لە رۆژنامەی( رۆژنامە) ژمارە( ١٨٤) (٢٠٠٨/٣/٢٥) کە تێیدا دەڵێت: « دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکا لەکوردستان گرنگە» هەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: دروست کردنی ئەم بنکەیە پەیامێکە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەمەریکا لەناوچەکە دەمێنێتەوە»، گارنەر لەگەڵ ئەوەی ماوەی حوکمرانی لە عێراقدا کەم بوو، بەڵام وەکو حاکمێکی ئەمریکی کە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو عێراقی بەرێوەبرد، دەکرێت بەشێک بێت لە داڕشتنی پێشنیارەکان بۆ ئیدارەی ئەمریکی دەربارەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق‌و پەیوەندیان لەگەڵ کورد، گارنەر هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە ئەمەریکا دۆستی کوردەو دڵنیایی دەدایە کورد کە ئەمەریکا دۆستایەتی کورد دەکات. بەڵام کوا ئەو نوسراوو دیکۆمێنت‌و رێککەوتنامەیەی بەنوسراو لە نێوان کوردو ئەمەریکا؟ شەقامی کوردی بەردەوام پرسیار لەم جۆرە پەیوەندیە فەرمیە دەکات، کە بێگومان پرسیارێکی رەوایە، چونکە بەقسەو لێدوانی رۆژنامەوانی

ناتوانین تەلاری دۆستایەتی لەگەڵ زلهێزێکی وەکو ئەمەریکا پتەو بەرز بکەینەوە، هەر بەگۆڕانی بەرژەوەندیەکی دیاری کراو، ئەوا تەلاری ئەم دۆستایەتیە ئاسان درز دەباتو بەرەو نەمان روخان دەچێت. عەرەبەکان نەوەکو گومان لەئەمەریکا دەکەنو بەدۆستایەتی خۆشحاڵی خۆیان دەرنابڕن، ئەوا بەردەوام ئومێدی ئەوە دەخوازن کە هەرچی زووە هێزی داگیرکەر لەخاکی عێراق بڕواتە دەرەوە. دوای روخانی حکومەتی بەعس، کورد کەوتە خۆی بۆ ئەوەی پتەوترین دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکیەکان دروست بکات، بەڵام عەرەبەکان بە بونی سەربازی ئەمەریکا لە بەغدا، خوێن بەرچاوی گرتنو بینیمان چۆن لە هەموو کونو کەلەبەرێک تەقە لەسەربازانی ئەمریکی دەکراو دەپێکران، ئەوە جگەلەوەی کە عەرەبەکان دەیانخواست عێراق بکەنە بومبێک بەروی داگیرکەردا بیتەقێننەوە، واتە بەجارێک هێزی ئەمەریکا تەفروتونا بکەن. هەندێک لەهێزە سیاسیەکان بوچونیان وابوو کە کورد بەهۆی ئەمەریکاوە ئاگای لەدەوروبەری خۆی نەماوەو هەموو هێلکەکانی خۆی خستۆتە سەبەتەی ئەمەریکاوە، تەنانەت ئەم جۆرە تێگەیشتنە گەیشتبووە سنورێک کە لەخواروی عێراقو ناوەراستەکەی بە کوردیان دەگوت: عەمیلی ئەمەریکان. ئەمە ئێستاش جۆرێکە لە روانینی عەرەب بەرامبەر کورد کە عەمیلی ئەمەریکاین، واتە ئەو کاتەی ئێمە بانگەشەی ئەوەمان دەکرد کە دۆستی ئەمەریکاین، ئەوا عەرەبەکان پێیان دەگوتین کە عەمیلی ئەمەریکاین. ئەمریکیەکانیش هەمیشە بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە بون، کوردو عەرەب لەگەڵ یەکتر لەسەر روانین بەرامبەر ئەمەریکا ناکۆکیان هەبوو، ئەوانیش خەریکی ئیشی خۆیان بون. کورد داوای لە ئەمەریکا دەکرد کە ئەزمونی هەرێمی کوردستان وەکو مۆدێلێک بۆ بەرێوەبردنی عێراق بگوازێتەوە، بەڵام عەرەبەکان دەیانگوت: شیمال لەناوخۆیاندا هێشتا دوو ئیدارەنو دوو حکومەتن، با جارێ ئەوان خۆیان رێک بخەنەوە ئینجا با باس لە گواستنەوەی مۆدێلی ئەزمونەکەیان بکەن.

عەرەبەکان دەیانەوێت ئەمەریکا پەلکێش بکەن بۆ سیاسەتی بەهێزکردنی ناوەند، بەهێزکردنی مەرکەزیەتو ناوەند ئەجێندایەکی گەورەی عەرەبەکانە لە عێراقدا،

بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام لەهەوڵی قەناعەت پێکردنی ئەمەریکادان. بەهەموو ڕێگاکان هەوڵ دەدەن ناوەند بەهێز بکەنەوەو ئەمەریکاش قسەیەک نەکات، هەمیشە بەشانو باڵی ناوەند هەڵ دەدەن. مەگەر بەناچاری قسەیەک لەسەر فیدراڵیو دیموکراتیزەکردنی عێراق بکەن، ئەگەرنا لە جەوهەردا عەرەبەکان نایانەوێت عێراقی فیدراڵی هەبێتو ناوچەی کوردی بەم جۆرە بمێنێتەوە. رێک پێچەوانەی ئەم بۆچونە کورد لەکاتی ئاوخواردنەوەشدا کە باسی عێراق دەکرێت، دەڵێن عێراقی فیدراڵ. کورد لەهەموو بۆنەیەک بەهەر جۆرێک قسە لەسەر عێراق بکرێت، یەکسەر دەڵێت عێراقی فیدراڵی، زۆرجاریش گلەیی ئەوەمان کردووە کە هەر تەنها خۆمانین دەڵێین عێراقی فیدراڵی. بۆ ئەم جۆرە تێگەیشتنە کورد هەموو جوهدێکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەمەریکا لەسەر ئەو جۆرە سیاسەتەو شێوە تێگەیشتنە رابێنێتو گوێ لە عەرەبەکان نەگرێت، کورد پاڵپشتی ئەو سیاسەتە دەکات کە ناوەند بەهێز نەبێت، بەڵکو عێراق دەسەڵاتێکی دابەشکراوی هەبێتو لەدەستی ناوەند کۆنەبێتەوە، کورد هەمیشە هەوڵی قەناعەت پێهێنانی ئەمەریکاو ئەوروپاو رای گشتی دەدات، بۆ ئەوەی بەهەموو جۆرێک بەرگری لە فیدراڵی عێراق بکەن. ئەمەریکا باش ئەو دوو جۆرە تێگەشتنەو جیاوازەی نێوان کوردو عەرەب دەبینێتو دەزانێت فشاری بەهێزی هەردوولای لەسەرە. بەڵام لەهەموی گرنگتر لە عێراقدا بۆ ئەمەریکا ئەوەیە کە چۆن دەرچێتو شکست نەهێنێتو بەسوپایەکی کەمی دیاری کراو بمێنێتەوەو ئەزمونی عێراق بۆ عێراقیەکان جێ بهێڵێتو خۆشی تەماشاکەر بێت، کام هێزو کام جۆرە تێگەیشتنەو کام جۆرە روانینە بۆ عێراق سەرکەوتو بوو، ئەوا بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەودا مسۆگەر بکات، هەر کاتێکیش زانی ئەو جۆرە روانینو سیاسەتە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەودا نایەتەوە، پشتی تێ بکاتو لایەنی روانینی بەرامبەر بگرێتو رەوشی عێراق بەجۆرێکی تر هەڵگێڕێتەوە. ئەمەریکا کوڕی بەرژەوەندی خۆیەتی، ئێمەش کە دۆستی ئەوبین چۆن هەوڵ بدەین لەسەر ڕێگای بەرژەوەندی ئەو نەبینە کۆسپو مافی خۆشمان لەدەست نەدەین، ئەوە هەوڵو وردبینیو سیاسەتی راستو شەفافیەتو ئازایەتی بەشداری سیاسیو دامەزراوەیی پێویستە. ئەگەر

بەغدا بیەوێت مافی کورد پشت گوێ بخات، بیەوێت دەستور بگۆڕێت، بیەوێت بازنەی دەسەڵاتی کوردی بچوک بکاتەوە، بیەوێت هەستی سەربەخۆیی کورد لاواز بکات، بیەوێت فیدراڵی لەبیر بباتەوە. ئەوکاتە دەبێت کورد چۆن هەوڵ بدات ئەمەریکا بخاتە سەر هێڵی روبەروبونەوەی ئەو جۆرە عێراقە! ئەو جۆرە ئیدارەو کارانەی بەغدا؟ وە کوردیش چۆن هەوڵ بدات بەهێزەوە دەرکەوێتە مەیدانەکەو ئەمەریکاش نەکاتە ناحەزی؟ کە بێگومان سود وەرگرتن لە هەلومەرجی ئەمڕۆی سیاسەتی دەوڵەتە پێشکەوتوەکانو دیموکراسیو ئەزمونی فیدراڵیان، کارتێکە بۆ ئەوەی کورد بەئەمەریکا بڵێت دروست کردنەوەی تاکڕەوی‌و ئەزمونی رابردوو لەبەرژەوەندی تۆدا نیە. تۆ بۆ ئەوەی ئاسایشت مسۆگەر بێت، پێویستت بە دیموکراسیو فیدراڵیو دەوڵەتێکی خاوەن دامەزراوەو دیموکراسیو ئارامە. ئەو کاتە ئەمەریکا هێزی کاریگەری تۆ لەناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا درک پێ دەکات.

کاتێک کوردو عەرەب هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەمەریکا لە عێراقدا بەلای خۆیاندا راکێش بکەن، ئەوان بەجۆرێکی تر دەڕواننە ئێمە کە زۆرکەم دەتوانین لەوە تێبگەین، یاخود نامانەوێت تێبگەین، ئەمریکیەکان عێراقێکی بەم جۆرەیان ناوێت کە هەر کەسە لەناو ماڵی خۆی کوێخای خۆی بێتو نەزانێت چۆن پلانەکانی خۆی دابڕێژێت، ئەو کاتەی هێزێک ئەجێندای وڵاتێکی تر لەعێراق تاقی دەکاتەوە، ئەمەریکا هێجگار نیگەران دەکات، چونکە ئەو دەوڵەتانە نایانەوێت پڕۆژەی دیموکراتیزەکردنی عێراق بە مۆدێلی ئەمریکیو ماندوبونی ئەمریکی سەربگرێت، ئەوان دەزانن بەیانی سیستەمی دەسەڵاتداریەتی ئەوانیش دەگرێتەوە، بۆیە لەرێی هەندێ هێزەوە ئەجێندایەک دەنێرنە ناو عێراق کە رێگر بێت لەوەها گۆڕانێک. لەم بارەیەوە» جۆن ئەگرێستۆ» نوسەرو سیاسەتمەداری ئەمەریکا دەڵێت:» من زۆر دوو دڵم لە عێراقێک کە مرۆڤەکان رەخنە لەیەکتر ناگرن، بەڵام یەکتر دەکوژن» . ئەگەر هێزو لایەنەکانو تایەفەکانی ناو عێراق لەبری زمانی دیالۆگ، یەکتر بکوژن، چۆن دەکرێت باس لە سیاسەتو بەرنامەیەک بکەیت کەلەگەڵ دەوڵەتانی دنیاو زل هێزەکان وڵات دروست بکەیتەوە، لانی

کەم بتوانیت بڕوا بەیەک بکەن، متمانە بەیەک بکەن. لانی کەم بتوانن خۆیان بە عێراقی بزانن‌و ئەو دەوڵەتە بە نامۆ نەزانن، چۆن دەکرێت لەوڵاتێکدا باس لە پێکەوەژیان بکەیت، کە لەبری رەخنە یەکتر بکوژین. ئەوە حەقیقەتە کە ئێمە بە شوناسی عێراقی بونمان خۆشحاڵ نین‌و هەشتاساڵە بەردەوام شەڕ لەدژی شوناسێکی داسەپاوی لەم جۆرە دەکەین، کەواتە هاوکێشەکە ئاشکرایە کە هەم کوردو هەم عەرەب دەیانەوێت دەست بەسەر شوناسێکدا بگرن کە خۆیان‌و داهاتوو متمانەی هاوڵاتی خۆیان لەسەر بنیاد ناوە. یەکێک لەو تەوەرە هەستیارو سەرەکیانەی کە زۆر گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، پەیوەندی رابردووی کوردو عەرەبە لە عێراقدا. گەڕانەوەی بۆ رابردوی پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب هەردوو لایەنی هەیە هەم باش، هەم خراپ. چونکە هەڵدانەوەی برینەکان وا دەکات پەیوەندی ئێستای ئەم دوو نەتەوەیە لە عێراقدا بەرەو تێک نەگەیشتن‌و ئاڵۆزی‌و بێ متمانەیی بڕوات. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی واقیعی‌و دوور لە هەستی تەسکی قەومی‌و سیاسی زاڵ خوازانە رابردوو بخوێنینەوەو بەتایبەت عەرەبەکان، ئەوا دەکرێت شتە خراپەکانی رابردوو بکەینە وانەیەکی گرنگی مێژویی بۆ ئەوەی ئێستایەکی پتەوی دیموکراسی‌و ئاشتی‌و پڕ متمانەیی لەسەر دروست بکەین، چونکە ئەمریکیەکان دەڕۆنەوە، ئێمە پێکەوە دەمێنینەوە، وەک چۆن لەرابردوش ئینگلیزەکان رۆیشتنەوەو هەر ئێمە پێکەوە ماینەوە. بۆیە گرنگە جارێکی تر بەجدی قسە لەسەر ئەم جۆرە متمانەیە بکەین، چونکە ئەگەر دەستورو دیموکراسی‌و فیدراڵی لەلایەن هەردوو نەتەوە نەبووبێتە ستراتیژ بۆ بنیادنانەوەی عێراقی دوای صەدام؟ ئەوە پێویست ناکات لەوە زیاتر یەک لایەنانە لەگەڵ عێراق بژین‌و پێویستە بەئاشکرا دەنگ هەڵبڕین عێراق دەوڵەتێکی درۆینەیەو بە نابەدڵیەکی زۆرەوە خۆمان بە خاوەنی ئەو دەوڵەتە دەزانین. ئەمە بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ سیاسەت‌و بونی ئەمریکیەکان‌و هەر هێزێکی تر لە عێراق زۆر گرنگە. کە ئەوان حساباتی مێژویی‌و ستراتیژی گەورەی لەسەر دەکەن. بنیادنانەوەی دەوڵەت بەگومان کردن لەیەکتر سەرکەوتو نابێت، نە کورد ئاسودە دەبێت ئەگەر لەعەرەب بەگومان بێت، عەرەبیش بێ کێشە نابن ئەگەر بیر لەوە

بکەنەوە بنیادنانەوەی دەوڵەت بە بێ کورد بەڕێوە دەچێت. بۆ ئەوەی ژیان بەگومانو بێ متمانەیی بەرێوەنەچێت، پێویست دەکات هەردوو لا گرنگی بەوە بدەن، کە دەستورێکی هەمیشەیی هەیە ئەم دەوڵەتە دەخاتەوە سەرپێیو یاساکان دێنەوە ناو پەیوەندیەکانو سیستەم ڕێک دەخەن، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بین لەوەی پێکەوە ئیش بکەین، دەبێت پێکەوە ماندوو بینو رەنجی ئەوی تر بەهەند وەربگیرێت. ئەو شەڕە لێدوانانەی ئێستای نێوان بەغداو هەرێم خزمەت بەم جۆرە ئیشە ناکات کە ئێمە ئێستا قسەی لەسەر دەکەین، چونکە ئەگەر وا بڕیارە دیکتاتۆریەت زیندوو نەبێتەوە، ئەوا پێویستە ئیش بکەبنو ئەمەریکاشو دنیاش رازی بکرێت لەسەر چۆنیەتی پێکەوەکاردنی ئەم ئیش کردنە بۆ دەوڵەتی نوێ. هەر چەند باسی دیموکراتیزەکردنی عێراقو پێکەوەژیان بکەین، هێندەش گرفت هەیە کە پێویستە قسەی لەسەر بکەینو ئاماژەیان پێ بدەین، بۆ نمونە هەستی تایەفیو نەتەوەیی شۆڤێنیو ئەجێنداکانی دەوروبەر، خزمەت بەو رۆڵە ناکەن کە نەتەوەکانی کوردو عەرەب دەیانەوێت لە عێراقدا کاری بۆ بکەن، ئەوەش گومانەکانو جیاوازیەکان قوڵتر دەکاتەوە، هەم عەرەب جیاوازو بە بەرژەوەندی جیاواز سەیری پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمەریکاو دراوسێ یەکان دەکات، هەم کوردیش جیاوازی خۆی هەیە. ئەم گرفتانەش سەربار کە دێنە سەر رێگای ئیش کردنەکە. بێگومان کەلێنی نێوان کوردو عەرەب لە عێراقدا هەموان لێی تێدەگەنو هەوڵیش دەدرێت نەوروژێتو بارودۆخەکە ئاڵۆز نەکرێت. رەوشی عێراق دەرونی ئەمەریکای زۆر ماندوو کردووە، کێشمەکێشی نێوان کوردو عەرەبو چۆنیەتی پێکەوەژیانیان زیاتر ئەمەریکا ماندوو دەکات، ئەمەریکا هەوڵ دەدات قەناعەتێک بۆ هەردوولا دروست بکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی عێراق وەکو خۆی دەمێنێتەوەو سەربازەکانی دەڕۆنەوەو رایدەگەیەنێت کە عێراقی دایەوە دەست عێراقیەکان خۆیان. بەڵام ئاسان نیە ئەو جۆرە خەونەی ئەمەریکا هەروا ئاسانو بێ گرێو گۆڵ تێبپەڕێت، کێشەی هەڵواسراوی کورد لە عێراقداو دوری تێڕوانینەکان لەگەڵ ناوەند، بۆ ئەمەریکا لەروی دەرونیەوە جێگای هیلاکیە.

## هەرێمی کوردستان:

لەدوای راپەڕینی ساڵی(١٩٩١)، گەلی کورد لە باشوری کوردستان، بووە خاوەنی کیانێک! ئیتر سەرەتایەکی تازە لە کێشەی کوردو خەباتی سیاسیو مەدەنیو نەتەوەیی لەدایک بوو، کورد هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام داو ئیدارەیەکی کوردی دروست کرد. ئەمەریکاو هاوپەیمانانی جەنگی کوێت، دوای کۆڕەوەکەی کورد، بڕیاری پاراستنی کوردیان دا لەم سنورەی کە دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان حوکمی دەکرد. تاوەکو ئێرە وەکو روداوەکان گێڕامانەوە. بەڵام ئەم کیانەو ناوی «هەرێمی کوردستان» بەلای دەوڵەتی عێراقو ئێرانو تورکیاو سوریا ئاسان نیە قوتدانی بەمانای هەزم کردنیو قبوڵ کردنی. سەدان دانیشتنو کۆبونەوەو بەیانو لێدوانو رای جیاواز دژی ئەم هەرێمە لەلایەن ئەم چوار دەوڵەتەوە کراونو بڵاوبونەتەوە. هەرێمی کوردستان هەم لەناوخۆی فشاری گەورەی روبەروی چارەنوسی مانەوەی بوویەوە، هەمیش لەدەرەوەی خۆی لەبەردەم پلانی گەورە دابووە، کورد سوپاسی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی کردووە بەوەی کە رۆڵی گەورەیان هەبووە لە بەرگری کردن لە پاراستنی هەرێمی کوردستان، سەرکردەو دەسەڵاتدارانی کورد بە ئاشکراو لەبەردەم کامێراکانەوە لە لایەن ئەمریکیەکانو ئەوروپیەکان پێشوازیان لێ کراوو ئێستاش دەبینین لێیان دەکرێت. ساڵی (١٩٩٢) یەکێک لەپەرلەمانتارە تورکەکان بۆ یەکێک لەرۆژنامەکان گوتی: ئەمەریکا دەیەوێت دەوڵەتێک بۆ کورد لەباکوری عێراق دابمەزرێنێت. ئێمەی تورک نیگەران دەکاتو بە هەڕەشەی دەزانین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان. ئەم پەرلەمانتارە لە تورکیا تەنها یەک دەنگ نیە، بەڵکو بینیمان کە سیاسەتی فەرمی تورکیا چەندە رەق بووە لەگەڵ هەبونی هەرێمی کوردستان، تەنانەت هەمیشە دەیانگوت: خێڵەکانی باکوری عێراق!. ئەمەریکا رۆڵی گێڕا لەپاراستنی هەرێمی کوردستان، بەڵام رزگارکردنی کەرکوکو دواتر داگیرکردنەوەی لەلایەن بەعسەوە، ئەمەریکا بێ دەنگی نواند، تەنانەت هەتا ئێستاش کورد گومانی گەورەی لە سیاسەتی ئەمەریکا هەیە دەربارەی چارەنوسی کەرکوک، ئەو شارەی ستراتیژی ئازادی کوردە لە عێراقو رۆحی ئامانجی

خەباتەکەی بووە.تورکیا بەردەوام مەترسی خۆی نەشاردۆتەوە لە هەرێمی کوردستان، کە یەکێک لەو مەترسیانە دروست بونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لە باکوری عێراق، چونکە هەستی ناسیۆنالیستی کوردی تورکیا زۆر بەرز دەکاتەوە کە ئەوانیش هانی جیابونەوە لە تورکیا دەدەن، بۆیە تورکەکان ئەم مەترسیانەی خۆیان بە بەردەوامی بە ئەمریکیەکان راگەیاندووە، تەنانەت ئەمەریکا تۆمەتبار دەکەن بەوەی هاوکاری کوردی عێراق دەکات. دوای جەنگی ٢٠٠٣ عێراقو کەوتنی بەعس، پەیوەندی ئەمەریکاو تورکیا ئاقارێکی خراپی وەرگرت، چونکە تورکیا رێگربوو لەوەی سەنگەری باکور بۆ هێزەکانی ئەمەریکا بکاتەوەو خاکەکەی بەکاربهێنرێت بۆ جەنگی عێراق، ئەمەش دەرفەتێکی باشی دایە دەست کورد کە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە پێگەی هاوکاریو دۆستایەتی خۆی بەهێز بکات. تەنانەت کورد بەئاشکرا بۆ ئەمریکیەکان رایگەیاند کە لەبری تورکیا خاکی هەرێمی کوردستان ئامادەیە جێگرەوەی ئەم سەنگەرەی ئەمەریکا بێت. پرۆفیسۆر ولیام میشێل، کە بەرێوەبەری سەنتەرێکی نێودەوڵەتی ئەمریکیە دەڵێت: « کورد جگەلە ئەمەریکا پێویستی بەهاوپەیمانی تورکیاو ئیسرائیل هەیەو دەبێت رەچاوی دەوروبەری خۆی بکات»، ئەمەریکا بۆ کورد پشتیوانی ئەوەلو ئاخیر نیە، بەڵام ماناشی نیە ئەمرۆ کورد هێزی ئەمەریکا بەقەدەر قەبارەی خۆی نەخوێنێتەوە. میشێل زۆر پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پێویستە کورد لە ئیسرائیل نزیک بێتو هەوڵ بدات هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ دروست بکات، وەکو خۆی ئاماژەی پێ دەدات ئیسرائیل هێزێکی کاریگەری نێودەوڵەتیەو دەتوانێت رۆڵی گەورە بگێرێت بۆ ئەوەی گرەنتی بۆ پاراستنو مانەوەی هەرێمی کوردستان دابین بکات، جگەلەوە ئیسرائیل کاریگەری هەیە بەسەر تورکیاوە، چونکە هاوپەیمانی نزیکی یەکترنو بەرژەوەندی هاوبەشی خۆیان هەیە لەگەڵ یەکتر. میشێل بەرچاو رونی دەداتە کورد کە پێویستە جۆری هاوپەیمانیەتی خۆیان لەگەڵ ئەمەریکا باش بخوێننەوە، چونکە ئەو سێ روداو باس دەکات کە ئەمەریکا چۆن بەرژەوەندی خۆی بەکورد نەگۆڕیوەتەوەو ئەمەریکا ئامادە نیە وەکو ئەوەی کورد داوای دەکات ئاوا هەنگاو بنێت، بۆنمونە دەڵێت: « رەنگە هاوپەیمانیەتی

ئەمەریکا درێژخایەن نەبێت، لەم بارەیەوە دەکرێ سەیری ئەم سێ روداوە یان مێژووە بکەین، ساڵی ١٩٧٥، ١٩٨٨، ١٩٩٦»، سیاسەتی ئەمەریکا لایەنی زۆرە، بەردەوام گۆڕانو تاکتیکی نوێی هەیە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا، هەر کاتێک زانی بەرژەوەندی لەگەڵ لایەنێکی دیاری کراو نەما ئەوا هاوپەیمانیەتی نامێنێت. بەڵام شتێکی گرنگ هەیە نابێت ئێمە فەرامۆشی بکەین، ئەویش شوێنو پێگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لەدنیاداو لەناو جوگرافیای سیاسی دنیا، لەناو هەناوی نەخشەی بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێجگار جێگای بایەخو بنەمای ستراتیژە. کوردیش بە هەموو هەرێمو ناوچەو پارچەکانی خۆی بەشێکی گاریگەری ئەم جیهانەو ستراتیژو سیاسەتەیە. بۆیە هەمیشە زل هێزەکانو دەوڵەتانی جیهان پێویستیان بەکورد هەیە، ئەمەش کارتی بەردەوامو زیندووی پڕ بەرهەمی دەستی کێشەی کوردە کە بتوانێت ئامانجە نەتەوایەتیەکانی خۆی لەسەر دروست بکاتو ببێتە بەشێک لە بەرژەوەندیەکانو گۆڕانەکانو دەستکەوتەکان، نەوەکو ببێتە کارتی ئەوانی تر لەپێناو سودی خۆیان. لە جەنگی جیهانی دووەمدا، بۆ دەست پێ راگەیشتنی ئەڵمانەکان بە عێراق، بەتایبەت شاری کەرکوک، هەوڵدراوە ئەڵمانەکان راستەوخۆ کار لەسەر کێشەی کوردو داواکاریەکانی کورد بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بە مەرامی سیاسیو ستراتیژی خۆیان لەجەنگەکە بگەن.، بەڵام کاتێک ئینگلیزەکان بەوە دەزانن زوتر دەکەونە خۆیان بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان لە کەرکوکو عێراق بەگشتی. گێڕانەوەی ئەم نمونەیە بۆ پاڵپشت کردنە لە گرنگی ستراتیژی کوردو بونی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. ئەمەش حەقیقەتی ئەوەمان زیاتر لا رۆشن دەکات کە ئەوانیش هەمیشە پێویستیان بە رۆڵی کوردە، بەڵام چۆنیەتی ئاراستەکردنی ئەم رۆڵە لە لایەن کوردەوە لەپێناو ئامانجە نەتەوایەتیەکان، پرسیارێکی دورودرێژی مێژوییە، چونکە بێ حیکمەت پێمان ناڵێن: ئەوەی لەجەنگدا دەیبەنەوە لەسەرمێزی گفتوگۆ دەیدۆڕێنن. ئەی کەواتە با پێش هەموو گفتوگۆو هاوپەیمانێک بزانین چۆنو بۆچیو لەگەڵ کێ، دەبێت هاوپەیمان بین؟ کەی دەست پێبکەینو چۆن بەدەستکەوتەوە بچینە ناو دیکۆمێنتەکانو دیاری کردنی داهاتووی نەوەکانمان.

ئێستا لە عێراق، باسی کۆتایی هاتنی پەیوەندی پتەوی ئەمەریکاو کورد دەکرێت، دەگوترێت سەردەمی ئەم دوانە زۆری نەماوە، سیاسەتمەدارو شارەزایانی کوردیش لێکدا لێکدا جەخت لەسەر دۆستایەتی کوردو ئەمەریکا دەکەنەوە، بەڵام وەک نوسەرو سیاسەتمەداری ئەمەریکا( جۆن ئەگرێستۆ) گوتەنی: ئەمەریکا هیچ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کورد نیە.ئەی ئەگەر ئەمریکیەکان هیچ ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ئێمە نیە، چۆن لەداهاتوی خۆمان نەترسین، یاخود نەپرسین؟ ئێمە چۆن داهاتوی پەیوەندیو کاری خۆمان ڕێک دەخەینەوە، بەجۆرێک لەبری ئەوەی کەم ببینەوە، زۆرتر بین لە ژماردنی دەستکەوت. کاتێک ئێمە دەڵێین ئەمەریکا پشتگیری ئێمە دەکاتو وەکو دۆست مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، ئەوا نابێت ئەم جۆرە دڵنیاییە کە ئەگەر تەواویش ڕاست بێت، ببێتە هۆی ئەوەی هێزو لایەنو قەوارەی تر لەم ناوچەیەو لەم دەوروبەرە فەرامۆش بکەین، چونکە هەر تەنها ئەمەریکاو بەس، بەس نیە. ئەمەشمان وەکو چەندین بۆچونی تر ئاماژە پێداوە. ئێمە دڵداری لەگەڵ ئەمەریکا ناکەین تاوەکو داوای وەفاداری لێ بکەین، بەڵکو ئێمە سیاسەتی لەگەڵ دەکەین. بەرژەوەندیو سەرکەوتنو بەرنامەمان، وامان لێ دەکات ئێستا وەکو هاوپەیمانی نزیکی ئەمەریکا خۆمان بناسێنین. بە ڕای من داوای وەفا کردنی لە ئەمەریکا، شتێکی بێ مانایە، چونکە ئەو دەوڵەتێکو گەلو هێزێکی جیاواز لە ئێمەیە، بەدوای ئامانجو بەرژەوەندیو خەونەکانی خۆیەوەیە. ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین وزەی سیاسیو ئیداریو کولتوریو هێزو خەونەکانیشی تێکەڵ بە بەرژەوەندی خۆمان بکەین، نەک ئەوەی تەسلیمی بین، بەڵکو بتوانین وەک چۆن ئەو بەکارمان دێنێت، ئێمەش بەکاری بێنینەوە. ئەگەر ئەمەریکا گۆڕا لەگەڵت، ئەوا زەردەخەنەکانی دەبن بە هەڕەشەی ناو ڕۆژنامەکانو ڕاپۆرتەکانیان، دەکەونە بنکۆڵ کردنت، بۆ ئەوەی ئەگەر خۆشی نەیتوانی، بە دەستی لایەنێکی تر سوکە پاڵێکت پێوە بنێتو زوو بکەویت یان بروخێیت، وەکو چۆن لە جەنگی دژی صەدام بینیمان چۆن بە ڕاستو چەپ قسەیان لەسەر صەدام دەکرد، بەجۆرێک کە هەر ئەوەندە پاڵێک مابوو کە یەکسەر بیخەنە ناو ڕوباری دیجلەوە. ئێمەش لەلای ئەمەریکا ئێستا هێندەی سەردەمێکی دیاری کراوی صەدام خۆشەویستین

بەرامبەر ئەمەریکا، بەڵام ئەوەتا بینیمان ئەمەریکا چۆن بەرامبەری گۆڕا کە وایلێکرد موقتەدا بێت پەت بخاتە گەردنی صەدامەوە! نەعلەی لە دەموچاو بدەن. ئیتر دەیان وێنەی تر. بۆ کوردیش بەرامبەر ئەمەریکا ئەم هاوکێشەیە زۆر راستە. بەلام ئەمەش مانای رەش بینی نیە بەرامبەر دۆستایەتیو هاوپەیمانی ئەمەریکاو ناشیرین نیشان دانی ئەو دەوڵەتە، بەڵکو مەبەست تێگەیشتنە لەجۆری رەفتارمان کاتێک بانگەشە دەکەین کە ئێمە دۆستو هاوپەیمانی ئەمەریکاین. ئەمریکیەکان لەدوای هاتنە سەرکاری باراک ئۆباما، بەدوای سیاسەتێکی تازەدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بتوانن رەوشی عێراق، بەجۆرێک بە جێ نەهێڵن، کە کاریگەری خراپی لەسەر ستراتیژی ئەوان هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی جۆراوجۆریان هەیە. ئۆباما لەیەکێک لەوتارەکانیدا رایگەیاند:» دەمەوێت موژدەی ئەوەتان پێ بدەم کە جەنگی عێراق کۆتایی پێ هاتووە» . بێگومان کۆتایی جەنگی عێراق، وەکو گرێیەکی دەرونی لێ هاتوە لەلای خودی ئەمریکیەکانەوە، چونکە ئەوان بەهیچ شێوەیەک چاوەڕێی جەنگێک نەبون، بەم شێوەیە بەردەوام بێت. هەرێمی کوردستان، لەلایەن ئەمریکیەکانەوە چاودێری دەکرێت. ئەوەش ئاستی بەرپرسیاریەتی کورد قورستر دەکات، بەتایبەت بەرامبەر ئەو سیاسەتانەی کە ئەمەریکا حەزیان پێ دەکات، هەرێم چاوی ئەوانی دی لەسەرە، بۆیە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی، رادەی پشتیوانی سیاسی ئەوانیش دەردەخات. ئەگەر هەرێم دیموکراسیانە شێوەی ژیانی سیاسی خۆی دابڕێژێتەوە، ئەوا هیچ مەترسیەک نیە لەسەر ئەوەی ئەمەریکا پشتگیری ئەو سیاسەتەی کورد نەکات.

نەجمەدین کەریم، سەرۆکی ئەنیستتیوتی کورد لە ئەمەریکا دەڵێت:» پێویستە کورد هەوڵی ئەوە بدات کە هێزێکی ئەمریکی ئەگەر بچوکیش بێت، لە هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە». نەجمەدین کەریم پێی وایە بونی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان سنورێک بۆ پەلامارەکانی تورکیاو ئێران دادەنێت. ئەگەر ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان هەبێت، لانی کەمی جۆرێکە لە پاڵپشتی بۆ کورد بەرامبەر بە بەهێزبونەوەی ناوەند، چونکە ئەو کاتە کورد دەتوانێت راستەوخۆ ئەمریکیەکان لەم بارەیەوە وەقسە بێنێتو وەکو بەرگریەک لە بەرامبەر بەغدا سود لەو

پێگەیەی ئەمەریکا وەربگرێت، هیچ نەبێت بۆ شەقامی سیاسی ئەمەریکاو دەوڵەتەکە شتێک بکات. لەلایەکی تریشەوە هەیمەنەی دوو دەوڵەتی بەهێزی وەکو تورکیاو ئێران لە عێراق، جۆرێکە لەرێگری ئەو هەیمەنەیە بەهۆی ئامادەیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان. تاوەکو ئێستاش گومانو دڵەراوکێو فشارەکان زۆرن لە نێوان هەرێمو بەغدا، بۆیە رۆیشتنەوەی ئەمەریکا بۆ کورد قەبارەی ئەو گومانو دڵەراوکێو فشارانە گەورەتر دەکات. کوردیش لەم مەترسیە تێدەگاو دەزانێت کە لەبەغداوە لێدوانی وا دەدرێن کە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنن، بۆ نمونە یەکێک لە پەرلەمانتارەکانی بەرەی تەوافوق لە پەرلەمانی عێراق، دەربارەی کەرکوک گوتی: ئەگەر کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەوانەیە کوردەکان لەناوخۆیاندا بیکەن بە شەڕ، چونکە دوو حکومەتو دوو ئیدارەیان هەیە، هەر یەکە کەرکوک بەهی خۆی دەزانێت، ئەوکاتە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەبێتە شەڕیان. هەرچەندە ئێستا یەک حکومەتەو یەک ئیدارەیە، بەڵام قسەی ئەم پەرلەمانتارە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە دەزانین هێزو سەنگی کورد چۆنەو رەفتاریان لەگەڵ یەکتر چۆنەو چۆن مامەڵەیان کردووە، وەک چۆن دەشێت ئەوەشی لێ بخوێنینەوە کە پلانیان هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەرێم فشاری سیاسیو ئیداریو دەستوریو دەسەڵات بەکار بهێنن‌و واقعی هەرێم بە ناکۆکو دوو لەت نیشان بدەن، بە ناکۆک نیشاندانی هەرێم واتای ئەوەیە کە بەلاوازت دەبینم!.
ئێستا یەکێک لەو کێشە ستراتیژیانەی کوردو حکومەتەکەیو دەسەلاتەکەی لەهەرێمی کوردستان هەیەتی، کێشەی سنوری ئەم هەرێمەیە. بێگومان دیاری کردنی سنوری هەرێمی کوردستان زۆر گرنگەو دەبێت زۆر بەجددی کورد رۆڵی خۆی لەم پێناوەدا بخاتە گەڕ. کە گومانیشی تێدا نیە ماددەی ١٤٠ رۆڵی یەکلایی کەرەوە لەسەر چارەنوسی سنوری هەرێمو پێگەو داهاتووی دەسەڵاتی کوردی لە عێراقدا دەگێرێت. چونکە سنوری هەرێمی کوردستان بە بێ کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان هیچ مانایەکی نیەو کوردیش بەهیچ شێوەیەک پێی رازی نیە، مەسعود بارزانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسی لەگەڵ نیگرۆپۆنتی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گوتی: « کەس بۆی نیە سنوری هەرێمی کوردستان

دیاری بکات» . بێگومان ترس لە دیاری کردنی سنوری هەرێم بەلای کوردەوە جێگای خۆیەتیو ناکرێت ئەو ترسە فەرامۆش بکرێت. هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بەئومێدەوە دەڕوانێتە داهاتوی خۆی، بەڵام بێ کێشەی قورسیش نیە، کە کێشەی کەرکوکو گرێ بەستە نەوتیەکانو پێشمەرگەو سنورو بودجە، دەکرێت نمرە یەکی ئەو کێشە قورسو گەورانە بن کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا هەیەتی، راستە لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا زۆرێک لەو مەلەفانە بەماددەی دەستوری باسیان لێوە کراوە، بەڵام ئەوەتا دەبینین دەستور پێشێل دەکرێتو داواش دەکرێت هەموار بکرێتو دەستکاری بکرێ. کە وەکو رۆژی روناک دیارە ئەو دەستکاری کردنە لە بەرژەوەندی کورد نیە. مەترسیەکانی سەر هەرێم رۆشنن، بەڵام کوردیش لەناوخۆیدا بێ کێشە نیە کە بەداخەوە خزمەتی ئەوە دەکات کورد لاواز بێت لەگەڵ بەرامبەرەکەیو ئاسان نەبێت کە بەرگەی فشارەکان بگرێت. یەکێک لە پەرلەمانتارەکانی لیستی ئیئتیلافی یەککگرتو لە راگەیاندنێکی رۆژنامەوانی گوتی: پێشمەرگە میلیشیایەو دەبێت وەکو میلیشیاکانی تری عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

هەرێمی کوردستان هەمیشە بەوە جودا دەکرێتەوە کەبراوەی یەکەمە لە روخانی رژێمی صەددام، بێگومان وەڵامی ئەو رستەیە زۆری دەوێت، لەبەرئەوەی کوردیش بەجۆرێکی جودا لە کەوتنی رژێم دەڕوانێت، زۆرێک لە خەڵکانی غەیرە کورد پێیان وایە کوردو ئەمەریکا لەکاتی روخانی صەددام مانگی هەنگوینیان دەست پێ دەکاتو کورد بووە ئەمری واقیعی عێراقو هیچ شتێکو بڕیارێک بە بێ کورد ناکرێتو نادرێت. راستە ئەمەریکا گرنگی بە کورد داوە، بەڵام ئایا ئەم گرنگی پێدانە بۆ بەرژەوەندی ئەمەریکاو گۆڕینە سیاسیەکە نەبووە لە نەخشەی سیاسی عێراقدا، بۆیە کورد ئەگەر هێشتاش پێی وابێت غەدر لێکراوی یەکەمە، لەوانەیە بڕێکی زۆر راستی لەخۆ بگرێت. کورد دوای نەمانی بەعس روبەروی کرانەوەیەکی زۆر بۆوە، بەتایبەت بەرامبەر ئەمەریکاو دواتر ئەوروپاو ئینجا دەوروبەریش، بەڵام بێ سەروبەری ناوخۆو بەرتەسکی دیموکراسیەکەیو بونی گەندەڵی، ئەو کرانەوەیە ناشیرین کردووە، ئەوەتا دەبینین هەندێ جار بێگانەکان

قسەی زۆر نا ئومێدانە لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەردەبڕن. بەهەر حاڵ کوردو ئەمەریکا لە عێراقی دوای صەددام ئەو هاوکێشەیەیە کە ناکرێت حساب بۆ سەنگەکەی نەکرێت، کورد ئەگەر ڕێککەوتنامەی فەرمیشی لەگەڵ ئەمەریکا نەبێت، تا ئێرە سودێکی لەرەوشەکە وەرگرتووە. کورد بەوەڵامێکی توندەوە وەڵامی ئەو لایەنانە دەداتەوە کە پێیان وایە کورد براوەی یەکەمە لە عێراقو دەستکەوتی زۆریان بەدەست هێناوە. کە ڕەنگ بێت یەکێک لە وەڵامەکانی کورد ئەوە بێت کە پێی وایە چەندین ساڵ بوو، لە دەرەوەی عێراقو دەسەلاتەکەی دەژیاین‌و جۆرێک دەوڵەتی نافەرمی ڕاگەیەنراومان هەبوو، واتە خاوەنی دەسەڵاتێک بوین لەدەوڵەتێک دەچوو، بەلام ڕاگەیەنراو نەبوو. لەدوای ڕوخانی صەدام کورد گەڕایەوە بەغداو بەشداری زۆر کاریگەری کرد لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراقدا، ئەمەش وایکرد کە ماڵو حاڵی دەوڵەتەکەی! تێکەڵی چوارچێوەی عێراق بکاتەوەو موچەکەی لەبەغدا وەربگرێت. ئەمە بۆ کورد مانای لەدەست دانە نەوەکو دەستکەوت‌و بردنەوە. من وەکو هاولاتیەکی کوردی نامەوێت لەگەڵ عێراق بژیم‌و دەمەوێت لە کوردستانی سەربەخۆ بژیم. ئەمە ناخی ئێمەی کوردە، بەڵام دەسەڵاتی دنیاو سیاسەتی نێودەوڵەتی‌و ئیقلیمیمان نیە. بۆیە ناچاری ژیان دەکەین‌و بەرۆکی ئەو چوارچێوەیەمان گرتووە. ئەمەریکاش باش لەخواستی کورد تێ دەگات‌و لەمامەڵەکردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستیە باش دەبینێت. کاتێک ئەمەریکا باس لەوە دەکات کە پێویستە ناوەند بەهێزبکرێت، ئەوا نیگەرانی هەرێم بەرامبەر ئەمەریکا کێرڤەکەی بەرز دەبێتەوە. کاتێکیش دەبینین لەناو کۆشکی سپی بەجلی کوردیەوە پێشوازی دەکرێین‌و پێمان دەڵێن: جەنابی سەرۆک؟ ئەوا ئێمە دەبینە خاوەن ئومێدێکی گەورە بە ئەمەریکاو ئەو فیدڕاڵیەی کە هەمانە لە عێراقدا، بەڵام بەداخەوە هەموو ئەو هاوکێشانە ناخەینە خزمەت بەرژەوەندی نەتەوەییەوە، بەڵکو دەیانخەینە خزمەت بەرژەوەندی حزبیەوە، بۆیە حزب دەمی پێنوسەکانمان دەگرێت کاتێک ڕاشکاوانە باس لە سەرۆکێک یان حزبێک یان دەسەڵاتێک بکەین لەناو کورددا، ئەمەش یەکێکە لەو سیاسەتە خراپانەی کە دەبێت تەرکی بکەین‌و فڕێی بدەینە ناو مێژوو. ئەگینا کات

لەبەرژەوەندی ئێمەدا نیە لەناو ئەو هەموو گۆڕانو روداوو پێشهاتە سیاسیو ئاڵۆزەکاندا. رۆشنبیرو چاودێرە سیاسیەکان رستەیەکی هەمیشەیی بۆ کورد دەڵێنەوە، کە هەمیشە دەڵێن: پشت تێکردنی ئەمەریکا بەرامبەر کورد چاوەڕوان کراوەو با کورد پاڵی لێ نەداتەوەو کاری خۆی بۆ ئەم رۆژە بکات. ترسی روو وەرگێڕانی ئەمەریکا لەکورد زۆر زۆر جەختی لێ دەکرێتەوە لەلای ئەو رۆشنبیرو سیاسیانەی کە ناکرێت حساب لەسەر بۆچونەکانیان نەکرێت. کەواتە کورد بۆ ئەوەی خۆی پتەو رابگرێتو هەرگیز مێژووی رێککەوتنامەیەکی وەکو جەزائیر دوبارە نەبێتەوەو ئاشت بەتاڵی توش نەبێت، ئەوا هەنگاوەکانی خۆی باشتر رێک بخاتەوەو هەم ئاوڕ لە دواوەی خۆی بداتەوەو هەمیش بە جددیەوە بڕوانێتە داهاتووی خۆی، چونکە هەرێمی کوردستان لەهەموو ساتەوەختەکاندا بێ مەترسی نیەو فشارەکان زۆر دەبن بەڵام کەم نابنەوە. بەشێک لە رۆژنامەنوسو سیاسی ئاماژە بەوە دەدەن کە پرسی هەبونی پەکەکە لەناو خاکی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو مەترسیانەی کە دوژمن بەم ئەزمونە دەتوانن سودی لێوەربگرن بۆ ئەوەی لەم خاڵەوە دژایەتی هەرێم بکەن، دیارە بونی پەکەکە لەشاخەکانی کوردستان ئەگەر لەروی نەتەوەییو خوێنەوە تەماشای بکەین، ئەوا هیچ گومانێکی تێدا نیە کە ئەوان وەکو ئێمە خاوەنی راستەقینەی ئەم خاکەنو بێگانە نین، تاوەکو بڵێین ئەوان دەبێت لە شاخەکان بڕۆن. بەڵام لە روی سنوری نێودەوڵەتی نێوان تورکیاو عێراق سەیری بکەین، ئەوا بەهانەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی وەکو کارتێک دژی هەرێم بەکاربهێنرێت، کاتێک تورکیا لەلایەن ئەمەریکا سکاڵای ئەوە دەکات کە کوردەکان هاوکاری ناکەن بۆ ئەوەی دژی پەکەکە بوەستنەوە، مانای فشارخستنە سەر هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی کورد ناچاری شەڕێک بکەن دژ بەخۆی واتە شەڕی کوردو کورد. بێ گومان لەو شەڕەشدا کام لایەی کورد لاواز بێت هەر قازانجو دەستکەوتە بۆ ئەوان، چونکە ئاشکرایە کورد بەهیچ لایەکدا بەلای ئەوانەوە جێگای دڵخۆشی نیە کاتێک بونی هەبێتو خەباتی نەتەوەیی هەبێت. ئێمە سەردانی سەرۆکی ئەمەریکا، باراک ئۆبامامان بینی بۆ تورکیاو عێراقو کۆبونەوەو چالاکیەکانی.

ئۆباما لەناو پەرلەمانی تورکیا گوتی: بەهەموو لایەک هەوڵ دەدەین ڕوبەڕوی تیرۆریستەکانی پەکەکە ببینەوە. داواشی کرد کەمەنەتەوەی کورد لە تورکیا مافی دیموکراسیو کولتوری زیاتریان بدرێت، کە بەڕاستی دەبێ بگوترێت کورد کەمە نەتەوەیەک نیەو ئۆباما لەم بارەیەوە زانیاریەکەی هەڵەیەو ئەو داوایەشی کە بۆکورد داوای دەکات، سوپاسی دەکەین، بەس دەکرێت بپرسین ئەمەریکا لەکوێدا خاوەنی شاخەکانی کوردستانە کە بەو شێوە خاوەنداریەتە خۆی بڕیاری لەسەر دەدات، ئایا ئەمەریکا ئەوە دەزانێت قەندیل بەشێک نیە لەخاکی ئەمەریکا، بەڵکو بەشێکە لەخاکی کوردستان، ئایا ئەمەریکا لەتورکیا کێشەی کورد دەداتە دەست تورکە ناسیۆنالستە توندڕەوەکانو بەناوی هەبونی مافەسەرەتاییەکانەوە دەیەوێت قفڵ لە پەکەکە بداتو چەک بکرێتو ئیتر لەناو هەندێ شاردا شتێک بمێنێت بەناوی کوردو تەواو؟ لەولاشەوە لەعێراق داوا لەکورد دەکات یەک پارچەیی خاکی عێراق بپارێزنو پابەندی دەستور بن. بۆ شازشکردنیش لەگەڵ ئێران هەرزوو پژاکی خستە لیستی تیرۆرەوە، تۆ بڵێی ئەمەریکا خەریکی بچوک کردنەوەو خنکانی کێشە گەشەسەندوەکەی کوردە بە شارەزاییو دۆستایەتی، یان هەگبەکەی ئۆباما بەتاڵ نیەو شیرینی تێدایە کە دەمی کورد شیرین بکات، بەتایبەت دیدەنیەکانی لەگەڵ ئەحمەد تورکو مەسعود بارزانی خوێندنەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت، کە ڕایەکە وایە ئۆباما بەم دیدەنیانە پەیامێکی داوەتە کورد کە ئەمەریکا بەتەنیا کورد جێ ناهێڵێتو لەکوردو کێشەکەیو داواکانی تێ دەگات، چونکە سەرکردە سیاسیەکانی کورد لە لێدوانەکانیاندا ئەوەیان باس کرد کە ئۆباما دۆستایەتیو هاوکاری خۆی بۆ کورد دووپات کردۆتەوەو بەڵێنی داوە بەردەوام بێت لە پشتیوانی کردنی کورد. کاتێک ئەمەریکا سوپاکەی لە عێراق دەکێشێتەوە، عێراق دەربازی قۆناغێکی نوێ دەبێت، ئەوکاتە لەسەر شوناسی دەسەلاتی عێراق ڕوبەڕوی پرسیاری جیاواز دەبینەوە، چونکە لەناو ئەم هەموو هێزە جیاوازیانەی عێراق، هەڵە نیە بە ئاڵۆز سەیری پێکهاتەی شوناسەکەی بکەین، دەبێت بپرسین لەوەی ئایا بەڕۆیشتنەوەی ئەمەریکا دەسەلاتی تایەفی نابێتە شوناسی عێراق کە هەرچەندە ئێستا لەم دەسەلاتە بەدەر نیە، یان نەتەوەی کوردو عەرەب دووبارە

ناکۆکی نەتەوەییان زەق نابێتەوەو دەموچاوی ئەم عێراقە خوێناوی ناکەنەوە، یان هێزە دینیو مەزهەبییەکان قورگی دیموکراسی ناگرنو تورەکەیەکی ئەمریکی بخەنە سەرو بۆ ئەمەریکای بنێرنەوە، یان گۆڕینی دەستورو پێشێل کردنەکەی بەردەوام نابێتو متمانەی ماڵئاوایی دەکات، ئەمانەو زۆرێک پرسی تر هەن، کە ئەمەریکا چۆن لێیان دەڕوانێت، ئەوا وەڵامەکەی لای ئێمە نیە بەڵکو لای ئەمریکیەکان خۆیانە. ئەگەر لەروانگەیەکی تریش سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین دەکرێت پرسیاری ئەوە بکەین کە ئەمەریکا خاوەنی دیموکراسیو لیبڕاڵە، ئایا ئەو سیستەمەی ئەمەریکا لەگەڵ تایەفەو شەڕی نەتەوەییو ناکۆکی خوێناوی ناوخۆ دێتەوە، ئایا گەڕانەوەی ناوەندگیری توندو بەهێز، لەگەڵ سیستەمی سیاسیو پڕۆژە سیاسیو ئابورییەکانی ئەمەریکا دێتەوە، چونکە ئەمەریکا ئەگەر سەربازەکانی دەباتەوە، ئەوا مانای وانیە بەرژەوەندیەکانیشی دەباتەوەو دەیانباتە دەرەوەی عێراق، نەخێر. ئەمەریکا بەرژەوەندیەکانی خۆی لەعێراقدا دەپارێزێت. ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتنەو کورد دەبێت بایەخی پێ بداتو هەوڵ بدرێت بەرژەوەندی کورد لەم روانگەیەوە لەگەڵ ئەجێندای ئەمریکی بگونجێنرێت، بەڵام بەجۆرێک نا کە هەموو هێلکەکانی خۆمان بخەینە سەبەتەی ئەمەریکاوە. ئۆباما لەگەڵ ئەحمد تورک کاتێک گفتوگۆی کرد، وە لەقسەکانی تریدا ئاماژەی بەوە کرد کە نابێت سەردەمی تاریکی لەناو دەوڵەتەکان بمێنێتو دەبێت دیموکراسی گەشە بکات، وە ئاماژەی بەوەشدا کە وەختێک ئەم دۆخە تاریکە لەناو ئەوروپاو ئەمەریکا هەبووە، بەڵام ئێستا نەماوە، بۆیە نابێت لەدەوڵەتانی تریش بمێنێت. بەم قسانە ئۆباما پەیامی دیموکراسی ئەمریکیو سیستەمی سیاسی خۆی بۆ ناوچەکە دووپات دەکاتەوەو ئیشی لەسەر دەکات. چونکە لە دواجاردا ئەم جۆرە گۆڕانەو نەمانی ئەم تاریکەیەی ناو دەوڵەتان کە ئۆباما جەختی لێوە دەکات، لەگەڵ سیاسەتی دەسەڵاتی ئەمەریکا ناکۆک نیە.

ئەمەریکا نایەوێت جارێکی تر هێزێک عێراق بەڕێوە ببات کە نەیاری ئەمەریکا بێت، مەترسی توندڕەوی هێزە نەیارەکانی ئەمەریکا بۆ هەموو سەرۆکو دەسەڵاتدارێکی ئەمریکی جێگای بایەخو بەرنامەدانانە، ئەمەریکا ترسی گەورەی

لە عێراقو دەوڵەتەکانی ناوچەکە ئەوەیە وەکو نەیاری ئەمەریکاو پرۆژەکانی ئێستاو داهاتووی بوەستنەوە، واتە روداوەکەی یانزەی سێبتێمبەری ٢٠٠١ ئەم ترسەی زۆر قوڵ کردۆتەوە لای ئەمریکیەکان ئیتر ئەمەریکا حساب بۆ هەموو نەیارێک دەکات تەنانەت ئەگەر بچوکیش بێت، لەکاتێکدا ئێمە هێزو کاریگەریو ئامادەیی ئەمەریکاش بەو هەموو زەبەلاحیەوە دەبینین. ئێستا دەبینین چۆن لەناو خۆپیشاندانو کۆبونەوە جەماوەریەکان چۆن ئاڵاو وێنەی ئەمریکیەکان دەسوتێنرێن، کاروانی ئەمەریکا هێشتا لەسەرەتایەو نەمانی صەدام کۆتایی کاروانەکە نیە کە ئەمەریکا بڵێت ئەوە گەیشتین، بەڵکو کاروانەکەی ساوایەو داهاتووی ئیش کردنی ئەمەریکا لە پێش ئێستا زۆر قورستر دەبێت. بەرادەیەک کە هێزی ترو لایەنی تر بە سەختی روبەروی دەبنەوە، چونکە بیانویەکیش نەما وەکو صەددام کە هەوڵ بدات هەم دیکتاتۆرێک لەناوبەرێتو هەمیش پێگەی کاروانە ئەمریکیەکەی کە پڕیەتی لە بەرنامەی سیاسیوئابوری ئەمەریکا لەناوچەکەدا قایم بکات. ئێمەش وەکو کورد لەسەرەتایی هەوڵی گۆڕانی خۆمان داینو هێشتا مەترسیەکان لە دەستکەوتەکان زۆرترن.

لەگەڵ ئەوەی هەوڵی هێمن کردنەوەی پەیوەندی نێوان هەرێمو ناوەند دەدرێت، بەڵام ڕاگەیاندنێکی حکومەتی مالیکی کوردی نیگەران کرد، کاتێک ڕایانگەیاند: هەوڵی بچوک کردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم دەدەینو لەوە زیاتر ڕێگا نادەین هەرێمی کوردستان گەورە بێت. بێگومان ترس لە گەورەبونی دەسەڵاتو پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان، ترسی کوردیشە، چونکە گەورەبونو گەشەی هەرێم بۆ خۆ کۆکردنەوەی نەیاران هاندەرەو ئەوانیش زیاتر دەکەونە خۆیان، واتە ترسی کورد ئەوانی ترن، ئەوانیش گەورە بونی کورد بەترس دەزانن بەرامبەر بەخۆیان، هەرچەندە ئەم ترسە ئەگەر لەوە زیاتر بکرێتە وەهم بۆ بچوک کردنەوەی گیانی دیموکراسی لە کوردستان، ئەوا ئایندە زەرەر دەکەین، ناکرێت بەهۆی هەبونی ئاماژەی مەترسیدار بەهیچ جۆرێک سازش لەسەر ئازادیو دیموکراسیو ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەکان بکەین لە هەرێمی کوردستان. ئەمڕۆ ڕاگەیاندنەکانی جیهانوناوچەکە وەکو تورکیاو ئێرانو سوریاو دەوڵەتانی

عەرەب، گرنگی دەدەن بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان. ئەمەش مانای ئەوە دەبەخشێ کە لەسیاسەتی نێودەوڵەتیو ئیقلیمی دۆسیەیەکی زیندوو هەیە ناوی هەرێمی کوردستانە. سەردانی عەمر موساو سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینو شاندی تری بیانی پاڵپشتی ئەو بۆچونە دەکات، بەڵام کورد خۆی چۆن دەڕوانێتە ئەو گرنگی پێدانە؟ چۆن لە سەرکەوتنی سیاسەتی خۆی تەرجەمەی دەکات؟ پەیامی چیەو دەکرێت بەرهەمەکەی چۆن بچنینەوە. چونکە ئەم بایەخ پێدانە، ستایش کردن نیە بەگشتی، بەڵکو بەشێکی زۆری رەخنەو خوێندنەوەی توندە دەربارەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان. بۆیە کورد لەبری ئەوەی هەر کەسێکو لایەنێک شتێکی نابەدڵی نوسی، یەکسەر ترسی دەستی پیلانو دەرەکی نەخاتە روو، پێویستە بیری لێ بکاتەوەو لەگەڵ سیاسەتێکی واقیعی مامەڵە بکات. ئێمە ئەو راستیەمان چەندجارە گوێ لێ بووە، کە هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق، سەر ئێشەیەکی گەورەی بۆ ئەمریکیەکان دروست کردوەو ئێستا هەموو ئەمریکیەکان خوازیاری ئەوەن چیتر مەسەلەی مانەوەیان لە عێراق گیرۆدەیان نەکات، بەتایبەت بەرەی جەنگی ئەمەریکای زۆر فراوان کردوە، زۆرێکیش سیاسەت مەتدارو ناوەندی گرنگی ئەمەریکا لەکاتی خۆی دژی جەنگی عێراق بون، ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە یەک دەنگی لەناو کۆشکی سپیو سیاسەتی ئەمریکی نەبوە بۆ ئەو جەنگە، بۆیە کاتێک کورد خۆی بەقەرزاری ئەمەریکا دەزانێت کە صەدامی لەکۆڵ کردینەوەو هات جەنگی دژی صەدام بەرپا کرد، ئەوا راستەوخۆ پەیامی کورد دژی ئەو سیاسەتو ناوەندانە دەوەسێتەوە لەناو ئەمەریکا کە نەیاری ئەو جەنگە بونو خوازیاری ئەوە نەبون کە دەسەڵاتی ئەمەریکا شەڕ دژی صەدام حسێن بکات، لەهەمان کاتیشدا کار لەو ئەجێندایەش دەکات کە کورد دەیەوێت لەناوخۆی ئەمەریکا لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا تاقی بکاتەوە. بۆ زیاتر رۆشن بوون دەکرێ نمونەی هەندێ سیاسەتمەداروراوبۆچونی جیاوازی ئەمریکیەکان گفتوگۆ بکەین، لەوانە ( مادلین ئۆلبرایت) وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمەریکا گوتویەتی:» هەرچەندە کە هۆی تەواو هەبن بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، بەڵام مایەی هۆشمەندی نیە بۆ ئەمەریکا، لەو بارودۆخەو لەو ساتەدا دەست بەشەڕ

بکا». ئەمڕۆ ئەمریکیەکان لەناو شارەکان کە دەکشێنەوە، چەندە هەنگاوێکی جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەکەیانە لەگەڵ عێراق، هێندەش دوور کەوتنەوەیە لەو دنیایەی بۆ خۆیان لە عێراق دروستیان کرد کە هەرگیز ئاواتی رۆژێکی ئاوایان نەدەخواست. سیاسەت مەداری وەکو مادلین هۆشداری دەدا کە هۆشمەندی نیە ئەم جەنگە، ئیتر زۆر باش نیە کوردیش ئەو نەخشەو پلانەو جەنگە هێندە بداتەوە بە گوێی ئەمریکیەکان، چونکە ئەوان نایانەوێت بیر لەو ساتانە بکەنەوە، بۆیە دەبینین پلانەکانیان بۆ داهاتووەو خۆیان بەوە سەرقاڵ کردوە چۆن سیاسەتی تازەی خۆیانو بەرژەوەندی داهاتوی خۆیان دابڕێژنەوەو ئاگایان لە خۆیانو دەسەڵاتیان بێت. ئاگایی لە سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا بەشێکی زۆری دەکرێ لە سەردانەکەی ماوەکانی رابردوی( بایدن) جێگری سەرۆکی ئەمەریکا هەست پێ بکەین، چونکە هاتنی بایدن پەیامی ئیدارەی تازەی ئەمەریکا بوو بۆ هەموو عێراقیەکان بە کوردیشەوە. راگەیاندنو سەرچاوە سیاسیەکانی کوردستان ئاماژەیان بەوەدا کە بایدن گوشاری خستۆتە سەر کورد بۆ ئەوەی دەستور رابگرنو راپرسی نەکرێت، کەواتە دەبێت پرسیار بکەین ئایا ئەمەریکا نایەوێت کورد بەهێز بێتو مافە دەستوریەکانی جێبەجێ بکات، یان سەودایەکی لەگەڵ سوننەو شیعەکان کردووە بۆ ئەوەی رێگر بێت لەو هەنگاوانەی کورد، ئەگەر ئەو سەودایە رووی دابێت، بەزوویی کورد پێویستی بەوەیە بەهەندێ حساباتی خۆیدا بچێتەوە، هەوڵ بدات درک بەو کەلێنە بکات کە روی داوە. ( ستیڤن زونێس) پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی یە لەپەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی( روداو) ژمارە(٦٨) بەرواری ٢٠٠٩/٧/١٦ دەڵێت: « ئەمەریکا کورد تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردێنێتو زۆر گوێ ناداتە کورد» با لێرەدا هەڵوەستەیەک بکەین، چونکە ئێمە لە هەندێ شوێن بایەخی ئەمەریکا بۆ کورد رون دەکەینەوەو بەرگری لێ دەکەین، بەڵام لە هەندێ شوێنیش ئاگامان لێیە کە خودی ئەمریکیەکان چۆن بۆچونی خۆیان لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتی خۆیانو کورد دەردەبڕن. واتە مەبەستمان ئەوەیە ناکرێ بۆ هەموو قۆناغەکانو روداوو گۆڕانەکان، یەک جۆرە تێگەیشتنو یەک

جۆرە بیرکردنەوەمان بەرامبەر دۆستایەتی یان نزیکیەتی کورد هەبێت بەرامبەر ئەمریکیەکان، ئەو کاتەی ئیدارەی ئەمەریکا دەگۆڕێت، ئێمەش لەبەردەم گۆڕانێک داین، لەبەردەم پێداچونەوە بە تاکتیکو هەنگاوەکان داین، ئەمڕۆ ئیدارەی تازەی ئۆباما زۆر پشتگیری لە بەهێزکردنی مەرکەزو دەسەڵاتی ناوەند دەدات، ئەی دەسەڵاتی فیدراڵی ئێمە چی؟ چۆن هەوڵ بدەین نەبینە قوربانی ئەم قۆناغەو ئەو جۆرە سیاسەتەی کە دەیەوێت خۆشەویستی عەرەبەکانی ناو بەغداو دەوڵەتانی ناوچەکە لەسەر حسابی ئێمە بەدەست بهێننەوە.

لەگەڵ گەشەکردنی زیاتری پێشبڕکێو ناکۆکیو بەرژەوەندی زل هێزەکانی جیهان لەناوچەکە، لەگەڵ تۆخ بونەوەی ململانێی نێودەوڵەتیو لەگەڵ گەرموگوڕی پەیوەندیو گۆڕانکاریەکانی هێزە هەرێمیەکان. بایەخی کوردستان، خاکو گەلو شوێنەکەی زۆرتر هەڵدەکشێ، هەر لایەک دەیەوێت کورد بەلای خۆیدا پەلکێش بکات، بۆ نمونە دوای نزیک بونەوەی لێدانی عێراق ساڵی (٢٠٠٣)و خۆ ئامادەکردنی ئەمەریکاو بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی، ئەوا بینیمان جموجۆڵی سەردانو بینینو دانیشتن لەگەڵ کورد زۆر گەشەی بەخۆیەوە بینی، تەنانەت راپۆرتە هەواڵگریەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە هەرێمی کوردستان شوێنێکی هەرە سەرەکی بووە لە خۆ ئامادەکردن بۆ پرۆسەی روخانی دەسەڵاتداریەتی صەدام حسێن لەساڵی (٢٠٠٣)دا، ئەم بابەتەو ئەم گرنگی پێدانە بەکوردستانو کورد، هی ئێستا نیە لە گۆڕەپانی سیاسی نێودەوڵەتیو ناوچەکەدا، بەڵکو ریشەیەکی مێژوویی دوورودرێژی هەیە، بۆ بەڵگە با ئەم پەرەگرافەی کتێبی» کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا» بە نمونە بهێنینەوە: ( لەگەڵ پتربونی کێبەرکێی کۆلۆنیالیستیو ململانێی نێودەوڵەتیدا، گرنگی کوردستانیش زیادی کردوکوردستان بوو بەشوێنی چاوتێبڕینی دەوڵەتە گەورەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو دەوڵەتانە درکیان بەوە کرد کە خەریکە جەنگێکی جیهانی روو دەدا.....هتد). بێگومان بینیمان لەگەڵ بەرپابونی جەنگەکە(جەنگی جیهانی یەکەم)، ئەم ناوچەیە تەواوی نەخشەی سیاسیو جوگرافیشی گۆڕیو دەرەنجامی ئەم جەنگە، کوردستانی بەچەندین پارچەبوونەوە، تاوەکو ئێستاش هێشتۆتەوە. دوای

(١١)ی سێبتێمبەرو هاتنی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان‌و عێراق، گەورەترین هەوڵی دەوڵەتانی ناوچەکەو هاوپەیمانانیش ئەوەیە، نەخشەی سیاسی ئەم دەوڵەتانە نەگۆڕێت لەروی جوگرافیەوە!. واتە رژێمی سیاسی بگۆڕن. بەلام نەخشەی دەوڵەتەکە هەر وەک خۆی بێت، راستە کورد بنەمایەکی هێجگار ئامادەی ناو پرۆسەی جەنگی عێراق بوو، ئێستاش دەبینین ئەمریکیەکان‌و بەریتانیەکان‌و هاوپەیمانەکانیان دێنە هەولێرو کورد لەعێراق لەدەسەلات دا چۆتە سەرۆک کۆماریش! هەرچەندە پۆست‌و پلەوپایە دڵ خۆشی ئەوەمان پێ نادەن کە ئیتر دابنیشین‌و بڵێین کورد هیچ کێشەی نەماوە، بەپێچەوانەوە دۆخی کورد، ئێستا لەئاستێکی هێجگار مەترسیداردایە، هەتاوەکو بایەخی نێودەوڵەتی، زلهێزی وەکو ئەمەریکاو بەریتانیا، عێراق‌و ناوچەکە زیاد بکات، کوردیش زیاتر گرنگی پێ دەدرێت، وریایی کوردیش لەوەدایە چۆن بۆ پرسی نەتەوەیی‌و نیشتمانی، دیموکراسی‌و گەشەکردن‌و ئازادیەکانی سود لەم گرنگی پێدانە وەربگرێت. چونکە گرنگی پێدان کاتی خۆی‌و سنوری خۆی هەیە، تۆ هەمان پێگەی ئەمڕۆت نیە لە سبەینێدا، بۆ نمونە با سەیری ئەم چەند دێرەی خوارەوە بکەین، کە لە کتێبی» عێراق‌و کورد، شەڕی یەکلاکەرەوە لەسەر کەرکوک» ئاماژەی پێدراوەو دەڵێت:( کوردەکان لە ئەزمونی تاڵی خۆیانەوە فێربوون کە پشتیوانی ئەمەریکا لە گۆڕاندایەو قابیلی گۆڕانە. واشنتۆن لەماوەی رابردوودا کوردەکانی بەکارهێناوە وەک یارییەکی ناوچەیی‌و هەر کاتێک کە پەیوەندی بدات بەتورکیاوگرنگی‌و هاریکاری دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز لە عێراقدا بکات، ئەمەریکا دەتوانێت بەسەر ویستی کوردەکان زاڵ بێت‌و دژیان بوەستێتەوە. ئینور چەڤیک کە رۆژنامەنوسێکی تورکییەو خۆی بەنزیک لەو سەرکردانە دەزانێت دەڵێ: سەرکردە بالاکانی کورد باش دەزانن کە لە کۆتاییدا ئەمەریکا دەیانفرۆشێت). رەنگ بێت هەڵە نەبین ئەگەر هەم بەرامبەر ئەمەریکا گەش بین بین، هەمیش رەش بین، چونکە بەرژەوەندی‌و گۆڕانەکانی ئێستای ناوچەکە، سیاسەتێکی جێگیر لە ئەمەریکا ناخوازن، ئەم ناجێگریە مانای گۆڕانی دۆستەکان‌و گرنگی پێدانەکانی ئەمەریکایە، ئێمە وەکو کورد پێویستە لەم هاوکێشەو وەرگۆڕانە بترسین، مێژووی ئێمە لەگەڵ ئەمەریکا حکایەتی لەو

جۆرەی هەیە، بەلام ئەوەی ئومێدمان پێ دەبەخشێت، ئەوەیە کە زەمەنەکە هەمان زەمەنی ڕابردوو نیە، کوردیش هەمان کوردی دوێنێ نیە. هەرچەندە ئاسان نیە دڵنیا بین، بەلام دەکرێ نەوەستینو ئێمەش هەنگاو بنێین. بۆ ئەوەی هەمیشە جێگای ئەو گرنگی پێدانە بین کە هەموو زل هێزەکانو ئەمەریکاو ئەوانی تریش لێرە کاری لەسەر دەکەن، ئەو ناوچەیەی کە کورد ڕۆڵێکی گەورەی مێژوویىو جوگرافیو جیۆپۆلەتیکی گەورەی هەیە.

وێڕای بەرژەوەندیو تێڕوانینە جیاوازەکانی ئەمەریکا لە عێراقو ناوچەکە، بەڵام هەمیشە بوار دەدەنە کورد لەناو گۆڕانو سیاسەتی بەڕێوەبردنی ناوچەکە، ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا کە گەیشتە تورکیا دانیشتنی تایبەتی لەگەڵ ئەحمد تورک ئەنجامداو وەکو کورد لەگەڵی دانیشت، باسوخواسەکەشیان دەربارەی کێشەی کورد بوو لەچوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا، کە هاتیشە عێراق، لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم دانیشتوو کۆبۆوە، وەکو کوردو نوێنەرایەتی کێشەکەی لەعێراق لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە، واتە ئێمە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە وێڕای ترسی هەمیشەیىو گومانی بەردەوام لە ئەمەریکا، بەڵام زۆرن ئەو بوارانەی کە بۆ ئێمەش دەرەخسێنرێتو زەرورە لەبیریان نەکەین. ئاستی دبلۆماسی ئەمریکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاستێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، دیک چینی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا (جۆرج بوش) بوو کە هاتە هەولێر. باڵیۆزو نوێنەرەکانیان دێنە هەولێر. ئەمەش جۆرێک لەرەخساندنی بواری کراوەیە بۆ کورد. بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت لەچوارچێوەی عێراقو سیاسەتی ئەواندایە بۆ عێراق، سەردەمی خۆشی کاتێک بەریتانیا لەعێراق بوو، دەیەویست کوردەکان خۆیان حوکمڕانی خۆیان بکەن بەڵام لەچوارچێوەی ئەم سیاسەتەی کە خۆی دەیخواست لەعێراق، کاتێک بەریتانیا لەساڵی ١٩١٨ شاری موصڵی داگیرکرد، خواستی ئەوە بوو کە لەکوردستانی عێراق، ناوچەکانی ئەو کاتە وەکو کەرکوکو خانەقینو سلێمانیو هەولێر، کورد خۆی ئیدارەی خۆی بەڕێوەبەرێت، خۆی حوکمڕانی خۆی بکات، بەڵام لەچوارچێوەی سیاسەتو ڕوانینو بەرژەوەندی بەریتانیا، ئێستا واهەست دەکرێ هەمان شت لەلای ئەمریکیەکان دوبارە دەبێتەوە. ئەمریکیەکان دەیانەوێت

عێراقێکی بەهێز هەبێت، چونکە ئەوان کە رژێمی صەدام حسێنیان گۆڕی، نایانەوێت دەوڵەتێک دروست بکەنەوە دژ بەخواستی ئەوان بیر لەبەهێزبوونی بکاتەوە، ئەوان دەیانەوێت عێراق بەهێز بێت بەڵام بەو تەرازوەی ئەوان هەیانە، ئەگەر عێراق دەوڵەتێکی بەهێز بوو، هاوپەیمانو پشتیوانی ئەمەریکابوو، ئیتر ئەوکاتە بەڵگەی ئاسان هەیە بۆ لاوازکردنی پێگەی ئەو هێزو لایەنانەی کە خواستی لەم جۆرەیان نیە لەناو عێراق. بۆ نمونە کورد ترسی گەورەی لەبەهێزبوونی عێراق هەیە، چونکە لەیادمان نەچێت کاتێک دەڵێین عێراقێکی بەهێز؟ مەبەست لەبەغدایەکی بەهێزە. هەر کاتێک مەرکەزی ئەم دەوڵەتە هێزەکانی لەلای خۆی کۆکردەوە، تۆ وەکو هەرێمێک بەرەو لاواز بوون دەڕۆیت. زۆر گرنگە کورد ئەم جۆرە هاوکێشەیە لەئەمریکیەکان بکاتە واقیعێک کە ئەوان پشتیوانی ئەوەبن بەهێزبوونی بەغدا کار نەکاتە سەر لاوازبوونی هەولێر. ئەمەش وا لە ئەمریکیەکان دەخوازێت ئەم رەوتە دیموکراسیو ئەو واقیعەی فیدڕاڵی هەرێمی کوردستان تا ئەوپەڕی توانا لەعێراق پشتیوانی بکەن. دەرگای بوارە جیاوازەکانمان لێ دانەخەن. پەیوەندی کوردو ئەمەریکا وەکو هێزێکی بچوک لە چوارچێوەی عێراقدا قەتیس نەکرێ، بەڵکو ئەمەریکا وا بڕوانێت کە پەیوەندیەکەی لەگەڵ نەتەوەیەکە..نیشتمانێکە..خەونی گەلێکی ستەم دیدەی مێژووییە. ئەگەر بەرژەوەندیەکان بهێڵن چاوی ئەمریکیەکان ئەو شتە ببینێت ئەوا مانای سەرکەوتنی کوردە. با روداوێکی مێژویی نزیک لەم بارەیەوە تەماشا بکەینو ئەم قسەیەی بوشی باوک کە سەرۆکی ئەمەریکا بوو ساڵی(١٩٩١) کاتی کۆڕەوەکەو سەرکوتکردنی کوردو شیعە لەباکورو باشوری عێراق لەلایەن بەعسەوە، گوتی( ئێمە ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێکردووە کە بریتی بوو لەدەرپەڕاندنی هێزەکانی عێراق لەکوەیتو گەڕاندنەوەی حکومەتی شەرعی کوەیت بۆ سەر دەسەڵات، بەڵام سەبارەت بەکوردو شیعە، ئەوە کێشەیەکی ناوخۆیە، کێشەی ناوخۆش لەدەرەوەی ئەرکەکانی ئێمەدایە). منیش لەوە دەترسم کە دەرگای بوارەکانمان لێ دابخرێتو رۆژێک تەسلیمی واقیعێک ببینەوە لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆمانو سەرۆکێکی وەکو ئۆباما ئەم جارە بڵێت ئێمە ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ کردووە

کە ساڵی ٢٠٠٣ صەدام حسێنمان لەناوبردو دیکتاتۆریمان نەهێشتو عێراقمان بەرەو دیموکراسی برد، بەڵام کێشەی کورد لە عێراق پەیوەندی بەناوخۆی عێراقەوە هەیەو کێشەی ئێمە نیە. ئەمە ئەگەرێکە کە ترسمان لێی هەیە. هەر کاتێک قۆناغەکە لای ئەمریکیەکان گۆڕانی بەسەرداهات، ئەوا ئاسایی یە خۆمان لێ بدزنەوەو پێمان بڵێن ئێمە صەدامسان روخاندو کاری ترمان نەماوە. بۆیە کورد بۆ ئەم بابەتانەو ئەگەرەکانی داهاتوو دەبێ لەخۆیەوە دەستپێبکاتو کاری سیاسیو دبلۆماسیو ئیدارەی ناوخۆییو گوتاری بەهێز بکات.

لێرەدا دەکرێ قسە لەسەر شتێکی پێچەوانەش بکەین کە لەسەرەوە باسمان لێنەکرد، واتە هەندێجار لەهێزبوونی بەغدا لەبەرژەوەندی ئەمەریکاو سیاسەتەکانی نیە لەناوچەکە، ئەگەرهاتو بەغدایەکی بەهێزمان هەبوو، عێراقێکی پتەوی دروست کردەوە، بەڵام هاوڕێکی ستراتیژەکانی ئەمەریکا نەبێت، ئەوا ئەمجارە ئەمەریکا هەرێم بەکاردەهێنێت بۆ گوشارخستنە سەر بەغدا، لەوانەیە لەداهاتوو شتی وا لەئەمەریکا ببینین، با بۆ ئەم مەسەلەیە بەڵگەیەکی مێژویی بخەینە روو، لەحەفتاکانی سەدەی رابردوو، عێراق دەوڵەتێک بوو کە لەبەرژەوەندی ستراتیژی ئەمەریکا دوور بوو. بۆیە یەکێک لە کارتەکانی دەست ئەمەریکا بۆ دژایەتی کردنی بەغدا، کێشەی کورد بوو. ئەوەبوو لەساڵی ١٩٧٢ نیکسۆنو کیسنجەرو شای ئێران گەیشتنە رێککەوتنێک کە یارمەتی کوردی عێراق بدەن لەدژی بەغدا شۆڕش بکەن تاوەکو حکومەتی بەغدا لاواز بکرێت. ئەمەش بەپلانێکی تایبەتو داڕێژراوبوو، ئەمریکیەکان داوایان لەشای ئێران کرد هەموو جۆرە هاوکاریەکی سەربازی کوردەکان بکات بۆ ئەوەی شەڕ دژی عێراق بکەنو هەوڵ بدەن عێراق لاواز بکرێ. ئەو کاتە ئەمەریکا ئێمەی وەکو یەکێک لەکارتەکان بەکارهێنا، ئایا ناشێ ئەمجارە بەشێوەیەکی دیکە سوود لەرۆڵو کێشەی کورد وەربگرێ؟ بێگومان دەشێو داهاتوو لەوانەیە شتی ئاشکراترمان لەلا ئاشکرا بکات دەربارەی رۆڵو پێگەی کورد بەلای ئەمریکیەکانەوە، سەبارەت بەو بارودۆخەی کە باسمان کرد.

ئێستا پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ دەوروبەر، دەوڵەتانی تری جیهان، وەکو رابردوو

نیە، بە بەراورد لەگەڵ دوێنێ. پەیوەندیەکان نوێن، گۆڕاون، تەنانەت هەندێجار ئاستێکی رەسمی گرنگیش دەگرنە خۆیان، وەک چۆن لەیەکێک لەکۆبوونەوەکانی کۆمپانیاکانی ئێران لەناو خاکی ئێران لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم، ئاڵای کوردستان لەتەنیشت ئاڵای عێراقو ئێران دانرابوو، ئەوا نیشانەیەکی ئاشکرای پەیوەندی رەسمیو ئیعترافە بەو کیانەی هەتە. بۆیە ئەم جەستە کون کونەی ئەم کیانە، پێویستی بەچارەسەرکردنو پڕکردنەوەی کەلێنو کەلەبەرەکانە. ئەویش بە دیموکراتیزەکردنو شەفافیەتو نەهێشتنی گەندەڵیو عەقڵیەتی تەسکی حزبی دەست پێدەکات..بە بونیادنانی کۆمەڵگایەکی بەهێزو خاوەن یاساو دامەزراوەو ئاڵوگۆڕی دیموکراسیانەی دەسەڵاتو چەندین هەنگاوی تر، دەگاتە کەناری دڵنیایی، مانەوە، پتەوبوون. با لەم گۆشەنیگایەشەوە شتێکی تر هەیە لەبیری نەکەین، کەرۆڵی تورکیاو ئێرانە، بەسەر پەیوەندیەکانی کورد لەعێراقو چارەنووسەکەی لەناو ئەم دەوڵەتەدا، تەنانەت تورکیاو ئێران کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان کوردو ئەمەریکا، ئەمریکیەکانیش زۆر باش لەم راستی یە تێدەگەن، هەڵکەوتەی جوگرافیو دەسەڵاتی سیاسیو هێزی تورکیاو ئێران ئەم واقیعە زۆرباش دەسەلمێنن، بۆ نمونە دەکرێ لەروی مێژووییەوە لەم بارەیەوە شتێک بگێڕینەوە( لەیەکەمین دیداری نێوان مەحمودپاشای میری بابانو میستەر ریچ ساڵی ١٨٢٠، مەحمود پاشا پەردەی لەسەر واقیعی رامیاری ناوچەکە هەڵداوەتەوەو لەو تەگەرانە ئاگاداربووە کە زیانی پێدەگەیەنێت بەهۆی جوگرافیای ناوچەکەوە کەوا دەکەوێتە سەر سنوری هەردوو دەوڵەتی ئێرانو تورکیا، ئەو دوو دەوڵەتەی بەردەوام پێشبڕکێیانە لەسەر کوردستان). ئاسان نیەو ریگاشی تێناچێت کاتێک کورد لەگەڵ ئەمەریکا نزیک بێت، هاوپەیمان بێت، رۆڵو پێگەو دراوسێیەتی ئێرانو تورکیا فەرامۆش بکات، ئەمە شتێکی واقیعی نیە، بەڵام دەکرێ کوردیش گەمەی بەرژەوەندیو نەتەوەییو خەباتی چارەنوسسازی خۆی درێژە پێبدات لەپێناوی هەموو ئەو ئامانجانەی کە هەیەتی.

ئەمڕۆ دەبینین ناکۆکیەکی قوڵ لەنێوان ئێرانو ئەمەریکادا هەیە، پێدەچێت ئەم ناکۆکیانە لەئێستادا جارێکی تر سەرهەڵبدەنەوە، سوریاش نەوەکو هەر بەدڵی

ئەمەریکا نیە، بەڵکو یەکێکە لەرکابەرە سەختەکانی ناوچەکە، لە لوبنانیش رێگری گەورە سوریایەو پێشناچێت هەوڵەکان لە نێوان سوریاو ئەمەریکا بۆ لەیەک نزیک بونەوەیان سەرکەوتووبێ، بەتایبەتی نزیکی سوریا لەئێران یەکێکە لەگرفتە هەرە گەورەکان، لەم نێوانەدا تورکیا بۆ ئەمەریکا زۆر گرنگە، دەبێ حساب بۆ ئەوە بکاتو بەرامبەر ئێرانو سوریا ئاگای لەتورکیا بێت لەپێناو ئەو بەرەیەی کەلەناوچەکەدا کردوویەتیەوە. ئەم دوو دەوڵەتەش لەرێگریە گەورەکانی ئەم بەرەیەی ئەمەریکان. بۆیە ئەمەریکا دەبێ وریای داواکاریەکانی تورکیا بێتو ئەم داواکاریو نزیکیەی لەتورکیاش لەسەر حسابی مافو خەباتو ئازادی گەلی کوردە بێگومان. هەرچۆن بێت کوردیش هەندێ بواری بۆ دەرەخسێو رەخساوە، کەواتە چوونە ناو ئەم هاوکێشانەو خوێندنەوەی ئەو بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیانە، کورد دەخاتە بەردەم ئیشکردنێکی سەختو ورد. هەموو چاودێرە سیاسیەکان بەبایەخەوە دەڕواننە ئەو گۆڕانکاریانەی ئێستا لەتورکیا دەربارەی کێشەی کورد سەریانهەڵداوە، کە هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن پشتیوانیەکی گەورەی ئەمەریکا لەپشت ئەم گۆڕانە تازەوەیە، هەر چۆنێک بێت ئەگەر ئەمەریکاش راستەوخۆ لەپشت ئەم واقیعەی ئێستای ناو تورکیاوە نەبێت، ئەوا ئاگای لێیەو ناراستەوخۆ رۆڵی خۆی دیارە. ئایا کوردیش تاسەر دەتوانێ توند دەست بەم گۆڕانکاریە پۆزەتیڤیانەوە بگرێو هەوڵ بدات فراوانتریان بکات، لەبری ئەوەی تێکیان بدات یان نەچێتەوە پێشەوە بەرامبەر ئەم رەوشە تازەیە. بەڵام لەبەرئەوەی کورد بانگەشەی چارەسەری ئاشتیو دیموکراتیو سیاسی دەکات مانای وایە گرفتەکە کورد نیە، بەڵکو ئەوی بەرامبەرە. تورکیاش لەم گۆڕانکاریانە سودمەند دەبێو لەشەڕی گەریلاکان ماندووە بووەو ئەم خوێنڕشتنە، شەکەتی کردووە.

لەعێراقدا، ئەمەریکا ئەو ئومێدە گەورەیەی کورد بووە کە کورد سەرباری ئەو هەموو ترسو گومانو دڵەڕاوکێیەی بەرامبەر ئەمەریکا هەیەتی، پشتی پێبەستووە، تەنانەت هەرێمی کوردستان هەمیشە دەرگای والایە بۆ هەر شتێک ئەمەریکا بیەوێت، ئەمەریکا پێویستی پێبێت. بارزانی لەلێدوانێکدا رایگەیاند کە ئێمە ئامادەین لەکوردستان میوانداری هێزەکانی ئەمەریکا بکەین. ئەم قسەیەی

بارزانی مشتومڕێکی زۆری لەلای دەوڵەتانی دراوسێو خودی ناوخۆی عێراق دروست کرد. ئیدیعای جیاواز بۆ ئەم قسەیە کرا، هەندێک پێیان وابوو ئەمە تەصەروف کردنێکی دەرەوەی دەستوری عێراقە کە کورد دەیکات، هەندێک وەکو بەکرێگیراوی ئەمەریکا کەوتنە زەمو زەمکاری کورد، هەندێک وایانلێکدەدایەوە کە ئەمە هەوڵی کوردە بۆ ئەوەی پێگەی جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆی بەئامادەبوونی ئەمەریکا قایمتر بکات. هەرێمی کوردستان لەسەر چەندین تەوەرەی تر لەگەڵ ئەمەریکاو ئەوروپا گەمەی خۆی دەکات، بۆ نمونە کاتێک شەپۆلی کوشتنو تەقینەوەوئاوارەیی رووبەروی مەسیحیەکانی عێراق بۆوە، هەرێمی کوردستان وەکو پەناگەیەکی ئارامو پارێزراو بۆ مەسیحیەکان دەرگاکانی ئاوەڵا کرد، راستە ئەمە بەشێکی پەیوەندی بەو ریشە مێژوییەوە هەیە کە کورد هەمیشە بۆ بێگانەو میوان هەیبووەو خەڵکی تری لەخۆگرتووە، بەڵام بڕیارەکەو لێدوانەکانو هەنگاوەکانی کورد، پلانی ئەوەشی لەپشتە کە پەیامی پەیوەندیو دۆستایەتی خۆی بە ئەمەریکاو ئەوروپا بگەیەنێت. ئەمەش بەشتێکی واقیعی دەبینمو گەمەیەک نیە زەرەری تێدا بکەین ئەگەر بتوانین بیگەیەنینە شوێنی خۆی. بۆ تورکمانو ئەرمەنو ئاشوریەکانو هەموو پێکهاتەکانی دیکەش، بەرنامەو پلانی دۆستایەتی،مانەوە، پێکەوەژیان، خزمەتێکی گەورە بەکورد دەکات، لەئاستی رای گشتی عێراقیو دەوروبەرو جیهانیشدا، چونکە کورد بەردەوام ئیدیعای مافی مرۆڤو دیموکراسیو پێکەوەژیان دەکات، ئەمەش وا دەخوازێت لەگەڵ ئەم نەتەوەو پێکهاتانە بەکردەوە هەنگاوی پێکەوەژیانی راستەقینە بنێت. کوردو ئەمەریکا لەعێراقدا لەهەندێ شتدا تەواو یەک سیاسەت پەیڕەو دەکەن لەعێراق، بۆ نمونە کورد ئیدیعای دیموکراسی عێراق دەکاتو ئەم دیموکراسیە بەبێ کەمە نەتەواتیەکانی ناو عێراق باس ناکات، وەکو تورکمانوئاشوریو ...هتد، ئەمەریکاش بەهەمان شێوە جەخت لەهەبونو بەشداریکردنی ئەم کەمە نەتەواتیانە دەکاتەوەو کاتێک باسی دیموکراسی لە عێراقدا دەکات ناوی کەمە نەتەوایەتیەکان لەبیرناکات. دەوڵەتی عێراق کێشەی ئەم کەمە نەتەوایەتیو مەزهەبانەی هەیە کە ئەمڕۆ گەلی عێراق پێکدەهێنن، بەڵام بۆچونەکان پێیان وایە گەشەکردنو

پێشکەوتن‌و کرانەوەی نەتەوەکانی ناو عێراق ئەم گرفتە ئارام دەکاتەوەو کێشە دروستکردن لەسەر ئەم پێکهاتانە ناهێڵێ، ئەمەریکاش وێڕای پاراستنی بەرژەوەندی‌و چوارچێوە سیاسیەکانی خۆی لەعێراقدا، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ کەمە نەتەوایەتیەکان‌و مەزهەبەکان. لەیەکێک لەسەرچاوە نێودەوڵەتیەکاندا ئاماژە بەوە دەکرێ کە چەند دەوڵەت رەگەزی کەم بێ، کێشەی کەمترە. بەڵام دەوڵەتە فرە رەگەزو نەتەوەکان کێشەیان زۆرە، دەوڵەتێکیش لەیەک نەتەوە پێکهاتبێت ئارامترو بێگرفترە. بۆ چارەسەری گرفتی دەوڵەتە فرە نەتەوەیەکانیش پێشکەوتن‌و شارستانی بونی ئەم دەوڵەتە گرنگە. بۆ نمونە دەوڵەتی سویسرا لەچەند نەتەوەیەک پێکدێت، وەکو ئەڵمانی، ئیتالی، فەرەنسی، بەڵام گەشەکردن‌و شارستانی بونیان وایکردووە لەناو ئەم دەوڵەتەدا گیروگرفتی نەتەوەیی ئارامترو بێ کێشە تر بێت...دەکرێ عێراق ئەزمونی سویسرا بخوێنێتەوە، ئەگەر خوێن‌و بەرژەوەندی زلهێزەکان بهێڵن بەم کارە رابگات.

بێگومان ناکرێ نکۆڵیش لەو راستییە بکرێ کە بوونی کەمە نەتەوەیەکان‌و مەزهەبەکان، رۆڵی گەورە لەنەخشی سیاسی وڵاتدا دەگێڕن، هەر بۆنمونە دەکرێ باسی ئەو رۆڵە راستەوخۆو ناراستەوخۆیە بکەین کە تورکیا بەهۆی تورکمانەکانەوە لەعێراق دەیگێرێت، تورکیا راستەوخۆو بەزەقی باس لەکێشەی کەرکوکو خۆ تێهەڵقورتاندنی دەکات، ئەمەش بەهۆی هەبوونی تورکمانەکانە لەکەرکوکو بەشێکی ناوچە جیاوازەکانی ناو دەوڵەتی عێراق.

## دۆسیەکانی بەردەم ئەمەریکا:

لەوەتەی ئەمەریکا عێراقی داگیرکردووە، بێ سەرئێشە نەبووە. پلانەکانی بۆ رژێمی سیاسی دوای حوکمڕانی صەدام حسێن پڕن لە کۆسپ‌و گرفت. زۆرن ئەو دۆسیانەی سیاسەتی ئەمەریکایان تووشی قەیران کردووە، لەناوخۆی ئەمەریکاشدا دەیبینین چ هەرایەک لەسەر ئیدارەکەی بوش هەبوو، کە ئێستاش ئۆباما رووبەرویان بۆتەوە. یەکێک لە دۆسیە گرنگەکان لەعێراق کێشەی پاراستنی ئاسایش‌و هێمنی‌و سەلامەتی ژیانی هاوڵاتیانی عێراقیە، بەڵام ئەوەتا تەقینەوەکان

دەبینین‌و پێویست بە تەعلیق ناکات لەم بارەیەوە. دۆسیەی سونەو شیعەش بۆ ئەمریکیەکان جێگای ماندووبونێکی زۆر بووە لە ئێستاشدا کێشەیەکی کەم بایەخ نیە. هەروا مەسەلەی کورد لە عێراق بۆخۆی دۆسیەیەکی دیکەی کراوەی بەردەم ئەمریکیەکانەو لەهەر روداوو گۆڕانێکدا، گۆڕانیش بەسەر ئەم دۆسیەیەدا دێت‌و وا دەکات ئەمریکیەکان یەک روانینیان نەبێت بۆ ئەم مەسەلەیە. ئەمەش بۆخۆی بۆ مەسەلەی کورد مایەی گومان‌و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامە. یەکێکی دیکە لە دۆسیە هەرە زەقەکانی بەردەم سیاسەتی ئەمەریکا لەعێراق دیموکراسی یە. چونکە گەورەترین دروشمی ئەمەریکا بۆ عێراق بەدیموکراسیکردنی ئەم دەوڵەتە بوو. ئەمەریکا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە صەدامی دیکتاتۆر لا دەبات‌و پاڵپشتی عێراقی دیموکراسی دەکات لەنوێوە عێراقیەکان دنیایەکی نوێ دروست بکەن. لەبەرئەوەی ئەمەریکا لەعێراقەو هاتووە داگیری کردووە هیچ مانایەکی نیە بڵێین ئەم دۆسیانە پەیوەندیان بە ئەمریکیەکانەوە نیەو رەوشی ناوخۆی عێراقیەکانە. بۆ نمونە کەس ناچێتە عەقڵی‌و وە ساویلکەییە ئەگەر کەسێک لەعێراق پێی وابێت دۆسیەی کەرکوک‌و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان پەیوەندی بەئەمریکیەکانەوە نیە، یاخود بەمانایەکی دیکە بڵێین کە ئەمەریکا ئاگای لە کەرکوک نیەو بێ لایەنەو بۆ عێراقیەکان خۆی لێگەڕاوە. تەنانەت مەسەلەی فیدڕاڵی‌و پێشمەرگەو سوپاو ئابوری‌و نەوت‌و....هتد، هەموو ئەوانە راستەوخۆ ئەمریکیەکان تەداخول دەکەن‌و پڕۆژەو قسەو هەنگاوی خۆیان هەیە لەسەر هەموو ئەم پرسانە. بەڵام قسەی ئێمە ئەوەیە کورد لەناو ئەم دۆسیانەدا چۆن دەتوانێت ستراتیژەکانی خۆی جێبەجێ بکات لەعێراق‌و ئەمەریکاش نەکاتە دژی خۆی لەگۆڕانەکاندا. کورد ئاڵۆزی زۆری لەرێگایە لەپەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغداو ئەمەریکاو دەوروبەردا، بەڵام بەشێکی هەرە سەرەکی‌و گەورەی باری ناوخۆی سیاسی‌و حوکمڕانی‌و ئیدارەو سیاسەتی کورد خۆی مەسئولە لەم ئاڵۆزیانە. چونکە ئەمەریکا دەربارەی عێراق ناکرێ چاوەکانی تەنها یەک لایەن ببینێت‌و ناچارە لەکردنەوەی هەر دۆسیەیەک حساباتی وردی هەمەلایەنەی چەندین بەرژەوەندی جیاواز بکات. بۆ نمونە مەسەلەی دەرودراوسێی عێراق وەک چۆن

دۆسیەیەکی گەورەی هەرە زیندووی عێراقە لەبواری ئەمنیو بونیادنانەوەو دبلۆماسیو سیاسی، ئاواش دۆسیەیەکی هەرە زیندووی بەردەم ئەمەریکایە بۆ وێنە ئەمەریکا لەبەغدا لەگەڵ ئێرانیەکان کۆبۆوە، کۆبونەوەی ئەم دوو دەوڵەتە لەسەر خاکی عێراق بەراستی دۆسیەیەکی زۆر سیاسیو جێگای بایەخو هەنگاوی هەستیارە لەناوچەکەدا.

ئایندەی عێراق، روون نیە، بەتایبەت مەسەلەی فیدڕاڵیو دیموکراسیو سیستەمی سیاسی، پێکەوەژیانی لایەنە سیاسیەکان راستەقینە نیە لەروی نیشتمانیەوە، چونکە جێگای پرسیارە بەردەوام سەرکردە عێراقیەکان باسی ئاشتیەوایی نیشتمانی دەکەن! هەندێ هێز بەردەوام ئیش بۆ ئەوە دەکەن عێراق دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێز بێتو ئەو هەرێمو فیدڕاڵیەی لەعێراق باس دەکرێ بەهۆکاری دابەشبوونو پارچەبوونی ئەم دەوڵەتە دەزانن. هێزی دیکەش لەعێراق هەن بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە کەمەرجی ئایندەی مانەوەی ئەم دەوڵەتە فیدڕاڵیو دیموکراسیو دابەشکردنی دەسەڵاتە. ئێستا عێراق لەناو ئەم هێزو لایەنانەدا سیستەمەکەی رۆشن نیەو رۆژانەش شەقامو کۆڵانەکانیشی بەتەقینەوەی سەیارەو بۆمبەکان سورتر دەبن بەخوێن. کوردو مافە نەتەواتیەکانیشی لەناو ئەم نادیاریەدا بەدەرنین. بەتایبەت کورد سەیری گەڕانەوەی ئەمریکیەکان دەکات کە بڕیارە بەپێی رێککەوتنەکەیان لەگەڵ عێراق بکشێنەوە، لە ئێستاوە ترسێک هەیە لەوەی کەدوای گەڕانەوەی سوپای ئەمەریکا، بۆشایەکی سیاسی گەورە دروست بێتو هەم لە ناوخۆدا پەشێوی گەورە سەرهەڵ بدەن، هەمیش لەدەروازەکانی عێراقەوە، دەوروبەر دەست بخەنە ناو کاروبارەکانەوە. کورد ترسی لەم ئایندەو لەم روداوە هەیە، ئەگەر تێبینی جوڵەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بکەین لەم بارەیەوە دەگەینە ئەو راستیەی کە بەڵێ ئەم ترسە هەیە.

یەکێک لە پسپۆرەکانی بواری کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاماژە بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات لەعێراقداو بە بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی ئەمەریکای لە قەڵەم دەدات کە حساباتی وردی بۆ بکات، لەپێشی هەموو بەرپرسیاریەتیەکان ئەوەیە کە دەبێ ئەمەریکا بەهەموو شێوەیەک هەوڵی ئەوە

بدات رێگا بگرێ لە دروست بونی شەڕی چەکداری‌و یەکلایکردنەوەی ناکۆکیەکان بەچەک. یەکێک لە پێشنیارەکانیشی ئەوەیە کەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق، بەهەمان شێوەی بۆسنیا یان کۆسۆڤۆ هێزێکی نێودەوڵەتی جێگیر بکرێ لەعێراقدا. ئەمەش وا دەکات رێگا بگرێ لەسەرهەڵدانی ناکۆکی چەکداری، بەتایبەت ئەگەر بێت‌و نەتەوەیەکگرتوەکان سەرپەرشتی ئەو هێزە نێودەوڵەتیە بکات. لەجۆرە بیروبۆچونێکی لەم چەشنە دەگەینە ئەو بڕیارەی کە بڵێین رەوشی سیاسی عێراق بە راستی دژوارەو مایەی ئەوەیە بڕێک لەگەشبینیمان بۆ ئەم هەموو بانگەشەو دروشم‌و کۆبونەوانە کەم بکەینەوەو ئاوڕ لە دۆسیەگەرمەکان بدەینەوە. هەمیشە لەبەرامبەر هەر بەرەو پێشەوەچونێکی سیاسی مەسەلەی کورد، پێویستە ئاگاشمان لەدیوێکی دیکەی بێت کە پلان‌و تەڵەو دوژمنایەتیکردنی سەختی مافەکانی گەلی کورد هەیە. مادام بەرژەوەندیەکان دەگۆڕێن، دۆست‌و دوژمن‌و سەرکەوتن‌و شکستەکانیش دەگۆڕێن، ئەو کاتەی ئەمەریکا باوەش بۆ کورد دەکاتەوە، جێگای ئومێدێکی گەورەیە، بەڵام لەناو ئەم دۆستایەتی‌و گەرم‌و گوڕیەی ئەمەریکادا، شتێک هەیە ناوی پلان‌و بەرنامەو ستراتیژیەکانی ئەم تاک جەمسەرە گەورەیەی جیهان، کە سەیری هەموو گۆشەو لایەک دەکات بۆ ئەوەی پارووی خۆی لێبخوات‌و هەیمەنەو دەسەڵات‌و ئارامی خۆشی توند بپارێزێت. راستە هەست بەکرانەوەیەکی گەورە بەرامبەر بەکێشەی کورد دەکرێ، بەڵام ئایا رەوا نیە پرسیاری ئەوەش بکەین کە پلانی گەورەش بەرامبەر بەکورد ئامادە دەکرێ، بێگومان تاوەکو نەگەینە مافی چارەی خۆ نوسینێکی راستەقینە، مومکین نیە پارێزراو بین لەبەرامبەر رووداوە تراژیدیاکانی رابردومان کە مەبەستم ئەوەیە دوبارە ببنەوە، سیاسیەکی ئەمریکی لەیەکێک لەچاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ رۆژنامەنوسێکدا دەڵێ: پێم سەیرە بۆچی ئەمەریکا هێندە گرنگی بە بەهێزکردن‌و گەورەکردنی سوپای عێراق دەدات، بۆمن جێگای ترسە کاتێک عێراق بەرەو دەوڵەتێکی مەرکەزی بڕواتەوەو سوپایەکی زەبەلاحیشی هەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بێت‌و ئەمەریکا سوپاکەی لەعێراق کشاندەوە، ئەوا مانای وانیە خەمەکانی عێراق کۆتاییان پێدێت‌و سیستەم‌و دامەزراوەکان، دەوڵەت‌و

حکومەتێکی بەهێزو باشو سەرکەوتوومان دەدەنە دەست. بەپێچەوانەوە گرفتی زۆر گەورە چاوەڕێی عێراق دەکات دوای کشانەوەی ئەمریکیەکان، بۆ نمونە عێراق کەوتۆتە ژێر کاریگەری کەشوهەوایەکی حزبی بەرتەسکو هەناسەی یاساو دەستورو گیانی مەدەنی راگرتووە، ململانێی تایەفیو دۆخێکی دژواری ناو پرۆسەی سیاسیو دەوڵەتداری عێراقە. گەندەڵیش رۆحی ئەم دەوڵەتەی هەلاهەلا کردووەو دنیایەک دۆسیە هەن کە مرۆڤ سەری دەسوڕمێ لەگەندەڵیو بێویژدانیو نامرۆڤانەی ئەو گەندەڵکارانە، بۆیە عێراق ئەرکو بەرپرسیاریەتی هێجگار گەورەی لەسەرشانە لەکاتی ئێستادا کە ئەمەریکا لێرەیە، هەمیش دوای گەڕانەوەی ئەمریکیەکان. کەشوهەوای حزبیو گەندەڵیو تایەفەگەری راستەوخۆ کاراکتەری سەرەکی بڕیاردان پێکدێنن لەعێراقدا، ئەمەش زەبری کوشندەیە بۆ یاساو مەدەنیەتو پێکەوەژیانو متمانەو ئیشکردن بەدامەزراوەیی. سیستەمی سیاسی عێراق بێ متمانەیی هێزە پێکهێنەرەکانی لەئاستێکی هێجگار باڵادایە. لەنوێترین داتاو ئیشکردنی رێکخراوەکانی جیهانی پەیوەست بەرەوشی ئابوری ئاماژە بەوە دەدەن کە بێکاری لەعێراق بەرێژەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە، ئەم هەموو پارەونەوتە، ئەم هەموو کۆمەکو هاوکاریە کە رۆژانە دەڕژێتە خەزێنەی ئەم دەوڵەتەوە، کەچی دەبینین چ هەژاریو بێکاریەکی گەورە قورگی کۆمەڵگای عێراقی گرتووە. رۆژ نیە هەواڵی تازەی ئابوریمان دەربارەی رەوشی ئابوری عێراق گوێ لێنەبێت، کە دەبوو بەگوێرەی ئەم هەواڵانە ژیانی خەڵکو خزمەتگوزاریو خۆشگوزەرانی ئاستێکی باش بەرەو گەشەکردنوباشتربوون بچووبایە. بەڵام داتاو ئامارەکان شتێکی پێچەوانەوەی ئەمەمان پێ دەڵێن، دوای گەڕانەوەی سوپای ئەمەریکا گەورەترین ئەرک بۆ حکومەتی عێراق چۆنیەتی داڕشتنی پلانو بەرنامەو پرۆژەیەتی کە بۆشایی ئابوری پڕبکاتەوەو لەبەر دروست بونی بۆشایی سیاسیو باری ئەمنی، لەمەسەلە ئابوریەکان ناکرێ غافڵگیر بێت، ئەو کاتە کارەساتەکە قورستر دەکات، چونکە باری ئەمنیو بێکاریو هەژاری پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە لەعێراق. وە هەموشمان دەبینین چەندە دژوارە ئەم رەوشەی ئەمڕۆ لە روی ژێرخانی

ئابوریەوە یەخەی عێراقی گرتووەو خەمەکانی ئەم دەوڵەتەی زێدەتر کردووە. ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیشی ئەگەر بیانەوێت جارێکی دیکە صەدام حسێنێکو دوژمنێک لەعێراق دژ بە ئەمەریکا دروست نەبێتەوە، ئەوا گرنگە رۆڵی گەورە لە بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابوری‌و ئاوەدانی‌و سەرکەوتنی دیموکراسی لەعێراقدا بگێڕن. کوردو خواستە فیدراڵیەکەی لەبەرچاو بگرن، ئاگاداربن لەمەترسیەکانی دوبارە بە هێزبونەوەی بەغداو چەسپاندنی دەسەڵاتێکی ستەمکارانە، چونکە ئەگەر دیموکراسی لەعێراق سەرنەکەوێت، واتای وایە ئاسایشی ئەمەریکاو ستراتیژی ئەمەریکا لە مەترسیدان. چونکە عێراق ئەگەر خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسی نەبێت، وە دەسەڵاتێکی شۆڤێنی، یان مەزهەبی، یان تاکڕەوی، بەڕێوەی ببات. ئەوا هیچ گومانی تێدا نیە لەگەڵ پلان‌و ستراتیژەکانی ئەمەریکا کۆک نیە. بۆیە دەبێ ئەو راستیە بزانین ئەمەریکا لەبەر خودی عێراقیەکان نیە داوای دیموکراسی‌و مەدەنی دەکات بۆ دەوڵەتی عێراق. بەڵکو ئەوە ئاسایش‌و ستراتیژیەتی خۆیەتی وا دەخوازێت هەنگاوی لەم جۆرە بنێت، پێشم وایە عێراقیەکان پێویستی زۆریان بەئەمەریکا لەقۆناغی دروست کردنەوەو خۆ بنیادنانەوەی سەرجەم دامەزراوەو کایەکانی ژیان لەم وڵاتەدا هەیە. هاتنی کۆمپانیا ئەمریکی‌و شارەزایانی رۆژئاوا، هەوڵێکی پۆزەتیڤ دەبێ بۆ ئەوەی ئەزمون‌و شارەزایی عێراقیەکان بەرزبکاتەوەو دەوڵەمەندی بکات. دەکرێ کورد سود لە رەوشی سەقامگیری هەرێمی کوردستان وەربگرێت‌و لەوە زیاتر کە ئێستا هەیەتی، هەوڵ بدات ئەو ئەزمون‌و شارەزاییە وە دەستبخات. دەمێکە ئەو راستیە ئاشکرابووە هەر بەچەک ناتوانرێ هێزی تیرۆرو ناحەزانی ئەمەریکاو بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیان تێک بشکێنرێت، ئەگەر داگیرکردنی عێراق‌و ئەفغانستان وانەیەکی لەم جۆرەی نەدابێتە ئەمریکیەکان، ئەوا مانای ئەوپەڕی کورت بینییە لەسیاسەت‌و کارکردنیاندا. هەر دوو جەنگەکە ئەو راستیەیان سەلماند کەسوپاو چەک‌و جەنگ ناتوانێت تیرۆر لەناو ببات‌و مەترسیە گەورەکان کەم بکاتەوە، یان بچوکیان بکاتەوە. چەندە ئەو هێزو سوپا گرنگە، ئەوەندەش هاوکاری‌و ئیشکردنی دامەزراوەکانی ئەم کۆمەڵگایە گرنگن. ئەگەر رەوشی

ژیانو گەندەڵیو بێ متمانەییو نائاوەدانی بەم جۆرە بێت، ئەوا ئەم دەوڵەتانە زەمینەیەک دەبن بۆ توندوتیژی نەوەکو ئارامی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوری.. ئەوکاتەش مانای وایە دەبێ چاوەڕێی سیستەمێکی ستەمکارو دیکتاتۆر بکەین نەوەکو دەوڵەتو سیستەمو دامەزراوەی دیموکراسی.

شەڕی دژە تیرۆر لەلایەن ئەمەریکاوە، لەناو کۆمەڵگا ئیسلامیەکان وێنەی ئەمەریکای جوان نەکردووە، بەڵکو ئەمەریکا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە شەڕ دژی ئیسلام دەکات، هەردوو جەنگەکەشی لەگەڵ دوو دەوڵەتو دوو کۆمەڵگای ئیسلامی بەرپاکرد، عێراقو ئەفغانستان. بەردەوامی شەڕو کوشتنو هێزەکانی ئەمەریکا لەناو عێراقو ئەفغانستان، وێنەی ئەمەریکای لەناو دەوڵەتانی ناوچەکە زیاتر تەڵخ کردووە، تەنانەت هەموو ئەو هێزو دەوڵەتو لایەنانەشی کە لەگەڵ ئەمەریکان، یان دۆستنو هاوپەیمانن، یاخود دژی ئەمەریکا شەڕ ناکەنو سەربازی ئەمریکی ناکوژن، هەمان وێنەیان هەیە. هەر بۆنمونە سەدان وێنەی خراپ لەسەر کورد دروست بوەو دروست دەکرێ بەهۆی ئەوەی لەئەمەریکا نزیکەو هاوکاروهەماهەنگی ئەمەریکایە، خۆمان ئەگەر ئەم هاوکاریو هەماهەنگیە ناو بنێین هاوپەیمانی، ئەوا ئەوان ناوی دەنێن بەکرێگیراوی ئەمەریکا. تەنانەت لەرەوشی کرانەوەی بارودۆخی کورد لەتورکیا، پارتە نەتەوەییو شۆڤێنیەکانی تورکیا رایانگەیاند کە ئەمە پرۆژەی ئەمەریکایە بۆ کوردو دەیەوێت بەهۆی پاڵپشتی لەکورد دەستبخاتە ناو کاروباری تورکیاوە. بەراستی بیرکردنەوەی لەم جۆرە جێگای وەستانو پرسیارکردنیشە، چونکە نزیکی لەئەمەریکاو شەڕنەکردن دژ بە ئەمەریکا مانای وانیە هەر شتێکت چنگ کەوت لەمافو ئازادیەکانت ئەوا بەهۆی ئەمەریکاو پاڵپشتیەکانی ئەوە. کورد لەلای شۆڤێنیو تیرۆریستەکان بەردەوام بەوە تاوانبار دەکرێ کە هاوکاری ئەمەریکایەو لەریزی کافریەتی ئەمەریکایە. هەندێجار بەتوندیش کورد ئاگادار دەکەنەوە لەئەمەریکا دوور بکەوێتەوەو هەڕەشەی توند ئاراستەی کورد دەکەن. ئەمڕۆ لەتورکیا هەست بەگۆڕانێک دەکرێ بەرامبەر بەدۆزی کورد، قسە لەوە دەکرێ جەنگ کۆتایی پێبێتو بەرێگایەکی دیموکراسیو سیاسی بیر لەچارەسەری کێشەی

کورد بکرێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە ئەمەریکا دەخرێتە ناو ئەم جموجۆڵانەو بۆچونی وا هەیە کە ئەمەریکا پلانی لەم جۆرەی داڕشتووە. کورد خەباتی ئازادیو نەتەوەیی خۆی لە تورکیا دەکات، کۆبوونەوەی ئەحمد تورکیش لەگەڵ ئۆباما مانای ئەوە نیە ئەم خەباتەی کورد بۆ ئازادیو نەتەوەیی خۆی پڕۆژەو پلانێکی ئەمریکیە، بەڵام کورد لەبایەخی ئەو سیاسەتو هێزەش تێدەگات کە ئەمەریکا لەبەرامبەر تورکیا خاوەنیەتی، دەشێ سودی گەورە لەئەمەریکاو ڕوانینەکانی وەربگیردرێت کاتێک مەلەفی دیموکراسیو سیاسی کورد دەکرێتەوە لەتورکیا. بایەخی ئەمەریکاش بۆ تورکیاو ناوچەکە بایەخپێدانێکی کاتی نییە، ئەمەریکا ڕەهەندی دوری گەورەو پڕ پلانی هەیەو بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری ئەو ستراتیژە نابێت بەهۆی ئێرەوە دەستی دەکەوێت. بۆیە سروشتییە پەیوەندیو هاوکاری لەگەڵ ئەمەریکا بخوێنرێتەوە. بۆ ڕوونتر تێگەیشتن لەم بایەخەو پەیوەندی بە خەباتی کوردو ماف‌و کێشەکەیەوە، دەکرێ سەیری ئەم پەرەگرافەی خوارەوە بکەین» ئەوەی کە ڕەوشی سیاسی کوردستانی ئاڵۆزتر کرد، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، بریتی بوو لە خزینی زلهێزە ئەوروپییەکانو ئەمەریکا بۆ ناوچەکە. ئەوانەی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا، لەکاتی پێویستدا هاوکاری سیاسیو ڕێکخستنی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانی قاجارییان دەکرد. لەهەمانکاتیشدا دەیانویست سود لەلاوازیو دووبەرەکی نێوان هەردوو دەوڵەت ببینن‌و لەسەر حسابی ئەواندا دەسەڵاتیان لەناوچەکەدا پەرە پێبدەن‌و موڵکەکانیشیان دابەشبکەن. ئەم هەوڵانەشیان بەپێی بەرژەوەندیو ئاراستەکانیان بوو لەقۆناغە جیاجیاکانی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا. واتە جاری واش هەبوو کوردیان وەکو کارتی فشار لەدژی هەر دوو دەوڵەتو لەدژی یەکتریش بەکاردەهێنا. ئەمەش ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بوایە، دەرفەتی دەدا بەکوردەکان، تاکو پەرە بە دەسەڵاتو بزاڤو ڕاپەڕینەکانیان بدەن» ڕاستە ئێستا عوسمانیو قاجاریان نەماون، بەڵام تورکیاو ئێران لەوە بایەخدارتر نابن بۆ بەرژەوەندیو ستراتیژی ئەمەریکاو ئەوروپییەکان. واتە ئەمەریکا بەهەموو شێوەیەک بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ سود

لە کەلێن‌و درزەکان‌و ناکۆکی ئەم دوو دەوڵەتەو ناوچەکە بەگشتی وەربگرێ‌و جێی پێگەی خۆی تێدا بکاتەوە. کوردیش ئەگەر پێویست بوو بۆ ئەوان دەشێ وەکو وەرەقەیەک سودی لێ وەربگرێت، لەم کاتەدا دەشێ پەیام ئەوە بێت. تۆ داواکاریت چیە؟ منیش ئەوەم دەوێت‌و داوای منیش ئەوەیە! چیم پێدەکەی‌و قازانج‌و رەوشی من چیەو داهاتوو چیم بۆ دەمێنێتەوە. وەکو ئەمریکیەکان خۆیان دەڵێن سیاسەتکردن خێرکردن نیە لە پێناو خودادا. رەوشی دیموکراسی لەناوچەکە ئەگەر بەرەو ئاقارێکی سەرکەوتوو، پێشکەوتوو بڕوات، ئەوا کورد سودمەند دەبێ‌و لەگەڵ ئەو پەیامەش کۆک دەبێ کە ئەمەریکاو ئەوروپیەکان بۆ ناوچەکە هەیانەو کاری لەسەر دەکەن‌و پشتگیری لێدەکەن. دیموکراسی رەوشەکە روون دەکاتەوە. لانی کەم دیموکراسی دەرفەتی قسەکردنمان پێدەداو دەتوانین لەرێگای شێوازەکانی دیموکراسیەوە شوناسی خۆمان باس بکەین، یان بەدوای شوناس‌و تازەیی ژیان‌و ئەزمونکردنی خەباتی هاوچەرخانەدا بگەڕێین‌و ئەوەی دەمانەوێت بۆ نەتەوەو دراوسێ‌و دنیا بیگەیەنین بەزمانێکی توندوتیژو داخراوو جەنگ نەبێ‌و بەزمانی دیموکراسی‌و سیاسی‌و دیالۆگ‌و ئەزمونە دیموکراسیەکان بێت. تاوەکو نەتوانرێ ئەو زمانە گەشە پێبدرێ‌و سەربخرێ، مومکین نیە رێگای ئاشتی‌و پێکەوەژیان بەشێوەیەکی دڵخۆشکەرو سەرکەوتوو بدۆزینەوە، چونکە ئێمەی کورد نابێت هەرگیز لەیادمان بچێت کە چۆن بۆ سڕینەوەی شوناس‌و کولتورو بونمان تا رادەی ئەنفال‌و کیمیاباران کردن‌و توانەوەی گەورە رۆیشتووین. هەموو جۆرە تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی دەرهەق بە ئێمە ئەنجام دراوە، ئێمە لەناو نەتەوەو دەوڵەت‌و چوارچێوەیەکی لەچەشنی سویسراو فەرەنساو سوید ناژین، ئێمە لەناو تورک‌و عەرەب‌و فارس دەژین کە تاوەکو ئەم چرکە ساتەش نکۆڵی لەماف‌و ژیان‌و ئازادی‌وهەبوونت دەکەن وەکو نەتەوەو گەلێک. بۆ نمونە ئەوەی نەوەیەکی تورکی پێ پەروەردە کراوە گیانی لێبوردەیی‌وپێکەوەژیان‌و دیموکراسی نیە بەرامبەر بە کورد، بەڵکو سەیری ئەم پەرەگرافەی خوارەوە بکەو ئینجا بۆت رون دەبێتەوە چۆن ئێمە دەبینن‌و چۆن نەوەو کەسێتی خۆیان لەبەرامبەر کورد پەروەردە کردووە،

تورکەکان دەربارەی کورد گوتویانە« کورد مانای گورگ دەگەیەنێ»،« کورد مانای ئەو بەفرەی لەسەر چیا دەتوێتەوە»،» وشەی کورد لەو دەنگەوە هاتووە کە ئێستر لەکاتی جۆ خواردندا لیی دەردەچێت»،» وشەی کورد مانای کێوی، وەحشی». ئێستا دەپرسین پەروەردەی کەسێتیەک دەربارەی نەتەوەیەک کە لەگەڵی دەژیءو دراوسێءو هاوسنوریەتی بەم شێوەیە بێت، چۆن دەکرێ لەکارەساتو دڵەڕاوکێءو گومانو ترسی خوێناوی گەورە نەژین، چۆن ئەرکو خەباتمان قورس نیە بۆ ئەوەی گەلی کورد هێندە بەرەو پێشەوە بەرین لەئەزمونەکانی، کە نەوەکو هەر ئەو وێنانە بەتەواوی بخەینە زبڵدانی مێژووەوە، بەڵکو هەموو دەوروبەرو دنیای تازە سەرسام بکەین. هەوڵمان بۆ چوونە ناو مێژوی شارستانیەتی دیموکراسیءو دنیای هاوچەرخ هێجگار قورسەو نابێت لە دەرەوەی مێژوو بمێنینەوە. ئەو ئەزمونەی ئەمڕۆ کورد لەعێراق هەیەتی دەروازەیەکی مێژویی بایەخدارە بۆ ئەوەی چۆک بەو عەقڵەدا بدات کە هێشتا لەخەیاڵی ئەوەدا دەژین دنیا نەگۆڕاوەو شانۆی گۆڕانکاریەکان ئەوان ئەکتەری سەرەکین، ئەمەش بەزمانی دیموکراسیءو پتەوبونی ناوەخۆو دروستکردنی کەسێتیەکی تازەی هۆشیار دەبێت کە تاکی کورد خاوەنی بێت، هێشتا کەسێتی ئێمە پڕە لەو خۆ بەکەم زانینەی کە کولتوری گەلانی سەردەست بۆ تاکی کوردیان دروست کردووە. خۆ بەکەمزانین بەرامبەر بێگانە گرییەو دەبێت بکرێتەوە، ئازادی تاکی کوردی لەدەست کولتوری باو، مانای کۆمەڵگایەک دەگەیەنێت کەلەسەر شارستانیەتی تازەی پێشکەوتوو بنیادنراوە. ژیان لەناو مێژوو، رابردوو، دەرفەتی سەرکەوتنمان بەسەر ژێردەستەییءو پارچەبونمان هێجگار لاواز دەکات، بۆیە هێجگار بایەخدارە زلهێزی گەورەی وەکو ئەمەریکا پەلکێش بکەین بەوەی کە کوردو کێشەکەیءو داواکاریە رەواکانی وەکو خۆی بزانێتو هەرگیز کورد بەکۆسپو گرفتی پڕۆژەو پلانە ستراتیژیەکانی نەزانێت لەتەواوی ناوچەکەدا، ئێستا کورد لە ئەمەریکا نزیکەو هەوڵ دەدات کاریگەری راستەوخۆی هەبێت لەبڕیارەکانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا، بەڵام شارەزایی کورد لەبەرامبەر ئەزمونو پلانو شارەزاییە زانستییەکانی ئەمەریکا بەراستی

سنوردارەو ماومانە بتوانین هاوکێشەی گەورە بخوێنینەوە. بەڵام سەختیش نیەو دەشێ بتوانین لەبڕیارەکان پشکمان هەبێ بۆ ئەوەی نەبینە پارووی رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکانی لەچەشنی لۆزان.

لەدوای جەنگی کوێت، ئەمەریکا وەکو تاک جەمسەری جیهان، باوەڕی وابوو کەدەبێ لەمەودوا کار بۆ سیستەمی تازەی جیهانی بکەین، مانیڤێستی ئەم جۆرە پڕۆژەیە دنیای سیاسی دەوڵەتانی بەخۆیەوە خەریک کرد. بۆشی باوک سیستەمی تازەی جیهانی راگەیاندو لەم گۆشەنیگایەوە درێژەی بەسیاسەتەکانی وەکو تاکە جەمسەری جیهان دەدا، بەڵام دوای کارەساتی ١١ی سێبتێمبەر ئەم پڕۆژەو دابەشکاریو دنیابینیەی ئەمەریکا تەواو گۆڕاو ئەمجارە جیهان بەجۆرێکی دیکە کەوتە ناو روداوەکانەوە، ئەمجارە لەبری( سیستەمی تازەی جیهان) زاراوەی (تیرۆرو دژە تیرۆر) جێگای سیاسەتی ئەمەریکای گرتەوە، تەنانەت ئەم جەنگی تیرۆرە هێندە تۆخ بۆوە گەیشتە رادەیەک یان دژە تیرۆربیت، یان ئەوەتا لەگەڵ تیرۆری. واتە رێگای سێیەمین سەخت بوو لەنێوان ئەم دوانەدا. کورد هەر زوو هاوسۆزی خۆی بۆ ئەمەریکاو ئەمریکیەکان دەربڕیو تاوەکو ئەم چرکەساتەش هاوکاریو پاڵپشتی ئەمەریکا دەکا لەجەنگی تیرۆر بەتایبەت لەعێراق. لەگەڵ دەستپێکردنی پەلاماری سەر عێراقیش لەچوارچێوەی جەنگی دژە تیرۆر. کورد ئامادەبوو جێگای تورکیا بۆ ئەمەریکا بگرێتەوەو بەرەی باکورو سەنگەری باکوری ئەمریکیەکانو هاوپەیمانانی بێت، چونکە هەمومان لەیادمانە تورکیا رێگای بەهێزەکانی ئەمەریکانەدا بەخاکەکەیدا بێنە باکوری عێراقو سەنگەری باکور دروست بکات. هاوکات لەگەڵ دەستو پەنجە گەرمکردنمان لەگەڵ ئەمەریکا. چەندین ئەجێندای جیاوازی تریش لەناوچەکە دەبینین کەزلهێزەکانی دنیا هەیانە، بۆنمونە روسیاو بەریتانیاو فەرەنساو چین، ئێمە بەهەڵەدا دەچین تەنها یەک زلهێزو یەک جەمسەری سیاسەتی جیهانی بخوێنینەوە. دەبێ هەر هێزە بەقەدەر تواناو هێزی خۆی خوێندنەوەی بۆ بکرێ، وە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستو جیۆپۆلەتیکی کوردستان، راستیەکی مێژویی گەورەمان بۆ دەخەنە روو کە بریتییە لەوەی ئەم ناوچەیە جێگای ستراتیژی هەموو

زلهێزەکانی دنیایەو ریشەیەکی مێژویی گەورەی هەیە لەم بارەیەوە، کێبەرکێی ئەم زلهێزانە تازە نیەو جیۆپۆلەتیکو خاکو نەوتو کەرەسەی خاوی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بەکوردستانیشەوە، گەورەترین گۆڕەپانی پێشبڕکێی سیاسیو ئابوریو تەنانەت جەنگی ئەم ولاتە زلهێزانەبووە، بە ئێستاشەوە. ئەمڕۆ جیهان لەناو قەیرانی گەورەی نێودەولەتیو ئابوریو بێکاریو سیستەمی دەسەلاتداریەتیدا تێپەڕ دەبێ. بەرەی تیرۆر لەیەک شوێن نیەو وەیەک ئایدیاو یەک جۆر هێزو رەنگو دەنگ نیە، تەنانەت یەک جۆر شوناسیشی نیە، ئەو هێزەی من بە تیرۆریستی دەزانم، لای تۆ شوناسێکی ترە، بەپێچەوانەکەشی راستە. بۆیە ئێمە وەکو گەلێک کە هێشتا قەوارەی سەربەخۆیی سیاسی خۆمان نیە، لەبەردەم ئەم رەوشە ئالۆزەدا وەستاوین. دەشمانەوێ بە هێزەوە نمایشی خۆمان بکەین، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ لەناوەخۆی خۆمانەوە دەست پێبکەینو دەکرێ سودی گەورە لەئەزمونی ئیسرائیل وەربگرین، چونکە لەوکاتەی روبەروی هەڕەشەی گەورە دەبێتەوە، کەچی تەنازول لەدیموکراسیو خزمەتی هاولاتی خۆیو بەرەوپێشبردنی کۆمەلگاکەی ناکات، بۆیە دەبینین بەهێزێکی زۆرەوە روبەروی هەڕەشەکان دەبنەوەو بەجیاوازیەکانی ناوخۆشیان تەکان بەرەو پاراستنی شوناسی خۆیان دەدەن.

## هەلوەشاندنەوەی وێنەکان:

بەداخەوە، تاوەکو ئێستا لەعێراق وێنەکانی کورد جێگای مەترسین، عەرەبەکانو تورکمانەکان وێنەی کورد جوان سەیر ناکەن، ترسی گەورەیان لەهەر بەرەو پێشەوەچونێکی مافە نەتەوەیەکانی کورد هەیە، کاتێک باسی فیدڕالی دەکرێ نەک هەر رەدی دەکەنەوە بەلکو بەپارچەبونی عێراقیشی دەزانن. بۆ دروستکردنی ئەم وێنە ناشیرینە کوردیش ئیشی زۆری کردووەو خوا هەلناگرێ لەکەرکوک درێغیان نەکردووە، دوو ئاسایشو دوو پەروەردەو دوو ئیدارەی کەرکوک لەلایەن کوردەوە، وێنەکە زۆر زیاتر لای عەرەبو

تورکمانەکان ناشیرینتر دەکات. لەلایەکی ترەوە کورد بەوە تۆمەتبارە بەکرێگیراوی ئەمەریکاو بەریتانیەکانەو هیچ شتێک بەبێ ئەوان ناکات، لەم کاتەشدا یەکێک لەسیاسیە دەسەڵاتدارەکانی ئەمەریکا، ئامۆژگاری کورد دەکات کە نەچێتە شەڕەوە، چونکە ئەمەریکا ئامادەنیە هیچ بەرگریەک لەکورد بکات. ئەمە پێچەوانەی ئەم روانینەیە کە باسمان کرد. بەڵام ئەگەر تۆزێک ئاوڕ لەمێژوو بدەینەوە، دەگەینە کولتورێک لەلای عەرەب کە بەئاسانی زۆر شتمان بۆ دەخاتەروو، بۆ نمونە ئەو وێنە ناشیرینو زەندەقیانەی دەربارەی جولەکە دروستیان کردووە، یان قیبتیەکان لەمیصرو یان ئەمازیخەکانو دارفۆرو هەموو ئەو گەلانەی عەرەب نین. ئەوا لای عەرەب بەربەریو ناشیرینو خەتەرن، ئەم وێنە ناشیرینە دەربارەی کورد لەناو شعوری عەرەب، باکگراوندێکی گەورەی پرۆسەی ئەنفالکردنە، بەرامبەر بە گەلی جولەکەش روانینەکان هێجگار قوڵ بوونەتەوە لەناشیرینی( دیارە لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە لایەنگیری جولەکەو دژایەتی عەرەب بکەم، یان دژی جولەکەبمو لایەنگیری عەرەب بکەم) گەلی جولەکە تاوەکو ئێستاش وەکو گەل سەیری جولەکە ناکرێو پشتگیری لەوە دەکرێ تاوەکو هەنوکە جولەکە تایبەتمەندی نەتەوەی تێدانیە، دڵنیام بەرامبەر کوردیش راوبۆچونی ئەوا گەلێ زۆرە. جولەکە دینو مەزهەبێکە، نەتەوە نیە، بەمانای سیاسیو نەتەوەیی شتێک، کیانێک نیە ناوی جولەکەبێت..بەڵکو کیانێکی ئاینییەو هیچ پێویست بەو سۆزو خاکو تایبەتمەندی نیە کە نەتەوەیەک یان دەوڵەتێک پێویستی پێیەتی. تاوەکو هەنوکە کوردیش وێنەکانی لە وێنەی ئەم نەتەوانە جوانتر نیە کە ئاماژەمان پێکردن. لەلایەک بەگورگو تورکی چیاییو لەلایەک بەنەوەی جنۆکەو لەلایەکی تریش مافی رەگەزنامەشمان نیە، ئیتر سڕینەوەی ئەم وێنە ناشیرینە دەرهەق بە ئێمەی کورد بۆخۆی خەباتێکی مەدەنیو دیموکراسیو شارستانی گەورەیە کە پێویستە لەناوچەکە شانبەشانی خەباتی نەتەوەییو رزگاری درێژەی پێبدەین. جگەلەوە وە ئاگاهێنانەوەی ئەم نەتەوانەیە کە پێیان وایە بێ کورد دەتوانن ئامانجەکانی خۆیان جێبەجێبکەن، بەڵام ئەم قسەیەی

ئەحمد تورک کە بۆ تورکەکان کردی، بەراستی زەنگێکی گەورەی جوانی زمانی سیاسیو شارستانی کوردە بۆ تورکو ئەوانەی وەکو ئەوان لەکورد دەڕوانن، ئەحمد تورک گوتی» بێ ئازادی کورد، ئازادی تورک لەتورکیا بوونی نیە». ئازادی تاکی کورد، ئازادی تاکی تورکیشی لەگەڵ دایە. ئێمە چەندە بۆ دەرەوە ئەرکمان لەسەرشانە تاوەکو وێنە ناشیرینەکان بسڕینەوە، ئەوەندە لەناوەوە ئەرکمان زۆرترە بۆجوانی کوردو نیشتمانو ئەزمونو خەباتەکەی. باسەیری ئەمەریکا بکەین کە چۆن شەوو ڕۆژ بەهەموو هێزە زەبەلاحو دبلۆماسی خۆیەوە خەریکی ئیشکردنو گەڕانە بەجیهاندا بۆ ئەوەی ئەو وێنە ناشیرینەی دەربارەی دروست بووە، جوانی بکاتو ڕاستی بکاتەوە. دوای ئەوەی ئۆباما هاتە سەرحوکم، ڕاپرسیەک لەناو گەلانی دنیا کرا لەچەند وڵاتێکەوە، ڕاگەیاندنەکانی جیهان هەرایەکی گەورەیان لەسەر ئەنجامی ئەم ڕاپرسی یە دروست کرد، کاتێک ئاماژەیان بەوەدا کەدوای هاتنە سەرکاری ئۆباما وێنەی ناشیرینی ئەمەریکا نزم بۆتەوە. ڕاستە ئێمە داگیرکەرو زاڵم نین بەسەر هیچ نەتەوەیەکەوەو بەهێزی سەربازیش پەلاماری هیچ شوێنێکمان نەداوە، بەڵام هەڕەشەی سڕینەوەو هەڕەشەی جینۆسایدکردنمان وای لێکردووین لەلایەن ئەم دەوڵەتە سەردەستانەوە دەیانو سەدان وێنەی ناشیرینمان بۆ دروست بکرێ. ئەمەریکا چارەنوسی گەلانو ژیانو سیستەمی سیاسیان دەستکاری دەکات، بۆیە لای هەندێکیان جوانو لای هەندێکیان ناشیرینە. بەڵام کورد هیچی نەکردووە تەنها بەدوای چارەنوسو ئازادیو نیشتمانی خۆیەوەیە. کەچی ئەم هەموو ناحەقیەی بەرامبەر دەکرێ. کەواتە کورد لەناوخۆیدا دەبێ کولتوری خۆخۆری، نەخوێندەواریو نانیشتمانیو نائازادی خۆی تێکوپێک بشکێنێتو تاکی ئازاد دروست بکات، نەوەکو تاکی نا ئازاد. ئەمە ڕێگای ئازادی خۆیەتی کە بەدوای ئازادیو چارەنوسو نیشتمانی خۆیەوە دەگەڕێت. هەڵوەشاندنەوەی وێنە ناشیرینەکان دەرگایەکی گەورە بەرووی چوونەپێشی خەباتی کورددا دەکەنەوەو کارئاسانی گەورەمان بۆ دەکات بۆ ئەوەی تێکەڵی ئەزمونی دنیابین، وە دنیا بناسین، وە خەڵک پەلکێش بکەین بێنە ناو

ماڵەکانمان، چونکە ئەگەر تۆ وێنەکەت ناشیرین بوو، خەڵک رووت تێناکات، بۆیە زۆر هاوکاری مرۆڤایەتیو سیاسیو ئابوریو فەرهەنگیشت لەکیس دەچێ. بەڵام ئەگەر وێنەکەت جوان بوو، خەڵک خۆی دێت ئەزموونی خۆت پێشکەش دەکات، دیارە من کاتێک باسی وێنەی جوانو ناشیرین دەکەم، مەبەستم ئەوە نیە وەکو تۆتالیتارەکان دنیا بەرەشوسپی دابەشبکەم، ئامانجی من ئەوەیە ئەم وێنە جوانو ناشیرینەی کەبۆمان دروست کراوە ئەوەیە کە راستەقینە نیەو پێویستە وێنە راستەقینەکەمان وەکو گەلێک، نەتەوەیەک، قەزیەیەک نیشانی دۆستو دوژمن بدەین. نەهێڵین چیتر لەناو مێژوودا پیلان دژی هەموو ئەو کۆششو ماندووبونەمان بگێڕن کە بۆ ئازادیومرۆڤایەتی تێیدا بەشداریمان کردوەو ئەنجاممان داوە.

## دیوێکی دیکەی ئەمەریکا:

قسەکردن لەسەر ئامادەبوونی ئەمەریکا لەعێراقو تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەریەک رەهەندی نیە، راستە دوای روداوەکانی ١١ی سێبتێمبەر، ئەمەریکا بۆ دوو ئامانجو پرۆژە بانگەشەی هاتنی بۆناوچەکە دەکات، یەکەمیان ئاسایشو نەمانی تیرۆر. دوەمیان هێنانی دیموکراسی. بەڵام دیوی زۆر گرنگترو جێگای قسەکردن هەن کەدەکرێ دەربارەی ئامادەبونی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاماژەی پێبدەین، بۆ ئەم مەبەستە با گوێ لەسەروتار نوسی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز(تۆماس فریدمان) بگرین کەدەڵێ» ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستنی دیموکراسی هێزی بۆ بیابانی سعودییە نەناردووە. سیستەمی دەسەڵاتداریەتی سعودییە سیستەمێکی دەرەبەگایەتیە، کە تەنانەت مۆڵەتی شۆفێری بەژنانیش نادات». فریدمان پێمان دەڵێ ئەمەریکا بۆ نەوت هاتۆتە ناوچەکە. لەراستیدا جەنگەکە بناغە سەرەکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەوت، چونکە کەڵەکەبوونی ئەم هەموو هاوکێشە سیاسیو نەتەوەییو نێودەوڵەتیو ئیقلیمییە، هەبوونی ئەم هەموو بەرژەوەندیە قوڵو زیندوو گەورە جیهانیەی لەرۆژهەڵاتی ناوەراستن! ئەم راستی یە دەردەخەن کە هەبوونی

نەوت مایەی ئاڵۆزیەکەیەو ئیتر ئەمەریکا ئاسان ناوچەکە چۆڵ ناکاتو بۆ خەڵکی تری چۆڵ ناکات. کوردیش خاوەن نەوتێکی هێجگار زۆرە، لەم رۆژانە رۆژنامە کوردیەکانی هەرێمی کوردستان بڵاویان کردەوە کە گەورەترین نەوتی جیهان لەخاکی کوردستاندایەو باشترین جۆری نەوتی جیهان لەم خاکەدایە. رۆژنامەیەکی دیکە فراوانتر دەڕواو دەنوسێ کوردستان دەوڵەمەندترین خاکی جیهانە. لێرەدا دەشێ بپرسین ئایا هەبوونی نەوتی زۆرو سامانی سروشتی دەوڵەمەند، جێگای مەترسی نیە؟ بۆچونم وایە چەندە جێگای ئەوەیە ئەوپەڕی خۆشحاڵ بین بەم نیشتمانە ئاڵتوونیەو دەوڵەمەندە، ئەوەندەش جێگای خۆیەتی لەچاوچنۆکیو پیلانو پەلاماری سەرجەم دەوڵەتانی ناوچەکەو زلهێزەکانو دەسەڵات بەدەستەکان بترسین. چونکە نەوت بۆ ئێمە هەمیشە پیلانی لەدژ دروست کردووین، نەوەکو رزگارمان بکات. بۆیە ئەم خاکە دەوڵەمەندە توشی گێچەڵی گەورەی کردووین، داهاتووش ئەم مەترسیو پیلانو هاوکێشانە ماون، کەواتە رەوایە بەترسەوە لەدەوڵەمەندیو سامانی سروشتیمان بڕوانین. ئەمەریکا گرنگی راستەوخۆ بەئەزمونی کوردی دەدات، ئەوە دیوێکی دیکەی ئەمەریکایە، تەنانەت جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا هاتە هەولێر. جەنەڕاڵو فەرماندە گەورەکان دێنە هەولێر. ئۆباما کەهاتە عێراق سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بینی، لەباکوریش ئەحمد تورکی بینی..! جگەلەوە کە پەیوەندی دبلۆماسیو سیاسین لەگەڵ کورد، دەربارەی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ٢٥-٧-٢٠٠٩ ئەمەریکا راستەوخۆ لێدوانو قسەو چاودێری خۆی هەبوو! هەندێجار راپۆرتەکان هەرێمی کوردستان تووڕە دەکەن، بەڵام ئەوان گوێ بەداتاو ئامارو راستیەکانی خۆیان دەدەن نەوەکو تووڕەبونی ئێمە. سەرکەوتنی ئەزمونی هەڵبژاردنو دیموکراسی لەکوردستان، هەستی ئەمەریکا بۆ لای کورد زیاتر دەکات، چونکە بۆ نەوتەکە پێویستی بەوەیە کەکۆمپانیاو ناوەندو چاودێری خۆی لەکوردستان بوونیان هەبێت، بۆیە ئەگەر هەرێمی کوردستان دیموکراسیو بازاڕێکی ئازادو ئارامو سەقامگیربێت، ئەوا بەدڵی ئەمەریکاو ئەجێندایەکەیەتی. تەنانەت بۆ سەرکەوتنی خۆی لەعێراق هەندێجار باس لەهەرێمی کوردستانو

واقیعەکەی دەکاتو وەکو فەزڵێکی پاڵپشتیو سیاسەتی راستی خۆی دەیخاتەروو. مەسەلەی ئاوەدانیو بازاڕو مافی ژنانو مافی مرۆڤ بەگشتی. بۆ ئەمەریکا جێگای بایەخە. بزاوتی ئابوری نەوتو کارکردنی کۆمپانیاکان بەلای ئەمەریکاوە خاڵێکی جەوهەریەو راوبۆچوونو قسەی خۆی هەیە. ئەگەر بازاڕی ئەمەریکا لەناوچەکە تووشی لاوازی بێت، ئەوا روبەروی گرفت دەبینەوە، نەیارەکانی ئەمەریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بەردەوام جەخت لەوەها بیروباوەڕێک دەکەنەوە. ئەوان هەموو کێشەو گرفتەکان دەخەنە ئەستۆی ئەمەریکا، بۆ نمونە پاکستانیەکان کاتێک خۆپیشاندانیان کرد لەلافیتەکەیان نوسرا بوو، نامانەوێت ئەمەریکا پاکستان وەکو عێراقو ئەفغانستان لێبکات. پاکستانیەکان لەسیاسەتی ئەمەریکا لەئەفغانستانو عێراق هاوبۆچون نین، بەڵکو رێژەیەکی هێجگار زۆریان دەبینین کە چۆن دژی ئەمەریکا دەوەستنەوەو هەمیشە دەڵێن ئەمەریکا بۆنەوتو داهاتو بەرژەوەندی خۆی هاتۆتە ئێرە. یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کەلەرۆژهەڵاتی ناوەراست بەردەوام وێنەی ئەمەریکای ناشیرین کردوەو هەستی دژە ئەمەریکایی دەجولێنێ، مەسەلەی پشتگیری ئەمەریکایە لەئیسرائیل. پەیوەندی نێوان ئەمەریکاو ئیسرائیل هۆکارێکی سەرەکییە بەدەست نەیارانی ئەمەریکا بۆ کارکردن لەسەر بەرزکردنەوەی هەستی دژە ئەمەریکایی لەرۆژهەڵات. بەتایبەت هەستی ئیسلامیانەی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست هۆکاری هەرە گەورەیە بۆ ئەوەی ئەمەریکا بەکافری پشت جولەکەکان وەسف بکاتو لای تاکی موسوڵمان ناشیرینی بکات. ئێمە دەبینین تاوەکو ئێستاش لەوڵاتێکی وەکو ئێران چۆن لەلافیتەکان نوسراوە، مەرگ بۆ ئەمەریکاو ئیسرائیل. دەبینین چۆن ئەمەریکا بەدژایەتی کردنی ئیسلام تاوانباردەکرێ. تەنانەت گروپە ئیسلامیەکانو دینییەکان بەگشتی ئەوانەی لەدەرەوەی رێکخراوی ئیسلامیشین. ئەو هەستە بەردەوام گەشە پێدەدەن کە ئەو جەنگەی ئێستا، جەنگی نێوان ئیسلامو رۆژئاوایە، مەسیحیەتو کافریو پرۆژەی دیموکراسیو عەلمانی رۆژئاوا بە پاڵپشتی ئەمەریکا هاتوونەتە رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ ئەوەی ئیسلام تێکبشکێنن. ئەوە ئەو هەستەیە بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکات ئەمەریکا ئاوا بناسێنێت. ئەمەریکاش

بەرژەوەندی یە ئابوریو نەوتو بازاڕی بەلاوە گرنگترە. نەوەکو ئەو هەستەی کە ڕۆژانە چەندینجار بەرگوێی دەکەوێت. هەندێجار لەلای خودی ڕۆژئاواییەکانیش بازاڕو نەوتو پڕۆژەی بەرژەوەندیە ئابوریەکان ڕاستەوخۆ باسی لێوەدەکریو جەختی لێوەدەکرێتەوە، ئەمەش وا دەکات ئەو هەستە لای خەڵکە ئیسلامەکە زیاتر قەناعەت بگریو بچەسپی. بەڵام دوای ڕوداوی ١١ی سێبتێمبەر، بێگومان پەیوەندیەکانی ئەمەریکاو ڕوانینی بۆ ئەو هەستە بۆتە پڕۆژەیەکی جددی ناو سیاسەتو میدیای ئەمریکی، بەڵام لەجەوهەردا ستراتیژەکەی باسمان لێوەکرد وا دەکات هەستەکە پەراوێزبخری. لەم ماوەیەدا هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە ڕێژەی بێکاری لەئەمەریکا لەبەرزبونەوەیەکی ترسناک دایە، بەهەمان شێوە( ٩٨) بانک تاوەکو ئێستا ئیفلاسی خۆیان ڕاگەیاندووە. ئەمەریکا بەدۆخێکی ئابوری سەختدا تێپەڕ دەبی، بۆیە گەڕان بۆ چارەسەرکردن هەر لەناوخۆی وڵات دا نیە، بەڵکو بازاڕی دنیاو وڵاتانی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری خۆیان هەیە بەسەر ئەم قەیرانە، لەبەرئەوەی ئەم قەیرانە ئەمریکی نیە، بەڵکو جیهانیە. بەڵام ئەمەریکا بۆخۆی بەردەوام لەسەر ئەو ڕاستەهێڵە کاردەکات کە چۆن گرفتەکانی خۆی چارەسەربکات. بارودۆخی عێراقو مانەوەی سەربازەکانو ئەم ڕەوشە بۆ سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا مایەی گۆڕانە، واتە ئەوان بەڵێنیان داوە سەربازەکان لەعێراق بگەڕێننەوە، عێراق تەسلیمی عێراقیەکان بکەنەوە، بەڵام نەوتەکەو داهاتو بازاڕەکە، بە هیچ شێوەیەک بەتەنیا جێناهێڵرێت. ئەمڕۆ نەوت سیاسەتی دنیا ئاراستە دەکات، ئەوە تەنها تیرۆرو دیکتاتۆرەکانو بۆمبە ئەتۆمەکان نین کە سیاسەتی ئێستای جیهانی پێکدێنن لەقەیرانەکان، بەڵکو نەوتو بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکان گەورەترین ڕۆڵیان هەیە لەدروستکردن یان تێپەڕاندنی قەیرانەکان. عێراقو کوردیش لەم عێراقەدا بەشێکی جەوهەری ناو ئەم سیاسەتو پلانو ستراتیژەن کە نەوتو هەبوونی کێڵگە نەوتیەکان دروستی دەکەنو ئاراستەی دەکەن. ئەوەتا ڕۆژانە لەسەر کەرکوک چ سیاسەتو ناکۆکیو لێدوان دەبینین، کەرکوک چۆن وەکو ئاوێنەیەک ئەم ڕاستیەی سەرەوەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە. کەرکوک شوناسی ناسینەوەی ئەم پلانو بەرنامەیەیە کە

ئاماژەمان بۆکرد. ئەگەر نەوت نەبێ ئایا هیچ گرفتێکی دیکە لەپشتی ئەم شارەوە هەیە، بێگومان نەخێر. بۆیە کورد کاتێک داوای کەرکوکی خۆی دەکاتەوە، ئەوە ئاگاداربێ یاخود نا، دەستی داوە لەچەندین بەرژەوەندی هەمەلایەنەی ئابوری ئیقلیمیو نێودەوڵەتی، بۆیە دەبینین هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوە دەدرێ رەوشی کەرکوک بەشێوەیەکی ئاڵۆز مامەڵەی لەگەڵ بکرێو سەرئێشەیەکی گەورەی ناو پرۆسە سیاسیەکانو گۆڕانکاریەکان بێت، ئەمە هەبوونی نەوتە ئەم سیاسەتە بەم شێوەیە درێژە پێدەدات.

(ئەبراهام لنکۆڵن) لەوتەیەکی دەڵێ» نابێت مەغرورو شەیدای خۆمان بین، دەبێت لەهزرماندا نوێکاری بکەین، تێزی نوێ گەڵاڵە بکەین». بۆ رەوشی شارێکی وەکو کەرکوک راستی ئەم قسەیەی ئەبراهام لنکۆڵن لەلای ئەمریکیەکانەوە درک پێدەکەین، ئەمەریکا قونسوڵگەری خۆی هەیە، نوێنەری خۆیو بەرنامەی خۆی هەیە بۆ ئەم شارەو تەواوی ئەم رەهەندە ستراتیژەی کە باسمان لێوەکرد. ئەمریکیەکان مێژووی شکستو جەنگە خوێناویەکانی خۆیان بەردەوام وەبیرخۆیان دەهێننەوە، ئاماژە بەروداوەکانی خۆیان دەکەن، لەگۆڕانکاریەکاندا مامەڵەیان پێوە دەکەن. ئەگەر بۆ نمونە سەیری رەوشی عێراقو ئەفغانستان بکەین، دەبینین کە چۆن بۆ شرۆڤەکردنی رەوشی خۆیان وانەکانی جەنگی ڤێتنام وەبیرخۆیان دەهێننەوە. بۆ مەسەلەی بازاڕو داهاتو مانەوەی بەرژەوەندییە ئابوریەکانیشیان بە تۆڕێکی چڕوپڕ ئیش دەکەنو مەغروریش نابن. هەرچەندە بۆچونێکی وا هەیە کە گوایە هۆکارێکی هەرە سەرەکی پەلامارەکانی ١١ی سێبتێمبەر پەیوەندی بەشەیدای خۆی ئەمەریکاو مەغروریەوە هەبوو. بۆیە بۆ بەئاگاهێنانەوە لەم هزرەی ئەمەریکا، ئەم پەلامارە ئەنجامدرا. بەهەرحاڵ ئێستا رەوشەکە دوای ئەم پەلامارە زۆر جیاوازبۆتەوەو ئەوان بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتو بەرژەوەندیەکانیان بەسادەییو هەستیارییەوە مامەڵە دەکەنو دەترسنو بیر لەهەموو روداوەکان دەکەنەوە. ئەوەی بۆ کوردیش گرنگە خوێندنەوەی شێوەی مامەڵەکردنەکەیە، چونکە ئێستا ئێمە لەدنیایەکدا ناژین کاری بازرگانی بەکاروانی وڵاخەکان بەڕێوەبچێ، یان هەموو ئابوریو

خێزانو ناوچەکانمان لەتوتن چاندنەوە سەرچاوەبگرێ. ئێستا ئێمە لەدنیایەک دەژین کە دنیای ئینتەرنێتە...دنیای تەکنەلۆژیایە کە بۆ چەند کاتژمێرێک لەناو فڕۆکەوە لەسلێمانیو هەولێرەوە دەگەیتە وڵاتانی ئەوروپا. ئێستا تۆ بازرگانی لەگەڵ وڵاتانێکی وەکو چینو ئیماراتو ئێرانو تورکیاوئەوروپا....هتد، دەکەیتو بازرگانەکانت ڕوو دەکەنە دەرەوەی وڵاتەکە، بە پێچەوانەشەوە دنیاش دێتە وڵاتەکەی تۆو ئێمە دەبینین سەدان کۆمپانیای بیانی کەلەوڵاتانی دنیاوە هاتوون لەکوردستان خەریکی پڕۆژەوکاری جیاوازن، لەبوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان. بۆیە دەبێ لەو گۆشەنیگایەوە سەیری ئەو ڕەهەندە بازرگانیو ئابوریو سیاسیەش بکەین کە ئەمەریکا خاوەنیەتیو تۆش لەناو بازنەکەیو دەتەوێت جێگای شایستەی خۆت بگریت..کورد ئەگەر دنیای ئێستاو کرانەوەی بەرووی پەیوەندیە بازرگانیەکانو بەرژەوەندی وڵاتانی دنیا، هەست پێنەکاتو درکی نەکات، نەتوانێت پلانی بۆ دابنێ، ئەوا مومکین نیە ئایندە بەرپێی خۆمان بەشێوەیەکی دڵنیاکەرەوە ببینین. ئێستا لەرێگای سەتەلایتەکانو ئامێرە تازەکانی پەیوەندیکردن دەتوانین لەگەڵ دنیا پەیوەندی ڕاستەوخۆ گرێبدەین، قسە لەگەڵ ئەوانیتر بکەین، لەوەش بایەخدارتر ئەوەیە ئێستا کوردێکی زۆر لەدنیای دەرەوە بڵاوبۆتەوەو دەژیو تێکەڵ بەدنیای تازە بووە، بەکولتوری جیاوازەوە دێنەوە ناو کوردستان بیرۆکەو پڕۆژەی هەمەجۆر بۆ ئەم کۆمەڵگایە دەهێننەوە، کەواتە دەبێ ئەمەریکا لەهەموو لایەنەکانیەوە بناسین، بیخوێنینەوە، ئاگامان لێی بێتو لەم ڕەوتە تازەی دنیا دابڕاو نەبین، بەتایبەت لەبەر خەباتی ناسیۆنالیزمیو رزگاریمان زۆر پێویستە، چونکە دواجار چارەنوسی خەباتو رزگاربونمان، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەوانی ترو دنیای تازەو پڕۆژەکانی داهاتووەوە هەیە. ئەمەریکاش لەوەها هەلومەرجێکدا بەدوای دۆزینەوەی ڕێگا ئارامەکانو ڕاگرتنی دڵی دۆستەکانیدا دەگەڕێو چاوی بەتەنها هەر لەکورد نابێت، ناتوانێت بەو پەیامو ئاواتەی ئێمە لەرووی رزگاریو خەباتی ناسیۆنالیزمی هەمانە مامەڵەمان لەگەڵ بکات، دەبێ لایەنی ترو بەرژەوەندی ئابوریو بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵاکانیو کێڵگە نەوتەکان فەرامۆش نەکاتو ئاگای لەئەجێندای

خۆی بێت، ( پیتەر سلاگلیت) یەکێک لەمامۆستایانی مێژوە لەزانکۆیەکی ئەمریکی، لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤارێکی کوردیدا دەڵێت» مەسەلەی کەرکوک، ئاڵۆزە. پەیوەستە بەسیاسەتو بەرژەوەندیەکان لەناوچەکە، راستە کوردەکان لەئەمەریکا نزیکن، بەڵام تورکیا وڵاتێکی گرنگەو دانیشتوانێکی گەورەی هەیە، ئاسان نیە ئەمەریکا تورکیا تورە بکاتو هیچ خوێندنەوەیەکی بۆ پێگەی دەوڵەتێکی وەکو تورکیا نەبێت». ئەمجۆرە راستیانە دیوە جیاوازەکانی ئەمەریکامان نیشان دەدەن. ئەمەریکایەک زلهێزی جیهانەو لێرەیەو ئامادەیی تەواوی بەسەر روداوەکانەوە هەیە، یان هیچ نەبێ ئاگای لەروداوەکانەو پێشنیاری خۆی دەخاتە روو..ئەمڕۆ جیهان بەناو قەیرانێکی دارایی سەختدا تێپەڕ دەبێ، دنیای سەرمایەداریو بازاڕی ئازاد کە ئەمەریکاو رۆژئاوا سەنتراڵی ئەم سیستەمە لەقەڵەم دەدرێن، بەهۆکاری سەرەکی دروستبوونی قەیرانی دارایی دادەنرێن، تەنگەژەی دارایی جیهانی ئەمەریکاو ئەوروپای ناچارکردووە زۆرتر نزیک ببنەوە لەو وڵاتانەی خاوەنی نەوتن، نەوتو بەرهەمی نەوتیان هەیەو دەتوانن سودی راستەوخۆو ناراستەوخۆیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە هەبێ. بۆ نمونە سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بۆ هاوکاریو وەهاناهاتن دەستیکردووە بەسەفەرکردن بۆ ئەم وڵاتانەی نەوت دەفرۆشنو خاوەن داهاتێکی باشی نەوتن، ئێمەش کەخاوەنی نەوتینو کێشەشمان هەیەو هێزی ئەمەریکا بۆ پشتیوانیمان هێجگار گرنگە، بووینەتە خاڵێک لەهاوکێشەکەکە! کەواتە عەقڵانییە بتوانین هێزی ئەمەریکاو ئەجێنداکەی لەخزمەت پرۆسەی گەشەسەندنو بەهێزبوونو کیانو داهاتمان بەکاربهێنینو بەرژەوەندی ئەویش لەبەرچاوبگرین.

## دیسان دەربارەی ئەمەریکا

ئەمەریکا، لەگەڵ تەنگەژەی دارایی جیهانیو بێکاریو ئیفلاسی کۆمپانیاو بانکەکان توشی کێشەیەکی سەختو گەورە بۆتەوە، لەهەمانکاتدا جەنگی لەئەفغانستانو عێراق درێژەیان هەیە. روسیاو چینو فەرەنساش سەرودڵی دەگرنو بەراستی کێبەرکێی زلهێزی خۆیان لەگەڵ ئەمەریکا درێژە پێدەدەن. لەزۆر جێگای ئەم

جیهانە دەسەڵاتداریەتی ئەمەریکا لەگەڵ مەترسیو دژایەتی رووبەروو بۆتەوەو ئێستا جیهان بۆ ئەمریکیەکان زۆر رەحەتو بێ سەرئێشەنیە، بۆیە ئەمەریکا لەم سەروئەوسەری دنیادا بەدوای خۆشەویستییەکدا دەگەڕێ کە وێنەی ئەمریکیەکان لەم هەستە دژایەتیەی لای میللەتان کاڵ کاتەوە. ئۆباما دێتە قاهیرەو بینیمان چ جۆرە وتارو زمانێکی بەکارهێنا بەرامبەر هەموو جیهانی ئیسلامی، وەزیری دەرەوە لەپشتەوەی هەردوو وەزیری دەرەوەی تورکیاو ئەرمینیا رادەوەستێ لەکاتی ئیمزاکردنی رێککەوتنامەی ئاشتیەوایيو نەمانی دژایەتی یەک سەدەی ئەم دوو گەلە، هاوکات لەئێرلەندایەو بەدوای ئاشتیەواییدا لەناو پەرلەمانی ئەم وڵاتە وەکو یەکەمین کاربەدەستی دەسەڵاتداریەتی ئەمریکی ووتار پێشکەش دەکات، ئێمە هەوڵی ئۆباماشمان بینی دەربارەی پاراستنی گۆی زەوی لەپیس بوونو گەرمبونو پاراستنی ژیانی مرۆڤایەتی..ئیدارەی ئۆباما وڵاتانی دنیا دەگەڕێو جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، جەنگو توندوتیژی نەمێنێتو کێشەکان بەدبلۆماسیو زمانی سیاسی چارەسەر بکرێن، دەربارەی کێشەی ئەتۆمی ئێرانیش ئاگامان لێیە چۆن بەردەوام بۆ گفتوگۆو چارەسەری سیاسیو دبلۆماسیو ئاشتیەوایی ئەمەریکا گوتاری دەخاتە روو. بەڵام هێشتا ئەمەریکا بێخەم نیەو زۆرن ئەو گرفتانەی کە جێگای مەترسین بۆ پێگەی ستراتیژی لەدەوڵەتانی دنیادا، بۆ نمونە روسیا لەدوای باشبونو ئەو گەشەسەندنە دیاریکراوەی لەبواری ئابوریدا، لەگەڵ ئەو نوێکردنەوەیە سەربازیەی بەدەستی هێنا، پەیامێکی راشکاوانەی دایە دەست ئەمەریکا کە ئاگای لەحساباتەکانی خۆی بێتو روسیا ئێستا ئەو روسیایە نیە کەدوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت هەبوو، کاتێک (ئەندرێ نیستیرینکۆ) وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی روسیا باسی کەشتیە دەریاکانی روسیای لەکەنارەکانی فەنزوێلا کرد، ئەم پەیامە زۆر راشکاوانەو بێ پێچوپەنا ئەمەریکای وەئاگاهێنایەوە. وە ئەوەش دەزانین کە دەسەڵاتداریەتی وڵاتی فەنزوێلاش خۆشیان لەئەمەریکا نایەت. وە جیاوازی بیروبۆچونو بڕیارەکانی روسیا لەگەڵ ئەمەریکا بەرامبەر رەوشی ئێران، بۆخۆی گرفتێکی گەورەی بەردەم ستراتیژو ئەجێندای ئەمەریکایە لەرۆژهەڵاتی ناوەراستو ناوچەکە بەگشتی، پێویستە کوردیش

ئاگای لەو حساباتانە بێو نزیک تەماشای شتەکان نەکات، هیچ نەبێ هەندێ هاوکێشە هەیە لێیان تێبگات. لەبواری چەکسازی لەجیهاندا ئەمەریکا هێجگار گەشەی بەخۆیەوە بینیوەو تواناکانیشی لەروی سەربازیو جۆرو تازەییو سەرکەوتویی چەکەوە رۆژانە نیشان دەدرێ، بەڵام لەم رووەشەوە بێگرفت نیەو مەترسی لەسەرە کەروسیایە...دەوڵەتی روسیاش لەرێگای ئەنجامدانی مانۆڕە سەربازیەکانی ئەمەریکای سەرسامکردوبینیمان چەند جۆر چەکی تازەو کاریگەری سەربازی تاقیکردەوەو ئاشکرایکردن. ئەمەش جیگای لێوردبونەوەو جێگای مەترسیشە بۆ ئەمەریکاو پڕۆژەو ستراتیژوهێزەکانی لەتەواوی جیهاندا. تەنانەت وای لێهاتووە ئەگەر لەهەر سوچێکی ئەم دنیا شەڕێک رووبدات، یەکێک لەهۆکارەکانی دەگەڕێننەوە بۆ سیاسەتی زلهێزی ئەمەریکاو ئەم پاوانخوازیەیە جیهانیەی کەیەک جەمسەری دروستی کردووە، بۆ نمونە باسەیرێکی کێشەیەکی جیهانی دیکە بکەین لەدەرەوەی ئەم چەکو شەڕانەی باسیان دەکەین، ئەویش بڵاوبونەوەی رێژەیەکی بەرچاوی جیهانی لەبرسیەتیە.. برسیەتی هەڕەشە لە ملیۆنەها مرۆڤی سەرئەم ئەستێرەیە دەکا، کەچی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەک لەئەمەریکا خەریکی کاری بەرهەمهێنانی خۆیانن. ئەمەش هەستی دژە ئەمریکی لەلایەن چەندین وڵاتو نەتەوەی جیهان زیاتر بەرزدەکاتەوە. لەولاشەوە کێبەرکێ جیهانیەکان بۆ لێدوان لەجەمسەربەندی دەسەڵاتداریەتی ئەمەریکا بەردەوامەو سەنگەرە هەرە بەهێزەکەش ئابورییە..ئێستا پێشبینی دەکرێ چین تاوەکو ساڵی ٢٠٢٥ ببێتە گەورەترین دەوڵەتی دنیا لەبواری ئابوریەوە..واتە ئەمەریکاش بەجێدەهێڵێ. لەکاتێک هەمومان دەزانین کە ژمارەی دانیشتوانی چین چەندە زۆرە، بەڵام ئاستی گەشەی ئابوری ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکردوەو ئەم گەشەسەندنەش بەردەوامەو پرسیارە جەوهەریەکەش لێرەدا بۆ ئێمە ئەوەیە، ئێمە لەکوێی ئەم گۆڕانو ئەم چارەنوسو ئایندەیەین. چونکە بە گوێرەی شوێنوکیانو قەبارەی روداوەکان بەشی خۆمان بەردەکەوێ، ئەو کات دەکەوینە بەردەم حەقیقەتی شوناسمانو دەستگرتن بە مانەوەوشوناسمان.

پێناچێت بەرەی کێشەکانی بەردەم رەوشی ئێستا ئاسان گەمارۆبدرێ، ئەمەریکاش

لەم راستیە کاتێک تێگەیشت کە قاعیدەو پەلامارەکانی لەوڵاتی یەمەنەوە گۆڕەپانی گەرم کردەوە. هەندێ سەرچاوەی گرنگی سەربازی ئاماژە بەوە دەدەن کەلەوانەیە هێزە گەورەکەی قاعیدەوسەرجەم گروپە چەکدارەکان لەعێراقەوە بیگوازنەوە بۆ یەمەن. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەدا بارودۆخی ئێستای یەمەن نەک بۆناوچەکە بەڵکو بۆ جیهانیش لەروی ئاسایشەوە مەترسیە. تەنانەت هەردوو دەوڵەتی ئەمەریکاو بریتانیا رێککەوتن لەسەر ئەوەی بەرەیەکی دژە تیرۆر لەیەمەن بکەنەوە، بەڵام وەزیری دەرەوەی یەمەن ئاماژەی بەوەدا بەهیچ شێوەیەک رێگە بەوە نادەن کە وڵاتەکەیان ببێتە ئەفغانستان، رێگا نادەن تاکە یەک سەربازی هیچ وڵاتێک بێتە ناو خاکی یەمەنەوە.. گرفتو کێشەکانی ناو یەمەن هێشتا لەزیادبووندان. بۆیە مەترسی ئەمەریکاو هاوپەیمانان کەم نەبوونەتەوەو ترسو دڵەراوکێی مەترسی تیرۆر بەردەوامی هەیە. لەم کاتەداو لەگەرمەی ئەم روداوانە جۆن مەککین بەسەرۆکایەتی وەفدێکی کۆنگرێسی ئەمەریکا دەگاتە کوردستانو لەگەڵ ئەوەشدا کۆبوونەوەی کوردو ژەنەڕاڵ ئۆدێرنۆ بەردەوامی هەیە.

سەرکردەو دەموچاوەکانی ناو سیاسەت دەگۆڕێن، بەڵام بەرژەوەندیەکان وبەهاکان لەجێگای خۆیان ولەناو مێژوو، بەریەککەوتنەکاندا، کاریگەری گەورەو یەکلاکەرەوەیان هەیە، ماراسۆنی پەیوەندی نێوان کوردو ئەمەریکا خاڵی کۆتایی دیار نیە، دەبێت کورد لە مافی چارەی خۆنوسینی خۆیدا، ئەمەریکا باش بۆ کێشەکەی راکێش بکات، چونکە هێزی ئەمەریکا بۆ کوردو جوڵەی مێژووی کوردستان گرنگە، ئەگەر کورد ناتوانێت سود لەئەمەریکا وەربگرێت، رێگای دیکەی کوێیەو بۆ کوێ دەچێت؟.

**تێبینی: بۆ نوسینی ئەم بەشەی سودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:**

**سەرچاوەکان:**

١_ هنری کیسنجەر
ئایا ئەمەریکا پێویستی بە سیاسەتی دەرەوە هەیە..؟
وەرگێڕانی : نەبەز کەمال نوری. لا ( ٣ و ٥) ساڵی ٢٠٠٥ سلێمانی.
٢_ سیاسەتی ئەمەریکاو رۆژهەڵاتی ناوەراست، مادلین ئۆلبرایت، وەرگێرانی: شەفیقی حاجی خدر..لا(٩) .
٣_کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، دکتۆر عەبدوڵا عەلیاوەیی، لا(١٣٦).
٤_ عێراق و کورد، شەڕی یەکلاکەرەوە لەسەر کەرکوک. وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: د. عەباس مستەفا عەباس، لا( ٥٦).
٥_کوردستان لەبازنەی کێشەی رۆژهەڵاتیدا (١٨٠٠-١٩٠٠)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی، کامەران محمد حاجی، ٢٠٠٧، لا ٦٥
٦_تێزی تورک بۆ مێژوو، تیۆری زمانی خۆرو کێشەی کورد، ئیسماعیل بێشکچی، وە: ئاسۆس هەردی. سلێمانی ٢٠٠٠، لا ٩٤
٧_کێشەی نێوان ئەمەریکاو عێراق بەرەوکوێ؟ سامان کەریم، ئازاری ١٩٩٨، لا ٢
٨_ تیرۆریزمو جەنگ، هاوارد زین، وە: محمد ساڵح عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩، لا ٢٦
٩_ ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لەسەدەی بیستویەکدا، ئامادەکردنی ئەنجومەنی داڕشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، وە: دلاوەر عەبدوڵڵا، مەجید ساڵح، تارا شێخ عوسمان، لا ٢٩٥
١٠_گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، عەتا قەرەداغی، بەرگی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧، لا ٢٠٩
١١_ سیاسەتی پارێزگارە نوێیەکانی ئەمەریکاو کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان، مەهدی جبرائیل فقێ محمد، زەهرا جبرائیل فقێ محمد، هەولێر ٢٠٠٩، لا ٦٩..٧٩
١٢_ کۆمەڵگای کوردەواری لەدیدی رۆژهەڵاتناسیدا، نوسینی پرۆفیسۆر

بەدرخان سندی، وە: د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ٢٠٠٨، لا ١٧٩
١٣_ناسیۆنالیزم و کەمینەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتاندا، جەودەت ئیسماعیل لوتفی، سیروان عارف، ٢٠٠٢، لا١١
١٤_جەنگێک لەپێناو بەها جیهانیەکاندا، تۆنی بلێر، وە: هێمن لهۆنی، سایتی سبەی، ٢٠٠٧

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

_ حتمية الحرب وسرابيات السلام، فوئاد طهبوب، الطبعة الاولي، نيسان ١٩٧٩ ص ٢١
٢_أكراد العراق والوهم الأمريكي، مصطفى كامل ـ بغداد، ٢٨ يونيو ٢٠٠٤
٣_ الإدراک الأمريكي للقضية الكردية وتأثير العلاقات الكردية الأمريكية، بابەتی گفتوگۆو راگۆڕینەوەی چەند کەسێکم لەماڵپەڕێکی ئەنتەرنێت وەرگرت بەم ناونیشانە، www.madinahnet.com
- الدماغ الأمريكي والعصب الكردي، د. محمد نورالدين – بيروت، ٢٥ مارس ٢٠٠٤
٥_ فورين بوليسي: أمريكا بحاجة إلى «سياسة كردية»، ٢٤-٣-٢٠١٢ www. alasr.ws
٦_ علاقة الأكراد بالولايات المتحدة الأمريكية، أسامة فاروق مخيمر.